# ڕامان
RAMAN

160

مانگانەیەکی ڕۆشنبیری گشتییە ــ ڕامان دەری دەکات

خولی سێیەم/ ساڵی پازدە/ ئەیلوولی ٢٠١٠


**خاوەن ئیمتیاز**

شەوکەت شێخ یەزدین

**بەڕێوەبەری هونەری**

سەرکەوت وەلی

**سەرنووسەر**

ئازاد عەبدولواحید

**مۆتیف و پۆرتریت**

قەرەنی جەمیل



ناونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسی هەولێر

ئەدرێسی ئەلیکترۆنی / www.raman-media.net

تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٢٢٢٨٥٠٦ – ٤٤٩٤٦٦٢

(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨

تەلەفۆنی نۆرماڵ / ٢٢٣٠٥٨٢

پۆستی ڕامان: azad_abdulwahid@yahoo.com

sarkautw@yahoo.com



چاپخانەی خانی/ دهۆک

نرخ/ ٧٥٠ دینار

# ناوەڕۆکی ڕامان


**● سەروتار**

– ڕۆژنامەنووسیی هەڵەپاس.. خەون کوشتن و ڕوح ماندووکردن/ سەرنووسەر/ 3

**● دەق**

– کە بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە/ دڵشاد عەبدوڵڵا/ 5
– ئاگر و یادەوەری و شیعر/ ناڵە حەسەن/ 8
– لۆلیتا/ پەسار فایەق/ 10
– ژ دەما دوور تێم/ فەرید خان/ 11
– دەربیجەیەک لە ئازادی/ لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی/ 12
– ئەوەیان ناوم لێ نەناوە/ ناسر فەتحی/ 16
– کودەتای سێبەرەکان/ چنوور سەعیدی/ 19
– خەونی پەمەیی/ جیهان عومەر/ 21
– لیستک/ فەوزی بیلگە/ 23
– چنار/ لە فارسییەوە: عەبدوڵڵا سەعیدی/ 25

**● هەڤپەیڤین**

– هەڤپەیڤینێک لەگەڵ زمانناس و نووسەر (د. حسێن حەبەش)/ ئا: ڕووقیە ئۆمەن/ 29
– دیمانەیەک لەگەڵ (ڕزا چولپان)ی شاعیر و ڕۆماننووس/ ئا: ڕامان/ 38

**● ڕەخنە و لێکۆڵینەوە**

– پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان، پێدەشتی خولیاکانی مرۆڤێکی سەرکێش/ سەعید سلێمانی/ 44
– تەلمیح لە شیعردا (یوونس ڕەزایی بە نموونە)/ ئەحمەد چاک/ 59
– داڕشتن وەک یەکێک لە گرنگترین فۆرمەکانی واتاناسی/ ژوان عەبدولسەلام عەزیز/ 67

**● هزر و فەلسەفە**

– فەلسەفەی مۆناد و بەهرەی ڕەببانی گۆتفرید ڤیلهێلم لایبنیتس/ د. حەمید عەزیز/ 79
– ڕابردوو.. حیکایەتێک بۆ خەوتن، داهاتوو.. خەونێک لەنێو حیکایەتدا/ محەممەد تەها حوسێن/ 94

**● ڕۆژنامەنووسی**

– تەکنۆلۆژیای زانیاری.. ململانێیەکی نوێ/ محەممەد عەبدوڵڵا کەلاری/ 100

**● مێژوو**

–کوردە عەلەوییەکان، کەمایەتی لەنێو کەمایەتیدا/ لە تورکییەوە: یووسف عیزەدین/ 105

**● زمانناسی**

– داهێنان لە زماندا/ لە عەرەبییەوە: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو/ 110

**● وتار**

– لەگەڵ شەرەفخان و شەرەفنامەکەی/ د. مارف خەزنەدار/ 112
– چیرۆک: بزاڤ و دەستکەوت/ حوسێن شێربەگی/ 116
– ئاوات شاعیری نیشتمانپەروەر/ ئیبراهیم ئیسماعیل پوور/ 122

**● هونەر**

– ئۆربتمی و شێوازێکی تری شانۆ لە زەردەشتەوە بۆ ڕۆدۆلف شتاینەر/ هاوڕێ زەنگنە/ 125
– مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆبە/ وریا ئەحمەد/ 132

**● خوێندنەوەی کتێب**

– کورد لە ڕۆمانی عەزازیلدا/ ئازاد مەولوود/ 140
– «کەلەپووری کوردەواری»م خوێندەوە/ عەزیزی مەلای ڕەش/ 143
– ژیانی نوێ و ژوورەکانی دکتۆر فاین و کتێبەکانی ڕفقی ڕای/ هاشم سەڕاج/ 148
– زستانی سەخت/ جەبار سابیر/ 153

**● زاراوەسازی**

– خاڵبەندی/ د. موحسین ئەحمەد عومەر/ 157

**● نرخاندن**

– ڕامان و کلاسیک/ د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود/ 159

**● سووکە لەنگەر**

– مەرجە گشتییەکانی ئەدەبی منداڵان/ حەمەکەریم هەورامی/ 160

**سەروتار**

**لە پەراوێزی کولتوورەوە**

# ڕۆژنامەنووسیی هەڵەپاس.. خەون کوشتن و ڕوح ماندوو کردن

**(مرۆڤ بۆ مرۆڤ گورگە)**
**«تۆماس هۆبز»**

* «ناوزڕاندن» و «جنێودان» و «سووکایەتی» بە ئینسان کردن کولتوورێکی بەعسیانەیە کە سەرەتایەکەی بۆ بەدناوکردن و پەلاماردانی جووڵانەوەی ئازادیخوازانەی کورد دەستی پێکردووە و دواتر ئەو کولتوورە پەڕیوەتەوە بۆ ناو نووسەران خۆیان، ئەوەش بەو مەبەستەوە دەکرا تا نووسەران لەبەرچاوی خوێنەرانیان ببێزرێن و دزێو و قێزەون دەرکەون، یان بۆ ئەوەی کەس گوێیان لێ نەگرێ و کاریگەرییان بەسەر خەڵکەوە نەبێ، چونکە ئەوان زۆر لەو کارگەرییە سڵیان دەکردەوە. هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی یەکە بە یەکەی گۆڤار و ڕۆژنامەکانی ڕابردوومان لە پێش هاتنی بەعس و گرتنی جڵەوی دەسەڵاتی پاوانخوازانەی، کولتووری سووکایەتی بە یەکدی کردنی بەخۆوە نەدیوە، ئەوەندەی گفتوگۆ و ڕەخنە بەدی دەکرێت، ئەگەر هەشبووبێ زۆر بە کاڵی هەبووە، دەنا ئەو گێچەڵ کردن و پشێوی نانەوەیەی ئەمڕۆکە هەیە، کەی ڕەخنەیە و لەگەڵ گیانی دیموکراسییەت یەکدەگرێتەوە؟

* لە دنیادا وا باوە هەر هەنگاوێک بۆ گەشەکردنی هۆیەکانی ڕاگەیاندن بنرێت، ئەوە یەکسەر ئەو هەنگاوانە بە ئاستی گەشەکردنی ئابووریی وڵاتەوە دەبەسترێنەوە. ڕادەی پێشکەوتنی سیاسی و دیبلۆماسی وڵاتێک، لایەنێک، حزبێک لە ڕاگەیاندنەکەیاندا ڕەنگدانەوەیان دەبێ. مومکین نییە لە شوێنێکدا کاری ڕاگەیاندن پێشکەوێ، ئەگەر دیبلۆماسیەتی تێدا لاواز بوو، بۆیە بەهێزیی کاری دیبلۆماسیانە لە هەر وڵاتێکدا، بەهێز بوونی هۆیەکانی ڕاگەیاندنی ئەو وڵاتە دەگەیەنێ. ئەو دۆ و دۆشاو تێکەڵاوکردنەی لە دنیای نووسین و ڕۆژنامەگەریی ئەمڕۆماندا بەرچاو دەکەوێ و بووەتە کار و پیشەی فەریکە نووسەران و ڕۆژنامەنووسانی کەم ئەزموون و ناڕۆشنبیر، هۆیەکەی بۆ لاوازیی دەسەڵاتی یاسایی لە هەرێمەکەماندا دەگەڕێتەوە، هۆیەکی دیکەشی بۆ لاوازیی ئاستی دیبلۆماسیانە و سیاسیانەی ئێمە دەگەڕێتەوە، سەیرتریش بوون و سەرهەڵدانی بەردەوامی ڕۆژنامەنووسی (تحت الطلب)ـە کە بە پێی پێویستی و بەرانبەر مشتێک پارە و پووڵ دەبنە خۆڵ و خاشاک و کەوا سوور و داردەستی خاوەن (دەسەڵات - نفوذ) و سامان و کۆمپانیاکان، ئەو جۆرە (ڕۆژنامەنووسانە)ش بە (سەرە قەڵەمی) نووسینی ئەوان و زانیارییەکانیان دەکەونە تەپوتۆز بەرپاکردن و (ئینشا) نووسینی خۆیان، بەمەش دەبنە مقاشی دەستیان و وەک بوکۆڵە و داشی دامە و شەترەنج چۆنیان بوێ هەڵیاندەسوڕێنن و قوڕمیشیان دەکەن.

* ئەمڕۆکە کەسێک بیەوێ زوو پێبگا، ئەوە هەر زوو دەتوانێ ببێتە جێی سەرنج و بایەخی ئەو جۆرە لایەن و کەسانە و لە پەنای ئەوانەوە کار و ئیشی خۆی ڕایی و دەسکەوت و داهاتی خۆی زامن بکات. ئەوانە ئەو جۆرە (ڕۆژنامەنووسانەن!) کە لەسەر جەستەی قوربانییەکانیان هەڵدەپەڕن و باز دەدەن و دواتر خۆیان لێ دەگۆڕێ و دەیان جار گەورەتر لە قەبارەی خۆیان، خۆ نمایش دەکەن و نیشان دەدەن، ئنجا دەکەونە هەڵپەی خۆ بردنە پێشەوە و دەیانەوێ بە موو هەڵکڕووزانێک بەرەو سەرێ هەڵکشێن، واتە لەسەر بناغەی بەهرە و توانایی و خۆ پێگەیاندنی خۆیان نایانەوێ پێشکەون و بچنە پێشێ، بۆ ئەو مەبەستەش زۆر نەخۆشانە هەڵسوکەوت دەکەن، ئەوانە ئەو ڕێگە کورتەی وروژاندن هەبێت ناوبانگی پێ پەیدا بکەن، بۆچی ڕێگەی دوورودرێژی شەونخوونی و خۆپێگەیاندن ببڕن؟ ئەو ڕۆژنامەنووسانەی ئەمڕۆ بە هی هیچ سەردەمێک ناچن، باوەڕ ناکەم ئەوانەی ناوزڕاندن و جنێوفرۆشییان کردووەتە دروشم و پیشەی خۆیان، قەت لە

**سەرنووسەر**

ژیانیاندا بە دیار کتێبێکەوە ڕۆژیان کردبێتەوە، لەوانەیە ئەو دیاردەیە بەوە لێکبدرێتەوە کە لە قۆناغی گوێزانەوە و وەرچەرخاندا بوونی دیاردەی لەو جۆرە ئاساییە هەبێ، چونکە لەلایەک ناتوانرێ بە تەواوی پارێزگاری لەوە بکرێت کە هەبووە و هەیە، بە ئاسانیش ئەو نوێیە قووت نادرێ و وەرناگیرێ کە قۆناغە نوێیەکە لەگەڵ خۆی هێناویەتی و سەپاندوویەتی، بۆیە لە هیچ بوارێکدا سەقامگیربوونێک لە گۆڕێدا نامێنێ.

✱ پرسیار ئەوەیە: دەکرێ هەتا سەر خەڵکی بێ گێڕ ملت لێ بنێن؟ یان ڕەوایە هەرکەسێک توانی چەند ڕستەیەکی ڕەوان و بریقەدار بهۆنێتەوە، یان کە زانی چەند ڕستەیەک لە تەنیشت یەکترییەوە ڕیز بکات و ئینشایەکی جوان بنووسێ، لێمان ببێتە نووسەر و ڕۆژنامەنووس و مونەزیر؟ یان کە بینی بە هەڵەشەیی و هەڵەپاسی و شاتاوڵ و هێرش بۆ خەڵک بردن، سەرنجی خوێنەرانی ڕاکێشاوە، نەک بە مەنتیق و زانیاری و ڕۆشنبیرییەکەی خۆی، ئیدی بە خۆی بڵێ نووسەرێکی ئازاو بوێر؟ ئەمڕۆکە ون بوون و نەمانی مەوزوعیەت و شکۆمەندی و سەنگینی لە تەرح کردن و بۆچوون و بیروڕا دەربڕیندا، بووەتە دیاردەیەکی زەق و بەرچاوی زۆربەی هەرە زۆری ئەو نووسین و ڕیپۆرتاژ و ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییانەی ڕۆژنامەنووسیی کوردیی تەنیوەتەوە و داپۆشیوە، تەنانەت بووەتە دەرفەتێک بۆ شووڵ لێ هەڵکێشانی کەسانێک تا بە هەڵە و بەخراپی لە چەمک و مانای (ئازادی) و (ئازادی بیروڕا دەربڕین) تێبگەن.

✱ ئەو پرسیارە جەوهەرییەی ئەو نووسەر و ڕۆژنامەنووسانە پێویستە هەمیشە لە خۆیانی بکەن ئەوەیە: ئایا ئەوان بەو جۆرە نووسینانەیان دەتوانن مافی گشتی و مافی تاکەکانی کۆمەڵ دەستەبەر بکەن، کاتێک هەموو شتەکان خرانە ژێر پرسیار و گومانەوە؟ یان کاتێک بە زمانێکی زبر و هەڵەشە نووسییان، یان کە بەرەو تەهریج و سووکایەتی پێ کردن و لە گرێژەنە بردن چوون و کاتێک بەو شێوە کارکردنە هەموو وەرەقەکان تێکەڵی یەکتری کران، ئەوساکە چۆن دەتوانرێ نیشتمانپەروەر و دڵسۆزەکان، لە گەندەڵچی و نیشتمانفرۆش و ناپاکەکان جودا بکرێنەوە؟ کاتێک بە پێڕەوکردنی ئەم شێلە و بێلەیە ناپاک و گەندەڵچییەکان زیتەی چاو و بسکەی سمێڵیان دێ و بە مەرام و ویستی کەسانێکی بێ مەزاج و بێ گێڕ، جەللاد دەکرێتە نیشتمانپەوەر و قوربانییەکانی دەستی ئەو جەللادەش دەخرێنە شوێن و سەنگەری ئەوەوە، ئەوکاتە کێ لەو دۆ و دۆشاو تێکەڵ کردنە بەرپرسە و قازانجی لێ دەکات و چۆن دەتوانین شتەکان چاک بکەینەوە و بیانخەینەوە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیانەوە؟ ئەوە لە کاتێکدا لە دوای ڕاپەڕین نەمانبینیوە پیاوخراپێکی ڕاستەقینەی پێش ڕاپەڕین لە گوڵ کاڵتری پێ بوترێ!

✱ کاتێک لەناو ژیانی دیموکراسیدا زۆرینەی کۆمەڵانی خەڵک باوەڕ و متمانەی خۆیان دەدەنە ئەو کەسانەی جڵەوی فەرمانڕەوایی وڵات دەگرنە دەست، دەبێ ئەوانەی دەنگیان بەو کەسانە داوە بە دوو قسەی بریقەدار نەکەون و وەک ئەوانە لەناو مشتێک ئاودا نەکەونە مەلەوانی و گومان دروست کردن و بەدوای قسەی ئەم لاو ئەولادا نەڕۆن، ئەو فەرمانڕەواییە کە ئەوان خۆیان ڕەوایەتییان پێداوە، ناکرێ هەروا سووک و باریک و بە چەند قسەیەکی بێ سەروبەر و چەواشەکارانە لە قەناعەتی خۆیان پاشگەزیان بکاتەوە و کۆی فەرمانڕەواییەکە بخەنە ژێر گومان و پرسیارەوە، چونکە پێشتر ئەو فەرمانڕەواییە متمانە و باوەڕی پێ دراوە کاری خۆی بکات، وەک چۆن پێشتر لە سەردەمی خەباتی چەکداری و شاخیشیدا شەرعیەتی خۆی لە ڕەوایی شۆڕشگێڕیی خۆی وەرگرتووە و لەسەر داخوازی و مافە ڕەوایەکانی میللەت گیانبازی کردووە و چاوەڕێ نەبووە، ئەو فەیلەسووف و ئەسیرانەی تیۆرەکانی ناو کتێبان و پاڵەوانەکانی سەر جادەی قیر ڕێنوێنییان بکەن، بۆیە ئەو فەرمانڕەواییە دەڕژێتەوە ناو بەرژەوەندییەکانی ئەو خەڵکەوە کە متمانەیان داونەتێ. پێم وایە بەهۆی نەخوێندەواریی ڕۆشنبیرییەوە کە بەشێکی زۆری چین و توێژەکانی میللەتی ئێمەی بەدەستەوە دەناڵێنن، ئەگەر ئەوانەی لە بنەڕەتەوە نەخوێندەوارن بخەینە ئەو لاوە، لێرەدا هەمان خوێندەوارە، بەڵام هۆشیاری و ڕۆشنبیری پێویستی بۆ بڕیاردان لەسەر ڕووداوەکان و ئەوەی دەگوزەرێ پێ نییە، بۆیە زۆرجار بڕیارەکان بڕیاری چاون، نەک عەقڵ و ئاوەز و لێکدانەوە، بەمەش ئەوانە تووشی سەرچیغ چوون و سەهوو دەبن و دەکرێن و وشە و دروشمە بریقەدارەکان بەرێیەکی دیکەیاندا دەبات و فریویان دەدات.

✱ لێرەوە دەڵێین زۆرجار جەماوەر جۆر و کوالیتی نووسین و شێوازی نووسەر و ڕێبازی هەندێ لەگۆڤار و ڕۆژنامەکان دیار و دەست نیشان دەکات، واتە لە جیاتی ئەوەی ئەو گۆڤار و ڕۆژنامانە ڕۆڵێکی هۆشیارکەرەوە و پەروەردەیی لە ئاراستەکردن و پێگەیاندنی جەماوەردا بگێڕن، ئەوانە دەکەونە پەنا بردن بۆ بەکارهێنانی ئەو شێوازانەی بە هەر نرخێک بێ، دەیانەوێ ئەو جەماوەرە لەخۆیان کۆ بکەنەوە، بەبێ بیرکردنەوە لە ئایندەی وڵات و ڕەچاوکردنی لایەنی نیشتمانپەروەرێتی لە نووسینەکانیاندا، کە بەردەوامبوونی ئەوەش لە دواجاردا تاکێکی خۆپەرست و شەڕانگێز دەخولقێنێ و هەستی ئینتیما و خۆشەویستی وڵات و خاک و نەتەوەیان لەلا لاواز دەکات، هەروەک چۆن دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی نووسین و ئیتیکی ڕۆژنامەوانی، بۆیە بەلای منەوە هۆیەک لە هۆیەکانی دابەزینی ئەو ئاستە، ڕاستەوخۆ بۆ جەماوەرەکە دەگەڕێتەوە کە حەز بە هەڵەشەیی لە نووسین دەکەن و ڕەواج دەدەنە ئەو بابەتانەی تەڕ و وشک پێکەوە دەسووتێنێ و لە کەسایەتی ئەم و ئەو دەدەن و ناوبانگی خەڵکی دەزڕێنن، چونکە ئەوان بە مەبەستی فزووڵ شوێنی دەکەون و دەیخوێننەوە و هیچ هەڵوێستی لێ وەرناگرن، بەڵکو وەک تووتی وتە و بیروڕایەکان دەڵێنەوە، ئەوەش بۆ خۆی لەسەر هەردوو ئاستیدا، واتە لەلایەن بنووسەکە و خوێنەرەکانی ئەو کەشوهەوایە دەخولقێ و ئەو غەریزە شەڕانگێزانەیە لە نووسیندا پیادە دەکرێ، بۆیە چ لە ئێستا و چ لە پاشەڕۆژدا بۆ کۆمەڵی کوردەواری بە باشی نابینم، لەوانەیشە هۆیەک لەهۆیە سەرەکییەکانی ئەو فزووڵ و شوێن کەوتنەی جەماوەر بەدوای ئەو جۆرە نووسینانە و کەوتنە داوی کاریگەرییە نەرێنییەکانی بۆ نەبوونی (شەفافیەت) بگەڕێتەوە کەوای لە جەماوەر کردووە، هەر زانیارییەک بە تەواوەتی لێی ئاگادار نەبێ و لەلای تەمومژاوی بێت، ئەگەر کارەکان لە شوێنی خۆشیاندا کرابن، ئەوە ئەو گومانیان لێ دەکات و دەیانخاتە ژێر پرسیارەوە، کاتێکیش گۆڤارێک، ڕۆژنامەیەک دێت و بەشێوەیەکی نابەرپرسانە ترش و خوێی پێوەر دەکات و شتەکان گەورەتر دەکات و بە پێ لێ هەڵبڕینەوە باسیان لێوە دەکات، بۆ ئەوەیەتی ئەو بۆشاییەی لای جەماوەر دروست بووە بۆ خۆی بقۆزێتەوە و لە بەرژەوەندیی خۆی پڕی بکاتەوە.

# که بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە

دڵشاد عەبدوڵڵا


**دەربەندی بێلوولە (کابووس)**

بە بەرچاوی ئێوارەوە
زەوی هەر هێندەی تەماشایەکی مابوو
لە خوارەوە گیا ئەژدیها زاری کردبووەوە
بەشی ژەمێکی ئەو گیایە دەبووم
لەشکری زەردەواڵە ئاڵابوون پێمەوە
لەچاو نووقانێکدا..
هەر ددانێکیان کرد بە هەزار
ئەو هەموو مشارە دەیهاڕیم
ئەو هەموو قوڕگە شەقارە لوولیان دەدام
ئەو هەموو گەدەیە دەیجنیم
بەهێزی ئەو ترسە چڕنووکم گرت لە هەوا
بە خەیاڵی دوورکەوتنەوە
پەیوەندیم لەگەڵ زەوی پچڕا
دەمویست ببم بە کوڕی هەوا
بچمەوە ناو ڕەحمی ئاسمان
ترسم هەبوو ئەویش جێگەی ئومێد نەبێ
دەمووت ئەو هەموو مەگەزە
دەگەنە گشت جێ
ژیان هەمیشە زەلیلە بەدەستی مردنەوە
لە خەویشدا.



**بنگرد (فۆتۆ)**

گوڵی شەو ڕاکشاوە بەرانبەرم
بۆنی خۆمی لێ دەسووم
سەربووردەی خۆمی بۆ دەگێڕمەوە
لەبیری نەماوە لە کەیەوە یەکترمان ناسیوە
کەی یەکترمان خۆشویستووە
بەبیری دێنمەوە:
ئەوکاتەی گۆپکە بوو
تازە زاری دەکردەوە
من بەدیارییەوە دەنووکم لێک دەدا
شتێکم دەچڕی لە شێوەی ئومێد
هەردووکمان گیرۆدەین بەو وەرزەی ڕابردوو



نازانین چییە داهاتوو
لە ناکاو گوڵڵەی بەیانی ئەو گوڵە دەپێکێ
چەند حەسوودی بەو جۆرە پێکرانە دەبەم
ئەو جۆرە کوژرانە چەند جوانە
دەکۆشم بگەم پێی
ڕادەکەم بەدوایدا..
بەو دەشت و دۆڵ و چیایە
کە دەگەمە لوتکە
خۆر دەبینم بە عێدزی دێ
وەکی ئەوەی کەتنێکی کردبێ
خۆی بۆ کەتنێکی تر ئامادەکا
وێنەکە وا دەنوێنێ:
هەردووکمان بەیەک جۆر بمرین
من و گوڵی شەو.

**هێڵی تالووک (پانتۆمایم)**

ئاو کوا هێندە شەڕانگێزە؟
کەی جەنگی هەڵگیرساندووە لە دژی یەکێک؟
ئەی ئەو هەموو تەلبەندە بۆ دەناڵێ لە کەمەری؟
ئەو هەموو سەنگەرە لێ دەدرێ بەرانبەری؟
ئەو هەموو هێڵی بەرگرییە بۆچییە؟
لەوەتەی ئاوم ناسیوە هەر خەریکی سەمایە
دڵی کەسی نەڕەنجاندووە
دۆستی گشت بووە.
ئەو تالووکە هیندییە یا ئەفغانییە؟
موساییە یا عیسایی؟
ئاوی بەو چەشنە پارچە کردووە
چ بیانوویەکی بە دەستەوە بووە
ئەو لەشە ناسکەی وا لێکردووە
دەستی ڕاستی داوە بە ئەو، هی چەپ بۆ ئەم
نیوەی سک و نیوەی مەمک و
نیوەی دڵ و
نیوەی ئاوی داوە بە ئەم، نیوەش بە ئەو
ئەو گاڵتەجاڕییە چییە؟
ئاو کەی ڕاست و چەپی هەبووە؟
تەبیعەتی ئاو ئاوهایە
هی هەموو کەس بووە و هی کەسیش نەبووە
کەمێکیشی هی تۆ بێ وەکی ئەوەیە
هەمووی هی تۆ بووە.

**دیگەڵە (چەمەرە)**

هەموو جارێک کە بێرە تێ دەپەڕم
گۆمێک دێتە ناو زەینمەوە
ڕۆخی پڕە لە کۆتر
دەنگێکی گەورە هەڵیان دەفڕێنێ
هەموو جارێک ئێرە گۆمێک بووە
هەموو جارێکیش تێیدا خنکاوم

**سەیرانبەن (میلۆدی)**

لەناو سەیارەکەی فەتحوڵڵا
چەند کەسێکین
وا دێتە بەرچاو کۆتایی دنیایە
لەو جۆرە شوێنانە
خەیاڵ باشترین پەنایە
ئاوازێک هەڵدەکا دوور
قەناعەت دەشکێنێتەوە
لەوەتەی هەین لەو دوندانە گیرمان خواردووە.
لە سەیارەکە دێمە دەرێ
هەوا خنکاوە لەناو سێ چیا
ئاو لە خوارەوە گەیشتۆتە بنبەست
شەو دێ و فریامان دەکەوێ
بەناچاری ئەم جارەشیان تەسلیم دەبینە خۆمان.

**ناڵپارێز (نوستالجیا)**

ماڵی خانەخوێ لە قوڕە
سۆپای سووری سۆربۆتەوە لە شەرمان
بۆنی چای دووغەزال
دەکشێ لە ژوور
من شێتی ئاگر و ئەو بۆنەم
چا برادەرێکی کۆنە
چانییە ئەویش لێرەیە
شەوێکیان.. لەو شوێنە لە خاچدراوم
لەسەر ئەو ئەرزی خودایە لێم قەومایە
دارێک منی گرتۆتە خۆی
ئەو دارە لە کوێیە؟
لە دەورم گەڕاوە و بۆ من مردووە
خانەخوێکەم ئەمەی گێڕاوە.

**سەفرە و زەنوون (تراجیدیا)**

دۆڵەکە پڕە لە باڵندەی بێ دندوک
سیحریان لە فڕینیان دایە
پڕە لە پوونگ بۆنیان بەرهەڵڵایە
میوانێک لە دوورەوە دێ
چی لەپێش دابنرێ؟

مێوژی خەفەتباری؟
دۆشاوی هەژاری؟
باش بوو مانگ هات
تریفەی خۆی پێ دادا
ئەگینا نوێنمان هەر برین بوو.
بەیانییەکەی.. لە هەیوانی ماڵەکەدا
هەموویان خۆیان کوشتبوو بە مانگیشەوە
ئەو شوێنە پەرستگایە.
نیوەڕۆیەکی گەرمی هاوین گەیشتمە ئێرە
دەرگایەکی کۆن ئەوەی بۆ گێڕامەوە
ئەو جۆرە خانووە
نابێ بچیتە ژووری
مردن هێلانەی تێدا کردووە
نابێ بیفرێنی
بە چۆکدا هاتم و کڕنووشم برد بۆی.

**پەرستگای هەنگ (ئۆپیرا)**

شاژن کۆمانی کردەوە
وتی، ئێرە کۆمۆنەیە.
بەو پێیە شاژن مارکسە
جیاوازییەک هەبێ لەنێوانیاندا
بەری ڕەنجی ئەمیان هەنگوینی گەوارا
هی ئەویان فەلسەفەیە
لەو پەرستگایە دین ئەفیون نییە.
سەما گەرمە تا درەنگی شەو
کە لێ بووینەوە
شاژن بڕیاریدا:
ئیتر ئێمە و بەنی ئادەم جیا دەبینەوە.
ئێمە لەوەتەی هەین دەفڕین بەو ساکارییە
ئەوان لەوەتەی هەن قیناع دەپۆشن
بەجلی مشەمما و دەسکێش و جزمەوە
دێن بۆ جێ ژووان
بەدحاڵن لێمان
لەگەڵ ئەو جۆرە بوونەوەرانە
ژیان گرانە
هیلاک بووین بەدەستیانەوە
بەڵام.. ئاخ چی بکەین لە گوڵ
لەو خاڵی هاوبەشەی نێوانمان؟
.........
.........
لە کۆتایی دیمەنەکەدا: شاژن
بە بەرچاوی هەمووومانەوە مرد.

ئەوە جوانترین مەرگ بوو
لە هێمنییاندا شیرین بوو.
کەچی لە جیاتی ئەوەی پرسەی بۆ دابنرێ
ماڵەکەی دەدزرێ
سەروەت و سامانی دەبردرێ
ئەو سەما خوداییە ئاوهایە
خۆشیی ئەوان
لەناخۆشیی ئێمە دایە.

# ئاگر و یادەوەری و شیعر


**ناڵە حەسەن**
**(کەنەدا)**

**(١)**

پەیکەرێک لە ئاگر
لەنێو دەریاچەیەکی نارنجی
بەبێ دەنگی
مەرکانە خۆڵەمێشییەکانی نێو خەونەکانم
پڕ دەکات لە زەردەخەنە
دەسکە گوڵێکی ئاوییش
لەسەر تابووتی وەرزە جوانەمەرگ بووەکانم
جێ دەهێڵێت.
هەندێ شەویش
ڕەنگە خەوتووەکانی با
تێکەڵ بە فرمێسکەکانی خاک دەکات
تابلۆیەک دەنەخشێنێ
بەرینتر لە کیشوەرەکانی شیعر
لە سووچێکی نێو تابلۆکە
ڕەنگەکان سەما دەکەن و
دنیاش یەکپارچە دەهەژێ.
ڕەشەبای بیابان و
سەوزەبای نێو باخچە و
سوورەبای ئەستێرەکان و
زەردەبای نێو خۆرەتاو
هەموویان بەیەکەوە هەڵدەکەن!

**(٢)**

لە سووچێکی نێو تابلۆکە
گۆڕستانێک دەبیندرێت
خەڵک بە (گۆڕستانی نیشتیمان)
ناوی دەبەن
لەناوەڕاستی تابلۆکەش
باران دەبارێت
بەڵام ناگاتە زەوی و
لێوی درەختەکان تەڕ ناکات
زەویش وەکو باڵندە دەفڕێت
مرۆڤەکانیش وەک تۆز و با
هیچ بنارێک و دەربەندێک نایانگرنە خۆ



لە باشووری نێو تابلۆکەش
لە یەکێک لە شەقامەکان
«مۆزارت» خەمناکانە
کەمانچە دەژەنێ و
چەند کۆترێکی سپیش بەدیارییەوە هەڵکورماون
پیرەمێردێکی گوڵفرۆشیش بە تەنیشت مۆزارتەوە
بەدیار سەبەتەیەکی پڕ لە گوڵی
سوور و زەرد و سپی
بەنێو بیرەوەرییەکانیدا ڕۆچوبوو
لە شەقامێکی تری نێو باشووری تابلۆکەدا
کچێکی بەفرینم بینی
لە بەفر سپیتر بوو
هەردووک مەمکەکانی خۆی
خستبووە نێو توورەگەیەکەوە
نەرم نەرمیش بە تەنیا پیاسەی دەکرد
بەبێ دەنگی بەدەم ڕێوە
بۆ خۆی گۆرانی دەگوت و
دەیوت
«من بەدوای دەرگایەکدا دەگەڕێم
تا بەر لە مردن
بچمە نێو ژیانەوە»

(٣)

لەلای خۆرهەڵاتی تابلۆکە
سێ دیمەن دەبیندران

دیمەنی یەکەم: شارێکی خاپوور و وێرانکراو
ئاسمانی شارەکە دووکەڵاوی و ڕەش دەچووەوە
لەولاوەش
چەند لاشەی سەربازێک لەنێو گۆڕەپان و کۆڵانەکان
دەبیندران
چاوەکانیان بە نەرمی لەسەریەک دانابوون
وەک ئەوەی خەون ببینن.

دیمەنی دووەم: منداڵێک لە تەنیشت لاشەی دایکییەوە
بە سیمایەکی گریاناوی مردبوو
تەنوورێک لە حەوشەی ماڵەکە ئاگرەکەی کزکز دەسووتا
لەنێو تەنوورەکەش نانێک دەبیندرا
نیوە سووتا و نیوە نەبرژاو.

دیمەنی سێیەم: وێنەی خاچێک لەسەر گومبەزی
کەڵیسایەک
بەلاولاوی ڕەش داپۆشرابوو

لە ژوورەوەش تابلۆیەک لە پەرییەکانی بەهەشت
بە ڕووتی
لەژێر دارسنەوبەرێک ڕاکشابوون.

(٤)

دوێنێ دوای نیوەڕۆ
لەنێو نیگا شەرمنەکانی سێبەری گیا
لەنێو ڕووتبوونەوەی
یادەوەرییەکانی پەپوولەیەکی مێ
دوای ڕاژەندنی
چەند وشەیەکی کۆرپە
لەنێو بێشکەکانی عەشق
ئاگرم لە سێبەری خۆم و
لە گەڵاکانی ئەڤینی بەردا
هەر ئەو ڕۆژە
لەنێو خەیاڵی
ئاوارەبوونی کیشوەرێکی وەهمی
ڕەنگی وێنە شیعرییەکانم و
ژیان و ئایندەی خۆم و
عەشق و غەریبی و مردنم
بە مانیفێست کرد!

(٥)

بە بێ دەنگی
لە بنار مەمکە ماسۆشییەکانی ژیان
ڕاکشام
خۆم بە چەرچەفە ئاوریشمییە نەرگسییەکانی
ئاگر داپۆشی
بەر لە خەوتن
ئایەتەکانی غروووربوونی مردنم خوێندەوە
لەبیرمایە
خەونەکانم سوور سوور و
پڕ لافاو بوون ئەو شەوە!

**ناوەڕاستی نیسانی ٢٠٠٩**

# لۆلیتا (*)

**پەسار فایەق**

هەورێکی ڕەش بە ڕوومدا دێت
هەورێکی سپی پشتم تێ دەکات
کەمێک لەولاتر
شتەکان جیاوازترن
هەورێکی سپی بەڕوومدا دێت
ئەوەی دیکەیان پشتم تێ دەکات
هەمان سیناریۆنووس و دەرهێنەر
کار بۆ ئەو دیمەنە دەکەن
شتەکان پێچەوانە دەبنەوە
بێ ئەوەی کەس مەبەستی بێت
شتەکان لە دەسپێکەوە ئاواهین
لەولاتر شتەکان دەگۆڕێن
پەڵەهەورەکان تێکەڵ دەبن
ڕەش و سپی
ئاسمانی من
دەبێتە خۆڵەمێشی
ئاسمانێکی دوای بەفر بارینە
لەو هەورەدا پێکەنینت دەبینم
«ل
ۆ
ل
ی
ت
ا»



*** «لۆلیتا» کچە هەرزەکار و پاڵەوانی ڕۆمانێکی ڕۆماننووسی ناوداری ڕووسی- ئەمەریکایی «ڤلادیمێر نابۆکۆف»ـە، لەدوای ئەم ڕۆمانەوە کە لە ساڵی ١٩٥٥ بڵاوکرایەوە، زۆرجار ناوی «لۆلیتا» لە ئەدەب و هونەردا بەکارهاتووە.**

# ژ دەما دوور تێم

**فەرید خان**
**(ئەڵمانیا)**



ژ ئەندامییا دەما دوور تێم
نزانم
خەمساریا خوە دێ مە مە چ مە!؟
کی راستی من تێ
خوینساریا وی ل من دنهێرە
ژ خوە خوینا خوەدێ ل من سار بوویە
من ژی خوینا خوە لێ سار کریە
دگەڕم.
ژ ئێشتاها دەما دوور تێم
دەڤێ من
ژ چچکێن خوەداوەندان شیر مژیایە
ژ بن زمانێ من
تینا گەنمێ دەستپێکێ ڕادبە
بهار، تاهمەکە خوەسەریا سفرەیا منە
ئادارە، من نەسەکنینن
بسەکنم، مخابنان دکم
«ژ تاهمساریان و ڤر ڤە» دبێژم
«ئەز گیایەکی ژیربوویی مە»
نها خوە ژ دەڤێ تاهمکێشان
خوە ژ بن زمانێ زمانخواران
خوە ژ ناڤ درانێن درانهاران
و خوە ژ زەوادەیا د ڕێ دە ڕژیایی تینم
د تاهمم.
د شاهیێن دەما دوور تێم
دیوانێن گەلێن ڕووسپی دە
سیانەتا ڕوویێ من دکەنە
ل سەر خالییا خێران
ڤیرینێن دەستێن من دگرین
د میهریجانا بندەستان دە
رەقسێن من یێن ئێشدیار
دبە کو ڕۆژا ئیرۆژ
دوویێ سەرێ من نەیێ خوەندن
سەرێ من زەلووتێ خوەپەرەستێن بەرێیە
و بایێ سەرخوەش هین ژی ل پۆرێ وی دگەڕە
درەقسم.
ژ ڕێیێن دەما دوور تێم
ل پاش من شۆپ ڕەڤیایە
کی ل من قەلبیە
ژ خوە ڕە دایە سخێفان
خێزکارێن سەرسەری
خێزێن ڕەش ئاژۆتنە سەر ڕێیا من
هەتا ئیرۆژ هەر هەفت باڤێن من
خوە کوشتنە
هەر هەفت دایکێن من
مەرەزاری بوونە
لێ هین ژی
خوەشبینیا منا باڤکوشتی دژی
دڤێ ئەز خوەشبینا بندەست بژیم ژی
و بگەهیژم پێشەڕۆژێن ژ خوە دوور ژی
دمەشم.

**ئەڤ هەلبەستە ژ کۆ شعرا (کلیپا مارێن برچی) ڕووپەلێن (٣٢- ٣٥) هاتییە وەرگرتن، کو ئەڤ پەرتووک ژی چاپا وێ یا یەکەمین ل سالا (٢٠٠٦)ێ ل ستەنبول هاتییە چاپکرن. هەژییە بێتە گوتن کو شاعر ل سالا (١٩٧٩)ێ ل گوندێ (ئیناقایا) ل هەرێما سەرحەدێ ژ دایکبوویە. نڤیسینێن وی ب هەردوو زمانێن کوردی و ترکی بەلاڤبوونە. ژ بلی شیعرێ، کارێ راگەهاندنێ ژی دکە.**

**«ڕامان»**

# دەربیجەیەک لە ئازادی

**سیمین بێهبەهانی**
**لە فارسییەوە: ئەمین گەردیگلانی**
**(بۆکان)**



### هەتاوی کەزیە نارنجی

هەتاوی کەزیە نارنجی!
کەی سەر لە ئاسۆ دەردێنیێ؟
کە جەستەی
ئەم بەفرە بۆر و چڵکنانە هەڵقرچێنیێ

کەی بە ڕەشەبای تووڕەییت
ئەم قەڵاتە پڕ لە ترسە
بە ئەڕواحی نیشتەجێوە
لە بێخ و ڕیشە دەردێنیێ؟

زەریای گلێنە ژەنگاوی!
بە تۆماوی کامە جێژوان
لە ڕملی گوێچکە ماسیدا
مراوی و دوڕ دەخولقێنیێ؟

ئەی هەوری ڕەشی پڕ باران!
لەسەر هەسێڵی کامە دەشت
بە وردە شەپۆلی نەرم
هەڵپەڕکێی بلۆق پێکدێنی؟

### ئەی ڕەز!

ئەوە سەتڵ ئاوە،
سەد دەست و سەد پەتت پێیە
کەنگێ ئەو هێشووە ترشانە
لەنێو شیلەدا دەنوێنی؟

ئەی ئاسمان!
من دەمەوێ لەگەڵ یارم دەستەملان بم
لە بێشکەی کۆلکەزێڕینا
پێخەفمان بۆ دەسازێنی؟

ئاخ ئەی دڵە هەژارەکەم!
ئەوکاتەی کە میوانت دێ
بەکام پارەی قەڵب و چرووک
سفرە و خوانت دەڕەنگێنی؟

شۆرەسواری خەونەکانم!
بەڵێن بوو بێی، بۆچی نایەی؟
بە تاسە و داخەوە دەمرم
کاتی وەیە خۆت بنوێنی

ئەگەر بێیتە دیدەنی من
لە قەتحەی چاوانی دەگری
ئەو وێنەی لە منی قەرەج
بە ئەوینی دەشوبهێنێ!

## بۆ من بەهاری هەرمانم

بۆ من بەهاری هەرمانم
لە دەشتی بەرهەمدا بڕوێم؟
یان بووکی خۆرم
تاکو لە نوێنی بەیانەوە هەڵبێم؟

کەوتووم وەکو سێبەرێکی ڕەش و تاریک
لەسەر ڕێگا
کوانێ پرشنگی ڕۆژئاوا
تا لە سوێی بانەوە دەربێم

لەگەڵ مەستی ڕوو ئاگرین
قەت خۆڵەمێشم ڕانایە
بە فووی کێ بگەشێمەوە
لە ئاخی ئاگر هەڵتولێم؟

شەپپووری بچووکی لاولاو
دەنگی لێ نەهات و ژاکا
من گیام کاتی پاڕانەوە
قەت نابێ خەبەر بدوێم

من گەڵایەکی ناسکم،
تاقەتی گیات نەوێ لەمن
کە لە ڕیشەش دەرمبێنن
پاراوتر و گەشتر بڕوێم

خۆشەویستم!
هێزی ئەژنۆم نییە بە پێوە ڕاوەستم
ئەگەر دەست بدەیە دەستم
ڕەنگە دیسان هەستمە سەرپێم

## لە کۆتایی ڕێگەدای

لە کۆتای ڕێگەدای،
کەچی هەروا وێستاوی
هەنگاوێک هەڵناگری،
هێندە شەکەت و داماوی

ئەی کەتانی ساڵەکان!
زۆرت دیوە نەهاتی
دەستت پێدا دەگێڕم،
دڕوا و پڕتووکاوی

گەرچی لە ڕێی ژیاندا،
دایم ئارەق دەڕێژی
زیاتر لە بۆچوونی خۆت،
شکاو و تێکچەماوی

ئەی دڵ!
چەقەرە نادا قەت ئارەزوو لە تۆدا
لە قاقڕی لەشمدا،
تووی لەگڵدا پوواوی

هەر دەبێ بۆ هەڵفڕین
ئاهی حەسرەت هەڵکێشی
چون دیلی ئاسمانێکی
خەمناک و سەربەسراوی
ئەی خەزەڵوەری زەردەڵ!
بەکام ڕەنگ و بۆنەوە
لە چاوەڕوانی مەلی شادیدا هەڵکورماوی؟
گومبەزێکی لاڕووخاو،
بۆ سەربانت شیاوە
ئەگەر هێلانە چێ کا،
بایەقووشێ لەناوی
بۆتە لاستی کاوکۆت،
ئەوەی لە هەردوو لاوە
دەڕژان بە شان و ملتا،
بسکی لوول و لاولاوی
ئەی بڕبڕەی پشتی من!
ڕابگرە باری جەستەم
تاکو گیانم نەداوە و
تا لە دەستم نەداوی.

## شەوان کاتێ مەل و ماسی

شەوان کاتێ مەل و ماسی
لە هێلانەی خۆی خزاوە
ژنێک لەوێرانەکەیدا
چرای مەینەت داگیرساوە

دوو دەستی شل و شەکەتی
لەسەر کۆمایەک خشت و خۆڵ

کە بۆتە گڵکۆی ڕۆڵەکەی
دوو لق گوڵاڵەی داناوە

دوو چاوە کانیاوی بەلاش
هەڵدەقوڵێن لە چاوانی
پەژارەی گوڵاوی لەسەر
چاڵاوی زەمزەم هەڵداوە

جەستەی «اذا زلزلت»ی
هێناوەتە بەر چاوی خۆی
ڕاڤەی ئەو وتە قایمەی
دەکرد بەدەم لەرزوتاوە

بە یادی ڕۆڵەکەی
دەستێ بە کێل و گۆڕیدا دێنێ
لە هەمبەر خۆیا خەیاڵی
سەوزی ئەوی لەبەرچاوە

بە یادی ئەو جەستەی
ڕازی گیان بەدەستەوەدانی خۆی
بە ڕوونی دەرخست لەو خاکە
سەد شەتڵی ماچی لێداوە

بەخۆی دەڵێ: کەسێ چاوی ماچ نەکرد
کاتێ لێکی نا
هەڤاڵی لە ڕووی دڵسۆزی
برینی بۆ نەپێچاوە

هاوڕێیە کاتی گیانکەنشت
ئاوی نەتکاندۆتە زاری
نۆشدارێ مەرهەمی لەسەر
گوڵی زامی دانەناوە

پاشان قۆڵی هەڵدەماڵێ
بۆ سارێژی زامەکانی
ئەوەی دەبوو بکرێ بەڵام
لەو کاتدا بۆی نەکراوە

بەیانی کە لەوێ دەڕوا،
بڕوانە ئەو شوێنە تاوێ
برینی خاکی بەستووە،
تەنزیلێ لە کێل ئاڵاوە

**لەبن چارشێوێ لە هەورا**

لەبن چارشێوێ لە هەورا

لەگەڵ خۆرەتاو ڕاکشام
پێکەنی و گوتی: دەسووتێی
گوتم: چش خۆزگا دەسووتام

دەستی گری لێ دەبۆوە
چاوی بڵێسەی لێ دەڕژا
ڕوویم دەدی و نەشم دەدی
هەر بۆیە بووم وڕ و سەرسام

باوەشی ئاگرینی خۆی
بۆ من کردەوە سەرتاپا
لەخۆم بەدەر، لەناخیدا
تێکی هەڵشێلا لەرزوتام

دەتگوت پێم دەڵێ: دەترسی؟
وتم من و ترس؟ هەیهوو!
کە ئەوین هات بەرەو پیرم
تەنیا لە ترس دەترسام

ماچێکی گەرم و دڵگر بوو
وای دانێ لەنێو گڕدا بوو
من سەرتاپا بوومە ئاور
ڕووناک بوومەوە و داگیرسام

نوێنم ساز کرد لە بڵێسە
سەرتاپام بوو بە خۆڵەمێش
تۆفان هەستا لە ناخمدا
شێوام بە جارێ شڵەژام

ئێستا بوومە تەپوتۆز و
بەدەوری جیهاندا وێڵم
تاقانە بووکی خۆرم من
بەوە دڵخۆش و دڵنیام

**دەربیجەیەک لە ئازادی**

دەربیجەیەک لە ئازادی
واڵاکە بەرەو زیندانم
گۆزەیەک پڕ لە دڵخۆشی
دانێ ئەمشەو لات میوانم

ببە هەورێکی زیوپرژێن،
تاکو وەک ڕەزی پڕ بەرهەم
لەلای دەست و دڵبازەکان
داتەکێ دەست و گیرفانم

پڕ چیمەنێک شادیت لایە،
درگاکەتم لێ بکەوە
خۆزگە لەسەر خەرمانی گوڵ،
لەپاڵ خۆت داتدەنیشانم

با کاتەکانی ئەمڕۆکەم،
پڕ لە شادی بێ و گەشاوە
وادە و بەڵێنی سبەینێ،
تازە بە تووڕێ نازانم

پیرۆزیی بەیانی کوانێ؟
نیوەڕۆی پڕ شادیم کوانێ؟
هەتاوێکی کەسیرەبووی،
زەردی لێواری سەربانم

مەرگ دێت و ڕێگا دەگرێ
لە کاتوساتی چاڵەبوو
کوانێ دەرفەتی ڕێ برین؟
گۆیەکی تەنگە مەیدانم

* *

ئەوین هەستە وەک ڕەشەبا
ئەوی هەیە خاپووری کە!
لە سایەی تۆوەیە
پووشی هێلانەی چۆڵ و ویرانم

چی لە دەس دێ سەری سەوزم
بە زمانێکی سوورەوە؟
سوورەو بۆنی خوێنی لێدێ
ئەو شتانەی کە دەیزانم

ئەوین دەگاتێ لەرێوە،
ئەو – قسەبڕ ناکا – لای ئەو
لە نوێژی خوێنا
شیعرێکی پشکووتوو دێتە جێژوانم.

## منداڵەکەی بە دواوە بوو

منداڵەکەی بە دواوە بوو
بۆ پستەی گرتبوو گڕوو
ژنەی دڵپڕ لەبەر خۆوە:
«ڕۆڵە گیان پارەم لە کوێ بوو؟»

منداڵ غاری دا نێو دووکان،
لاقی چەقاند و قیژاندی
گوێچکەی گرت دووکاندارەکە:
«منداڵی کێی خاوەن مردوو!»

دایکی پیلی گرت و کێشای:
«دیتت ڕۆڵە ئابڕوومان چوو؟»
منداڵە سەرێکی لەقاند،
تێگەییو یان تێنەگەیشتوو

«سیرێ پستە بە سەد تمەنە!
نۆشابە و بەستەنی... هەیهوو»
ژنە لە دڵ خۆیا
لە دەس ژانی ژین وەزاڵە هاتوو:

«دوێنێ گوێزی تازەی دیوە،
بەڵام چاوی لێ پۆشیوە
هەموو ڕۆژێک چاوپۆشییەک،
دەداتە دەم ڕۆژی پێشوو.»

منداڵەکەی بەدواوە بوو،
ژنە چاوێکی تێ بڕی
بەدوو چاوی پڕ لەقین و
بارانی فرمێسک شۆردوو،

لە پڕ گیرفانی منداڵەی دی پڕ بوو
«ئەی ڕۆ دزیت کرد؟»
منداڵ وەک پستە پێکەنی،
دەمیشی پڕ لە پستەبوو.

**سەرچاوە:**
**جای پا تا آزادی، مجموعه غزل سیمین بهبهانی، چاپ اول ۱۳۷۷، انتشارات نیلوفر تهران.**



# ئەوەیان ناوم لێ نەناوە!

**ناسر فەتحی**
**(بۆکان)**

جگەرەیەکی داگیرساند و لەبەر خۆیەوە گوتی: ئەوەش لەوە. ئەوە پێنجەمین فیلمی سینەمایی بوو کە ئەمڕۆ چاوی لێ دەکرد. حەزێکی لە ڕادە بەدەری بۆ فیلم بینین هەیە. بووە لە بیست و چوار کاتژمێردا نزیک بە ٨ فیلمی لەسەریەک و دوابەدوای یەک چاو لێ کردووە. کێشی لە سەد کیلۆ نزیک بۆتەوە. بە مانگێک نزیک بە ٨ کیلۆی زیاد کردووە. کە دادەنیشێ بۆ چاو لە فیلم کردن، نازانێ چۆن کات تێپەڕ دەبێت.

بە مێرمنداڵی جارێکیان چووبوو بۆ دوکانێکی ئاردفرۆشی، دوکانەکە جیا لە خاوەن دوکان ٨ کەسی دیکەی لێ بوو، بە کابرای خاوەن دوکانەکەی گوتبوو: ئەرێ خاڵە دەمکێشی؟ خاوەن دوکان پێ نەکەنیبوو، بەڵام ئەو هەشت کەسەی دیکە لە قاقای پێکەنینیان دابوو.

ڕۆژانە کەمترین کات بۆ خوێندنەوە تەرخان دەکات. نمرەی پەنجای لە نمرەی سەت زۆر پێ باشترە. دیارە بە دەست خۆی نییە، ناچارە پێی باش بێت. پێی باش نابێ هەژی کوێ بەسەر خۆیدا دەکات؟! زۆربەی هەرە زۆری فیلمەکانی هالیوود و بالیوودی سەیر کردووە. کەس ناوێرێ بڵێ فلانە فیلمت بینیوە؟ لەڕێوە بە ٢٥٠ دیناریەک دەست دەکا بە گێڕانەوە و بە دووسەت و پەنجا ٢٥ هەزاریش لێی نابڕێتەوە.

جاری واشە شەش حەوت فیلم تێکەڵ دەکات و زۆر بە تامەزرۆییەوە دەست دەکا بە گێڕانەوەی فیلمێک کە مەگەر هەر بۆ خۆی بزانێ دەرهێنەر و ئەکتەرەکانی ئەو فیلمە کێن! کەس پێی خۆش نییە لە کاتی فیلم بینیندا ئەو لەکنی دانیشێ و چاو لە فیلم بکات، ئاخر خۆ ناهێڵێ کەس چێژ لە فیلمەکە ببینێ، چێژی فیلم لەوەدایە کە بەرە بەرە لەگەڵ ڕووداوەکان بچییە پێشێ و لە کۆتاییدا ئەنجامەکەی بزانی، بەڵام ئەو هەر کە لە پەنات دانیشت، لەڕێوە فیلمێکی دوو کاتژمێرەت بۆ دەکا بە دوو ڕستە و بە جارێک حاڵت دەگرێ! ئەویش چ گێڕانەوەیەک هەر یەکسەر باسی کۆتایی

فیلمەکەت بۆ دەکات و ئیتر فیلم و میلمت لەبەرچاو دەخات و پاڵی لێ دەداتەوە و دەڵێ ئەرێ وەڵڵا ئاوا بوو!

جگەرەکەی کوژاندەوە، وەبیری هاتەوە کاتی خۆی لە بۆنی شقارتەش بێزار بوو، دیارە ئەوەندەی من پاڵەوانی چیرۆکەکەی خۆم بناسم، هیچ کات نەبووە لە کاتی کوژانەوەی جگەرەدا، ئەو یادەوەرییە- واتە قیز شێوانەوەی لە دووکەڵی شقارتە-ی وەبیر نەهاتبێتەوە!

دەیەوێ بخەوێ، شەوی درەنگ کردووە، ئەمشەو نیو کاتژمێر لە شەوانی پێشوو درەنگتر سەری خستۆتە سەر بالیفەکەی. هەست بە بۆنێکی ناخۆش دەکا، کە جوانتر هەست ڕادەگرێ، بۆی دەردەکەوێ بۆنی قوونچکە جگەرەکانی ناو تەپڵەکەیەتی. لەسەر زگ ڕاکشاوە، تاقەتی ئەوەی نییە هەستێ و بچێ تەپڵەکەکە خاڵی بکات. ئەگەر زۆر ئازا بوایە، هەڵدەستا دەچوو میزەکەی دەکرد. زۆربەی شەوان لەبەر خەو و تەمبەڵی میزەکەی ڕادەگرێ، دەشزانێ بەم کارەی بەروسوڵدانی هەمووی تێک دەچێ، بەڵام چ بکا، فەقیرە زۆر لەوە تەمبەڵ و تەوەزەلترە بچێ خۆی خاڵی بکاتەوە.

بە منداڵی زۆرجار خەونی بەوەوە بینیوە کە لە بەرزاییەک – زۆر بەرز – هەر بە پێوە خۆی هەڵداشتووە، هەمووجارێکیش بەهۆی ساردبوونەوەی جلەکانی خەبەری بۆتەوە. ئیتر ئەو منداڵەش نەبوو دایکی بەیانی لێی خۆش بێ! هەربۆیە لیوانێک ئاوی دەکردە بن قوونی برا گەورەکەی، بۆ ئەوەی ئەگەر ویستیان لەم بدەن، لەڕێوە بڵێ: جا بۆ لەمن دەدەن، لە کاکم بدەن، ئەو لە من گەورەترە و میزیش بەخۆیدا دەکات!

بۆنی قوونچکە جگەرەکان زۆریان بۆ هێناوە! دەی ئەوە لەبەر دڵی تۆ.. تەنگیشیان پێ هەڵچنیوە! جاران وا نەبوو، ئەی چۆن بوو؟! هەر هیچ گوێشی پێی نەدەبزوا، بەڵام ئێستا نازانم بۆچی ئەوەندەی پێ قەڵسە؟! مێشوولەیەک لەبن گوێی ویزە ویزی داناوە، سەد ڕەحمەت لە ئاباو ئەژداوتان سنەییگەل! وەڵڵا لە خۆڕا پێتان نەگوتوون: «تۆفانە»! بەڕاستی تۆفانن! باشە خۆ هێشتا بەهار نەهاتووە، ئەم مێشوولانە لە کوێ پەیدا بوون؟!

لەوە بەولا بە ڕۆژ مێش وەئامانت دێنێ و بەشەویش مێشوولە، خۆ هێشتا کاتی موبەڕیدە- یان هەمان فێنک کەرەوەکەی خۆمان نەهاتووە- تا لە دەستیان ڕزگارمان بێ. وەڵڵا کوولێر هەڵکەیت، هەر بە جارێک نا بەدووجار لەسەرمان ڕەق هەڵدێیت! خۆ پانکەی «دەمپەل»یش لەبەر فرەفر و ترەتر ناهێڵێ نە ئاگات لە جووکەی نەفەرەکەی بنەوپاڵتەوە بێ، نە دەشهێڵێ ئاگات لە خەوەکەی خۆت بێ! هەر سەد خۆزگەم بە ویزە ویزی مێشوولەکان و تۆفانەکان، بەس نییە جارێک دووجارت پێوەدەدەن و لە کۆڵت دەبنەوە، بەڵام خۆ ئەم دەنگە نەشازەی ئەو پانکە دەمپەلانە تا بەیانی لە مێشکتدا دەیکەن، بە بازاڕی شێخەڵڵا و لەبەر قوولە قوول و ها..ی وەر و ها...ی کورە لاچۆ، ناهێڵن یەک دەقە چییە وچان بدەی! سەرەڕای ئەوە، بە بایەکەی، بەیانی دەمولووتت وەک کۆتەرەداری لێ دێ و وەک پشیلەی سمێڵ قرتاو دەبێ هەتا دێیەوە سەر خۆت، هەر خۆ بەم و بەودا بدەی!

هێشتا خەوی لێ نەکەوتووە، ئەمشەو زۆر سەیرە، شەوانی پێشوو فریای ئەوە نەدەکەوت جێگە و بانەکەی ڕاخا، لە حەیبەتی خەو، مندارەوە دەبوو، بەڵام نازانم ئەمشەو بۆ خەوی لێ ناکەوێ؟!

ئەها..! تا ئێستا سەرنجی دەنگی تکە تکی ئاوی حەمامیشی نەدابوو، بەسەرت ئەوەشی بۆ زیاد بوو! جار لەگەڵ جار تکەی ئاوەکان کە لە شێرەکەوە دەکەوێتە ناو تەشتی ئاوەکەوە، زیاتر بەرز دەبێتەوە، دەڵێی دەنگی ڕادیۆکەی خۆمانە وردە وردە خەریکن زیادی دەکەن!

تک.. تک..، تک.. تک..، خەریکە لە داخان شێت بێ! نە تاقەتی ئەوەی هەیە بچێ تەپڵەکەکەی خاڵی بکات، نە تاقەتی ئەوەی هەیە بچی شێرەکە بە جوانی بگرێتەوە! ئەوە با ویزە ویزی مێشوولەکانیش لەولاوە ڕاوەستێ.

حە..ح! وەڵڵا جوانە! نۆبەی ئەوەیە! هەر ئەوەی کەم بوو! دەنگی چرکە چرکی کاتژمێرەکەش بەوانەوە زیاد بوو، ئەی باشە بۆچی تا ئێستا سەرنجی ئەو شتانەی نەدابوو؟! تۆ بڵێی هی ئەوە نەبێ کە خەوی لێ زڕاوە و ناتوانێ بخەوێ؟!

ڕووناکاییەکی کز ژوورەکەی ڕووناک کردووە، هەست دەکا جار لەگەڵ جار ژوورەکە بەم نوورە کەمە ڕووناکتر دەبێ. بۆ یەک چرکە هەستی کرد ڕۆژ بۆتەوە، چاوەکانی زەق زەق ببوو، دەتگوت لە خۆفی شتێکی سەمەرەدا ماوەتەوە.

سەری بۆ لای چەپی باڵنجەکەی خوار کردەوە، چاوی بە کۆمەڵێک مێروولە کەوت، مێروولەکان قەتارەیان

بەسـتبـوو، نەیدەزانی سـەری ئەو قـەتارەیە لە کـوێوەیە! بەڵام بەش بەحاڵی خۆی ئەوەندەش گەمژە نەبوو، دەیزانی لە شتێک هاڵاون!

تۆ بڵـێی ئەو شـتـە چی بێ؟! نـازانێ، بەڵام من ئاگـام لێبوو، شەو کاتێک خەریکی نان خواردن بوو، لە کاتی ڕووداني ڕووداوێکی سەرنج ڕاکێشدا، کە لە یەکێک لە فـیلمەکـانیـدا چاوی لێ دەکـرد، هەر کـەوچکەکـەی بەرەو زاری برد، هۆشی لە خواردنەکەی برا و لە جیـاتی ئەوەی کـەوچکەکـەی بۆ زاری بەرێ، بۆ لووتی برد و هەمـووی ڕژانده سەر فەرشەکە. ئاخر ڕۆڵە ئەوە کەی نان خواردنە، هیچ وڵاتت نەهێشت! ماشەڵڵا خۆ هێندە بە مشـووریشـە هەر لەڕێوە هەڵدەستـێت و دەست دەکـا بە خرکـردنەوەی، هاااای شیرررر... نەکیم عەقڵی خڕ بکاتەوە!

ئەو مێروولانە کە کۆبوونەوەکەیانت لێ بۆتە مەتەڵ، لە دەوری دەست و پەنجە ڕەنگینەکەی جەنابت خڕ بوونەتەوە و خەریکن وڵاتت بۆ دەماڵن.

خـەوی هەر لێ نـاکـەوێ، جـارێک دەچێـتـە سـەرپشت، جـارێک لەسـەر لاشـانـی چەپیـەتی، جـارێـک لەسـەر هی ڕاستی، جارێک لەسەر زگە، جارێک خۆی گرمۆڵە دەکا، جـارێک بالیـفـەکـەی لادەبا، جـارێک دەیخـاتەوە ژێر سەری، دەنگی مێشوولە و تکە تکی ئاو و چرکە چرکی کاتژمێرەکە و بۆنی جگەرەکان بە تەواوی مێشکیان ئاڵۆز کردووە!

لە پڕ یەک بەخـۆی هاوار دەکـا: ئا...هـــا!!! جـووتـپێ هەڵدەستێ، سەری لە گێژەوە دێ. ئاخر ڕۆڵە تۆ بۆ ئاوا کـتـوپڕی هەڵدەستـییە سـەر پێ؟! نازانی ئەو خـوێنە هەژ بەسەرە لەوانەیە فریانەکەوێ بگاتە مێشکت و بەڵایەکت بەسەر بێ؟!


دەسـتی بە دیوارەکـەوە گـرت، باش بوو بەرچاوی ڕووناک بۆوە، بەختی هێنا نەمخست، ئەگەر بکەوتبایە، ئەو جـۆرەی من بزانم و چارەنووسی پاڵەوانەکـانی خـۆم، خـۆم دیاریـیـان بکەم، سـەری یەکـراست بە گـۆشـەی کـورسـیـیـەکـەی بەردەمی دەکـەوت. ئیـتـر ئەوکـات ئەو بەزمەشم بۆ زیاد کردبایەی چیت دەکرد؟!

لەسـەر کـورسـیـیـەکـە دانیـشت، جگەرەیەکی دیکەی پێکرد، دەتگوت بە دانسـتە دووکەڵی جگەرەکە دەکەنەوە ناو چاوەکـانی و لووتیـیـەوە. هەر فـوو فـوویەتی، بەڵام دووکەڵی جگەرەکە دەڵێی سوێندی لێ خواردووە، وازی لێ ناهێنێ! قـینی کـرد، دوو مـژی دیکەی لێـدا و بە تووڕەیـیـەوە لەناو تەپڵـەکـەکـەی چەقـاند، وایزانی کـوژاوەتەوە، بەڵام نەکـوژابۆوە، دووکـەڵەکـەی دەتگوت زمانزانە هەر وازی لێ نەدەهێنا، جگەرەی سەگباب خێـو دەتگوت لەسـەرڕا داتـگیـرساندۆتەوە، ئاورەکـەی خـۆش خۆش ببۆوە، دووکەڵێکی تیژ و ناخۆشی لێ هەڵدەستا و یەک ڕاست دەچووە چاوەکانییەوە، دەسـتی بۆ جگەرەکە بردەوە، بۆ ئەوەی ئەم جارەیان جـوانتـری بکوژێنێـتـەوە، هەرچی ئەختـوچاری کرد، دووکەڵ کۆتایی پێ نەدەهات، باشە ئەو جگەرەیە بۆ ناکوژێتەوە؟! قوونچکە جگەرەکەی هەڵهێناو لێی وردبۆوە، ئێ خۆ ئەوە کوژاوەتەوە، ئەی ئەم دووکـەڵە چیـیـە هەر دێت؟! لە کـوێ دێت؟! بـۆچی تەواو نابێت؟! ئا.. کورە خۆ ئەوە هەو نییە، ئەوە ئەو قوونچکە نییە کە من ساعەتێکە خەریکم دەیکوژێنمەوە! ئەوەیان خوا دەزانێ کەی کوژاندوومەتەوە، ئەو جگەرەیەی ئێستا کـوژاندمـەوە، خـۆی سـەهلە نەکـوژاوەتەوە، دووسێ دانە قـــوونچکی دیکەشی بەخـــۆیەوە هەڵکردووە! دەتگوت قـــوونچکە جگەرەکـــانیش لێی بەقـــیندا کـــەوتوون، هەرچۆنێک بوو کوژاندییەوە!

بەر لە هەمـوو شتێک هەستا چوو تەپڵەکەکەی خاڵی کـرد، دوایە چوو شـێـرە ئاوەکـەی حـەمـامی توند کـرد، سـاعـەتەکە- یان هەمـان کاتژمـێرە دیوارییە بۆرەکەی- هێنایە خوارێ و پاترییەکانی لێ دەرهێنا، چرا خەوەکەی کوژاندەوە، لیـوانێکی ئاو خوارد و فلاش مـیـمـۆرییەکەی هێناو هێدفۆنەکانی خستە گوێیەوە، کۆمەڵێک مۆسیقای نەرم و ئارامی تێدابوو، خسـتـیـیـە سـەر قـەتعـەی باران، لەسـەر پشت ڕاکشـا، چاوەکـانی قـوچاند، نەیزانی کـەی خەوی لێ کەوت، دەنگی پرخە پرخی ڕۆژە ڕێیەک دەڕوا، چ هەڵەیەکم کرد و گوتم کاک «وانێک» ئەمشەو لەکن تۆ دەبم و لەگەڵت چاو لە فیلم دەکەم!

هێـدفۆنەکـانم لە گـوێی کردەوە، فـلاش مـیـمـۆرییەکـەم کوژاندەوە، هەستام جێگەوبانەکەم بردە ژوورێکی دیکە.

منیش ئەمشـەو جـۆرێکم، نە ئەوەیە خـەوم لێ بکەوێ، نە ئەوەشـە خـەیاڵی نووسـینەوەی ئەم چیـرۆکـەم لەسـەر دەربچێ! ناچارم هەڵدەسـتم دەست دەدەمـە کـاغـەز و قەڵەمێک و وڕێنەکانی ئەمشەویشم تا ئێرە دەنووسمەوە.



# کودەتای سێبەرەکان

**چنوور سەعیدی**
**(سنە)**

هێشتا خەو ئەبینم و تەلەفوونەکەش ئەزرینگێتەوە. ئالآومەتە نێو مەلافەکەوە و چاوەکانم ناکرێنەوە، ئاخۆ کاتژمێر چەند بێ؟

ئەزرنگێتەوە و لەشم هەڵناسێ. دەست ئەکوتمە سەرمێزەکەوە: «- تۆ خاوەنی ئەو دوو سێبەرە وێڵەیت کەس جگە لەتۆ ناتوانێ بەرپرسی گوناحەکانی ئەو بێت.»

کە ئەڵێت «گوناح»، دڵم دائەخورپێ وەکو ئەوەیە خەتێکی سوور پڕ ڕەنگ بکێشێتە ژێر گوناحەکەمەوە.

«لەم شارە تەنیا تۆ دوو سێبەرت هەبوو. سێبەری خەڵک، چی خاوەنەکانیان ئەیانکرد دووپاتیان ئەکردەوە، بەڵام تۆش خودا هەڵناگرێ، سێبەری یەکەمت باش بوو، بەڵام سێبەری دووەم...، گوناح لە تۆیە.»

هێشتا خەو ئەبینم یان ڕاستە؟ هەموو ئەم قسانەم لە بەرەو هەموو شەوێکیش خەوی پێوە ئەبینم، ڕەنگە ئێستاش خەو ئەبینم.

«- بۆ هیچ ناڵێیت؟ هەڵبەت ئیتر بێهوودەیە بڵێیت تۆ کامە لەو سێبەرانە بوویت؟»

«- ئە... ئەبێ بزانم چی قەوماوە؟!»

دەنگی خۆم ناناسم وا ئەزانم کەسێک لەژێر لێفەکەمەوە ئەم پرسیارە ئەکات. بە تەشەرەوە ئەڵێ: «چی قەوماوە؟ نیوەشەو هەموو سێبەرەکانی ئەم شارە هەڵاتوون، وەرە دەرێ بزانە خەڵک چلۆن سەریان لێشێواوە! تەنانەت سێبەرەکەی خۆشم لەگەڵیانا چووە!»

سێبەرێکی ڕیشن دێتەوە بیرم و پێئەکەنم. نا خەو نابینم.

«- ئێمە ماوەیەکە ئەزانین ئەو ئامۆژگاری سێبەرەکانی دیکە ئەکات.»

«- ڕەنگە هەمووی ئەو سێبەرانەش گوێ ڕاگری قسەی خاوەنەکانیان نەبووبێتن. دنیا پڕە لە سێبەری یاغی ئاغا.»

دەنگی بەرز ئەکاتەوە نا هاوار ئەکا، ئەبیسم مست ئەکوتێتە سەر مێزەکەوە، دەزانم پەتی تەزبێحەکەی خستووەتە دەوری ئەنگوستەکانی وەکو بیهەوێ بیانقرتێنێ. ئەکەومە بیری ئەوکاتە وا ئەمگوت:

«- ژیانی سێبەرەکان پێوەندی بە خاوەنەکانیانەوە نییە» و ئەو گڕی تێ ئەچوو.

«- بەڵام ئەو سێبەرانە بە ڕابەری سێبەرەکەی تۆوە یاخی ئەبوون، گەر یاخیش ببوایەن ئێوارەی هەر ئەو ڕۆژە ئەگەڕانەوە. تۆ بڕیارت دابوو بیبەسیتەوە، دوێنێ دوایین بڕیارت دا.»

ماتڵە شتێک بڵێم، ئیتر پاسای ناکرێت. ڕاستە، گوتبووم گەر ئەم جارەش چاوم لە سێبەرەکانم، نا، یەکێ لەو سێبەرانەم نەبێت جێگام زیندانە.

جێگای خاڵی دوو سێبەر لای پێخەفەکەمەوە ئەبینم. دوێ شەو تا ئەو کاتە خەو بمباتەوە ورەیان ئەهات، چییان ئەگوت؟

«- گوناح لە تۆیە، ئەتتوانی هەڕەشەت لێ کردایە، ئامۆژگاریت کردایە.»

چییان ئەگوت خودایە؟

«- نازانی چەند خۆشە ڕۆیشتن بۆ ئاسمان و خەوتن لە ماڵی شتەکان، هێلانەی پەپوولەکان.»

سێبەری بێدەنگم گوتبووی:

«- توخودا ئەوە بەڕاستە؟ منیش ئەبەی لەگەڵ خۆتا؟»

کە گوتبووی: «- نا تۆ سێبەرێکی ڕاستەقینەیت» پێکەنیبووم بەڵام گرنگیم پێ نەدابوو. دێتەوە بیرم سێبەرە بێدەنگەکەم پاڕابووەوە:

«- پێم خۆشە لە گەڵتا بێم، من بێزارم لە بێدەنگی، تکرار»

هاوار ئەکات و دائەچڵەکێم

«- تۆ هەرکام لەو سێبەرانە بیت، گرنگ نییە ماتڵمان مەکە و خێرا وەرە.»

گوشییەکە توند دائەنێ. هێشتا تەزی پشتم لە دانیشتنی بەیانی تا ئێوارەی دوێنێ لەو ژوورە چکۆلە و بە پەنجەرە دەرنەچووە.

ئێستاش دووبارە ئەو کورسییە ئاسنینە ئەو ژوورە چکۆلەیە، ئەو ڕیشە ڕەشانە، ئەو پەرداخە ئاوە گەرمە... حەز ئەکەم بڕشێمەوە.

چاوم دەکەوێتە لاپەڕەیەک بەو دێڕە ڕەش و گەورانە و لە دواییدا مۆرێکی پڕ ڕەنگ وەکو پەنجەی پەنجە شێر.

یەک:

بڵێند بڵێند لە شەقامەکاندا پێ ناکەنێ.

دوو:

جنێو بە خەڵک و پۆلیس و سێبەرەکانیان نادات.

سێ:

بڵێند بڵێند قسە ناکا، ناگرییێ، تووشی سەرسووڕمان نابێ و بۆو جێگانە ناڕوات وا بۆ سێبەرێک قەدەغەیە.

چۆک دائەدەم و وێنەی سێ کەسیمان لەسەر عەرزەوە هەڵئەگرم.

من لە نێوانی هەردووکیاندام، یەکێک چاوی بڕیوەتە نێو چاوانم و ئەوی دی سەیری جێگایەکی دیکە ئەکات.

چەند منداڵ بوون خودا. ئەوکاتە وا هەمیشە شەڕیان هەبوو، ئەو قژی سێبەرە چکۆلەکانی ئەکێشا و تفی لێیان ئەکرد، جێی نەئەهێشتم، بەڵام لەگەڵ منیشدا نەبوو کە گەورە بوو هێور هێور کاڵ ببووەوە، ئەوەندە کە بڕێ جار کەس بە باشی نەیئەبینی. خەڵک لە دیتنی جگەرەیەکی داگیرساو کە لە شەقام و چوار ڕێیەکاندا پیاسەی ئەکرد و کەسێکی نادیار مژی لێ ئەدا، هەراسان بوون.

چوارەم چی بوو؟

گرنگتر لە هەموو شتێک، ئامۆژگاری سێبەرەکانی دیکە ناکات، بەتایبەت ئەو سێبەرە بێدەنگەم، هەموو جارێکیش دووپاتم ئەکاتەوە، گەر وا نەبێ قانوون حەقیقەتی من بە تاوانبار بزانێ.

چەند جار هەڵاتبوو؟ چەند جار کەلەپچەیان کردبوو؟ من لاپەڕەیەکم ئیمزا کردبوو ئەو دووبارە هەڵاتبوو؟ دەم و چاو ئەشۆم و نایەتەوە بیرم. ئیتر چییان گوتبوو؟

«- ئەو گەر ئێمەی بوێت بە شوێنمانا دێت.»

خۆزگە بڕوام بەو چپانە کردایە کەچی ماندوو بووم، وام ئەزانی هەمووی خەڵک لە نێو مێشکمدا شەڕ و هەرایانە، هێندە حەبم خواردبوو کە سڕ بووم.

دەستەی کلیلەکە لەبەر ئاوێنەکەوە هەڵئەگرم، مرۆڤێکی زەنەق تۆقیو لێم ئەپرسێ: «- تۆ کامە لەو سێبەرانەیت؟»


ئەڵێم: «- ئەبێ سەرەتای ئەم شەقامە بگرمە بەر تاکو بگەمە ئەو ژوورە بێ پەنجەرە.»

لەبەر دەرگا کەسێکی نادیار جگەرە ئەکێشێ، بێدەنگ ئەکەومە شوێنی جگەرەیەکی داگیرساو، ئەڕواتە نێو کۆڵانێک، منیش ئەڕۆم، ئەوەستێ، ئەوەستم.

گوتبووی جێگایەکی باش بۆ ژیانی سێبەرەکان. خەوم لێ کەوتبوو.

**بەهاری ١٣٨٣**

تیرۆژە چیرۆک



# خەونی پەمەیی

**جیهان عومەر**
**(سلێمانی)**

کە پێڵووەکانی چاوی بەرز دەکردەوە، ماندووبوونی شەوی پەمەیی پێوە دیاربوو. ڕستەیەک لە مرواریییەکانی زەردەخەنەی سەرلێوە پەمەیییەکەی پێدەبەخشی. بۆ زیاتر ئازاردانی ڕوحی ئەو وێنەیەکی ژووری نووستنەکەی خستە بەردەمی. پێخەفی پەمەیی، پەردەی پەنجەرەی پەمەیی، ڕاخەری پەمەیی، بەرگی نووستنی پەمەیی، هەر لەسەر ئەو دەستوورەش ئاوێزانەکانی بە پێستێکی پەمەییەوە ئەنجام دەدا.
ئەویش هەر خەونی پەمەیی پێوە دەبینی. کە بە ئاگا هاتەوە خۆی لە شەوێکی تاریکی دەیجووردا بینییەوە کە لە چاوە ڕەشەکانی ئەو دەچوو.

**ئیرەیی**

ئەو ڕۆژە لەگەڵ کازیوەدا پێکەوە بە دیداری مانگ شادبوون. کاتێک درزی دەرگاکەی یەکالا کردەوە، مانگ بەجووتێ چاوی خوماریی و لێوێکی ئالا و ڕوومەتێکی پەمەیی و برۆیەکی بادەمی لەنێوان قژە لوولەکەیدا سەرەتاتکێیان دەکرد. لە کاتی خۆ چەماندنەوەیدا جووتێک شەمامەی سپی مەیلەو پەمەیی لە لێواری (بودی) یەکەیەوە بەراتی ماچێکی سۆمای چاوەکانی ئەوی کرد. ئەویش هەر بە زوویی ئیرەیی بەدێکانی کۆرپەلە و هاودەمی مێردی دەبرد کە ئەو ڕۆژانە دەمی لە گۆپکەکانی ئەودا سەما دەکات بۆ قومێ شیر و ئەویش شەوانە لە بریتی خۆراکی ڕوح خۆی تێدا دەبووژێنێتەوە. ئای کە ئازاری ئیرەیی گرانە!!

## سەموون و نامیلکە

کازیوە هێشتا لە خەڵکی شار بێ دەنگ بوو، خۆر لەودیو چیاوە لە گەرووی ئاسماندا زنجیر کرابوو. ئەوان کە دەرگای ماڵەکەیان کردەوە بۆ دابەشبوون بە کۆڵانەکاندا بەتەواوی بەهۆی تاریکییەوە یەکتریان بەدی نەدەکرد، هەر تیمەی کۆمەڵێک نامیلکە، بۆ دابەشکردنی بەسەر ماڵەکاندا لەبن هەنگڵێدا شاردبۆوە. کاتێک لە دابەشکردن بۆوە، لە یەکێک لە کۆڵانەکاندا سەموون فرۆشێک هاواری دەکرد:

– گەرمونەرمە سەموون. لە سەموون فرۆشەکە ڕاما، چەند دانەیەکی لە نامیلکەکە بەدەستەوە بوو، چاوەکانی ترسیان لێدەباری، ئەو زۆر بە هێمنی و بە ئارامییەوە پێی وت:

– چەند دانەت پێیە؟

– تەنها سێ دانەیە، لەبەر دەرگاکاندا کۆم کردۆتەوە.

ئەو بەزەردەخەنەیەکەوە پێی وت:

– دانەیەکی بۆ خۆت و دووانەکەی کەش بدە بە مشتەرییەکانت.

* * *


## بۆنی قاوە

کاتێک بەیانیان دەمی دەرگاکەی لێ یەکالا دەکردەوە، پێش ئەوەی بەیانی باشی لێ بکات، تێر مەستی چاوەکانی دەبوو. ڕەنگەکانی پەمەیی دەبێتە ئەستێرەیەک لە شەوەزەنگی ئاسمانی دڵیدا سەمای دەکرد. بۆنی ماکیاجەکەی لە بۆنی قاوە و مژێکی جگەرەی دوای قاوەکە خۆشتر بوو. خوازیاری ئەوە بوو کە قاوەش بۆن و ڕەنگی خۆی وەک بۆن و ڕەنگی ئەو لێ بکردایە.

## غەمۆکی

هەر لەوکاتەی ئاشنا بوو بە گوڵێکی پەمەیی باخچەکەیان، هەفتانە غەمۆکی دایدەگرت کە خۆر وزەی گەرمی خۆی بە باخچەکە نیشان دەدا و ئاویش تینوێتی گوڵەکانی نەدەکردە مەبەست، ڕۆژانی پێنج شەممە و هەینی، دوو ڕۆژ ڕۆژانی غەمۆکی ئەو بوون، ژوورێکی تاریکی بۆ خۆی هەڵدەبژارد، لە شەممەدا غەمۆکی یەخەی بەردەدا و بۆ جارێکی دی گوڵە پەمەییەکە دەمی ماچێکی بۆ دەکردەوە. زەوی ئاو و خۆری پێدا تێدەپەڕی، ئەویش چاوەکانی بە پەڕەی گوڵە مێخەکێکی پەمەیی ئاشنا دەبوو.

هەر لەبەر ئەوە حەزی دەکرد کە ئەو دوو ڕۆژە لە هەفتەدا هەڵگیرێت و هەموو ڕۆژەکان لە شەممەوە دەست پێ بکات.



# ليستک

فەوزی بیلگە
(باتمان)

چەنتەیێ وی ل پشتێ، د ناڤێ دە کەلەشەک، چەند لباسێن شەرڤانان و بەردلکا وی تێ دە ب گاڤێن ترسۆک و ب هیمەت کو د وان رۆژێن (١٩٩٩)ێ دە ب هێسانی دو کورد نکاریبوون بهاتنا با هەڤدو، کەت ئاڤاهیەکە کو هەتا وێ چاخێ نەچووبوویێ. ئاڤاهی ل تاخەکە کو ژ ناڤەندا باژارێ ستەنبۆلێ گەلەکی دوور و خالی بوو. دەستێن خوە یێن کو بێهنا میدیەیان ژ وان دهات و تەرکی بوون، هێدیکا ل بێریکێن خوە گەڕاندن. کاغزا کو ناڤنڤیشان لێ نڤیساندی یا کو د بێریکا وی دە قورچۆ مرچۆ بوو بوو، دیت. چاڤەک ئاڤێتێ، دەریێ کو ل بەر راوەستیا بوو نە ئەو بوو، هلکشیا قاتێ راسەری خوە، ل ئمرەیا دێری نهێری و مینا هەردەمێ دو جاران بێراوەستان ل زنگلێ دا، راوەستیا، دو جارێن دن ژی لێ دا. ها ها ما دەری ڤەبوو، ژنکەکە ناڤسەرە دەری لێ ڤەکر و ب هەلوەستەکە ڤارەتل گۆتێ:

– کەرەم بکە. دەرباس ببە، دبێژم قەی ل هێڤیا تەنە.

دەرباسی هوندر بوو، د بێهنەکێ دە چاڤێ خوە ل دەردۆرێ گەڕاند. رەحتیەکێ خوە بەرا سەر دلێ وی دا. نۆلا ژ ناڤا ئێر خەلاس بووبە دلشاد، د دلێ خوە دە مینا بێژە، «ئۆخ، ئیرۆژ ژی ئەز بێ قەدا و بەلا گهشتم جهێ خوە!»، و راست بەرێ خوە دا جهێ کو ژنکا خوەدیێ مالێ نیشانی وی دابوو. دەرهێنەرێ شانۆیێ مامۆستە جەمیل چاڤ لێ کەت، ب بەرگیا وی دە هات، مینا هەردەم ب هەلوەستەکە شەربەزە؛

– تۆ دەرەنگ ما. تەماشەڤان جڤیانە، دە زوو لباسێن خوە ل خوە بکە.

پشتی کێلیەکێ ل بەر نەینکێ هەڤالێ وی یێ لیستکڤان قەمەر روویێ وی مەقیاژ کر و هنەکی ژێ ڤەکشیا لێ نهێری و ب کەن؛

– ئێدی تو تام شبیا دینان. ژخوه بەرێ تو دین بوو، ئێدی تەمامە. هەردو ب هەڤدو کەنیان. قەمێر ژی تیمەکی زالم دلیست. بەری بکەڤە لیستکێ ل بەر نەینکێ راوەستیا، چەند میمیکێن دینان چێکرن. ژ خوە باوەڕ، خوە ب خوە کەنیاو گۆت؛

– بڕا ژی ئەز شبیامە دینان لاو.

نێزی قەمێر بوو و گۆت؛

– ئەز دبێژم کو قەی هوون گەلەکی ل هێڤیا من مان. ما ئەز چاوا بکم کەس تونە بوو کو من سێنیا خوە یا مێدیەیان بدایێ؟ خۆرتکێ کو ل با من دخەبتی ژی نشکاڤە چوو گوندی. هەیا من یەکی دن دیت؛ وەللا من لەزاند ژی، ژ سیخوران نەوێریبووم برەڤیامە و نەگیهام کەشتییێ.

قەمێر دەستێ خوە دا سەر ملێن وی؛

– گوهـ نەدێ، هەیا ژ تە هات تو باش بلیزە.

تەماشەڤان ب پڕانی پارێزەر بوون، ژ بەر کو خوەدیێ مالێ ژی پارێزەر بوو. هەر کو دەما دۆرا وی نیزیک دبوو ئۆسمان بێتر دلەرزی. د بن شەلوارێ وی یێ کو هەیا سەر چۆنگا وی چڕیایی، چپکێن وی یێن هەژار دڕجفن. ژ چاڤێن وی یێن مەقیاشکری هەیەجانێ خوە دئاڤێتدەر.

مامۆستە جەمیل ب کەن؛

– گوهـ نەدێ مینا هەردەم بلیزە. پارێزەر– مارێزەر تو یێ ببینی ئەوێ پڕ بعەجبینن. چما هەفتەیا بۆری ما نیڤییێ تەمەشەڤانان نە مامۆستە بوون؟ تو خوە بلیزە بەسە، ژ خوە تو تێرا خوە دینی. زنگلێ مالێ هەی لێ ددا، ژنکا ناڤسەرە دبەزیا دێری، ب ترس ڤەدکر و یێن نوو دهاتن تەمین دکر دگۆت؛

– گەر سیخوران گرتن سەر مە، ئان تشتەکی ئاوارتە چێبوو، شەرپەزە نەبن بێژن نیشانا مە هەیە بەس. ئۆسمان د پاش پەردەیێ دە ب دزی ل تەماشاڤانێن کو ل سەر هەڤ و ل بن هەڤ روونشتبوون نهێری. پشتی هەردو شەڕڤانان لیسکا خوە ڤەداندن و کەتن ئۆدەیێ، ئۆسمان ب هیقەهیقەکە عەجێب کەت هێوانێ. تەماشەڤانان ب چاڤێن مشت خەمگین زق ل وی دنهێری.

ئۆسمان دلیست، دەم ژبیر کربوو. ئەو قاس ل لیستکێ تیر بوو بوو کو دەنگی کەسی نەدبهیست. ئۆسمان ژخوە بەری هنەکی دین بوو و ئیجار رۆلا دینان ئەو قاسی باش دلیست، ئەو قاسی ل رۆلێ کۆنسانترە بوو بوو؛ کو کێ نزانیبوویا وێ بگۆتا قەی نوهـ ژ تیمارخانەیێ رەڤیایە. زەمان ژ وی رە سەکنیبوو، هەر تشت سەکنیبوو، ب تەنێ دلیست. جارنان ژ نشکا ڤە دکەنیا، جارنان دگریا، جارنان ددا لۆتکان گرێز دەڤان د حەرکی و تەماشەڤان ب خوە رە دگریاند، ب خوە رە دکەناند. بەر ب داویا لیستکێ ڤە، ژ تورکێ پشتا خوە نانەکی تەنووری و پیڤازەکە مەزن دەرخستن و دانین بەرخوە. هەیا هێز تێ دە هەبوو کولمکا خوە گۆت «هوم» لێ دا، پیڤاز پەلچقی و پەکیا بەر تەماشەڤانان. تەماشەڤانان پەرچەیێن نێزیکی خوە، داڤێتن بەر وی و وی ب خوارەتییەکە نەدیتی ئەو دخوارن، پارییێن مەزن یی عەجێب ژ بۆ رۆلا وی نیزیکی راستییێ بە جارنان بڕا ژی دادقورتاندن. ب جارەکێ رە دەستێ خوە ئاڤێت قڕکا خوە، کوخویا، مینا پاری د قڕکێ دە مابە ل بەر خوەدا، سۆری کوڕ بوو. ل تەماشەڤانان نهێری و بێنەفەس ب سەر دەڤ و روویان چوو عەردێ، تەڤنەلڤیا.

تەماشەڤان ب عەجەباندنەکە مشت ب جۆش رابووبوون سەرپییان و ژ ئۆسمێن رە ل چەپکان دخستن. د ناڤا وێ گوڕە گوڕێ دە دەڤێ خوە دخستن گوهێن هەڤدو دگۆتن؛


– بژی! هەر بژی، ب راستی ژی تو یێ ببێژی قەی بڕا مر، ئەو قاس ژی نابە هەر بژی!

پشتی چەپکێن دوو درێژ، دڤێ ئۆسمان رابوویا، لێ رانەبوو. دەرهێنەر پەکیا سەحنەیێ، ب چاڤێن کو هێسر ژێ دباریان ئەو هەژاند، بانگ کرێ؛

– ئۆسمان، ئۆسمان...

**ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ پەرتووکا (دینن) رووپەلێن (٤٥– ٤٧) هاتیە وەرگرتن، کو چاپا وێ یا یەکەمین ل چاپخانەیا کایهان ماتبائاسی– ستەنبۆل– ٢٠٠٦ێ هاتیە چاپکرن. هەژییە بێتە گۆتن کو فەوزی بیلگە ژدایکبوویێ سالا (١٩٦٢)ێ یە ل دێرکێ و دبستاتا بلند ل ستەنبۆلێ تەمام کریە. پەرتووکا وی یا یەکەمین کو کورتەچیرۆک بوون ل سالا (٢٠٠٢)ێ ب ناڤێ (ژ دلا را) بوو. و پەرتووکا دووەم ژی ب ناڤێ (٢٩+١) بوو و ل سالا (٢٠٠٥)ێ هاتبوو چاپ و بەلاڤکرن.**

**«ڕامان»**



# چنار

**هوشەنگ گوڵشیری**
**لە فارسییەوە: عەبدوڵڵا سەعیدی**
**(بۆکان)**

دەماودەمی ڕۆژئاوا بوو کە پیاوێک بە یەکێک لە چنارەکانی شەقامدا هەڵدەگەڕا. بە ئەسپایی هەردووک دەستی لە گرێی دارەکە گیر دەکرد و هەردووک لاقی لە دەوری چنارەکە هاڵاندبوو و بە لەشی وشک و داڕزیوی چنارەکەدا، هەڵدەگەڕا بۆ سەرێ. لە پشت نێفەکییەوە، دوو پینەی هەریەکەو لە ڕەنگێک دەمەلاسکەی پیاویان دەکردەوە و بنی تا کەوشێکی دڕابوو.

ئەو خەڵکانەی کە تەماشای دوکان و بازاڕیان دەکرد، لایان دەکردەوە و هەڵگەڕانی پیاوەکەیان تەماشا دەکرد. ژنێکی گەنج و جوان کە قۆڵە بەفرینەکەی وەدەر خستبوو، دەستی کوڕێژگە خەپەتۆڵەکەی گرت و چاوی لە پیاوەکە بڕی کە خەریک بوو لە چنارەکە وەسەردەکەوت. گەنجێکی باڵابەرز بە دوو قامکی دەستی ڕاستی، گرێی کراواتەکەی شل و توند کرد و پاشان لە پیاوەکە ڕاما؛ پاشان لای کردەوە و نیگای خزاندە سەر باسک و سەر سنگی ژنە گەنجەکە.

قەڵەشت و درزەکانی ئاسمان بە چەند تۆپە هەوری سپی و چڵکاوی پینەکرابوون و تیشکی ڕەنگ زەردی خۆرەتاو نیوەی قەڵافەتی چنارەکەی ڕووناک دەکرد. پیاوێک کە کڵاوی شاپووری لەسەرنابوو بەسەرسامییەوە پرسی: «بۆچی بەوێ هەڵدەگەڕێ؟»

پیاوێکی خەپەتۆڵە و زگ زل کە لە تەنیشت ئەو ڕاوەستا بوو لەبن لێویەوە بۆڵاندی: «من چوزانم، حەتمەن شێتە!»

گەنجەکە گوتی: «پێم وا نییە شێت بێ، ڕەنگبێ بیهەوێ خۆی بکوژێ!»

پیاوێکی باڵابەرز و بەخۆوە کە قژەکانی پێشە سەری وەریبوون، بەسەر بادان و ناڕەزایی دەربڕینەوە گوتی: «بۆچی؟ کەسێک خۆی بکوژێ شێت نییە؟ کەواتە دەفەرموون کە عاقڵە؟!».

پاسـەوانێک هاتە نێـو خـەڵکەکـە و بە دەنگێکی منگنەوە پرسی: «ئەوە چییە؟»، بەڵام ئاپۆراکە هیچیان نەدەگوت و تەنیا چاویان لە حەوا دەکرد. پیاوەکە تازە لە سێبەرەکە تێپەڕیبوو و تیشکی خۆر تازە دەیویست خـۆی بخـزێنێـتـە سەر کـۆت و شـەڵـوارە ڕەنـگ خـۆڵەمـێشـینەکـەی. پاسـەوانەکـە، کـە لـە هەڵگەڕانە سەرداری پیاوەکـە - ئەویش بە ڕۆژی ڕووناک - تووڕە ببوو، باتوومەکەی بەتوندی لە دەستی خۆیدا گوشی و هەرای کرد: «هۆی گوێ درێژ! وەرە خوارێ! بۆ چوویەتە ئەو سەرە؟»

پیـاوێک کـە تازە هاتبـوو و جـێـی خـۆی لەنێـو جـەمـاعـەتەکـە دەکـردەوە، بە وردی بزەیەکی هاتێ. پاسـەوانەکـە گـەڕایەوە و تێی ڕامـاو دەسـتی بەسـەر باتوومـەکـەیدا کێشـا و هەمیسـان چاوە وردیلەکـانی لە جەماعەتەکە بڕییەوە. پاشان بەسەر خەڵکەکەدا بۆڵاندی: «ئەوە چییە؟ هەڵوا دەبەخشنەوە؟»

− ئەز ب خەیالان نائاژۆم و، دڤێ مرۆڤ د خەیالان دە نەژی. دڤێ ئینسان تشتێ ئوبجەکتیڤ و تشتێ راست بنڤیسینە و، خوەندەڤانان ژی تشتی راستییێ دڤێن. ئەو تشتێ ب خەیالان تێ ئافراندن گەلۆ دبە، گەلۆ نابە، گەلۆ راستە، گەلۆ نەراستە! وێ پێشەرۆژان خوەندەڤان رەخنەی مرۆڤان بکن... ئەز وێ یەکێ ناخوازم، تشتێ بوویە دنڤیسنم و ب هونەری ناڤەرۆکا وێ بخەملینم و بهۆنینم.

* د رۆمانێن خوە دا چڤاس وە گرنگی ب ئەزمان دایە؟

− هەموو پرتووکێن من، هەلبەستێن من، وەکە ژان و ئێش و دەرد و کولێ منن، ئەو ژی هەموو کوردستانە، لەوما ژی دهەلبەستێن خوە دە، د رۆمانێن خوە دە، دگۆتارێن خوە دە دەرد و کولێن کوردستانێ تینم زمان و وەکە گەلێ من تشتەکی ژ من فێر ببە.

* شوون دە وە رۆمانێ دوو بەرگی ژی نڤیساندی یە، لێ پرسا من ئەوە ئەو زمانێ وە بکارئانی چڤاس گرانە، چڤاس ئاسانە، گەلەک جاران رۆمان هەن ناهێنە وەرگەراندن بۆ زمانەکی دن چونکە زمانێ وان گرانە بهێزە، هەر د ڤی ئالی دە زمانێ گوندێ وە، دەڤەرا وە، تشتێن کوردی یێن جوان چاوا دناڤ رۆمانێن خوە دا بکارئانینە و چڤاس گرنگی پێ دایە؟

− وەختا مرۆڤ رۆمانەکێ وەردگەرێنێتە زمانەکی دن، دەبێ هەردو زمانان باش زانبە، ئەگەر وەسا بە ئەز د وێ باوەرێ مە دکاربە وەرگەرێنە. ئەز نە وەرگێرم، ئەز وەک کوردەکی دنڤیسنم، ناڤەرۆکا هەلبەستێن من و ناڤەرۆکا

رۆمانێن من هەمـوو دایکا من کوردستانە. ناڤەرۆک ئەوە، ژیانا گەلێ کوردە، ژیانا منە، ژیانا تەیە و ژیانا هەموو کوردانە، ئەز ئەوان تشتان تینم زمان و دنڤیسینم.

* وەبیرئانینێن خوە (ژان و ژیان) ژی نڤیساندی یە، دبیرئانینان دە تشتێن مەزن هەنە کو خەلک ژێ فێر ببە، پەیاما وە چیە کو د وان بیرئانینان دە پێشکەشی خوەندەڤانان بکی؟

– بۆچی کو ژان و ژیان، دناڤ خوونا هەفتێ هەزار جانگوریێن دێرسم دە من ژان دیتیە، من ئێش دیتیە، من کول و دەرد و برچیتی دیتیە، ئەز د ئافرێن حەیوانا دە رازامە، ل سەر زبل رازامە، کەتمە مەترۆپۆلێن دژمن، من دەرد و کول و ئێش کشاندییە و، ب هەزاران کەسێن وەک خوە دیتنە، ژبەر وێ ژی من ناڤێ پرتووکێ دانییە (ژان و ژیان) یانی ژیانا ب ژان، ئەڤ ژیانا منە، ئەز باوەرم د ژیانا هەر کوردەکی وەک من ئەڤ ژان و ئێش و کول و دەرد هەنە ب تایبەتی ئەوێن زۆلم و زۆر و برچیتی دیتنە، دەولەت ئەم برچی دهێشتن، زۆلما وان ل سەر مەبوو. من چ دیتیە و من چ کرییە من نڤیساندییە و ناڤێ وێ دانییە ژان و ژیان.

* وەکە خوبایە هوون ل ترکیایێ، قوبرسێ، ئەوروپایێ، سوڤیەتا بەرێ و ئوسترالیایێ گەڕانە، وە گەلەک وەلات و مللەت دیتنە، هەلبەت وە ئەدەبیاتێن وان خوەندنە، دناڤ ئەدەبیاتا دنیایێ دە هوون چاوا د ئەدەبیاتا کوردی دنهێرن؟

– ئەدەبیاتا کوردی دناڤ ئەدەبیاتا جیهانێ دە هین زارۆکە و هین دەستپێکری یە. یانی دژمن نەهشتیە ئەدەبیاتا مە پێشکەڤە. مە ئەدیبێن مەزن هەنە وەکە مەلایی جزیری و فەقێ تەیران و ئەحمەدی خانی، لێ ئەڤ دناڤ گەلێ کورد دە گەش نەبوونە، دژمن نەهشتنە ئەم بخونن. لێ د دەستپێک و ناڤەندا سەدسالیا بیستان دە ئەدەبیاتا کوردی هێدی هێدی گەش بوویە و رۆژ ب رۆژێ پێشڤە دچە، ب تایبەتی ژی د ئەڤێ پارچەیا ئازاد دە. وەکە من بهیستیە گەلەک پێشڤەچوویە، ئیرۆ ژی ئەدەبیاتا کوردی ل سەر لنگانە، ب هەزاران نڤیسکارێ کورد هەنە کو رۆمان، دەستان شانۆنامە و کاروبارێن ئەدەبی دنڤیسن، لێ بەلێ هێشتا ئەم نکار بن بین

**مەزنترین خەبات کوردێن دەرڤەی وەلاتی بکن ئەوە کو زارۆکێن خوە هینی زمانی کوردی بکن و ب کوردی پەروەردە بکن.**

بەرامبەری ئەدەبیاتا جیهانێ. بابێ رۆمانا کوردی عەرەبی شەمۆیە وی دمدم و شڤانی کورد و چەندین ئافراندنێن دن نڤیساندنە، و ئیرۆ ژی گەلەک کەس دنڤیسین و، ئەز ب خوە ژی خوە وەکە رۆماننڤیسەکی ب ناڤ و دەنگ ناحەسبینم، دبێژن هەر کەڤرەکی کوردا هەلبەستڤانەک یان رۆماننڤیسەک هەیە ئەز ژی د پارچەیەک وان دە مە.

* هنەک پرتووک و نڤیساندنێن وە ئامادەنە بۆ چاپێ، بێتر ژی رۆمانن، وەکە ئەم دزانن دناڤا وان دە تشتەکی وە یی فۆلکلۆری، گەلەری وەکە چیرۆک، مەتەلۆک، چیڤانۆک هەنە، ئەڤ نڤیساندنێن وە تەنێ یێن باکوورێ کوردستانێ نە یان ژی وە بەلاڤتر ئەو پرۆژێ خوە دەستپێکرییە؟

– من گەلەک چیرۆکی گەلی و مەتەلۆک، چیڤانۆک بەرهەڤ کرنە، هێڤی دکم د پێشەرۆژ دە چاپ ببن. مە بەرێ ئەڤ تشتانە بەرهەڤ نەکرنە، ڤان سالێن داوی هات بیرامە، یەکێ وەک محەمەد ئەمین بۆز ئەرسەلان گەلەک چیرۆکێن گەلەری بەرهەڤ کرنە، پرتووکێن وی هەنە و ئەز ژی دخوازم وان تشتان بەرهەڤ بکم، ئەگەر خوەدێ ژینا من درێژ بکە ئەزێ بگیژنم گەلێ کورد، لێ نها ئەوێ دمالا من دە بمینێ کو هەژمارەکە زۆرە ژ مەتەلۆک و جیڤانۆک و لیستکێن زارۆکان و سترانێن کاروشوغولێ ناڤ رەز و باغان.

* ئەمێ ڤەگەڕێن سەر ژینا وە یا نها، وەکە دیار کارێن تە یێن چاپبوویی وییێن بەرهەڤبوویی بۆ چاپێ هەموو ئەون یێن پشتی هوون چوونە ئوسترالیا، گەلۆ رەوشا چاپەمەنی و وەشانا کوردی ل وێ دەرێ چاوانە؟

– مرۆڤ دکاری بێژە ل دەرهەڤا نڤیساندنا زمانێ کوردی دە، ل ئوسترالیایێ تشتەکی و کارەکی بەر ب چاڤ تونەیە، لێ تەنێ رادیۆیا کوردی هەیە، ل هەفتیێ ساعەتەک وەشانێ وێ هەیە. خنجێ وێ وەک تشتەکی نڤیسکی رۆژنامە، کۆڤار، پرتووک دەرناکەڤە.

ژبەرکو جڤاک بچووکە و پیچەک بەلاڤ بەلاڤە، رەوشەنبیرێن کو هەنە ژی دگەل هەڤ نینن، کەسێن کو کوردی بخونن بنڤیسن گەلەکی کێمن و، د ئالیێ دن دە ژی دناڤ مەدە سێ تیپێن جێ یێ هەنە عەرەبی، لاتینی

و کریلی و هەر کەس ب جۆرەکێ دنڤیسینە ژبۆ وێ ژی ناهێن گەل هەڤ ژبۆ کو کارو خەباتەک ئەدەبی- رەوشەنبیری بکن.

* ل بارەی خەباتا رادیۆیێ ل ئوسترالیا، هوون دکارن بیتر پێزانینا بدن مە؟

- خەباتا رادیۆیێ خەباتەک جڤاکیا مە کوردێن ئوستراليا بوو، ئەز و شاهینێ بەکری سورکلی هەڤالێ هەڤ بوون و پێشەکاری وێ خەباتێ بوون. نزیکە (١٨) سال و ڤر دە هەفتییێ ساعەتەک پرۆگرام هەیە. رادیۆیا دەولەتێ ب هەفتێ زمانی وەشان دکە، ژبەرکو ئەو عەیالەتا ئەم تێدا دژین (٢٣٥) ئەتنیک (قەوم) دژین. هەولدانا دەولەتێ هەیە ژبۆ وان هەموو ئورگەلان وەشان بکە. ئیرۆ زمانی کوردی یەک ژ وان (٧٠) زمانانە کو ل رادیۆ و تەلەفزیۆنێ تێ وەشان.

* تێکەلیێن وە دگەل گەلێن دی یێن بچووک ل ئوسترالیایێ ب تایبەتی دگەل رەوشەنبیر و ناوەندێن چاندی یێن وان چاوانن؟

- وەختا کو رەوشەنبیر و نڤیسکارێن کورد زێدەبن، وێ دەمێ تێکەلیێن وان چێ دبن، لێ مخابن کەسێ هۆسا کێمن. زێدە ئەز و شاهین ب کوردی دنڤیسین. شاهین خورتەکی ژێهاتی و زمانزانە، ئینگلیزیا وی باشە. لێ ژ بەرکو ئەز ئینگلیزی نکارم بخونم و بنڤیسنم وێ قاسی پەیوەندیێن من ژ وان رە چێ نەبوونە.

* چقاس پێزانینێن وە ل سەر کاروخەباتێن حکومەتا هەرێما کوردستانێ هەنە؟

- ئیرۆ جیهان گەلەکی بچووک بوویە، کەتیە هندر قوتیەکێ، ل کوردستانێ چ دبە رۆژ ب رۆژ ل تەلەفزیۆن و ئینتەرنێتێ دە ئەم دبینن. ئەم هەر تم ب بەدەن دگەل وە نینن لێ دلێ مە مێژێ مە دگەل وەیە، هەموو کوردپەروەر ژی ڤێ پارچا ئازاد دڤێ وەکە رۆنیا چاڤێ خوە بپارێزن وتو جاران ژبیرنەکن.

* ئەڤە چەند رۆژە هوون ب ئاخا رزگاربوویا پیرۆزا پارەکا کوردستانێ شادبوون. هەست و رەوشا وەیا دەروونی چ گوهەرتن ب سەردا هاتنە؟

- ب زارۆکاتیا خوە من زۆلم دیتیە، پارچەک ئازاد نەدیتیە و حەسرەتا وێ کشاندییە. ل هندورێ وەکە خورت بووم کۆمەنیست بووم، کۆمەنیستەکی توند، ئەم ببوون ئەنتەناسیونالیست مەدگۆت جیهان، مامۆستایێن مەیێن ترکان وسا دگۆتن، ئەم ژی ل وان فێربوون. پشت رە ئەز رەڤیام چووم ئوسترالیایێ بەرگەهێ من فەرەهبوون، ئەز ل جیهانێ حەسیام و ژبەر وێ ژی ئێش و ژانا کورد و کوردستانێ د دلێ من دە بیتر خورت بوو، جارا یەکەم وەختا کو ئەز کۆمەنیست بووم، من دگۆت هەرِم سۆڤیەتێ، مۆسکۆیێ ئەزێ ژ خوە رە بکم حەج... لێ وەختەک ئەز چووم سۆڤیەتێ جیهانا من گوریا سەرهەڤ و بنهەهەڤ بوو. وەختا پشتی (١٩٩١) ئان ئەڤ پارچە ئازاد بووی ئێدی سەرێ من گهیژت عەزمانا، من ژی هەول دا رۆژەکێ هەرِم وێ پارچا ئازاد ببینم.

* وە رەوشا چاند و ئەدەبیاتا کوردی ل ڤر چاوا دیت؟

- ئەز دبینم چاند و ئەدەبیاتا کوردی رۆژ ب رۆژێ گەش دبە، پرتووکخانە ل گەنج و لاوان تژینە، رۆژنامە و کۆڤار دەردکەڤن. ئەز گەلەکی دلشادبووم، هەرچەندە تیپێن عەرەبی ناخونم، نزانم، لێ ژمن رە گۆتنە و ئەز دبینم ئەدەبیاتا کوردی ل ڤر گەلەکی پێشکەتییە، لێ زمانێ کورمانجی ل گور دلێ من نینە، ئەز وێ ژی بێژم زمانی کورمانجی پیچەکی قەلسە، هێڤی دکم ئەڤ قەلسی ژی د پێشەرۆژ دە چارەسەر و راست ببە.

* پشتی هوون ڤەدگەرن ئوسترالیایێ، چ تشتی نوو و خوەش وە هەیە ژبۆ رۆژنامەڤانیا ئوسترالیایێ ب گشتی و کوردێن وێ دەرێ ب تایبەتی؟

- ئارمانجا من ژ ڤێ هاتنێ یەک ژێ ئەو بوو، بەرێ بانگەشیەک نەکەتیڤ دەرهەقا ڤێ پارچەیا ئازاد دبە، لێ مخابن دەنگێ مە پر بلند دەرناکەڤە ئەوان ئیمکانێ وان هەنە و ئەو بخوە ژی زێدە نە و بێبەختی دکن، من گۆت ئەز هەرِم ب چاڤێ خوە ببینم و رۆژ ب رۆژ نوتێ خوە و تێبینیێن خوە بنڤیسم، وەختا گەریام ئەوان نوتێ خوە بدم رۆژنامەک کوردی و د ئالیەک دن دە وەختا داگەریام ئەوروپایێ ل ترکیێ ل ناڤ هەڤال و هۆگران ل ئوسترالیایێ سمیناران ددم و ل دەرهەقا ڤێ پارچەیێ رایێن خوە خویاکم.

* ئاخڤتنا وە یا داویێ کو هوون حەز دکن ژ خوەندەڤانێ مە رە بێژن؟

- داخوازیا منا داویێ ساخ و سەرکەفتنا وەیە، هەموو پارچەیێن کوردستانێ و هەموو کوردپەروەر ب سەربلندی ل کاروبارێ وە دنێرن، ئەز دخوازم تشتەکی دن ژی بێژم ل ڤر گەلەک دلێ من دئێشی ژمن رە دبێژن تو کوردی

ترکی، یان ژی دبێژن کوردێن ئیرانێ، کوردێن عیراقێ ئەڤ پەیڤـە دجی دە نینە. ل گـور باوەڕیا مـن دڤێ ئەم بێـژن: کـوردێن باکـوورێ، کـوردێن باشـوورێ، کـوردێن رۆژهلاتێ و کوردێن باشوورێ رۆژئاڤا...

✱ ببـۆرە، دناڤ بەرسڤـێن وە دە ئەڤ سێ پرسـیـارە ل جـەم مـە دروست بوون، ئەگـەر ب کـورتی رۆهن بکن؟ یەکەم ل ئوسـتـرالیـایێ چقـاس کـورد هەنە. دووەمین ژی دەما هوون ل رووسیـایێ خەباتێن وە یێن چاندی چەند و چاوا بوون و، پرسا سێـیێ تێکەلیا وە ل ئوستـرالیـایێ دگەل کوردێن ئەوروپایێ چاوانە؟

– ل ئوستـرالیـایێ نێـزیکی (٢٠) هەزار کورد هەن کو ل هەر چار پارچەیێن کوردستـانێ هاتنە لێ پرانیا وان ژ باکـوورێ هاتنە. کـورد ل وێ دەرێ ڤـالا نین هەر کـەس قاس هێزا خوە کار دکە، ل سەدنی چار کۆمەلێ مە هەنە، ل مالبـۆرنێ دوو کۆمـەلێ هەن و ل باژارێن دن ژی بزاڤ و چالاکی هەنە.

دگەل کـوردێن ئەوروپـایێ پەیوەندییێن هەمـوو کـەسـان هەنە. لێ مخا بن کـورد د دەستـپێکێ دە نابن کورد، دبن پارتیـزان و دوور رە دبن کـورد. دڤێ ئەم ژ پارتیـێ خـوە حەز بکن، لێ تشـتـی گـرنگ و مـەزنتـر دڤێ ئەم ل سـەر زمـان خـەبات بکن و ژبۆ زارۆکی خـوە و ژبـۆ نفشـێ نوو کار بکن.

**رزا چولپان د چەند ریزکان دە**

**– ل سالا ١٩٣٧ئان دە ل گوندێ کوپکێ کو سەر ب دەڤەرا موخندێ یە ل دیرسمێ ژ دایکبوویە.**

**– ژ مالباتا گۆرانە لەوما ژی تێ ناسین ب رزێ گۆران.**

**– د (١٣) سالیا خوە دە ژ وەلات دەرکەتیە و چوویە ستەنبۆل.**

**– ل ١٩٥٩/٢/٦ زەوجییـە و نها چار زارۆیێ وی هەنە دوو کچ هەردوو مامۆستانە و زەوجینە. دوو کوڕ ژی یەک (٣٣) سالە ئەندازیارێ کۆمپیوتەرە و ئەوی دن (٢٢) سالە لیسێ تەمام کریە و ل کۆمپانیا تەلەفۆنی کار دکە.**

**– پشـتـی سالا ١٩٧٦ هەسـتـا نەتەوەیی ژێ رە چێ بوویە و دەست ژ کارێ سەندیکایی بەردایە.**

**– ژ سالا ١٩٧٧ ئان و ڤر دە ل ئوستـرالیـایێ ئاکنجی بوویە و کارێ نڤیسینێ دکە و، هەیا نها یانزدە پرتووکی وی هەنە.**

# پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان،
# پێدەشتی خولیاکانی مرۆڤێکی سەرکێش

**سەعید سلێمانی**
**(تاران)**

«سەرکێشی» ڕەهەند، یان ڕەگەزێکی سەرەکی پێکهێنەری تەواو، یان زۆربەی زۆری چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەنە. هەوێنێکی سەرەکییە کە چوارچێوەی چیرۆکەکان پێی شکڵ دەگرن و ڕیتمێکی نەپچڕاوەیە کە لە تەواوی دەقەکاندا هەستی پێ دەکرێ و درێژەی هەیە. ناوەرۆکی سەرکێشی خۆی لە خۆیدا هەڵگری گەلێک خوێندنەوە و تەفسیری جیاوازە، بەڵام ئەوەی مەبەستی ئەم باسەیە پێوەندی نێوان سەرکێشی وەک تەوەری سەرەکی ڕۆمان لە لایەک و دەقی ئەدەبی وەک شوێنێک بۆ خۆدەرخستنی ئەو تەوەرە لە لایەکی دیکەوەیە. هەروەها لەم بەستێنەدا لایەن و ڕەهەندە پێوەندیدارەکانی سەرکێشی و چۆنیەتی و هۆکار و دەرئەنجامەکانی دەخرێنە بەرباس.

ئەوە کە بۆچی چیرۆک دەبێتە ناوەند و پانتاییەکی سەرەکی بۆ خۆدەرخستنی سەرکێشی وەک تایبەتمەندی و ئەگەرێکی «بوون»ی مرۆڤ، ڕەنگە پێوەندی بە خودی ماهیەتی چیرۆک و ئەو پانتاییەوە هەبێت کە ڕۆمان بۆ زەق بوونەوە و خۆدەرخستنی ئەو چەمکانە دەیڕەخسێنێت، یان ڕەنگە پێوەندی بە ئەو قۆناغە مێژووییەوە هەبێت کە ڕۆمان تێیدا لە دایک دەبێت.

هەروەک دەزانین ڕۆمان زادەی سەردەمی نوێیە و لە چرکەیەکی مێژووییدا سەرهەڵدەدات کە ئەندێشەی مرۆڤایەتی لە بەرانبەر تەواوی مێژووی سەدان ساڵەی پێش خۆیدا وەستاوەتەوە. ڕۆمان لەدایکبووی ئەم قۆناغە هەستیارەی مێژووە. هەر بۆیە کەسێکی وەک میلان کۆندرا لای وایە کە: «بناغەداڕێژی سەردەمی نوێ هەر تەنیا دیکارت نییە، بەڵکو سێرڤانتسیشە.» ئەو قۆناغەی مێژوو قۆناغێکە کە لەودا زۆربەی بەهاکانی ئەندێشە و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەکەونە ژێر پرسیار و زۆربەی بەها ڕەها و نەگۆڕەکان جێ پێیان لێژ دەبێت و تێک دەڕووخێن. هاوکات بوونی ئەم دوو دیاردەیە بێ گومان پێوەندییەکی نەپچڕاوەیان بە یەکەوە هەیە، هەر بۆیەش دیسان لە وتەکانی کۆندرا وا دەردەکەوێ کە ڕۆمان ڕۆژێک لە دایک دەبێت کە یەکپارچەیی جیهان تێک دەڕووخێ و ڕێژەگەرایی دەبێتە جێنشینی موتڵەق گەرایی، بەڵام چ هێزێکی پتەوە کە وا دەکات موتڵەق گەرایی و بەها نەگۆڕەکان جێی خۆیان بدەن بە ڕێژەگەرایی و فرەلایەنی بەهاکان؟ چ پاڵنەرێکی مێژووییە کە جێگۆڕکێ بەم دوو جەمسەرە تەواو دژ بە یەکە دەکات؟! بێ گومان ئەگەر سەرکێشی خۆی ئەو پاڵنەرە مێژووییە و ئەو هێزە بەتینە نەبێت، تەنیا میکانیزمێک دەتوانێ ئەو هاوکێشەیە بگۆڕێت کە ڕوحی



**شێرزاد حەسەن**

سەرکێشی لە هەناویدا جێگیر بێت. بە بڕوای کامو: «ڕۆمان، هاوکات لەگەڵ ڕوحی سەرکێشی لە دایک بووە و هەر ئەو ئامانجانەش لە پانتایی جوانیناسیدا پەیڕەو دەکات.» جا بۆیە ڕۆمان بە هەڵگرتنی ڕوحی سەرکێشی هەوڵ دەدات بۆ وێناکردنی جیهانێک کە لەودا سنوورەکانی واقیع بەجێ بێڵێ و جیهانێکی نوێ بخوڵقێنێ کە هەڵگری خولیا بەدی نەهاتووەکانی مرۆڤ بێت. ئەو خولیایانەی تەنیا لە ڕێی سەرکێشییەوە ئەگەری وەدی هاتنیان هەیە. لەبەر ئەمە ڕۆمان دەبێتە دەرفەتێکی مێژوویی بۆ دەربڕینی هەستی سەرکێشی و یاخیبوون.

لە هەمان کاتدا سەرکێشی خۆی هەڵگری تایبەتمەندییەکە کە وادەکات لە زۆربەی بوارەکاندا خۆی دەربخات و لە هەمووانیش گرینگتر ببێتە بابەتی سەرەکی دەقە ئەدەبییەکان بە تایبەت ڕۆمان. لێرەدایە کە کامو دیسان دەڵێ: «سەرکێشی یەکێکە لە سەرچاوەکانی هونەری چیرۆکبێژی» قسەی ئێمەش لە سەر چۆنیەتی ئەم تایبەتمەندییەیە و ئەگەر و چۆنیەتی دەرکەوتنی لە ڕۆمانی «پیدەشتی کارمامزە کوژراوەکان»دا.

هەروەک گوتمان سەرکێشی توخمێکی ئەساسی زۆربەی زۆری چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەنە و هەر بۆیەش تەواوی کەسایەتییەکانی سەرکێشن و یاخیبوون ڕەگی لە خوێن و هەناویاندا داکوتاوە و بگرە بێ سەرکێشی کەسانێکی بێ کەسایەتی و بێ شوناسن. لە زۆربەی چیرۆکەکاندا کەسایەتییەکان بە سەرکێشی دەناسرێنەوە و لە ڕێی ئەم تایبەتمەندییەوە شوناسی خۆیان وەردەگرن. بە واتەیەکی دیکە سەرکێشی پێناسەیەکە بۆ خودی چیرۆکەکان و یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی شێوازی نووسینی ئەم نووسەرە. هەر لە یەکەمین نووسراوەکانییەوە بۆ وێنە لە «گرێ» و «گوناهی سپی» و «میم» و «زەلکاو»ەوە ئەم ڕەوتی سەرکێشی و یاخیبوونە دەست پێدەکات و تا دوا بەرهەمەکان بەرچاو دەکەوێت. ئەم سەرکێشییە لە ئەساسدا تایبەتمەندییەکی دەروونییە کە ڕوحی کەسایەتییەکان هەڵگریەتی و هیچ پێوەندی بە بارودۆخی تەندروستی و دەرەکی ئەوانەوە نییە. هەروەک دەبینین لە چیرۆکی (میم)دا ئەمین سەرەڕای ئەوەی کە لە جێدا کەوتووە، بەڵام ڕوحی یاخیگەری و سەرکێشی بە خەستی لە ناویدا دەوروروژێت و هانی دەدات کە تا دواترۆپک سەرکێشی بکات، یان لە چیرۆکی (گرێ)دا مەلاکوێرە سەرەڕای ئەوەی کە دووچاری نوقسانی و نابینایییە، بەڵام ڕوحێکی یاخیگەرانە وای لێ دەکات دژی بارودۆخەکە بوەستێتەوە، یان لە «گەمەی گۆڕینەوەی قەرەوێڵەکان»دا سەرکێشی دەبێتە بزوێنەری سەرەکی ڕووداوەکان و بەو حاڵە زەبوونەوە کە کەسایەتی چیرۆکەکە هەیەتی و بە ڕاشکاوی دیارە کە هیچ دەربازبوونێکیش لەو بارودۆخە نییە، بەڵام ڕوحی سەرکێشی هەمیشە لە هەوڵدایە و قەت لە سرەوتن ناکەوێت.

لە چیرۆکی (گوناهی سپی)دا «نووسەر» و لە (زەلکاو) دا «مامۆستا» دەبنە هێمای سەرکێشی و «نا» گوتن و هەڵگەڕانەوە و لە «من و قاڵە و سەگەکەی پاڤلۆف»دا ڕوحی سەرکێشی هەوڵی چەندین ساڵەی فەرهاد لێک هەڵدەوەشێنێ. لە «کەڵەکوڕان و ئاسکەکچان»دا ئەم تایبەتمەندییە تەشەنە دەکات و پانتاییەکی بەکۆمەڵ داگیر دەکات و تەنانەت وەک شۆڕشێک دەیتەنێتەوە و ڕەنگی جۆرێک لە سەرپێچی گشتی بەخۆیەوە دەگرێت. ئەم ڕەوتی سەرکێشییە هەروا بەردەوامە و لە چیرۆکەکانی «تێک ئالان» ، «دووکەڵ» ، «ماڵئاوا خۆشەویست» ، «خەونی جاڵجاڵۆکەکان» و «ژنێکی منگن»دا هەریەک بە شێوەیەک ڕەنگ دەداتەوە.

لە هەندێک لە چیرۆکەکانیشدا کە ئەم تایبەتمەندییە دەرفەتی دەرکەوتنی نییە، دەبینین کە ڕوحی

کەسایەتییەکان دیسان هەر هەڵگری ئەم خەسڵەتەن و لەو هێزە دەروونییە بەدەر نین. بۆ وێنە لە چیرۆکەکانی «چەتر»، «ئێواره و شتی تر»، یان لە زۆربەی چیرۆکەکانی کۆمەڵە چیرۆکی «تەنیایی»دا هەمیشە حەزێک بە سەرکێشی هەیە، بەڵام ئەو حەزە نایەتە کردار و پراکتیکەوە و هەر بە شێوەی خولیا دەمێنێتەوە.

بەڵام ئەگەر لە کورتە چیرۆکەکان بگوزەرێین، ڕۆمانەکانی شێرزاد ئەگەر یەک تەوەری سەرەکییان هەبێت بۆ گێڕانەوە، ئەوە خودی سەرکێشییە. بۆ وێنە تەواوی ڕۆمانی «تەمی سەر خەرەند» هەوڵێکە بۆ گێڕانەوەی سەرکێشییەکانی فەرهاد بە گشتی و ڕوحیەتی سەرکێشی وەک ماهیەتێکی تایبەتی.

لە «حەسار و سەگەکانی باوکم»دا سەرکێشی ڕەهەندێکی دیکە وەردەگرێت، یان باشتر بڵێم شێوەیەک لە سەرکێشی دێتە ئاراوە کە گەرچی مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام لە ناو کولتوور و کۆمەڵگە و ئەدەبیاتی ئێمەدا ئەگەرێکی تازە و بێ وێنەیە. سەرکێشی لە حەساردا بەرئاوەژوو کردنەوەی پێوەندی نێوان دەسەڵاتی موتڵەق و وردە دەسەڵاتەکانی دیکەیە. هەڵوەشاندنەوەی یاسای نەگۆڕی حوکمڕانی خوداکانە بە سەر جیهان و مرۆڤ و بوونەوە. لە ڕاستیدا سەرکێشی لە ناو حەساردا هەوڵێکە بۆ دەستەبەر کردن و خولقاندنی جیهانێکی بێ خودا. لە هەمان کاتیشدا وێناکردنێکی ئەو جیهانەیە لە پاش هەرەسهێنانی دەسەڵاتی موتڵەق و لە پاش هەڵوەشانەوەی یاسای نەگۆڕی خودا ئامێز.

هەرێمی حەسار هەروەک لە ناوەکەیەوە دیارە هەرێمێکی داخراو و پڕ کارەساتە کە لەودا هیچ کەس و بوونەوەرێک نییە بەر شاڵاوی کارەساتەکان نەکەوێت و لە هەمان کاتیشدا هێزی بزوێنەری ئەو کارەساتانە دەسەڵاتێکی موتڵەق و ڕەهایە کە دەستی ئەوەندە درێژە دەگاتە بنی دنیا (حەسار ل ٢٩)، کە هەموو شتێک بۆ خۆی بە ڕەوا دەبینێت و بچووکترین دەرفەت بۆ باقی دانیشتوان بە ڕەوا نازانێت.

بەڵام ئەگەر وردتر بە کونوقوژبنەکانی حەساردا بگەڕێین لە ڕاستیدا حەسار هەر نیشاندەری کۆمەڵگایەکی داخراو و دەسەڵاتێکی پاوانخواز نییە، بەڵکو نیشاندەری ڕاستەقینەی حەساری دەروونی پیاوە وەک ڕەگەزی باڵادەست. پیاو بە مانا جیهانی و مرۆڤانەکەی. حەسار زیاتر لەوەی نیشاندەری کۆمەڵگەی کوردەواری بێت، نیشاندەری کۆمەڵگەی ڕەگەزی نێرە.

حەسار لە ئەساسدا گەڕانەوە و هەڵوێستەیەکە لە سەر مەسەلەیەکی زۆر گرینگ کە ئەویش پێوەندی نێوان نێر و مێیە. بە واتایەکی دیکە ئەگەر سەیری ئەو پێوەندییە بکەین، دەبێ لەوە ورد ببینەوە کە چۆنیەتی پێوەندی ئەو دوو ڕەگەزە هەر تەنیا بەرهەم هاتووی کۆمەڵگا نییە، بەڵکو خولقاوی سروشت و غەریزەی خودی مرۆڤیشە. ئەو کۆمەڵگایانەی کە لەودا شارستانیەت دەور دەگێڕێ کۆمەڵگایەکن کە لە غەریزە و سروشت دوورکەوتوونەوە و بە شارستانی کراون. لە کاتێکدا کۆمەڵگا داخراوەکان واتە ئەو کۆمەڵگایانەی کە لەوا مێرد حەز ناکات ژنەکەی لە ڕووی ئەودا بنێشت بجوێ و ئاو بخواتەوە (حەسار ل ٣٠)، کۆمەڵگایەکن لە غەریزەوە نزیک. ئەو کۆمەڵگایە بناغەکەی لە سەر ئەساسی سروشت و غەریزە ڕۆنراوە و هێشتا لەودا تەبیعەت و یاساکانی دەوری سەرەکی دەگێڕن. گەڕان بە دوای ڕیشەکانی ئەو شێوە پێوەندییەی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ ئێمە دەباتەوە سەر یەک قەناعەت کە ئەویش هەڵسوکەوت بە پێی ڕێوشوێنی دەروونی ڕاستەقینە و غەریزیانەی خودی مرۆڤە.

ژیانی حەسار ژیانێکی تەواو سروشتی و غەریزیانەیە و دوورە لە شارستانیەت و فەرهەنگ، چونکە شارستانیەت و کولتوور دیاردەیەکە، لە دەرەوەی دەروون و غەریزەی مرۆڤە، وەک بوونەوەر، بەڵام حەسار هەڵقوڵاوی سەرەکی ناخی ڕاستەقینەی خودی مرۆڤە. باوک خۆی بە دروستی ئەم مەسەلەیە دەسەلمێنێ و ڕاشکاوانە جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە و دەڵێ: «من بۆیە لە شار و گوندەکانی دیکە دوورم خستوونەتەوە تا خولق و ئەتوارتان هەر ئەوە بێ کە من دەمەوێ...» (حەسار ل ٣١). لێرەدا شار و گوند هێمای شارستانیەتن و باوکیش هێمای ڕاستەقینەی مرۆڤێکە کە لەسەر ئەساس و یاسای غەریزە و سروشت دەژیت، نەک بە پێی یاسا و ڕیساکانی شارستانیەت و کولتوور.

لە ڕاستیدا من دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم و هەڵەیەکی مێژوویی و بۆچوونێکی ناعەقڵانی باوی ناو ڕۆشنبیری خۆمان ڕاست بکەمەوە (بۆچوونێک کە تا ڕادەیەک ڕیشەی لە فمێنیزمێکی ڕادیکاڵانەدایە) کە ڕیشەی ئەم شێوە ڕەفتارەی کە باوک لە ناو حەساردا دەینوێنێ، هی

کۆمەڵگایەکی تایبەت نییە، بۆ وێنە بڵێین کە کۆمەڵگای کوردی ئەو دەسەڵاتەی بە باوک و بە نێرینە داوە، بەڵکو ڕیشەی ئەم شێوە ژیان و ئەم جۆرە پێوەندییە لە ناخی غەریزیانەی ڕەگەزی خودی مرۆڤەوە هەڵدەقولێت و هیچ پێوەندی بە کۆمەڵگا جیاوازەکانەوە نییە، بەڵکو جیاوازی کۆمەڵگاکان لەوەدایە کە ئاخۆ چەند لە ژیانی سروشتیانە و غەریزی دوور کەوتوونەتەوە و چەندە چوونەتە ناو سنووری شارستانیەت و کولتوورەوە، هەر بۆیەش ئەوە تێنەگەیشتن و خوێندنەوەیەکی هەڵەیە کە کۆمەڵگایەک بە خوڵقێنەر و بەرهەمهێنی دەسەڵاتێکی پاوانخواز بزانین و وای دانێین کە ئەو کۆمەڵگایە داخراوەیی دێنێتە بەرهەم.

دروستە کە هەر کۆمەڵگایەک لە بەستێن و ڕەوتی بە شارستانی بووندا بە لاڕێدا دەڕوات و هەندێک دیاردەی دژە کولتوور دێنێتە بەرهەم وەک زۆریەک لەو دیاردە کۆمەڵایەتی و کولتوورییە دزێوانەی کە لە کۆمەڵگای خۆماندا بەرچاو دەکەون، بەڵام قۆرغ کردنی دەسەڵاتەکان لە لایەن ڕەگەزی نێرەوە و ویست و داخوازی تەواوی چێژ و لەزەتەکان و بێبەش کردنی ئەوانی دیکە لە چێژ و لەزەتی هاوشێوە هەستێکی تەواو غەریزیانەیە کە ڕەگەزی نێر هەڵگریەتی. هەروەک باوک بە ڕاشکاوی ئاماژەی پێ دەدات: «ئەمشەو وام نیازە لەگەڵ پشیلە و کەروێشک و سمۆرەکانم بنووم.» (حەسار ل ٦٣)، یان : «بۆم بکرێ مێشوولەکانیش دەخەسێنم.» (حەسار ل ٦٥). ئەم مەسەلەش بە تایبەت لە پاوان کردنی لەزەتەکاندا ڕەنگ دەداتەوە، چونکە هەروەک میشل فووکۆ ئاماژەی پێدەکات پێوەندییەکی نەپچڕاوە و ڕاستەوخۆ لەنێوان دەسەڵات و چێژدا هەیە، بە تایبەتیش چێژی سێکسیانە، بەڵام لێرەدا شارستانیەت هەوڵێکە بۆ دەستەمۆکردنی ئەم هەستە دەروونییەی مرۆڤ و لە ڕاستیشدا تا ڕادەیەکی زۆر سەرکەوتوو بووە و توانیویەتی بیخاتە ژێر ڕکێفەوە.

لە ڕاستیدا حەسار ڕۆچوونێکە بە قووڵایی ناخی مرۆڤدا وەک بوونەوەر، نەک وەک مرۆڤێکی ژیارمەند و شارستانی. حەسار شێوەیەکە لە ژیانێکی سەرەتایی، چونکە تەواوی ئیشوکارەکانی ناو حەساریش هی ژیانێکی سەرەتایی و سەردەمی کشتوکاڵین.

لە حەقیقەتدا کۆمەڵگای کوردی ئەگەر هەڵگری تەواوی ئەو تایبەتمەندیانەی ناو حەساریش بێت، گەرچی دەتوانین ناوی کۆمەڵگای توندوتیژی بە سەردا ببڕین، بەڵام بەرهەمهێنی توندوتیژی و دەسەڵاتخوازی تاکێکی پڕ دەسەڵات نییە، بەڵکو کۆمەڵگایەکە کە لە شارستانیەت نزیک نەکەوتۆتەوە و ئێستاش بناغەکانی لە ناو سروشت و غەریزە دایە و لە ناوەوە بە شێوەیەکی تەواو سەرەتاییانە دەژیت، چونکە بە بۆچوونی من سەرەتای هەموو شارستانیەت و کۆمەڵگاکان بەو شێوەیە بووە کە لە ناو حەساردا ڕوودەدات. ئەوەتا لە حەساریشدا یەکێک لە ژنەکان بە باوک دەڵێ: « لێ بگەڕێ کوڕ و کچەکانیشت لە بە شارکردنی حەسارەکەت بەشدار بن...» ( حەسار ل ٢٨ )، بەڵام باوک حەز بەو مەسەلەیە ناکات، چونکە بە شارکردن و شارستانیەت لە دەسەڵاتی کەم دەکاتەوە. لە هەمان حاڵدا دەبێ ئەوە لە بیر نەکەین کە ژیار و شارستانیەت هەرچەند دیاردەیەکی ئەرێنی و پڕ کەڵک بێت بۆ ژیانی بەکۆمەڵ، ئەوە لە ڕیشەدا بە پێچەوانەی سروشتی مرۆڤە و دژی هەستی غەریزیانە و دەروونی ئەوە.

هەربۆیە نابێ ئەوە لە بیر بکەین کە بێ گومان کولتوور دژ کردەوە، یان پەرچەکردارێکە لە هەمبەر غەریزەدا و بەربەستێکە بۆ کۆنترۆڵ کردنی لایەنە نەرێنی و نێگەتیڤەکانی، چونکە غەریزە هەستێکی سروشتی و حەیوانییە و کولتووریش دیاردەیەکە لە ئاست ئەو هەستەدا و شێوازێکە بۆ دەستەمۆکردنی. مرۆڤ کاتێک لە بەرانبەر مەسەلەیەکدا هەڵوێست وەردەگرێت بێ گومان هەڵوێستەکەی لە خاڵێک لەنێوان ئەم دوو جەمسەرە، واتە لەنێوان شارستانیەت و غەریزەدا دەوەستێتەوە. بە واتەیەکی دیکە مرۆڤ لە کاتی هەڵوێست گرتندا لە کێشمەکێش و ململانێ دایە لەنێوان ئەم دوو هێزەدا. بێ گومان هەرچی مرۆڤ شارستانیتر بێت هەڵوێستێکی ئەخلاقیانە و نەرمونیانتر لە خۆی نیشان دەدات و هەرچیش غەریزیتر بێت، توندوتیژتر خۆ دەردەخات. کێشەی نێوان کولتوور و غەریزە کێشەیەکە کە بەردەوام لە دەروونی مرۆڤدا لە ململانێ دایە و مرۆڤ لە ساکارترین و وردترین هەڵوێست و کردەوەکانیدا لە دەرەنجامی ئەو کێشەیە بێبەری نییە.

حەسار نیشاندەری چۆنیەتی ڕوانینی غەریزیانە و دەروونی نێر و مێیە بەرانبەر بە یەک. واتە نێر و مێ لە

هەناوی ڕاستەقینە و سروشتیانەی خۆیاندا چۆن بۆ یەک دەڕوانن و چۆن پێوەندییەکانیان ئاراستەی یەک دەکەن. نێر وەک تاکی دەسەڵاتخواز و مێ وەک بوونەوەری مەیل بە ڕکێف، پیاو وەک سێبەر و ژن وەک سێبەرخواز:

« پیـاوێک... نێـرێک لەم حەسارەدا نەما بە حەیزەرانەکەی کەفەڵ و لاران و بەلەکمان شین و مۆر بکا، وەی بۆ نێرە پیاوێک جنێومان پێ بدا، سووکمان کا، خۆمان فڕێ بدەینە سەر پێلاوەکانی و ئەو تێمان هەڵدا، نووکی کلاشەکەی لە جۆگەلەی هەر دوو مەمان و ژێر چەناگە و نێوگەڵمان گیر بکا، زەلامێک هاوار بکا و دێو ئاسا بنەڕێنێ،...... وای لە خۆمان.... بێ سێبەرێ...! » ( حەسار ل ١٠٥ ).

لە کۆمەڵگەی سەرەتاییدا ئازادی بریتییە لەوە کە تۆش دەسەڵاتی ئەوە وەربگری کە بتوانی چێژ وەرگری. ئازادی بریتییە لە مافی چێژ وەرگرتن، سەربەستی یانی ئەوە کە تۆش بتوانی پێوەندی لەگەڵ ڕەگەزی بەرانبەرت بگری. ئەمەش نایەتە دی تا زەمانێک کە دەسەڵاتی بالاتر لە ناو نەچێت و ناوەندی قودرەتی ئەو دابەش نەبێت، چونکە ئەو دەیەوێت تەواوی لەزەتەکان خۆی بیانچێژێ و حەز ناکات کەس بەشداری ئەم پرۆسەی چێژوەرگرتنە بێت و بچووکترین چێژ بە هیچ کەس ڕەوا نابینێت، چونکە دەکەوێتە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەو و پاراستنی ئەو دەسەڵاتەش لەوەدایە کە چێژ تەنیا و تەنیا سەر بە هەرێمی پارێزراوی ئەو بێت، چونکە وەک پێشتر گوتمان چێژ ماهیەتێکی دەسەڵات بەخشە. سنووری دەسەڵاتی چێژ هێند فراوانە کە باوک لە حەساردا تەنانەت دەیەوێ ئەو مافە لە بوونەوەرەکانی دیکەش بستێنێتەوە و ئەوانیش قۆرغ بکات بۆ خۆی و هەر بۆیەش تەنانەت دەیەوێ لەگەڵ پشیلە و کەروێشک و سمۆرەکانیش بنوێ و مێشوولەکانیش بخەسێنێ.

خەساندن لێ ستاندنەوەی شوناسی مرۆڤانەیە، سەرکوتکردنی هەست و مەیل و غەریزەی ژیانە. کەسی خەسیو غەریزەی ژیانی لە ناودا دەکوژرێت و هەر بۆیەش خەساندن لە ئەساسدا مەرگێکی سەمبولیک و مەجازییە، مەرگێک کە دەسەڵاتی ڕەهای باوک بە سەر دانیشتوانی هەرێمی حوکمڕانی خۆیدا دەیسەپێنێت، چونکە ئەگەری هەر دەسەڵاتێک وەک دژ و وەک مەترسییەک بۆ سەر دەسەڵاتی نێرانەی خۆی سەیر دەکات.

لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دوو پرسی گرینگی ئەخلاقی هەبوون کە دەکرێ بڵێین تارادەیەک موتڵەق و نەگۆڕ دەرکەوتوون و وەک باقی پرسە ئەخلاقییەکانی دیکە بەر شالاوی ڕێژەیی بوون نەکەوتوون. گەرچی لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا هەندێک جیاوازی بە ڕواڵەتیانەوە دیار بووە و دەرەنجامەکانیشیان بە شێوەیەکی هەندێک جیاواز دەرکەوتوون، بەڵام دەکرێ بڵێین بە درێژایی مێژوو پرسێکی نەگۆڕ بوون. کە ئەویش بریتی بوون لە پیاوکوژی و جووتبوون لەگەڵ نزیکاندا (دایک و خوشک و باوک و برا). مرۆڤایەتی قەت نەیتوانیوە ئەو دوو پرسە ئەخلاقییە بگۆڕێ و بۆی ئاسایی بیێتەوە، هەر بۆیەش ئەگەر بە هەڵکەوت ئەم کردەوانە لە مرۆڤێک ڕووی دابێت دەرەنجامی زۆر خراپی لێ کەوتۆتەوە و سەراسەری مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لەو ئەفسانە و حەکایەت و ئوستورە و دەقانەی کە ئەم پرسە دەگێڕنەوە.

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی خوڵقانی کارەسات و سەرهەڵدانی تراژیدیا لە ناو حەساردا تێپەڕاندنی سنووری ئەو دوو پرسە گرینگەیە لە لایەن کوڕەوە. یەکیان پیاوکوژییە ئەویش کوشتنی باوک: «نەفرەت لە خوێنی باوک کە بە دەستمەوە مەییوە و بە هیچ ئاوێک ناشۆرێت.» (حەسار ل ١١٣). ئەوی دیکەشیان تەما کردنە لە جەستەی دایک هەرچەند زڕدایکیش بێت، بەڵام هێمایەکی مەجازییە بۆ ئەو مەسەلەیە. جا بۆیە لایەنێکی گرینگی سەرهەڵدانی تراژیدیا و کارەسات لە ناو حەساردا دوای کوشتنی باوک، ڕیشەی لەم دوو پرسەدایە کە ئاماژەمان پێکرد، چونکە کۆمەڵگای حەسار و بگرە هەر کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی ناتوانێ ئەم مەسەلەیە لە خۆیدا بتوێنێتەوە. ئەمەیە کە بارودۆخی حەسار هیچ باشتر نابێت و بە مەیلی دانیشتوان ناڕواتە پێش، بەڵکو کارەساتەکان زۆر تۆختریش دەبنەوە و ئاڵۆزی و چارەڕەشی بۆ هەمیشە بەرۆکی تەواویان دەگرێت.

حەسار و سەگەکان سەرەتایەکە لە کولتوور و کۆمەڵگای کوردیدا بەرەو شارستانیەت، چونکە سەرکێشی خۆی دیاردەیەکی داهێنەرە بەو مانایە کە لە هەر حاڵدا بارودۆخەکە - باش، یان خراپ - دەگۆڕێت. هەروەک کامو دەڵێ: «سەرکێشی، لە خۆیدا، یەکێک لە بنەماکانی پێکهێنەری شارستانیەت نییە، بەڵام پێش مەرجی تەواوی شارستانیەتەکانە.» کوشتنی باوک

سـەرەڕای تـەواوی دەرەنجـامـەکـانـی بە ڕای من یەکـەم هەنگاوە بەرەو شـارسـتـانـی بوون، بەڵام شـارسـتـانـیـەتیش ئەو بەهەشـتـە بێ ڕەنج و ئازارە نیـیـە کـە دانیـشـتـوان خـەونی پێـوە دەبیـنن، بەڵکو ئەویش لە ناخی خـۆیدا بەسـتـێنی گـەلێک تراژیدیا و کـارەسـاتی چاوەڕوان نەکراوە.

ئەمە لایەنی بنەڕەتی مـەسـەلەکە بوو، بەڵام ئەگـەر لە ڕوانگەی کـۆمـەڵایەتی و کـولتـووریشـەوە بڕوانین، ئەمـە خـۆی خـاڵێکی وەرچەرخـان و قـۆناغـێکی گـرینگە لە کـولتـوور و ڕۆشنبـیـری ئێـمـەدا کـە کـوڕ لە دژی باوک دەوەستێتەوە و تەنانەت دەست دەداتە کوشتنی ئەو. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە پێوەندی بە گرێی ئۆدیپەوە هەیە و ئاماژەیەکە بۆ ئەو مەسەلەیە، لە هەمـان کـاتدا دەست پێکردنی قـۆناغـێکی نوێشـە لە کـولتـووری باوکـسـالاری ڕۆژهەڵات بە گـشـتـی و کـوردەواریدا بە تایبـەت کـە چیـدی باوک ئەو شکۆیەی جارانی نامێنێ، بەڵکو دەکەوێتە بەر ڕەخنە و پرسیاری نـەوەی نوێوە. باوک لـەو پلەیەی جـاران دێتـە خـوار و دەرووخێت. لە ڕاستیدا دەتوانم بڵێم کە ئەمە دەسپێک و سەرەتایەکە بۆ دانانی بنچینەی کولتوور و مەعریفەیەکی نوێ کـە لەودا چیـدی باوک وەک ناوەندی دەسـەڵات و قـودرەت دەور ناگـێـڕێ و چی دیش کـوڕ وەک کـۆیلە و بندەست نایەتە ئەژمـارو ناچەوسـێـتـەوە و کـۆمـەڵگاش نابێـتـە دەسـتـەچیلەی گـرێ سـەرکـوتکراوەکـان، بگرە بۆ هەمیشە جێی ئەم هاوکێشە ڕەگ داکوتاوە لەق دەبێت و چوارچێوەکەی لێک دەترازێت و پێوەندی نێـوان باوک و کـوڕ، وەک دوو هێـمـا، بە شـێـوەیەک لە شـێـوەکـان بەرئاوەژوو دەبێتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم یاخیبوون و سـەرکـێـشـیـیـە واتە باوک کـوژی بە تراژیدیا کـۆتایی دێت، بۆچی؟!

دروسـتـە لە حـەسـاردا کـوڕ باوک دەکـوژێت، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەوە کـە چاوەڕوان دەکـرا، دوای کـوشـتنی باوک ڕووداوەکـان ئاسـایی ناچنە پێش و ئاراسـتـەیەکی دیاریکراو ناگرنە بەر، بەڵکو هەموو دەرەنجامەکان دەبنە تراژیدیا. واتە باوک کـوشتن ئاکـامـێکی نیـیـە جگە لە کـارەسـاتی جـەرگـبڕ و تراژیدیای قـووڵ کـە هۆکـارەکـەی دەگـەڕێتـەوە بۆ ئەوە کـە، دروسـتـە کـوڕ دەست دەداتە کـوشـتنی باوک، بەڵام ئەو دەسـەڵاتداری مـوتڵـەق نیـیـە تاکـو هەمـوو ڕووداوەکـان لە ژێر ڕکـێـفی خۆیدا بن و بەو شێوەیەی کە حەز دەکات بارودۆخەکە بڕواتە پێش، بەڵکو کارەساتەکە ئاکامی چاوەڕوان نەکراوی لێ دەکەوێتەوە کە بەدەرە لە ئیـرادە و دەسـەڵاتی کـوڕ، بەڵام بە پێـچـەوانەوە ئەگەر باوک کوڕ بکوژێت ڕەوتەکە ئاساییە، چونکە باوک خـۆی ئاراسـتـەی شـتـەکـان بەدی دەکـات و هەر خـۆشی دەرەنجامەکان بەڕێوە دەبات، چونکە خۆی دەسەڵاتدارە و هیچ شـتـێک لە ڕکـێـفی قـودرەت و دەسـەڵاتی ئەو بەدەر نیـیـە. لە ڕاسـتـیـدا کـوشـتنی باوک لە لایەن کـوڕەوە لە شـۆڕشـێک دەچێت کـە سـەر هەڵدەدات، بەڵام دواتر هیچ ڕابەرێک نییە کە ئاراستەی شۆڕش دیاری بکات.

لێـرەدا وا باشـە تیـشـکـێک بخـەینە سـەر مـەسـەلەیەکی گـرینگ ئەویش ئەوەیە کـە هەمـوومـان دەزانین مـێـژووی شـارسـتـانیـەتی ڕۆژئاوا لە سـەر بناغـەی کـوشـتنی باوک دامـەزراوە، بەڵام بە پێـچـەوانەوە لە ڕۆژهەڵاتدا کـوڕ هەمـیـشـە قـوربانی دەسـتی باوک بووە. سـەرەتای زنجـیـرە ئەفـسـانەکـانی یۆنان ئۆدیپـە، کـە هەر لە سـەرەتادا گورزێکی کاریگەر و کوشندە لە جێگە و پێگەی باوک لە ناو سـیـسـتـەمی کـۆمـەڵایەتی و کـولتـووری و دەسـەڵاتدا دەوەشـێنێ، بەڵام ڕەوتی ئەم پێوەندییە لە ڕۆژهەڵاتدا بە شێوازێکی تەواو جیاوازە و بە ئاراستەیەکی پێچەوانەدا دەڕوات. لە ڕۆژهەڵاتدا ئەم پێوەندییە بە بڕیاری کـوشتنی ئیـسـمـاعـیل لەلایەن ئیـبراهیـمـەوە دەست پێـدەکـات و بە مـەرگی سـۆهراب لە لایەن ڕۆسـتـەمـەوە، لە ناو کـولتـووری ئێرانیدا، تێدەپەڕێت و دواجار بە مەرگی «سەیدەوان» لە ناو کـولتـوور و کـۆمـەڵگەی کـوردەواریدا دەگـیـرسـێـتـەوە. سەیدەوان هێمای بێ تاوانترین و بێ گوناهترین کوڕە لە مێژووی قوربانییەکانی دەسەڵات و پێوەندی نێوان باوک و کـوڕدا، چونکە ئەو هیچ ڕکـابەرێک نیـیـە لە ئاست باوکـدا و هیچ دەورێک لە نـاو کـۆی ئەم پێـوەندییـەدا ناگـێـڕێ. ئەگـەر ئیـسـمـاعـیل قـودرەتێکی مـیـتـافـیـزیکی فـریای دەکـەوێت و ئەگـەر سـۆهراب لە زۆرانبـازی و ملمـلانێی ڕاسـتـەوخۆ لەگـەڵ باوکـیدا دەکـوژرێت، ئەوە سەیدەوان لە دەرەوەی ئەو هاوکێشە دایە و هیچ ئاگای لە باسـوخـواسی ملمـلانێی دەسـەڵات و شـەڕی قـودرەت و پاراستنی سەروەری نییە، بەڵکو لە چرکەیەکی تەواو بێ ئاگایانەدا دەکەوێتە بەر پەلاماری باوک و هەر بۆیەش بە بۆچوونی من سەیدەوان دەبێتە هێما و سەمبولێک لە بێ

تاوانی و دەبێتــــە نوێنەری تەواوی قــوربانیـــیــە بێ گوناهەکانی دەسەڵاتی باوک و سیستمی باوکسالاری.

قسە لە سەر «حەسار و سەگەکانی باوکم» زۆرە، بەڵام لێرەدا ئەو دەرفەتە بۆ «پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان» ڕەخساوە و هەر بۆیەش ئەمە تەنیا ئاماژە پێدانێک بوو هاوتەریب لەگەڵ باسی سەرەکی ئەم نووسراوەیە بۆ ئەوەی باشتر بە پانتایی «پێدەشت»دا ورد ببینەوە.

* * *

لە ئێوارەیەکی ساردی ڕۆژێکی زستاندا، بایز بە خۆی و بە کەرەکەی و بە تۆرێکی پڕ لە ڕیشۆڵەوە – تۆرێک کە لە تەواوی ژیانیدا ئەوەندە پڕ نەبووە – بەرەو ماڵ دەبێتەوە و پێدەشت بەجێ دێڵێ. لە میانەی ڕێدا زەینی بایز دەفڕێت بۆ ڕۆژانی ڕابردوو... بایز سەردەمانی گەنجیەتی لە گوند ژیاوە و بە هۆی دەنگی خۆشییەوە حەیرانبێژی گوند و دیوەخانی ئاغا بووە. ئەو کاتە ئاشقی هەمین، جوانترین کچی گوند دەبێت و بە سۆزی دەنگە خۆشەکەی هەمین دەکاتە دڵخوازی خۆی، بەڵام بە هۆی پێکهاتەی داخراوی گوند و دەسەڵات و زەبروزەنگی ئاغا و دەرەبەگەکان ناتوانێ هەمین بخوازێ و هەر بۆیەش بە ناچاری لەگەڵ هەمین ڕادەکەن و گوند بەجێ دێڵن و ڕوو دەکەنە شار و بە شێوەیەک خۆیان دەشارنەوە و ئیتر لە شار بە هەژاری و دەست کورتی و لە ڕێی ڕاوە ڕیشۆڵەوە ژیان دەبەنە سەر... بایز لەو ئێوارەیەدا هێشتا نەگەیشتۆتەوە ماڵ کە باران و تۆفانێکی خەست دادەکات و کاتێکیش دەگاتەوە ماڵ دەبینێ هەمین کە کارەکەری مالانە، هێشتا نەگەڕاوەتەوە و دواتریش هەرچی چاوەڕوان دەمێنێتەوە هەمین پەیدا نابێتەوە و لە هەمان کاتیشدا با و بۆران و لینگێزە توندتر و توندتر دەبێت. هەر بۆیە بایز دەکەوێتە نیگەرانی و ئارام و قەراری لێ هەڵدەگیرێ و لە تاو هەمین بەو تۆفانە دەکەوێتە کۆڵانەکانی شار و لە دەرگای هەموو ماڵان دەدات، بەڵام تا بەیانی هیچ سۆراغێک لە هەمین ناکات. بەیانی کە بە ڕوح و جەستەیەکی شەکەتەوە دەگەڕێتەوە ماڵ دەبینێ کە لایەکی ماڵەکەیان لافاو بردوویەتی و خەڵکی گەڕەکیش لە ماڵەکە کۆبوونەتەوە. ئەمە دەبێتە سەرەتایەک بۆ ئەوەی باری دەروونی و زەینی بایز تێک بچێت و هەر بۆیەش لە شاردا سەرگەردان و وەیلان دەبێ و بە جۆرێک لە جۆرەکان وەک شێتی لێدێ و لەم ناوەشدا زۆر کون و قوژبنی ڕابردووی ئەو و هەمین دەردەکەوێت. بایز هەروا سەرگەردان و هەڵوەدایە بە شوێن هەمیندا تاکو لە ڕۆژێکی بەهاردا خەڵک و حکومەت بە شێوەیەکی دڵتەزێن دەکەونە پێچانەوەی شێتەکان کە بایز یەکێکە لەوان و دواتر لە پاشی چەندین ماشێنی گەورە و زەبەللاح دەئاخنرێن و لە کاتێکدا دەست و پێیان زنجیر کراوە، بە شەودا ڕاپێچی پایتەختیان دەکەن. لەو شەوە بەهارییە دڵڕفێنەدا بایز کاتێک گوێی لە حەیرانێک دەبێت کە لە ڕادیۆی شۆفێری ماشێنەکەوە دێتە بەر گوێ، تەواوی یادەوەرییەکانی ڕابردووی دەبووژێنەوە و هەر بۆیەش لە ئەوپەڕی هەناسەساردی و بێ دەرەتانیدا دەست دەکاتە گریانێکی بە کوڵ!

* * *

سەرکێشی «نا» گوتنە، بە جیهان، بە کۆمەڵگا و بە بارودۆخ. سەرکێشی نەشتەرگەری ئەو جیهانەیە کە تێیدا دەژین، چاکسازی ئەو بارودۆخەیە کە خۆنەویستانە کەوتووینە ناوی. ململانێیە لەگەڵ سروشت و تەبیعەت. پشت کردنە لە مێژوو و تووڕهەڵدانی تەواوی پاشماوەکانیەتی. سەرکێشی بڕوابوونە بە خود، بە ناخی مرۆڤانەی خود وەکو تاک. وەشوێن کەوتنی ئەو خولیایانەیە کە تەنانەت بیرکردنەوە لێیان مەترسیدارە و دەست بردن بۆیان بە ئەگەری مەرگ کۆتایی دێت.

سەرکێشی هەڵگەڕانەوەی بایزە لە یاسا نەگۆڕەکانی گوند. «نا» گوتنی ئەوە بە باپیر ئاغا و بە هۆمەری سەرکار. سەرکێشی ڕاکردنە، ڕاکردن بەرەو چارەنووسی نادیار، بەڵام لە هەمان کاتدا دڵ بزوێن و پڕمەترسی. سەرکێشی جۆرێکە لە قەدەر کە مرۆڤ خۆویستانە، بەڵام بێ هەڵسەنگاندنی دەرەنجامەکانی، خۆی دەداتە دەست. سەرکێشی گیرسانەوەی بایزە لە شارێکی نامۆدا و دواجار دەست و پەنجە نەرم کردن و ململانێیە لەگەڵ تەواوی نابەرانبەری و نەهامەتییەکانی.

خولیای سەرکێشی بایز هەر لە سەرەتاوە لە سۆزی دەنگ و حەیرانیدا بەدی دەکرێت. هەر لەو شەوەوە خۆنوێنی دەکات کە لە ناو کۆڕی ژنەکاندا هەرچی باپیرئاغا و هۆمەری سەرکار و دەست و پێوەندەکانیانە فەرامۆش دەکات. سەرکێشی ڕاستەقینەی بایز لەو ڕۆژەوە دەست پێدەکات کە بڕیار دەدات لەگەڵ هەمین گوند بەجێ بێڵن، کە ڕاکردنیش لە گوند، لە ڕاستیدا

واته کایه کردن به چارەنووس و ژیان و مەرگ!
بەڵام سەرکێشی لە کوێوە دێت؟ چین ئەو هۆکارانەی کە وادەکـات مـرۆڤـێک سـەرکـێشی بکات؟ چییـه ئەو تایبەتمەندییە دەبەخشێتە ئینسان؟ ڕوحی سەرکێشی لە کوێوە هەڵدەقوڵێت؟ ئایا هۆکارێکی دیاریکراو هەیە بۆ ئەوەی کـه مــرۆڤ بێ گــوێدان بە دەرەنجــامــەکــانی سەرکێشی، خۆی بداته دەست ئەو خولیایە؟!

* * *

## سەرکێشی وەک خولیا

هەندێک جــار مــرۆڤ لە ناخی خــۆیدا هەست بە هەندێک شت دەکات کە هیچ هۆکارێکی ڕاستەوخۆیان بۆ نادۆزێتـەوە. هەندێک خـولیـا لە کـەللەی دەدەن کـە عـەقـڵانی نین، بەڵام تەواو ئینسـانین. بەو مـانایە کـە ئینســان هەست بە هەندێک پێــویســتی دەکــات کــە هۆکارێکی عەقڵانی بۆ ئەنجام دانیان نادۆزێتەوە، بەڵام بە توندی هانی دەدەن. هەڵسـەنگاندنی ئەو خـولیـایانە لەگـەڵ بارودۆخ و دەرەوە شــتـێکن تەواو نێگەتیڤ و نەرێنی، بەڵام لە ناوەوەدا تەواو پۆزەتیڤ و ئەرێنی دێنە بەر چاو. هەربۆیە مرۆڤ دەخەنە سەر کـێشـمـەکـێش و ململانێـیەکی دەروونی قـووڵ و خولیایەکی بێ برانەوەی لە لا دروست دەکەن. سەرکێشی یەکێکە لەو خولیایانەی ئینسان و بە واتەیەکیش گەورەترین و گرینگترین خولیای مـرۆڤـە، چونکە خـولیـایەکـە کـە ئاراسـتەی ژیانی دەست نیشان دەکات و دەکرێ ژیانی بەرەو جیهانێکی خەیاڵی، یان بە پێچەوانەوە بەرەو مەرگ بەرێت.

خولیا خۆی لە ئەساسدا تایبەتمەندییەکی هەمیشـەیی ناخی ئینسـانـە، واتە تۆ مـرۆڤـێک بەدی ناکـەیت کـە خـولیـای نەبێ. مـەیل بە سـەرکـێشـیش کـە یەکێکە لەو خولیایانە لە ڕوحی مرۆڤدا جێگیرە و کەڵکەڵەیەکە کە دەروونی ئینسان هەڵگریەتی، بەڵام ئەوە کە چەند لە لای کەسێک دەردەکەوێت و چەندە لە ژیان و هەڵسوکەوتیدا ڕەنگ دەداتەوە ســەرەتا پێــوەندی بە کــەســایەتی ئەو ئینسـانەوە هەیە و دواتریش بە چەندین هۆکـاری دیکەوە کە لێرەدا مەجالیان نییە.

هەروەک ئامـاژەمـان پێکرد خـولیـای سـەرکـێـشی، تایبـەتمەندی کـەسایەتی چیـرۆکـەکـانی شـێـرزادە و هەر بۆیەش ژیانیــان ئاوێتــەیەکــە لە ســەرکــێــشی و دەرەنجامەکانی. تەنانەت ئەو کـەسانەش کە سەرکـێشی ڕەخنە ناکاتە ناو هەڵسوکەوتیان، ئەو خولیایە بە جوانی بە ڕوحیانەوە دەردەکەوێت.

خـولیـای سـەرکـێشی لای بایز سـەرەتا پەیوەسـتـە بە خولیای ئەوەوە بۆ مۆسیقا و حەیران. حەیران دەرکەوتە، یان توخمێکی سەرەکی سەرکێشییە کە ڕوحی بایزی پێ گۆش کراوە و بە درێژایی تەمـەنیشـیـیەوە پێوەی ژیاوە، چونکە حەیران دەبێتە هۆی ئەوە کە هەوایەک لە کەللەی بدا (پێدەشت ل ٢)، ئەو هەوایە هەوای سەرکـێشـییـە. حەیران بۆ بایز ئەو ڕێچکەیە کە دواجار دەیباتەوە سەر جیـهـانی سەرکـێشی و «نا» گـوتن. لە ڕاسـتـیـدا ئەوە حـەیرانە کـە وادەکـات ژیانی بایز بەو ئاقـارەدا بڕوات، چونکە ئەگەر سەرنج بدەین یەکەمین «نا» گوتنی بایز لەو شەوەدایە کە دەچێ حەیران بۆ ژنەکان بڵێت و هەر لەوێیە کە ئامۆژگاری باپیر ئاغا و ئەوانی دی فەرامۆش دەکات و گوێیـان پێ نادات. جا بۆیە ماهیەتی حەیران لە خۆیدا مـاهیـەتێکی سەرکـێشـانەیە و دەرکـەوتەی ڕوحێکی بێ قـەرار و سـەرکـێـشـە. لەبەر ئەو هۆیە حـەیران واتە: خرۆشێـک کـە لە ڕوح و دواجار لە قـوڕگـەوە دێتـە دەر. وشەی «خرۆش»یش پڕاوپڕ تایبەتمەندی سەرکێشییە.

بە بۆچوونی من گـەورەترین دەسکەوتی مـرۆڤـایەتی مـۆسـیـقـایە نەک تەکنۆلۆژیا و زانسـتـە بنەڕەتیـیـەکـان. گەورەترین سەرکـێـشـیـیەکـانیش لە هەناوی مۆسیـقـا و ئاوازەوە دێنە دەر. نووســەر بە درێژایی ڕۆمــانەکــە بە تایبـــەت لە لاپەڕەی ٦٠ تا دەگـــاتە لاپەڕەی ٧٩ ئەم سیـحـرە سەرسـوڕهێنەرەی حەیران و مۆسـیـقا بە جوانی دەخاتە ڕوو. سیـحرێک کە کار لە هەموو شتێک دەکات تەنانەت لە شتـە بێ گیـانەکـانیش. مۆسـیـقـا ئەوەندە ڕوحـێکی سیـحـراوی و کـاریگەری هەیە کـە تەنانەت دەروێشــەکـانی دیکە خـودا لە هاڕەی دەفـەکـەی بایزدا دەبینن ( پێدەشت ل ١١٦).

نموونەی بەرچاو بۆ ئەم مەسـەلەیە ئەوەیە کە هیـچـمـان ناتوانین نکوڵی لەو کـاریگەرییە سەرسوڕهێنەرە بکەین کە سروودە نیشـتـمانی و شۆڕشگێڕی و حەماسییەکان هەیانە، نەک هەر لە ناو کورد دا، بەڵکو لە ناو تەواوی گەلان و بزاڤە شۆڕشگێڕییەکانی جیهاندا، یان لە کاتی شەڕدا. خرۆشێک کە لەو کـاتەدا سروودەکـان دەیهـێنن ئەوەندە بەهێـــزە کــە هیـچ قـــودرەتێکی دیکە ناتوانێ

بیبەخشێت. سروود خرۆشێک دەبەخشێتە خوێنی شۆڕشگێڕان و خەباتکاران کە دەکرێ ناوی جۆرێک لە سەرکێشی لەڕادەبەدەری لە سەر دابنێین.

سەرکێشی بایز لەو خولیا سیحراوییەی حەیرانەوە دەست پێدەکات، هەر بۆیەش حەیران دەروازەیەکە کە جیهانی هەڵگەڕانەوە و سەرکێشی بە ڕووی بایزدا دەکاتەوە و دەیکاتە خولیایەکی بەهێز لە لای.

* * *

## سەرکێشی وەک ڕەهەندێکی «بوون»ی مرۆڤ و دواجار وەک «شوناس»

دانتە دەڵێ: «مەبەستی سەرەکی کەسێک کە دەست دەداتە کردەوەیەک، هەر کردەوەیەک بێ، خستنەڕووی ڕوخسار و وێنەی خۆیەتی.» ئەم وتەیە ئەگەر لە سەداسەدیش ڕاست نەبێ، ئەوە لانی کەم هەڵگری لایەنێکی بەرچاوی نیازی مرۆڤە لە هەڵسوکەوتەکانیدا. ئینسان کاتێک سەرکێشی دەکات، دەست دەداتە کردەوەیەک کە سەرنجی هەموان ڕادەکێشێت. نمایش کردنی «خود» و دەرخستنی ماهیەتی دەروونی، هەر تەنیا خواستێکی نمایشکارانە نییە، بەڵکو ڕەهەندێکی سەرەکی دەروونی مرۆڤە کە وەکو ئینسان خاوەنیەتی، چونکە سەرکێشی ڕەهەندێکی پێکهێنەری کەسایەتی بنەڕەتی ئینسانە و بە واتەیەکی دیکە ئینسان بوون پێش مەرجێکە بۆ سەرکێشی، هەر بۆیەش مرۆڤ بۆ سەلماندنی «بوون»ی خۆی دەست دەداتە سەرکێشی.

بایز تەواو ئاگاداری ئەو مەترسییانەیە کە لە ئاکامی ڕاکردن لە گوند بەرەو ڕووی دەبنەوە و وەکو بوونەوەرێکی بیرمەند پێشبینی ئەو کێشە و گرفتانە دەکات کە لەو ڕێیەدا بۆی دێنە پێش تەنانەت مەرگیش، بەڵام ئەو ناتوانێ گوێ لەو ڕەهەندە بەهێزەی «بوون» و ناخی خۆی نەگرێت کە بۆ دەربڕین دنەی دەدات، چونکە سەرکێشی یەکێکە لەو تایبەتمەندییە دەگمەنانەی کە تایبەت بە خودی مرۆڤە وەکو گیاندارێکی بیرمەند و وەکو تاک. تاک لە ڕێی سەرکێشییەوە دەیەوێ سەربەخۆیی «بوون»ی خۆی مسۆگەر بکات. دەیەوێ لەو ڕێیەوە بڵێ کە من «بوون»م هەیە، هەر بۆیەش بایز لەو ڕێیەوە ڕاشکاوانە تەعبیر لە بوونی خۆی دەکات وەک تاکێک بە ناوی «بایز».

لە ڕاستیدا سەرکێشی پێش ئەوەی دەرەنجامی دۆخێکی داسەپاو و نالەباری کۆمەڵایەتی بێت کە بۆ وێنە بایز کەوتبێتە ناوی، ڕەهەندێکی بەهێزی «بوون»ی بایزە وەک مرۆڤ و وەکو تاک. ئەگەر و ئیمکانێکی هەمیشەییە کە زۆر جار دەکەوێتە نادیارەوە و فەرامۆش دەکرێت، بەڵام هەرگیز لە ناو ناچێت. بڕیاری بایز بۆ سەرکێشی بڕیارێکی عەقڵانی نییە، بەڵام بڕیارێکە لە سەداسەد ئینسانی و مرۆڤانە، چونکە ئەگەر سەرکێشی نەکات بایزێک لە ئارادا نییە و کورد گوتەنی: سەرێکی ناو سەران نییە، هەر بۆیەش سەرکێشی دیاردەیەکە کە «من» بەرجەستە دەکاتەوە. بڕیاری بایز تاقی کردنەوەی ئەو ئەگەرو ئیمکانە مرۆڤانەیە و هەوڵدانە بۆ ناسینی.

بەم پێیە سەرکێشی هەر تەنیا بۆ دەستەبەرکردنی ئەو شتانە نییە کە مرۆڤ لێیان بێبەشە، یان تەنیا بۆ نارەزایەتی دەربڕین نییە بۆ ئەو زەبر و زەنگەی کە بە سەریدا دەسەپێت، بەڵکو سەرکێشی لە بنەڕەتدا نیشاندەری ئەو لایەنە بنەڕەتییەی پێکهێنەری ناخ و ڕوحی ئینسانە، چونکە هەروەک دەزانین زۆر جار و بە تایبەت لەم ڕۆمانەشدا، دواجار سەرکێشی هیچ کە نابێتە هۆی وەدیهاتنی خواست و ئامانجە دەرەکییەکانی کەسی سەرکێش، بەڵکو باقی شتەکانی دیکەش لە دەست دەچن و خودی کەسی سەرکێشیش ئاگاداری ئەم زەنگی مەترسییەیە.

کەسایەتییەکانی شێرزاد هەمیشە بەبێ لەبەرچاوگرتن و هەڵسەنگاندنی دەرەنجامی ئەو سەرکێشییەی کە دەیکەن، گوێ دەدەنە خواستی دەروونی خۆیان، چونکە ئەوە ماهیەت و ڕوحی سەرکێشییە کە ئەگەر وانەبێت نایەتە پراکتیک و کردارەوە.

لە ڕاستیدا نووسەر دەیەوێ جەخت لەسەر ئەوە بکاتەوە کە سەرکێشی کاتێک بڕیار دەدات، بیر لە ئاکام و دەرەنجامەکەی ناکاتەوە و هیچ گرینگایەتییەک بە داهاتوو نادات، چونکە دەیەوێ سەرکێشی وەک «شوناس» و وەک ماهیەتێکی سەربەخۆ سەیر بکات کە تەنیا یەک ئامانجی بنەڕەتی هەیە ئەویش سەل-ماندن و دەرخستنی خۆیەتی وەک شوناسێکی تایبەت و ناوازە. بە واتەیەکی دیکە سەلماندنی ئەم وتە مێژوویییەی کامو کە: «من سەرکێشی دەکەم کە واتە هەم.»

* * *

## سەرکێشی وەک نارەزایی و هەوڵێک بۆ گۆڕینی بارودۆخ

لە چیرۆکی «دووکەڵ»دا خودا تەنیایی تەنگی پێ هەڵچنیوە و دەیەوێ بە شێوەیەک ئەو تەنیاییە بڕەوێنێتەوە و لەو باردودۆخە پەنگ خواردووە بێتە دەر، چونکە لە بارودۆخەکە نارازییە، هەر بۆیەش پڕشنگی ڕوحی خۆی داوێتە ئەستێرە مردووەکان، ئەم کارەی ئەو ئاوێتەیە لەگەڵ سەرکێشییەکی توند، هەر بۆیە هەموو گەردوون دەبێتە دووکەڵ. ئەوەی کە لێرەدا زەق و بەرچاوە ئەوەیە کە نارەزایەتی لە بارودۆخ، دەبێتە هۆکار و هەوێنی سەرکێشی.

یەکەمین تایبەتمەندی دەرەکی کە دەکرێ بیدەینە پاڵ سەرکێشییەوە، نارەزایەتییە. واتە ئەگەر سەرکێشی خەسڵەتێک بە ڕوخسارییەوە دیار بێت، ئەوە نارەزایەتی دەربڕینە. نارەزایەتیش خۆی لە ئەساسدا دەرەنجامی بارودۆخێکە کە لەودا هاوکێشەیەک لە ئارادا نییە، بەڵکو هاوسەنگی پێوەندی نێوان بارودۆخ و مرۆڤەکان تەواو لاسەنگ بووە.

سەرکێشی لەدایکبووی چرکەیەکە کە لەودا بارودۆخ تەنگ بە مرۆڤ هەڵدەچنێ، یان نابەرانبەری دەگاتە دواترۆپکی خۆی، نابەرانبەری لەو چرکەدا دەگاتە ئاستێک کە سەرڕێژ دەکات و مرۆڤیش لە بەرانبەردا دەست دەداتە سەرکێشی. لەم حاڵەتەدا سەرکێشی دژکردەوەیەکە کە ئینسان بۆ بەرگری کردن لە خۆی و ڕزگاری لەو بارودۆخە نالەبار و تەنگژەیە لە خۆی دەنوێنێت، هەر بۆیەش لەوێدا سەرکێشی دەچێتە خانەی نارەزایەتی دەربڕینەوە و هاوارێکە بۆ ئەوەی هەموان بیبیستن و هەوڵێکی جدییە بۆ گۆڕینی ئەو بارودۆخە. لەو هەلومەرجەدا هاوسەنگی جیهانێک کە مرۆڤ تێیدا دەژی تێک دەچێ و هەر بۆیەش وا وێدەچێت گەڕاندنەوەی هاوسەنگی بۆ ئەو جیهانە پێویستی بە یەک شتە کە ئەویش سەرکێشییە.

لە جیهانی وا لاسەنگدا ئاستێک هەیە کە مرۆڤ لەودا ئیتر ناتوانێ بارودۆخ تەحەمول بکات، هەر بۆیەش لەو ئاستەدایە کە سەرکێشی سەرهەڵدەدات. لەو ئاستەدا مرۆڤ ئیتر نایەوێ و ناتوانێ چیتر تەسلیمی بارودۆخ بێت، چونکە هەموو ئەگەرەکانی ئێستا و داهاتووی مرۆڤ دەکەونە ژێر پرسیار و مەترسییەوە. جا بۆیە سەرکێشی لەو کاتەدا وەک تاکە دەرەتان و ڕێگا چارە دێتە بەر چاو. کەسی سەرکێش لەو کاتەدا وەک کردەوەیەکی عەقڵانی سەیری سەرکێشی دەکات، یان دەڵێ خۆ لەمە خراپتر نابێت، هەربۆیە وەک ئەگەرێک دایدەنێ بۆ تاقیکردنەوە و ئەم هەوڵەش بە مافی ڕەوای خۆی دەزانێت.

وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد سەرکێشی چاکسازی ئەو بارودۆخەیە کە مرۆڤ تێی کەوتووە، یان هەوڵێکە بۆ نەشتەرگەری جیهانێک کە تێیدا دەژی، بەڵام ئەوە کە ئاخۆ ئەو نەشتەرگەرییە چەندە سەرکەوتوو دەبێت گرینگ نییە، بەڵکو گرینگ ئیرادە و خواستێکە کە لە پشت ئەم هەوڵە جدییەوە هەیە.

لە هەمان کاتدا سەرکێشی، چونکە خاوەنی هێزێکە کە دەتوانێ ئاڵوگۆڕ پێکبێنێ، لە هەناویدا هەڵگری ماهیەتێکە کە هەم خوڵقێنەرە و هەم کاولکار، چونکە خواست و ئیرادەیەکی مرۆڤانەی لە پشتە بۆ گۆڕینی بارودۆخی نالەبار و جیهانی لاسەنگ و بێ نەزم، هەر بۆیە هەمیشە وەک دیاردەیەکی خوڵقێنەر چاوی لێ دەکرێت. ئەوەش کە زۆر جار دەرەنجامەکان ئەوە نین کە کەسی سەرکێش چاوەڕوانیان دەکات، ئەوە ناچێتە خانەی کاولکارییەوە، چونکە بەدەرە لە خواست و ویستی خودی سەرکێشی و کەسی سەرکێش.

بەم پێیە گەڕاندنەوەی هاوسەنگی بۆ جیهانی کەسی سەرکێش دەبێتە دوا ئامانجی سەرەکی لەو بوارەدا، هەربۆیە سەرکێشی هەوڵێکە بۆ ئاشتی نێوان جیهان و بارودۆخ و مرۆڤ-.

ڕاکردن لە گوند ئەو هەوڵە جیدیەیە کە بایز بۆ گۆڕینی بارودۆخ لە خۆی نیشان دەدات، چونکە ئەو نایەوێ تەسلیمی ئەو بارودۆخە بێت کە گوند و مرۆڤ و یاساکانی بە سەریاندا سەپاندووە و هەر بۆیەش نەزم و هاوسەنگی جیهانی گوند لە لای ئەو تێکچووە. ڕاکردنی ئەو لە گوند هەر تەنیا ڕاکردن لە دەست بارودۆخ نییە، بەڵکو لە هەمان کاتدا نمایش کردنی ئەو ویست و خواستەیە کە سەرکێشی ڕابەرایەتی دەکات. بەو مانایە کە جیهانی بایز لە دوای ڕاکردن لە گوند جیهانێکە کە بەردەوام سەرکێشی دەیبات بەرێوە. خولیای بایز بۆ سەرکێشی خولیایە بۆ دروست کردنی ئەو جیهانە.

لە ڕاستیدا پەڕینەوەی بایز لە گوندەوە بۆ شار هەر

تەنیا کۆچێکی جوغرافی نییە کە بە بێ خواست و ئیرادە هاتبێتە ئاراوە، بەڵکو کۆچی ئەو، پرۆسەی بەریەک کەوتنی دوو جیهانە کە یەکیان بارودۆخ دەیبات بەڕێوە و یەکیشیان سەرکێشی، یەکیان بێ دەنگی تێیدا حاکمە و یەکیشیان خواست و ئیرادە.

بایز دروستە توانای ململانێی ڕاستەوخۆی نییە لەگەڵ ئاغا و دەرەبەگەکانی گوند، بەڵام ئەمە هیچ ڕێگر نییە لە بەردەم دەربڕینی هەست و دەنگی ناڕەزایی، چونکە ئەو ڕازی نییە کە هیچ کەس هاواری بە سەردا بکا (پێدەشت ل ٨)، هەر بۆیەش ڕاکردنی ئەو لە گوند، هەوڵە بۆ دەستەبەرکردنی جیهانێک کە لەودا ویست و ئیرادەی ئەو حاکمە نەک ویست و ئیرادەی گوند.

لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بە خاڵێکی گرینگ بدەم ئەویش ئەوەیە کە بە پێچەوانەی هەندێک بۆچوونی هەڵە، سەرکێشی هەوڵدان نییە بۆ چەواشەکاری لە جیهاندا، بەڵکو هەوڵێکە لە پێناو ئاشت کردنەوەی مرۆڤی ناڕازی بە ئەو جیهانەی کە تێیدا دەژی.

* * *

**سەرکێشی وەک ڕۆچنەیەک بە ڕووی «ئازادی»دا**

هەروەک دەزانین بە دەستهێنانی هەر ئازادییەک لە بەستێنی کۆمەڵایەتیدا پێویستی بە شۆڕشێکە و بەو پێیە هەوێنی سەرەکی شۆڕشەکان ئازادییە. ئەم شۆڕشە لە لای تاکەکان بە شێوەی سەرکێشی خۆی دەردەخات، هەر بۆیەش هەر سەرکێشی و هەڵگەڕانەوەیەک لە لایەن تاکەکانەوە تەعبیرە لە ویست و خواستی ئازادی. بەم مانایە کە تاک چیتر بارودۆخی کۆیلەیی و زمانی زۆر قبووڵ ناکات و حازر نییە لە پێناو بەرژەوەندی بچووک و ناچیزدا ئازادی و سەربەستی خۆی پێشێل بکات. هەروەک دەبینین بایز دەڵێ: «ڕازی نابم بۆ پاروو نانێک کەس بمکا بە کەری خۆی و گوێم ڕابکێشێ.» (پێدەشت ل ٩).

لە هەمان کاتدا سەرکێشی خۆی دیاردەیەکە کە بەهای کۆمەڵایەتی و ئینسانی دروست دەکات کە یەکێک لەو بەهایانە ئازادییە. جا بۆیە پێوەندییەکی نەپچڕاوە و ڕاستەوخۆ لەنێوان ئازادی و سەرکێشیدا هەیە و بە تایبەت لە بارودۆخی نالەبار و کۆمەڵگای داخراودا، یەکیان بێ ئەوی دی مانای نییە.

بایز ئازادی بە مافی ڕەوای خۆی دەزانێت، یان لانی کەم لە لای ئەو خولیایەکی بەهێزە کە ناتوانێ چاوپۆشی لێ بکات و حازرە بۆ ئەو ماف، یان خولیایەش لێبوردوویی بکات و نرخەکەی بدات. بایز لە گوند گەرچی ڕوحێکی سەرکێش و یاخی هەیە و هەروا بە ئاسانی پێ بەملی خواست و مەیلەکانی ئاغا زۆردارەکان نابێت، بەڵام لە هەمان کاتدا بە شێوەیەک لە شێوەکان کۆیلە و ژێردەستی زۆردارەکانە و لە ژێر چاوەدێری ئەوان دایە، هەر بۆیەش هەوای گوند هەوایەکی ئازاد نییە. دەرکەوتن لە گوند دروستە دەرفەتێکە بۆ هەڵمژینی هەوای ئازادی، بەڵام لە لایەکی دیکەوە بەجێهێشتنی زێد و یادگاری و زۆر بەهای دیکەشە کە بایز وەک نرخی ئازادی دەبێ لە دەستیان بدات. هەروەها بایز لە ڕۆژی بەجێ هێشتنی گوند بە دواوە لەگەڵ ترس و دڵەڕاوکێ و دوژمنداری و خۆشاردنەوەدا بەرەو ڕووە، کە ئەمەش نرخێکی قورس و گرانە کە دەبێ لەو ڕێیەدا بیدات، بەڵام لەگەڵ تەواوی ئەوانەدا ئازادی لە لای بایز و لە لای تەواوی کەسانی سەرکێش، ئەو بایەخەی هەیە کە تەنانەت لە سەرجەم ژیانیشی بگوزەرێت بەو مەرجە ئازاد بێت. بە وتەی کامو: «کەسی سەرکێش ئامادەیە مەرگ وەک دوا دەرەتان قبووڵ بکات، بەڵام حازر نییە بێ بەش بێت لە ئازادی.»

سەرکێشی دروستە هەموو کاتێک ئازادی تەواو دەستەبەر ناکات، بەڵام هەر نەبێ دەرفەتێک دەڕەخسێنێ کە لەودا کەسی سەرکێش هەست بە ئازادی دەکات و هەوڵی خۆی لەو ڕێیەدا دەخاتە ئەزموونەوە، هەر بۆیەش گەرچی هەموو سەرکێشییەکان بۆ ئەو مەبەستە سەرکەوتوو نابن، بەڵام لانیکەم هەمیشە یەکەم هەنگاو و سەرەتایەکە بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی و ڕۆچنەیەکە کە بە ڕووی ئازادیدا دەکرێتەوە و کەسی سەرکێشیش ئەم ڕۆچنەیە وەک بەها و دەسکەوتێکی گرینگ و پڕ بایەخ سەیر دەکات.

* * *

**سەرکێشی و عەشق**

لە کۆمەڵگایەکدا کە ئینسان بواری خۆدەرخستنی نەبێ، کە تاکەکان لە ئازادی بێ بەش بن، عەشق دەرفەتێکە بۆ تەجرەبە کردنی ئازادی. مرۆڤ ئەوەی کە لە

کـــۆمـــەڵگادا لەدەســـتی داوە دەیەوێ لە پێـــوەندی خۆشەویستی و عەشقدا بیدۆزێتەوە. نەک هەر تەنیا لە بەر ئەوەی کـە هەوایەکی ئازاد هەڵمـژێ، بەڵکو لە پاڵ ئەوەدا دەبێتە خاوەنی شوناسێک کە عەشق ڕابەرایەتی دەکـات، یان مـانای پێ دەبەخـشـێت. مـرۆڤ کـاتێک تەجـرەبەی خـۆشـەویسـتی دەکـات پێناسـەیەک بۆ خـۆی دەدۆزێتـەوە کـە تا ئەوکـات خـاوەنی نەبووە، کـەچی بۆشـاییـەکی بەرین بووە لە ژیانیـدا. هەربۆیە عـەشق جۆرەیەک لە وشیـاری لە لای مـرۆڤ دروست دەکات کە دەکرێ سەرەتای زۆر دیاردەی دیکە بێت.

ئەو شەوە کە بایز لە سەر داخوازی ژنانی مالّی ئاغا، دەچێـتـە ناو ژنانی گـوند کـە لەوێ کـۆبوونەتەوە و حەیرانیان بۆ دەڵێ، بۆ یەکەمین جار هەستێک تەجرەبە دەکـــات کـــە تا ئەوکـــات بۆی نامـــۆ بووە، لەگـــەڵ کەشوهەوایەکدا بەرەو ڕوو دەبێت کە بە توندی هەستی دەورووژێنن. بایز لەو شەوەدا ئاراستە و مانای ژیانی بۆ هەمیشە دەگۆڕێت. ئەو لە کاتی حەیرانبێژیدا لە ناو ژنەکان هەست بە هەستێکی نامۆ دەکات کە گەڕاوەتە گیانی. ئەم هەستە شتێک نییە جگە لە عەشق، عەشقی هەمین. دروست لەو کاتەدایە کە نوتفەی سەرکێشی لە ناو زەینی بایزدا دەگـوورێت و بۆی دەبێـتـە بڕیارێکی نەگـۆڕ کـە پاشگەز بوونەوە لێی بە مـانای پاشگەز بوونەوەیە لە ژیان. عـەشق و ئازادی دەبنە دوو خـولیـای ئەوەندە گەورە کە ڕوحی سەرکێشی بایز ناتوانێ دەستیان لێ بەردات و لەو بارودۆخـە و لەو کـۆمـەڵگایەشـدا دەستەبەرکردنی ئەمانە تەنیا و تەنیا پێویستی بە یەک بڕیار هەیە: سەرکێشی!

لێرە دایە بۆمـان دەردەکەوێت کـە عـەشق بزوێنەرێکی بەتینە بۆ ئەو بڕیارە، یان باشتر بڵێین ئازادی بەرەنجام، یان پێش مەرجێکە بۆ عەشق و عەشقیش بەرەنجامێک بۆ سـەرکـێـشی. بە واتەیەکی دیکە ئازادی و عـەشق و سـەرکـێـشی سێ چوکـڵـەیەک پێک دێنن کـە پێـوەندی ڕاسـتـەوخۆیان هەیە بە یەکـەوە و یەکـیـان بێ ئەوی دی ناخـوێندرێتـەوە و مـــانا ناکـرێت. جـا بۆیە تەواوی سەرکێشییەکانی بایز لە پێناو گەیشتن بەو عەشقەدایە کە سەربەستی بۆ مسۆگەر دەکات.

لە حەقیقەتدا دروستە کە سـەرکـێشی بایز هۆکـاری تەواوی کـردەوە و هەڵسوکەوتەکانیەتی، بەڵام لە پشت سەرجەم سەرکێشی و ڕووداو و پێشهاتەکاندا عـەشق ئامادەیی تەواوی هەیە.

* * *

«پێدەشت» لە ئەساسدا چۆڵەوانی ژیانی مرۆڤ نیشان دەدات، ژیانێک کە لەودا هەموو هەوڵەکان دواجار لەگەڵ شکستدا بەرەو ڕوو دەبنەوە. ژیانێک کە دوای تەمەنێک چەرمـــەســـەری و چارەڕەشی و مـــەینەت بەشی بە شکسـتـێکی دڵتـەزێن تەواو دەبێت. خـوێنەر کـاتێک «پێـدەشت» دەخـوێنێـتـەوە چارەنووسی پیـرەمـێـردی ناو «پیـرەمـێـرد و دەریا»ی شـاکـاری ئێـرنست هەمـینگوەی دێتـەوە یاد کـە لەودا پیـرەمـێـردێک تەواوی ژیانی بەو ئومـێـدەوە ژیاوە کە ڕۆژێک بێت و مـاسـیـیـەکی گـەورە (نەقـــەیەک) (*) ڕاو بکات و ئەم هەڵەش دروست لە کـۆتایی ژیانی و لە دوا سـاڵەکـانی تەمـەنیـدا دەست دەدات، ئەویش دروست لە ڕۆژێکدا کـە هەر بە ڕێکەوت و بۆ یەکـەمین جـار و دوایین جـار، پیـرەمێـرد مێرمنداڵە بەردەسـتـەکـەی لەگـەڵ خـۆیدا نەبردووە بۆ دەریا و هەر بۆیەش دوای ململانێـیـەکی دوو ڕۆژەی لە ڕادەبەدەر، کـاتێک ماسییە گەورەکە ڕاو دەکات، مایەپووچ و ڕەنج بە خەسار دەردەچێت، چونکە ماسییە وردیلەکانی دیکە تەواوی گۆشتی ماسییە گەورەکە دەخۆن و ئیتر کاتێک دوای دوو ڕۆژ پیـــرەمـــێـــرد لە ئەوپەڕی مـــاندوویی و شەکەتیـدا دەگـاتەوە کـەناری دەریا، جگە لە ئێـسـقـانە ڕووتەکـانی مـاسـیـیـە گـەورەکـە کـە بە دیوی دەرەوەی بەلەمـەکەوە بەسـتـراوەتەوە، هیـچی دیکەی بۆ نەمـاوە و ئەمـەش ئەوپەڕی ڕەنج بەخەساری و هەناسە ساردی و بێ ئاکامی هیـوای هەمـوو ژیانی پیرەمێرد نیشـان دەدات و هەر بۆیەش ئەو ڕاسـتـیـە دەسـەلمێنێت کە هەمـوو هەوڵە گەورەکان دواجار بێهوودەن. لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە مرۆڤەکان هەمیشـە دروست لە کاتی ئەوەدا کە خەریکە مـەزنتـرین سـەرکـەوتنی ژیانیـان بە دەست دێنن، بۆ هەتا هەتایە شکست دەخۆن و دەیدۆڕێنن. لە پێدەشتیشدا بایز دروست چارەنووسێکی هاوشێوەی پیرەمێردی هەیە. ئەو دروست لە ڕۆژێکدا کـە زۆرترین ڕیشـۆڵـەی ژیانی ڕاو کردووە و بە تۆڕێکی پڕەوە دەگەڕێتەوە و بە نیـازە کاتی گـەیشـتنەوە بۆ مـاڵ بە هەمین بڵێ: « هەمین سـەیری ئەم تۆڕە پڕە بکە... تەواو... چیـدیکە مـەچووە بەر دەرکی ئاغـا و بەگزادەکـان.» (پێـدەشت ل ١٠٦)، دروست لەو

ڕۆژەدا هەمەـــــــینی لێ ون دەبێت و هەر بۆیەش بۆ هەتاهەتایە ئەو ئارەزووە لەمێـــــژینەی دەدۆڕێنێ کــە تەمەنێک پێوەی ژیاوە.

دیمەنی خورانی ماسییە گەورەکە و دیمەنی خنکانی ریشۆڵەکانی بایز دوای تۆفان، ئەوپەڕی شکستی ئەو دوو کەسایەتییە وێنا دەکات، چونکە دروست لەو کاتەدا کە بەخت لە دەرگایان دەدا، دروست لەو کاتەشدا بۆ هەمەیشە شکست دێن، چونکە ئەوە ماهیەتی زیندووبوونە، ماهیەتی ئەو ڕەنجە بەردەوامەیە کە مرۆڤ ناوی لێ ناوە: ژیان!

لەگەڵ هەمووی ئەوانەدا پیرەمێرد و بایز هیچ کات لە هەوڵدان ناکەون و بەردەوام لە شەڕێکی هەمیشەییدان لەگەڵ چەرمەسەرییەکانی ژیان، چونکە کەسایەتییەکی سەرکێشیان هەیە و سەرکێشی بەشێکی گرینگە لە ژیان و بوون و شوناسیان.

لە هەر دوو ڕۆمانەکەدا زەبروزەنگی بێ بەزەییانەی سروشت لە ئاست مرۆڤدا بەرچاو دەکەوێت. ئەو توندوتیژییەی کە سروشت وەک زەبەللاحێک دەرحەق بە ئینسان دەینوێنێ و بە توندی ئازاری دەدات، زەبەللاحێکی سەرکێشتر لە مرۆڤ کە مرۆڤ ناچارە لە گەڵیدا بکەوێتە ململانێ، بەڵام دەرەقەتی نایە و هەر ئەوەشە دواجار دووچاری شکستی دەکات.

ئەوپەڕی سەرکێشی بایز لەو شەوەدایە کە هەمینی لێ ون دەبێت. سەرکێشی بایز لەو شەوەدا دەگاتە دوا ئاست و دواترۆپکی خۆی بە چەشنێک کە تا سنووری مەرگ و خنکان دەڕوات. ئەو شەوە شەوی ململانێی نێوان بایز و سروشتە، شەوی بەیەکدادانی تووڕەیی ئینسان و سروشتە.

* * *

کۆمەڵگای پێدەشت کۆمەڵگایەکە تا سەر ئێسقان پڕە لە توندوتیژی، لە ڕق و نەفرەت. بزانە چۆن ڕۆژی ڕاوکردنی شێتەکان ئاوا بێ بەزەییانە، بە کۆمەڵ، ورد و درشت بەردەبنە گیانی شێتەکان و سەگەکان. بزانە چۆن دەکەونە گیانی بوونەوەرانێک کە هیچ دەسەڵاتێکیان نییە و بەستەزمانن. کۆمەڵگای توندوتیژ کۆمەڵگایەکی بەستەزمان کوژە، کۆمەڵگایەکە کە چێژ لە ئازاردان وەردەگرێت و لەو کۆمەڵگایەدا توندوتیژی دەبێتە بەهایەکی کۆمەڵایەتی و گشتی: «هەر دەتوت خودا ئەو کەسە نابەخشێ گەر تفێک نەکات، جنێوێک نەدا، دەستێک نەوەشێنێ.» (پێدەشت ل ٢٠٩).

کۆمەڵگای توندوتیژ سەرەڕای ئازاری جەستە، ئازاری دەروونی تاکەکانیش دەدات. ڕۆژی ڕاوکردنی سەگ و شێتەکان ڕوخساری کۆمەڵگایەک دەردەکەوێ کە تا سەر ئێسقان بوغزاوییە و هەناوی لێوان لێوە لە ڕق و تووڕەیی. ئەو کۆمەڵگایە شوێنێکە کە تێیدا ڕاوە مرۆڤ دەکرێت: «ڕاوە بەراز... ڕاوە ئاسک... ڕاوە کەروێشک... ڕاوە سمۆرە... هەموو جۆرە ڕاوێکت بیستبوو...، بەڵام ڕاوە مرۆڤ...؟» (پێدەشت ل ٢١١).

لە وەها کۆمەڵگایەکی ناتەندروستدایە کە بایز یاخی دەبێت. ئەو کۆمەڵگایە لە شار ناچێت، بەڵکو لە ئاپۆرەی مرۆڤە سەرەتاییەکان دەچێت کاتێک بە کۆمەڵ دەیانەویست بوونەوەرێکی دڕندە ڕاو بکەن، لە مرۆڤە لەمێژینەکانی سەردەمی غارنشینی کە هەر لە کاتی ڕاوکردندا گیاندارەکانیان دەخوارد. جا بۆیە کۆمەڵگای توندوتیژ ئاپۆرەی ئەشکەوتە.

لە ڕاستیدا تێکچوونی باری دەروونی بایز، یان بە واتایەک شێت بوونی ئەو، دروستە لایەکی ریشەی لەو بارودۆخە ئاڵۆزە دەروونییەوە سەرچاوە دەگرێت کە لە ئاکامی ون بوونی هەمەینەوە تووشی بووە، بەڵام لایەکیشی دەرەنجامی ئەو بارودۆخەیە کە کەوتۆتە ناوی و ئەو هەڵسوکەوتە نالەبار و نەشیاوەیە کە کۆمەڵگای توندوتیژ سەبارەت بە ئەو دەینوێنێ. لە ڕاستیدا بایز شێت نەبووە، بەڵکو تێکچوونی ئەو یاخی بوونێکە لە دەست ئەو هەموو ئاڵۆزی و بێ نەزمییە، سەرکێشییە لە ئاست ئەو دۆخە ناهەموارەدا. لێرەدا ئەوە لە بیر نەکەین کە ڕوحی سەرکێشی جیاوازە لە شەڕانگێزی. بایز ئەگەر کەسێکی یاخی و سەرکێشە، ئەوە هیچ کات شەڕانگێز و توندوتیژ نییە، ئەو مرۆڤێکە کە لە تەواوی ژیانیدا نەیتوانیوە تەنانەت ریشۆڵەیەکیش سەر ببڕێت. (پێدەشت ل ٨).

بایز دروستە باری دەروونی لاسەنگ بووە، بەڵام شێت نییە بە مانای بێ ئەندێشەیی و لەدەست دانی عەقڵ، بەڵکو سەرکێشی ئەو لە ڕادە تێپەڕیوە. ئەگەر بە ڕاست شێت بوایە چۆن لەنێوان تەواوی شێتەکانی دیکەدا هەر ئەوە کە دەزانێ دەیانبەن بۆ شێتخانەیەکی پایتەخت: «بێجگە لە تۆ هیچ کامیان نەیدەزانی دوا مەنزڵگا

شێتخانەیەکی پایتەختە.» (پێدەشت ل ٢٢١).
شتێکی ئاشکرایە کە لە وەها کۆمەڵگایەکدا و لە بەستێنی وەها کولتوورێکدا (کولتوور بە مانای کردار و عورفی کۆمەڵایەتی) سەرکێشی بە سەرشێتی تەعبیر دەکرێت و هەڵگەڕانەوە بە شێتی کۆتایی دێت. ئاشکرایە کە کۆمەڵگایەکی وەها ڕواڵەت بین هەر توانای تەعبیری ڕواڵەتی مەسەلەکانی هەیە و هەر تەنیا لە دیوێکی دیاردەکان تێدەگات. کۆمەڵگای وەها هەر دەتوانێ دەسکاری ڕوخساری مەسەلەکان بکات و بە ناخیاندا ڕۆناچێت. هەر دەتوانێ جەستەی مرۆڤەکان ئازار بدات و ناتوانێ بە هەناویاندا قووڵ ببێتەوە.

ئاراستەی کۆمەڵگایەک کە دەیەوێ شێتەکان کۆنترۆڵ بکات دەبێ عەقڵ و ئەندێشە بەڕێوەی ببات، بەڵام ئێمە کە دیمەنی ڕاوکردنی شێتەکان و سەگەکان دەبینین کورد گوتەنی: سەد ڕەحمەت لە شێتەکان! هەڵسوکەوتی ئەو کۆمەڵگایە و تاکەکانی گەلێک لە ئاکار و هەڵسوکەوتی شێتەکان ناعەقڵانی و شێتانەترە. ئەوەیە کە دەتوانین بەو کۆمەڵگایە بڵێین: کۆمەڵگای شێت!

هەروەک گوتمان بایز لە ئاکامی ون بوونی هەمین دووچاری ئاڵۆزی و قەیران دەبێت، بەڵام گەڕان بە دوای هەمیندا شتێکی ڕاستە و وەهم و خەیاڵ نییە بەو شێوە کە کۆمەڵگا تەعبیری لێ دەکات، چونکە ئەو وەک هەر ئینسانێکی دیکە بە دوای ونبوویەکی خۆیدا دەگەڕێ، تەنیا بەو جیاوازییەوە کە بە وەسواسێکی زۆرەوە بۆی دەگەڕێت و دەپرسێ، بەڵام کۆمەڵگا ئەم ڕاستییەی لێ وەرناگرێت و هەر بۆیەش دژکردەوە و وەڵامی نابەجێ بە بایز دەداتەوە. لە وەها بارودۆخێکدا چاوەڕێ دەکرێت چی بە سەر مرۆڤ بێت؟ لێرەدا دروست چیرۆکێکی مارکیزم بیر دێتەوە بە ناوی «تەنیا هاتم تەلەفۆنێک بکەم» کە لەودا مرۆڤێک وێنا دەکات کە چۆن بارودۆخ و هەڵسوکەوتی دەوروبەرییەکان دەیگۆڕێت بۆ شێت. کەسایەتی ئەو چیرۆکە هیچ ڕێگایەک نادۆزێتەوە کە بیسەلمێنێ شێت نەبووە و قسەکانی ڕاستن، هەر بۆیە هیچ کەس لێی وەرناگرێت و ناچار لەگەڵ بارودۆخەکە ڕادێت و لە ئاکامی ئەو بارودۆخەشدا دواجار هەر بە ڕاست شێت دەبێت. بایزیش لە وەها بارودۆخێکدا گیری خواردووە. هیچ کەس گەڕان بە دوای هەمیندا و پرس و جۆ بۆی لە ئەو وەرناگرێت و هەر بۆیەش سات لە دوای سات زیاتر ئاڵۆز دەبێت و زۆرتر دەچێتە قەیرانەوە.

میشێل فووکۆ لە پۆلێنبەندی جۆرەکانی شێتیدا دوایین جۆری شێتی بە «شێتی دەرەنجامی حەز و تاسەی بێ ئاکام» دادەنێت. ئەو لە درێژەدا دەڵێ: «عەشقی لە ڕادەبەدەری ناکام، بە تایبەت عەشقێک کە دەستی زۆری مەرگ لەگەڵ ناکامیدا بەرەوڕووی بکاتەوە، کۆتاییەکی نییە جگە لە شێتی.» شایەد ئەم پێناسە کردنەی فووکۆ پێناسەیەکی تەواو زانستی نەبێت، بەڵام لانیکەم ئاماژە بە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگر دەکات کە لە وڵاتی ئێمەدا نموونەی زۆری لێ بەرچاو کەوتووە و لەگەڵ بارودۆخی بایزیشدا ڕێک دێتەوە. تا ئێستا چەندین کەسم دیوە کە هەر بەو هۆکارە باری دەروونییان تێک چووە.

بێ گومان «پێدەشت» گێڕانەوەیەکی تراژیدیانە و جەرگبڕە لەو شێوە شێتییە، چونکە لەودا هاوسەنگی پێکهاتەی دەروونی و زەینی بایز بە شێوەیەکی دڵتەزێن و تراژیدیانە لاسەنگ دەبێت کە ئەویش لە ئاکامی ون بوونی عەشقێکی دێرین، واتە هەمینەوەیە.

* * *

لە پاڵ تەواوی ئەو باسانەی کە ئاماژەیان پێکرا، چیرۆکی بایز و هەمین دەقاودەق ئاماژە و هێمایەکە بۆ حەکایەتی ئەزەلی «ئادەم و حەوا»، چونکە «پێدەشت» گێڕانەوەی حەکایەتێکی کۆنە بە تەکنیکێکی مۆدێرن. بایز و هەمین بە هۆی ئەو گوناهەوە کە تووشی دێن «گوناهی سەرکێشی» لە گوند کە بەهەشتی هەمیشەییە دەردەکرێن: «...پیاوێک کە تا ماوە ناتوانێ بچێتەوە گوندەکەی خۆیان، بەهەشتی دۆڕاو.» (پێدەشت ل ٤٧). لێرەدا مەبەستی ڕۆماننووس لاسایی کردنەوەی ئەو چیرۆکە ئەزەلییە نییە، بەڵکو ئاماژە بەوەیە کە هەر لە ئەزەلەوە سەرکێشی هاوڕێ بووە لەگەڵ جۆرێک لە سزا. بایز و هەمین بە هۆی سەرکێشی وەک ئادەم و حەوا ناچارن گوند (بەهەشت) بەجێ بێڵن و هەر بۆیەش ئیتر خۆشی لە ژیانیان بارگە و بنەی دەپێچێتەوە، چونکە هەر لە ئەزەلەوە سەرکێشی جۆرێک هێڵی سوور بووە و دەست بردن بۆ بابەتی سنووردارێش دەچێتە خانەی تاوانەوە و تاوانیش هاوڕێیە لەگەڵ سزا. ئەمەیە کە ناچار دەبێ گوند کە بەهەشتی ژیانیانە، بەجێ بێڵن و ئاوارە و سەرگەردانی پێدەشت و شاران بن، چونکە هەروەک دەزانین هەموو کارمامزەکان لەو پێدەشتەدا کەسانی

سەرکێش و یاخین. هەر کارمامزێک مرۆڤێکە کە هەڵگەڕاوەتەوە و لە باو لای داوە و ئاوارەی ئەو پێدەشتە بووە، جا بۆیە پێدەشت لە ئەساسدا پێدەشتی سەرکێشییە، پێدەشتی خولیای ئەوانەی کە سەرکێشی دەکەن.

* * *

چارەنووسی کەسایەتییە سەرکێشەکانی شێرزاد - بێ هەڵبواردن - دواجار شتێک نییە جگە لە شکست، دارمان، ون بوون، دۆڕاندن و مەرگ.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە ئەم دەرەنجامە بە مانای بێهوودەیی و پووچی سەرکێشی نییە، بەڵکو ئەم ئاکامانە ئاماژە بەوە دەکەن کە سەرکێشی خۆی زۆر لەوە بەهای زۆرترە کە مرۆڤ سڵ لە دۆڕاندن و شکست بکاتەوە، تەنانەت ئەگەر مەرگیش بێت، هەر بۆیەش کەسایەتییەکانی شێرزاد (ئەوانەی کە بە شێوەیەک لە مەرگ ڕزگاریان بووە) سەرەڕای ئەو دەرەنجامانەی کە ڕوحی سەرکێشی تووشی کردوون، هیچ کات لە سەرکێشییەکانی خۆیان پەشیمان نین. هەروەکو ئەوەی سەرکێشی بۆ ئەوان چارەنووسێکی دیاریکراو و قەدەرێکی نەگۆڕ بووبێت و ئەمەش ماهیەتی خودی سەرکێشی و ماهیەتی مرۆڤانەی کەسایەتییەکان نیشان دەدات کە بێ گوێدان بە ئاکام و دەرەنجامی خراپ، بەردەوام هەوڵ دەدەن بۆ دەستەبەرکردنی جیهانێکی نوێ و جیاواز. بۆ وێنە لە تەمی سەر خەرەنددا تەواوی گێڕانەوەکانی فەرهاد حەسرەتێکن بۆ ئەو سەرکێشییە لەدەست چووانەی کە تووشی ئەو چارەنووسە نادیارەی کردووە. چارەنووسێک کە بووەتە هۆی ئەوەی لە ناویدا ون ببێت. هەموو ئارەزوو و حەسرەتی فەرهاد ئەوەیە کە جارێکی دیکە سەرکێشی بکات، تەنانەت ئەگەر جارێکی دیکەش بکەوێتەوە دەست ئەو چارەنووسە تەماوی و نادیارە، چونکە لای ئەو یادەوەرییەکی پڕ لە سەرکێشی پڕ بایەخترە لە ئێستایەک کە پەنگی خواردۆتەوە و هیچ ڕووداوێکی تێیدا ڕوونادات.

* * *

«...کە ئاوڕت دایەوە پێدەشتێکی پان و بەرینت جێ دەهێشت، ڕووت وەک بەری دەست،...» (پێدەشت ل ۱). بێ گومان ئەم پێدەشتە پێدەشتی خولیاکانی بایزە وەک مرۆڤێکی سەرکێش، بەڵام لە هەمان کاتدا پێدەشتی بێ دەسەڵاتی و بێ دەرەتانی و شکست و دۆڕاندنی خودی ئەو مرۆڤەشە، چونکە دواجار بایز تەنیا یەک شتی لە دەست دێت و یەک ئازادی بۆ ماوەتەوە: ئازادی گریان!

لەو دوایین شەوەدا، بایز کە دەستی بە هیچ شوێنێک ڕاناگات و لە هەمان حاڵیشدا تەواوی یادەوەرییەکانی ڕابردووی بوژاونەتەوە، دەست دەکات بە گریان. لە بارودۆخێکدا کە مرۆڤ هەموو ڕێگاکانی لێ دەگیرێ و هەموو ڕۆچنەکانی لێ دادەخرێ و بێ دەسەڵات دادەمێنێ، گریان دەبێتە ڕێگایەک بۆ دەربڕینی ئەو هەستی بێ دەسەڵاتییە و شێوازێکە بۆ خۆڕزگارکردن لەو بێ دەرەتانییە. لە ڕاستیدا بە لەبەرچاوگرتنی سروشتی ڕاستەقینەی ئینسانی، گریان لەو چرکەیەدا ئاماژەیەکی ڕاستەوخۆیە بۆ تەعبیر لەو بارودۆخە، بارودۆخی هیچ لە دەست نەهاتن و بێ دەرەتانی موتڵەق!

ڕوحی بایز کە ڕوحێکی ئازاد و سەرکێشە لەگەڵ بارودۆخی نوێدا ناتوانێ خۆی ڕێک بخات. بەندکردنی شێتەکان و زنجیر و ڕەوانە کردنیان بەرەو شێتخانە دیاردەیەکی نوێیە کە تا ئەوکات بایز لەگەڵیدا بەرەو ڕوو نەبۆتەوە و هەر بۆیەش تا سەر ئێستاش نامۆیە بۆی. بارودۆخی کۆمەڵگای نوێ کە کۆمەڵگایەکە بە شێوەیەکی دیکە ئازادی لە مرۆڤەکان زەوت دەکات و بە ناوی شێت بوونەوە کۆت و سندم دەکاتە دەست و پێیان و لە بارودۆخێکی زۆر نامرۆڤانەدا ڕەوانەی نەخۆشخانە و شێتخانەیان دەکات، بارودۆخێکە کە بایز ناتوانێ تەحەمولی بکات و بەو پاشخانەش کە ڕوحی سەرکێش و ئازادی ئەو لە سەر سەربەست بوونی خۆی هەیەتی، هەموو ڕۆچنەکان لە ئەو دەبەسترێت و هەر بۆیەش وای لێدەکات کە لە ئەوپەڕی بێ دەسەڵاتیدا و لە ترۆپکی بێ دەرەتانیدا، وەک مرۆڤێک، دەست بکاتە گریانێکی بەکوڵ و قەت لێی ژیر نەبێتەوە.

**بەهاری ۸۹ (۲۰۱۰)**

**پەراوێز:**

**۱- پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان، شێرزاد حەسەن، چاپەمەنی تیشک، ۲۰۰٤.**

**۲- حەسار و سەگەکانی باوکم، شێرزاد حەسەن، چاپەمەنی تیشک، ۲۰۰۱.**

*** نەقە، نقە ڕێک ماسی (جوری)ی عەرەبی دەگرێتەوە کە ئێسکی نییە و بۆ باداری و ڕۆماتیزمە دەخورێ و بە کەڵک دێت. (ڕامان)**

# تەلمیح لە شیعردا

## (یوونس ڕەزایی وەک نموونە)

**ئەحمەد چاک**
**(بۆکان)**

(١)

〈یوری لوتمەن〉 دەقی شاعیرانە بە سیستمێکی بەچینەکراو دەزانێ کە مانا لەو دەقەدا وەکو دیاردەیەکی پێوەندیدار بە دەقەوە بوونی هەیە و بۆخۆیشی لە ژێر ڕکێفی کۆمەڵێک دژایەتی و وێکچووندایە. ئەو دژایەتی و وێکچوونانەش بۆخۆیان سەر بە زاراوەگەلی ڕێژەیین و تێگەیشتن لەوان تەنیا لە سۆنگەی پێوەندی ئەوان پێکەوە مەیسەر دەبێ. لێرەدا وشەی (relation) گرینگایەتییەکی زۆری هەیە، واتە ئەو سیستمانەی کە لە ناو ئەو دەقەدان، دەبێ پێوەندیان پێکەوە هەبێ. هەر دەقێکی ئەدەبی بریتییە لە چەندین نیزام (وشەکان، نڤیسار، کێش، و ...) شیعر لە سۆنگەی گرژی و تێکهەڵچوونی ئەو سیستمانەدایە کە دەتوانێ ببێتە خاوەنی واتای شیعری، هەر کام لەو سیستمانە نوێنەری (shownman) ڕێسایەکن کە سیستمەکانی تر هەوڵ دەدەن خۆیانی لێ لا دەن. هەر کام لەو سیستمانە کۆمەڵە چاوەڕوانییەک بەرهەم دێنێ کە سیستمەکانی تر سەر وەبەری ناهێنن. با بڕوانینە ئەو شیعرەی 〈مەحوی〉:

**بەجێ نایێ دەبێ ڕوو کەینە سارا**
**هەقی ئادابی مەجنونی لە شارا**
〈ل ٧〉

هەر بە پێوەرەکەی 〈لوتمەن〉 دوو سیستم لەو شیعرەدا هەڵدەبژێرین:

١- سیستمی ڕێزمانی کوردی کە لە حاڵەتی ئاسایی خۆیدا بەو چەشنەیە:

بکەر + ... + کار

٢- سیستمی کێشی عەرووزی لە شیعرەکەی مەحویدا:

مەفاعیلن + مەفاعیلن + فەعولن - واتە بەحری هەزەجی موسەددەسی مەحزوف عەرووز و زەرب

ئەگەر ڕێزمانی باوی زمانی کوردی ڕەچاو کرابا، دەبوایە ئەم شیعرە بەم شێوەیە نووسرابا: 〈هەقی ئادابی مەجنوونی لە شاردا بە جێ نایێ (کەواتە) دەبێ ڕوو کەینە سارا〉، بەڵام کاتێک سیستمی کێشی دێتە ئاراوە (کار) دێتە سەرەتای شیعرەکە و سێنتاکسی زمانی لەو شیعرەدا تووشی ئاسایی سڕینەوە دەبێ. بەم جۆرە هەر کام لەم سیستمانە لە هەوڵی ئاشنایی سڕینەوەی سیستمەکانی تر دایە و لە ڕێ و شوێنی باویان لادەدا و هەتا ئاستی زەق کردنەوە دەیانخاتە پێشێ.

دەقی شاعیرانە لە بواری ماناوە لێوڕێژە و زانیارییەکی زیاتر (بە واتا ئەدەبییەکەی) لە جۆرەکانی تری گوتار دێنێتە گۆڕێ . (ئەمە لە کاتێکدایە کە لە بیردۆزییە نۆییەکاندا بە گشتی هەر جۆرە زیاتر کردنی ڕادەی زانیاری دەبێتە هۆی دابەزینی ئاستی پێوەندی)، بەڵام



**یوونس ڕەزایی**

شیعر بە هۆی گەلاڵەی بێ هاوتای خۆی سەر وەبەر ئەو بیردۆزییە ناهێنێ. شیعر لە هەمان کاتدا کە کەمترین ئاستی نێوئاخنی (حشو) کردۆتە هی خۆی (مەبەست ئەو نیشانانەیە کە لە لایەنی هاسان کردنەوەی پێوەندیدا بەکەڵکن نەک ئاڵوگۆڕی زانیاری) بەنیسبەت شێوەکانی تر گوتار دەتوانێ کۆمەڵێکی بەپێزتر لە پەیام بەرهەم بێنێ. کاتێک دوو وشە بە هۆی وێکچوونی ئاوایی یان بە هۆی هەلومەرجیان لە ڕێسایەکی کێشی تایبەتدا لە پەنا یەکتری هاونشین دەکرێن، بایەخێکی جوانیناسی زیاتر بە نیسبەت وێکچوون یان جیاوازی مانا بەدەستەوە دەدەن. هەر کامە لە وشەکانی دەق لە سۆنگەی کۆمەڵێک پێکهاتەی دیداری لە تەک چەندین وشەی تردا موتوربە دەکرێ. کەوابوو مانا لەبەرهەمی چەند هۆی دیاریکراوی جیاوازدا کە پێکەوە هاریکاری دەکەن تا ڕادەیەکی زۆر دیاری دەکرێ. هەر نیشانەیەک لە چەند شیمانەی جێنشینی جیاواز یان سیستمگەلی هاوکاتدا بەشداری دەکات و ئەو ئاڵۆزییە لە ئاکامی پێوەندی ئەو پێکهاتانەی کە وشەکان لە ناو ئەوان دا زێدەتر دەبێ. دەقی شاعیرانە لە ڕوانگەی ‹لوتمەن›ەوە سیستمی سیستمەکان، یان پێوەندی پێوەندییەکانە. ئاڵۆزترین شێوەی گوتارە کە لە خەیاڵدا دەگونجێ. شیعر چەند سیستمی جیاوازی پێکەوە گرێ داوە و وزەی دال بە هەموو توانای خۆیەوە ڕەها دەکات. وشە دەخاتە هەلومەرجێکی وا کە بە هۆی گوشاری وشەکانی دەوروبەری زیاترین کردەی دەلالەتگەرانە و جوانیناسانە لە خۆی نیشان بدات. تێگەیشتنی ئێمە لە دەقێکی تایبەت تەنیا لە ڕێگەی ئەو جیاوازی و وێکچوونانە مەیسەر دەبێ. سەرەڕای ئەوانەش واتای دەق تەنیا ناخرێتە چوارچێوەی خۆیەوە، بەڵکو لە پێوەندی دەق لەگەڵ سیستمە بەربڵاوەکانی تر و دەقەکانی تر و ڕێ و شوێن و ڕێسای ئەدەبیات و کۆمەڵگا بەگشتی هەڵدەسەنگێندرێ.

بەم پێوانەیە دەچینە سەر هەڵسەنگاندنی دەقی شیعری شێت و یەکێک لەو سیستمانە بەرجەستە دەکەینەوە و هەوڵ دەدەین نیشان بدەین هەڵسوکەوتی ئەو سیستمە لە تەک سیستمەکانی تر و ڕێ خۆشکردنەکانی تری شیعری شێت چۆنە و چ کارتێکەرێکی تایبەتی تێدایە و جیاوازییەکانی لەگەڵ دەقەکانی تر دەخەینە ڕوو.

ئەو سیستمەی کە من لانی کەم وەکو ڕێ خۆشکردنێک هەڵمبژاردووە ‹تەلمیح›ە. ڕەنگە وشەی تەلمیح بۆ دەقێکی ئاوانگاردی (پێشەنگی) لە چەشنی شیعری شێت تۆزێک نامۆ بنوێنێ و ئەو دژوارییە بخاتە ڕوو کە زاراوەیەکی ئاوەها ئایا دەتوانێ بۆ تاووتوو کردنی دەقی شیعری شێت ئامرازێکی کارامە بێ یان نا؟ ئەو زاراوەیە یان هەر زاراوەیەکی تر کە سەر بە نەریتی شیعری ئێمەی ڕۆژهەڵاتین، ئەگەر بمانهەوێ لە شوناسێک کە بۆ شیعرەکەمانی دەبینینەوە باشتر دەتوانێ (جاناتان کالێر) گوتەنی: لە دابین کردنی چوارچێوە و سیستمێکی تایبەت بۆ سەر و سامان دان بە بۆچوونی خوێنەرێکی بەتوانا بەشداری بکات. گادامێر کاتێک باس لە نەریت دەکات لەسەر ئەو بڕوایەیە کە نەریت دەتوانێ بە هێوری و لەسەرخۆیی داهاتوو و ئێستا پێکەوە گرێ داتەوە بە وتەی ( تی.ئێس.ئیلیەت): ‹هەموو بەرهەمەکانی ئەدەبی (ناودارەکان – موعتەبەر) و متمانەپێکراو سەر بە نەریتن› (نظریه ادبی– تری ایگلتون ترجمه عباس مخبر چاپ اول ص ۱۰۰ نشر مرکز) چونکو لە لایەکەوە لە ناخی ڕابردوویەک دەدوێن کە من بیری لێ دەکەمەوە و بە پێی توانستی ئەدەبی خۆم دەمەوێ پێکهاتەیەکی بۆ دیاری کەم، لە لایەکی تریشەوە لە ناخی من دەدوێن کە کردەیەکی بیریاری متمانە پێکراو بە ئەنجام دەگەیەنم. گادامێر پەشێوی و دڵەڕاوکێی ئەوە نایگرێ کە زانیارییەکانی من کە لە ناخی کولتوور ڕادێ، یان ئەو شتانەی من لەوەپێش دەیانزانم تێگەیشتنی من لە دەقێکی تایبەت تووشی دەمارگرژی بکات. چونکو ئەو

پێش زانیارییانە سەر بە نەریتێکن کە خودی بەرهەمی ئەدەبی بەشێکە لەوان. کەوابوو هەم من خوێنەرێکم لە شوێنێکی تایبەت دەژیم و مۆرکی ئەو شوێنەم پێوە دیارە و هەم دەقی شیعری شێتیش هەر بەرهەمی ئەو شوێن و کات و نەریتە تایبەتەیە کە من تێیدا دەژیم. من دەقاودەق لە هەوڵی پاساوهێنانەوە نیم، بەڵام دەمەوێ ئاماژەیەکیشم هەبێ کە هێندێک لەو ئامرازانەی ڕەخنەی کلاسیک هێشتا هەر بەکەڵکن و هەم کاک یوونسیش با هێندەی غەدر لێ نەکرێ و شیعرەکە بە شیعرێکی یەکسەر دوور لە نەریت لە قەڵەم نەدرێ. بەم پێیە دەچینە سەر باسی تەلمیح لە شیعری شێتدا.

تەلمیح (Allusion): تەلمیح لە زمانی عەرەبیدا بە واتای بە گۆشەی چاو ڕوانینە بۆ شتێک یان ئاوڕدانەوەیەکی سووک و بەپەلەیە. ئەو زاراوە ئەدەبییە یەکێکە لەوجوانکارییە (صنعتی ادبی) ئەدەبیانە کە دەکەوێتە خانەی (جوانکاری ناوەکی) (صنایع معنوی) دەقی ئەدەبی بە گشتی زاراوەی تەلمیح ئاماژە بۆ هەر جۆرە ‹بەسەرهات›ێکی تایبەت دەکا کە زۆر بەناوبانگە و لە بەرهەمی شیعری کەسێکی تایبەتدا ئاماژەی پێکراوە. بە جۆرێک کە ئێمە بتوانین بە کۆمەڵە وشەیەکی کەم، مانایەکی زۆر دەربڕین. وا گریمانە دەکرێ کە خوێنەر لە بەشەکانی چیرۆکی مەبەست ئاگادارە و چارەنووسی کەسایەتییەکان و ڕووداوەکان و بە گشتی گەلاڵەی تایبەتی چیرۆکی مەبەست دەزانێ. هەر بۆیە شاعیر دەتوانێ بە هێنانی ڕێژەیەکی زۆر کەم لە دال (بەرامبەری مەدلوول) مەدلوولێکی زیاتر بخوازێتەوە، واتە بەشێک لە لایەنی گەڕاندنەوەی دەق کە بە شێوەی سروشتی دەبێ لە سەر شانی وشەکانی دەق بێ، بەم ڕێ خۆشکردنە دەشاردرێتەوە و هەم لایەنی ئابووری دەق و کورت دەربڕییش لەبەر چاو دەگیرێ، هەمیش خوێنەر لە کردەوەی دەلالەتگەرانەی دەق و ئەفراندنی مانادا بەشداری بە تۆبزی دەکات. چیرۆکی مەبەست لە زەینی خوێنەردا، یان بە پاڵپشتی پاشخانی زەینی و ڕادەی زانیاری خوێنەر، لایەنی دەلالەتگەرانەی دەخولقێنێ یان نووسەر دەبێ بۆ پتەوکردنی ئاستی پێوەندی خوێنەر لەگەڵ دەق، ڕوون کردنەوەیەکی تایبەتی لەسەر چیرۆکی مەبەست هەبێ. هەر چەند زۆر جار شاعیران زیاتر کەڵک لەو چیرۆکانە وەردەگرن کە لەنێو خەڵکدا یەکجار بەناوبانگن.

زاراوەی تەلمیح لە بنەڕەتدا لە سەر بنەمای وێچواندن دامەزراوە و دواتر هاوگونجان. چونکو لە لایەکەوە پێوەندی وێکچوون لە مابەینی چیرۆک و شیعرەکە یان کەسایەتییەکانی چیرۆکەکە بەردەوام بوونی هەیە و بە هەمان شێوەش بەردەوام کەسایەتی و ماکەکانی شیعرەکەش بە ماکەکان و کەسایەتییەکانی چیرۆکی مەبەست دەشوبهێنن. لە لایەکی تریش بە هێنانەوەی چەند بەش لە چیرۆکەکە هاوگونجان بەدی دێ. بۆ نموونە با سەرنج بدەینە ئەم شیعرەی مەحوی:

**لە دونیا تا دەگاتە ئاخیرەت کاریگەرە تیری**
**وەکو تیری تەهەمتەن زامی پاک ئەودیو ئەودیوە**
‹ل ٢٨٨›

هەروەکو دەبینین تیری نەفسی بەدکار سەرەتا لەبەر هێزی، بە تیری تەهەمتەن شوبهاوە کەدەتوانێ هەم دنیا و هەم ئاخیرەتی مرۆڤ تووشی خەسار بکات. دواتر لە نێوان وشەکانی (تیر، کاریگەر بوون، گەیشتن، هەتا، تەهەمتەن، زام و ...) هاوگونجانێکی جوان لەبەر چاو گیراوە. کەوابوو بەردەوام شاعیر یان خۆی یان بەشێک لەو شتانەی لەگەڵ ئەو لە پێوەندیدان و بۆ شاعیر خاوەن کێشەن و بوونەتە هۆی سەرنجی، لە ڕێگەی ‹تەلمیح›ەوە باشتر بە گوێی خوێنەردا دەچرپێنێ.

خاڵێکی تر کە لە تەلمیحدا جێی سەرنجە، ئەوەیە کە لانی کەم دەبێ دوو بەشی چیرۆکی مەبەست لە شیعرەکەدا بێتە گۆڕێ.

**مەگەر شاری عەدەم، جێی وا نیە سەرگەشتە بم قاتە**
**بیابانە بەشی مەجنوونە، نەسیبی کۆهکەن کێوە**
‹نالی، ل ٢٩١›

هەر وەکو دەبینین لە چیرۆکی (لەیل و مەجنوون)دا دوو بەشی (بیابان و مەجنوون) و لە چیرۆکی (شیرین و فەرهاد)دا دوو بەشی (فەرهاد و کێو) بەدی دەکرێ. کەوابوو دەبێ دوو بەش لە چیرۆکەکە بێتە گۆڕێ، ئەگینا سەرنج بدەنە ئەو بەیتە:

**عەجەب ئەستێرە شەو هەڵدێ لە تاوی خوسرەوی خاوەر**
**بە ڕووی تۆم دیدە هەڵنایێ شەو و ڕۆژ، ئەرچی بێدارم**
‹نالی، ل ٢٧٢›

وشەی خوسرەو لێرەدا بەکار هاتووە، بەڵام بە هۆی نەهاتنی هیچ خاڵێکی هاوبەش (قرینە)، هیچ جۆرە قەرار و بڕییەک لە زەینی خوێنەردا بەدی نایێ کە

سەرنجی خوێنەر بۆ لای چیرۆکی (خوسرەو و شیرین) ڕاکێشێ. هەر چەند وشەی خوسرەو دەتوانێ لە بەدیهێنانی گوماندا یارمەتی خوێنەر بدا، کاریگەر بێ، بەڵام تەلمیح نایەتە گۆڕێ. لێرەدا دەبێ بڵێین (خوسرەوی خاوەر) خوازەیەکە بۆ ئەوینەکەی ‹نالی›. لە ڕاستیدا وشەی (دیدە) دەگەڕێتەوە بۆ (ئەستێرە) و وشەی (خوسرەوی خاوەر)یش بۆ (ڕوو) دەگەڕێتەوە کە (ئوسلووبی موعادەلە)یە، بەڵام کاتێک نالی هەر لەو شیعرەدا دەڵێ:

**لە شیرینی ئەتۆ ئەی خوسرەوی تەختی زەمین، ڕەنگە**
**بگاتە ئاسمان بێستوون فەرهادی هاوارم**
‹نالی، ل ٢٧٤›

بە هێنانە گۆڕێی ‹شیرین، خوسرەو، تەخت، ئاسمان، بێستوون و فەرهاد›، دەستەو بەجێ سەرنجی خوێنەر بۆ لای چیرۆکی (خوسرەو و شیرین) ڕادەکێشێ و تەلمیح لە زەینی بەردەنگیدا و لەوپەڕی جوانیدا خۆی نیشان دەدا. بەگشتی لە ئەدەبیاتی کلاسیکی ئێمەدا بە پەیڕەوی لە ئەدەبیاتی کلاسیکی فارسی، سێ کارکرد بۆ تەلمیح لەبەر چاو گیراوە کە بریتین لە:

(١) کارکردی وێچواندنی: کە هەروەکو باسمان کرد تەلمیح لە بنەڕەتدا لەسەر بنەمای وێچواندن دامەزراوە کە زیاترین ڕێژەی پراکتیزەیی لە شیعری کوردیدا بۆ خۆی تەرخان کردووە.

**من لەگەڵ مەجنوونی هاوڕێ بووم لە ڕێی شێتی و ئەوین**
**ئەو گەیی بە نیاز و من هەر بێدڵ و ئاوارە مام**
‹چوارینەکانی خەیام (هەژار)، ل ١٠٢›

لە ڕاستیدا مامۆستا هەژار خۆی بە مەجنوون دەشوبهێنێ لە ڕێی ئەویندا، لێرە هاوڕێ بوون دەتوانێ ئەرکی ئامرازی وێچواندن (ادات تشبیە) بگرێتە ئەستۆوە. یان لێرەدا:

**هەتا هەق ناسیرە هەر هەقمە مەنزوور**
**وەکو مەنسوور ئەگەر بمکەن بە دارا**
‹مەحوی، ل ٨›

(٢) کارکردی خوازەیی (استعاری): لە ڕاستیدا ماکی سەرەکی گێڕانەوەی چیرۆکی مەبەست زیاتر کەسایەتی چیرۆکەکەیە کە کارکردی خوازەیی بۆ شاعیر یان دڵدار و ... پەیدا دەکات:

**ئەهلی ئەم شارە هەموو نۆکەر و ئەتباعی ئەون**
**یوسفی میسرە، عەجەب جاە و جەلالێکی هەیە**
‹نالی، ل ٥٧١›

(٣) کارکردی نومادی: بۆ نموونە:
**تەڵەبی ڕەحم و مرووەت لە دڵی ئەهلی زەمان**
**تەڵەبی ئاوی حەیاتە لە سەرابستان**
‹مەحوی، ل ٣٣›

ئاوی حەیات ڕەمزی ژیانەوەیە و ژیانی هەرمانییەکە لە چیرۆکی ئەسکەندەر و حەزرەتی خزردا کەوتۆتە بەر باس.

لە لایەکی تریش نابێ لە بیرمان بچێ کە کارکردێکی بنچینەیی زۆر گرینگ بۆ تەلمیح لە هەر سێ کارکردەکەی پێشوودا لەبەر چاوە، ئەویش (زێدەوەسف)ە، چونکە ئەگەر بەوە قایل بین کە تەلمیح لەسەر بنەمای وێچواندن دامەزراوە، بە هەمان شێوەش (زێدەوەسف) بەشی سەرەکی و حاشا هەڵنەگری وێچواندنە.

بەر لەوەی بچینە سەر باسی سەرەکی وتارەکە، پێویستە ڕوونکردنەوەیەکمان سەبارەت بە جیاوازی (تەلمیح) و (پێوەندی نێوان دەقی) هەبێ.

(١) تەلمیح لەناو دەقدا بە شێوەیەکی دەستکرد بۆ ئامانجێکی تایبەت دێتە ئاراوە. بۆ نموونە لە ئەدەبیاتی کلاسیکدا تەلمیح بە مەبەستی (وێچواندن و خوازە) دێتە گۆڕێ، بەڵام (پێوەندی نێوان دەقی) پێوەندییەکی بەربڵاوە کە لە هەناوی هەموو دەقێکی سەرکەوتوودا بەر چاو دەکەوێ. لە بەستێنی زمان ڕا بگرە هەتا فۆرم و نێوەرۆک. کەوابوو دەبێ بڵێین تەلمیح لە هەناوی پێوەندی نێوان دەقیدایە و بەشێکە لەو، بەڵام دەقاودەق نابێ وەکو یەک پێناسە بکرێن.

(٢) تایبەتمەندی تەلمیح (هەروەک لە مانای وشەکە بەر چاو دەکەوێ) تەنیا ئاماژەیەکی کورتە و بە مەبەستی (وێچواندن و خوازە) و گرێدانەوەی کەسایەتی و ڕووداوەکانی چیرۆکی مەبەست لەگەڵ دەقی شیعرەکەیە، بەڵام پێوەندی نێوان دەقی، پێوەندییەکی پتەوە کە بیچمی سەرەکی دەقەکە ڕادەگرێ و لە هەموو بوارەکانی (شێواز و فۆرم و نێوەرۆک و بگرە هەتا کۆی بەرهەمەکە) دەگرێتە خۆی و لە ئاستێکی بەربڵاو لە گۆڕێدایە. بۆ نموونە دەتوانین بڵێین شیعری مەحوی لەگەڵ شیعری نالی پێوەندی نێوان دەقی هەیە، یان چیرۆکەکانی (سادق هیدایەت) لەگەڵ چیرۆکەکانی (فرانتس کافکا) پێوەندی نێوان دەقیان هەیە، بەڵام لەو بەیتەی مەحویدا چیرۆکی

ئەسکەندەر و دارا لەگـەڵ شـیـعـری مـەحـوی ، پێوەندییەکی (تەلمیح)یە.

**کە چەرخ ئەسکەندەری دی ئەردەدارە**
**وتی ئەم هەم بووە هەمدەردی دارا**
‹ل٧›

(٣) پێوەندی نێوان دەقی پێوەندییەکی پتەوە کە لە نێـوان دوو بەرهەم، یان چەند بەرهەم و تەنانەت قۆڵێکیشی بۆ فەرهەنگ و مێژوو و زۆر شتی تریش دەگەڕێتەوە، بەڵام تەلمیح تەنیا لەسەر ئەو چیرۆکە بەناوبانگانە دەڕوات کـە زۆربەی تاکی کـۆمـەڵگا بە هۆی شوێنداندانەری ئەو چیرۆکـانە لە بەسـەرهاتەکـانی ئاگادارن. ئەو چیرۆکانە زۆر جار چاوگی مـێژووییان هەیە، زۆر جـاریش چاوگی مـێـژوویی دیاریکراویان نیـیـیـە. هەر بەو هۆیە زۆر جـار شـان لە شـانی ئوسـتـوورەش دەدەن. ئەو چیـرۆکـانە ڕەنگە لە چەند بەرهەمی جـیـاواز دا باسـیـان لێـوە کـرابێ، بەڵام بەگـشـتی ئەو چیـرۆکـانەن کـە لە نێـو بەشـەکـانی جۆراوجۆری کۆمەڵگا دا بەربڵاون و بۆ تێگەیشـتنیـان زانیارییەکی تایبەتی پێویست نییە، بەڵام بە تەماڵ هەڵنانی پێوەندی نێوان دەقی پێویستی بە (توانستی خوێندنەوە) و زانیارییەکی تایبەت لە هەمبەر دەقەکە دایە. جـاناتان کـالێـر بۆ باشـتـر ناسـینی ئەو توانایە زاراوەی توانست (compotent) گـەڵاڵـە دەکـات. ئەرکی سـەرەکی بیـردۆزی، بەرهەم هێنانی چوارچێوە یان سیستمێکی باوەڕ پێکراوە بۆ کۆمەڵێک بۆچوون کـە خـوێنەری بەتوانا دەبێ سازی کـات و دواتر ئەو ڕوانگە و بۆچوونانە بە پێی تێگەیشـتنی خـۆی ڕێکوپێک کات. لێرەدا من، خوێنەری بەتوانا بە مانا پێکهاتەخوازییەکەی ناخەمە بەرچاو کە هەر خودی کـالێـریش لەسـەر ئەو بڕوایەیە کـە لە ڕاڤـەکـردنی شـیـعـرێکدا خـوێنەر لە هەوڵی دۆزینەوەی کـۆمـەڵە بۆچوونێکدایە کـە لە سـەر یەک تەوەرەی واتایی دەڕۆن. دواتر لە بەرانبـەر ئەوانیـشـدا کـۆمـەڵێک بۆچوونی تر. مـەبەسـتی من لە توانست، دەکرێ ئەو واتایەش بگرێتـە خـۆ، بەڵام کـاتێک بـاس لە تەلمیح دەکـرێ بە ئاشکرا ئەو توانسـتـە لەبەر چاو نیـیـە، چونکە خـوێنەر، خـوێنەرێکی ئاسـاییـە و ئەو چیرۆکانەش کە دێنە ناو دەقی ئەدەبییەوە ئەوەندە بە ناوبانگن کە خوێنەری ئاساییش بۆ تێگەیشتن لەوان پێویستی بە توانستێکی زۆر نییە.

(٢)

## تەلمیح و پێکهاتەی ناخەتنی شیعری شێت

پتـەوبوون و بەربڵاوی ڕەگـاژۆی چیـرۆکی مـەبەست لە شیعری شێتدا: هەروەکو باسمان کرد تەلمیح لە ئەدەبیاتی کـلاسـیکدا زۆر بە کـورتی ئاماژەی پێدەکـرێ. تەنانەت واتای دەق بە دەقی ئەو وشـەیەش ئەوە دەگـەیەنێ، بەڵام کـاتێک شـیـعری شێت وەکو شێوازێکی نوێ خۆی بەرهەم دێنێ ناچارە لەو بوارەشـدا پێـداچوونەوەیەکی هەبێ. ئەویش بەکـار هێنانی زۆربەی مـاکـەکـانی چیـرۆکی مەبەست لە شیعرەکە دایە.

سـەرەتا کـردنەوەیەکی شـێـوازناسی: ئەگـەر سـەرنج لە شـیـعـری کـلاسـیکی فـارسی و دواتر شـیـعـری کلاسـیکی کوردی بدەین (بە تایبەت شێوازی نالی) یەکەی واتایی (واحد معنایی)، بەیتە. یانی شاعیر واتایەکی سەربەخۆ و تەواو لە بەیتێکدا پێشکەش دەکات، دواتر ئەو یەکانە کە لە بواری مانایییەوە زۆر لێک دوور نین، پێکەوە و لە ئەنجامی گرێبەستێکی ئەدەبیدا قەوارەی گشتی شیعرەکە دیاری دەکـەن. بە هەمـان شـێـوە ئەگـەر لە بەیتـێکدا تەلمیحێک بێتە ئاراوە، بە هۆی کورتبوونی مەودا، ئەوە شـاعیـرە کـە ناچارە هەم واتایەکی سـەربەخۆ پێشکەش بکات و هەمـیش لە چەند ئاماژەی کـورتدا بیـبـڕێتـەوە، بەڵام کـاتێک ئەو تەلمیحە وەکـو سیـستـمێک، یان لانی کەم وەکو ڕێ خۆشکردنێک دێتە بەرانبەری شیعری شێت کـە لە هەناوی خـۆیدا (ناخـەتیـیـە) ئەوە هەم لە واتای سەربەخۆ خەبەرێک نییە و هەمیش شیعرەکە بە یەک دوو ئاماژەی کورت تامەزرۆیی ناشکێ. بۆ نموونە لە شیـعری (ئەمن و مـووسـا درووەی خـودامـان لەسـەر بێ) هاتنی مـاکەکـانی سـەرەکی ژیانی حەزرەتی مـووسا (د.خ) بەو شێوەیەن:

(١) کتێبی پیرۆز: سێ کەڕەت
(٢) موعجیزە: پێنج کەڕەت
(٣) مووسا: پێنج کەڕەت
(٤) گۆچان: سێ کەڕەت
(٥) ئەژدیها: سێ کەڕەت
و...

بەم شـێوەیە ئەگەر وشـەکـانی ‹باڵەخـانە، ژن، ئایەت، ڕەسـاڵەت، هەتاو، سـەفـەر، دارژان (بەرامـبـەر نازڵ بوون)،خوا، نیشانە (بەرامبەری ئایەت)، سەرسوڕمان، پیـرۆزی، حـورمـەت، فـیـرعـەون و ...› بخـەینە پاڵ وشەکانی سەرەوە کە ئەمانەش خۆیان هەر لە ماکەکانی

ژیانی ئەو کەسایەتییە دێنە ئەژمار، دەبینین بەربڵاوی پەیڤی کتێبی پیرۆز لە ناو ئەو شیعرەدا تا چ ڕادەیەکە. بەم شێوەیە دەبینین هەموو قۆناخەکانی ژیانی حەزرەتی مووسا ‹ئەگەر لە دڵما باڵەخانەیەک ڕازاوە یا ژنێک› ئاماژە بۆ منداڵی حەزرەتی مووسا و تێپەڕینی لانکی بە قەراغ باڵەخانەی ئاسیەدا هەتا ‹تەنانەت ئەگەر ژنێک باڵەخانەیەک لە دڵما/ تا گەرمترین ئایەت/پەیڤی موعجیزەی سەرسوڕمان (گۆچان - ئەژدیها - پیری)/ دەدرەوشێتەوە.../تەنانەت/ ماڵئاوا مووسا› دەگرێتە خۆی. بەکار هێنانی ئاوها بەربڵاوی چیرۆکی مەبەست دەتوانێ چەن بەرهەمی باشی هەبێ.

(١) تێپەڕینی کارکردی تەلمیح لە (وێچواندن و خوازە) کە لێرەدا چەند کارکردی وەکو (تەمسیل و کەسایەتیدان و ...) بە گشتی پتەو کردنی لایەنی واتایی شیعرەکە بە سەرنجدان بە لایەنی گەمەی زمانی کە دواتر باسی دەکەین. هەروەها باس کردنی شیاوی چیرۆکی مەبەست و هەروەها ئەگەر لە بیرمان بێت پێشتر باسمان کرد کە پێوەندی نێوان دەقی لە تەلمیح بەربڵاوترە، بەڵام ئەو کارکردەی شیعری شێت دەبێتە هۆی ئەوەی تەلمیح لەو ئاستەنگییە ڕەها بێ و خۆی لە قەرەی پێوەندی نێوان دەقی بدات.

(٢) خودگەڕاندنەوەیی شیعری شێت و تەلمیح: هەر وەکو دەزانین یەکێک لە ماکەکانی شیعری شێت میکانیزمی (خودگەڕاندنەوەییە) ئەو دەقەیە. میشل فووکۆ لە کتێبێکدا بە ناوی ‹بیردۆزی ئەدەبی› کە زیاتری بەرهەمەکە لە بارەی ‹ڕیمۆن ڕوسێل›دایە، باس لەوە دەکات کە شێوەی نووسینی (ڕوسێل) سەرسوڕهێنەرە. ئەو(ڕوسێل) دوو ڕستە کە لە بواری دەنگەوە (ئاوا) وەکو یەک دەچن و لە بواری ماناوە جیاوازن، لە جیاتی یەکتری بەکار دێنێت. شێوەیەک کە لە لایەکەوە پێوەندی بە واتای جۆراوجۆری وشەکانەوە هەیە و لە لایەکی تریشەوە بە ئەگەری هەڵوەشانەوەی ڕستە (بە مانا دریدایییەکەی)، بە چەند بەشە کە هەر کام مانای جیاوازی هەیە. لە هەنگاوی دواییدا ئەو بەشانە لەگەڵ ماکەکانی بەشەکانی دیکە موتوربە دەکرێن و ... هەموو ئەوانە دەگاتە سەرجەم تێکشکان و وێران کردنی مانا. ڕوسێل ئەو شێوەیەی بە (مەجاز) ناودێر دەکرد و دەینووسی کە شێوەی نووسینی ئەو یەکسەر شاعیرانەیە. هەرچەن شێوەی کردەوەی ڕوسێل بۆ زمان زیاتر شێوەیەکی ڕواڵەتی و فۆرمیکە، بەڵام میشێل فووکۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکا کە ئێمە بە یارمەتی ‹گەمەگەلی زمانی› دەتوانین لایەنی نەخوێندراوی داستانەکانی ڕوسێل بە تەماڵ هەڵنێین. واتە گەڕاندنەوەی وشەکان بۆ ئەو جێیەی جموجۆڵی خۆیان دەست پێکردبوو و دیسان ئامانجی ڕوسێل دووپاتەکردنەوەی ڕاستەقینەی جیهانی دەرەوەیە لە ڕێگەی بەکارهێنانی خودکاری زمانەوە، شاردنەوەی بۆشایی چاوەڕوان نەکراو و وەدیارخستنی ئەو شتانەی هەتاکو ئێستا نەوتراون.

لەو بابەتەی سەرەوە چەند خاڵی گرینگ دێتە ئاراوە کە بە کاری ڕاڤەکردنی چیرۆکی مەبەست لە شیعری شێت دێن.

(١) لایەنی خودگەڕاندنەوەیی شیعری شێت دەبێتە هۆی ئەوەی مانا جۆراوجۆرەکانی وشە وەدیار کەون. بۆ نموونە کاتێک باس لە گۆچانی مووسا دەکرێ دەسبەجێ هەموومان بیر لە موعجیزەی ئەو شتە دەکەینەوە، بەڵام لە شیعری شێتدا گۆچان بە هەر دوو واتا بەکار دێت:

**(ئا) ئێرە کۆتایی گۆچانێکە دەڕوێ**
**کە موعجیزەی مووسا و منیش**
**کە من و مووسا و ئەژدیها...**
**(ب) ئێرە سەرەتای گۆچانێکە پیریم دەدۆزێ**

دواتر لە کۆپلەی یەکەمدا پێوەندی نێوان ئەژدیها و گۆچان مانای پیری بۆ گۆچانیش دەگوازێتەوە. کەوابوو ئەو دووپات کردنەوەیە کە تایبەتمەندی شیعری شێتە، دوورترین واتای پێوەندیدار بە وشەوە دەپێکێ.

(٢) ئەگەری هەڵوەشانەوەی ڕستە بە چەند بەش کە هەر کام مانای جیاوازی هەیە. ئەگەر ڕستەکانی چیرۆکی مەبەست وەکو چەند گوزارەی متمانە پێکراو چاو لێ بکەین، کاتێک دێنە بەر دەمی ئەو سیستمەی شیعری شێت تووشی تێکشکان دەبن بە جۆرێک کە هەست دەکرێ دەقی شیعرەکە لەگەڵ چیرۆکی مەبەست پێوەندی هەیە، بەڵام ئەو تێکشکانە لە ئاستێکدایە کە ئەو پێوەندییە ڕوون و ئاشکرا نییە.

(٣) لە کۆتاییدا ئەو بەشانە لەگەڵ هێندێک ماکی تر موتوربە دەکرێن کە لێرەدا جیاوازییەکی تری شیعری شێت بەدی دەکرێ. ئەویش خۆبواردن لە ئەرکی مێژوویی تەلمیحە و ڕووکردن لە بابەتی سەردەمیانەیە بۆ چیرۆکی مەبەست.

**ئەمن و مووساش «دروودی خودامان لەسەر بێ»**
**تەنانەت مووسادیش ناتوانێ**
**تەوراتمان**

**تا کچانی باڵغی ئورشەلیم و**
**تا شەرمی کچێنی کیژانی ئورفا**
**نەسەلماو داگیرکا... و ...**

ئەوەیە کە دەبینین فووکۆ کوتەنی: لە ڕێگای بەکارهێنانی خودکاری زمانەوە، ڕاستەقینەکانی جیهانی دەرەوە دووپاتە دەبنەوە. بەو شێوەیە هەم ئەو شتەی هەتاکو ئێستا لە چیرۆکی مەبەستدا چاوەڕوان دەکرا، دەشاردرێتەوە و هەمیش ئەو شتانەی هەتا ئێستا نەوتراون وەدیار دەکەون.

شێوەکانی میکانیزمی خودگەڕاندنەوەیی شیعری شێت بە نیسبەت تەلمیحەوە:

(١) دووپاتە کردنەوەی وشەکان هەر وەک خۆیان کە پێشتر باسمان کرد.

(٢) هێنانەوەی ئەو وشانەی کە لە بواری ماناوە هاوسەنگن (مترادف).

ڕەنگە بەکار هێنانی چەند وشەی هاوسەنگ لە چەشنی یەک یان ئەو وشانەی لە بنەماڵەیەکی تایبەت هەڵگیراون، بە بێ ئەوەی سەرنجدان بە بایەخی وشە ئێمە تووشی هەڵە بکات، بەڵام کاتێک کە باس لە لایەنی خودگەڕاندنەوەیی دەکرێ ئەگەر بێتو تەنیا ئەمانە وەکو گەمەیەکی زمانی سەڵت چاو لێ بکەین، ئەگەری ئەوە هەیە بەرهەمەکەمان تووشی ئاستەنگ بێت هەتا ئاستی کاریکاتۆرێک بێتە خوارێ. (فردیناند دو سوسور) دوو چەمکی هەرە گرینگ لە زمانەوانیدا دەخاتە ڕوو.

(١) بایەخی نیشانە

(٢) جیاوازی

(١) بایەخی هەر نیشانەیەک پێوەندی بە هەڵسوکەوتی ئەو نیشانەیە لە تەک نیشانەکانی تری زمانەوە هەیە. نیشانە لە ڕاستیدا جیا لە پێوەندی خۆی لەگەڵ سیستمی زمانی، خاوەنی بایەخێکی ئەوتۆ نییە. سوسور بۆ باشتر نیشاندانی ئەو زاراوەیە، لە پێوانەی کایەی (شەترەنج) کەڵک وەردەگرێ. بایەخی هەر مۆرەیەکی شەترەنج پێوەندی بەو شوێنەیە کە ئەو مۆرەیە لە کایەکەدا لە بەرانبەری مۆرەکانی تر بۆ خۆی تەرخان دەکات. یانی وانییە بڵێین چون ئەو داشە سەربازە خاوەنی بایەخێکی کەمترە، بەڵکو شوێنی تایبەتی ئەو مۆرەیە لەسەر تەختەی شەترەنج بایەخەکەی دیاری دەکات. کەواتە جنس و شکڵی مۆرە کارتێکەری لەسەر بایەخی مۆرە زۆر کەمە. ئەو پێوەندی ئەو مۆرەیەیە کە بایەخی ئەو لە ڕەوتی کایەی شەترەنج دیاری دەکات. لە شیعری شێتدا وشەکان بە زۆری دووپات دەبنەوە. ئەو بایەخە بە جوانی خۆی نیشان دەدات. (شایانی باسە ئەو بابەتە بۆ خاڵی سەرەوەش هەر گرینگە) کەوابوو ئەگەر هەر وشەیەک وەکو یەکێک لە مۆرەکانی شەترەنج لەبەر چاو بگرین دەگەینە ئەو ڕاستییە کە بەکارهێنانی دوو وشەی هاوسەنگ لە بواری ماناوە دەبێ کارکردێکی تایبەتی هەبێ.

**... تەنانەت مووسادیش ناتوانێ**
**تەوراتمان**
**تا کچانی باڵغی ئورشەلیم و**
**تا شەرمی کچێنی کیژانی ئورفا**
**نەسەلماو داگیرکا...**

لە زمانی کوردیدا دوو وشەی 〈کچ〉 و〈کیژ〉 لە بواری ماناوە وەکو یەکتری بەکار دێن، بەڵام وشەی 〈کیژ〉 لە دەقی نووسراوەی ئەدەبی کوردیدا بایەخێکی ئەدەبی زیاتری هەیە و کچ لە دەقی نائەدەبیدا زیاتر بەر چاو دەکەوێ. لە دەستەواژەی 〈کچانی باڵغی ئورشەلیم〉 دا، وشەی 〈کچ〉 کاتێک لەگەڵ دوو وشەی 〈باڵغ〉 و 〈ئورشەلیم〉 دێتە کایەوە کە یەکیان تایبەتمەندی فیزیۆلۆژی مرۆڤە و ئەوی تر لە ڕۆژگاری ئێمەدا وشەیەکی پیرۆز نییە، بەتایبەت کاتێک لەگەڵ وشەی «مووساد» موتوربە دەکرێ باشتر جیاوازی خۆی نیشان دەدا لەگەڵ وشەی 〈کیژ〉 کە لەگەڵ وشەکانی 〈شەرم〉 و 〈کچێنی〉 و 〈ئورفا〉 کە شارێکی کوردییە. دەبینین کاتێک ئەو لایەنە لە خودگەڕاندنەوەیی شیعری شێت دەخەینە بەر باس، دەسەلمێ کە بەکار هێنانی وشەی هاوسەنگ هەر وا ڕەمەکی بەکار نەهاتووە. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی تریش کاتێک سوسور باس لە بایەخی نیشانە دەکات چەمکی زەینی وشەکانیش دەخاتە بەر باس. یانی وانییە بڵێین 〈ئورشەلیم〉 شوێنێکی فیزیکییە و «ئورشەلیم»یش دەنگێکی فیزیکییە، بەڵکو هەردووک لەوانە لە زەینی خوێنەردا وەکو چەمکێکی زەینی ڕاڤە دەکرێن و پێوەندی بە پێشینەی فەرهەنگی خوێنەرەوە هەیە. بە پێی ئەو پێشینەیە لە زەینی خوێنەری کوردیدا وشەی 〈کچ〉 لەگەڵ 〈ئورشەلیم〉 و وشەی 〈کیژ〉 لەگەڵ 〈ئورفا〉 باشتر هاونشین دەکرێ. کەوابوو ئەو لایەنەی تەلمیح لە شیعری شێتدا دەیسەلمێنێ کە پێوەندی ماکەکانی چیرۆکی مەبەست بە نیسبەت شوێن و کەسایەتی و هەروەها خود

گەڕاندنەوەی ئەو دەقە لە موهەندسییەکی تایبەت کەڵک وەردەگرێ.

(٢) جیاوازی: بە وتەی سوسور زمان لە سیستمێک پێکهاتووە کە لەودا کۆی وشەکان لە پێوەندی دان. یەکێک لەو پێوەندییە گرینگانە، جیاوازی وشەکان بە نیسبەت یەکەوە. بۆ نموونە ‹ژن› بۆیە ‹ژن›ە کە ‹مێ› نییە و ‹کیژ› بۆیە ‹کیژ›ە کە ‹کچ› نییە و ... کەوابوو ئێمە کاتێک لە ئاستی (لانگ)دا ئاوها گرینگی بە جیاوازی دەدەین، ناچارین لە ئاستی (پارۆل)یش دا ئەو گرینگییە هەر ڕاگرین. کاتێک دەبینین دوو وشەی هاوسەنگ لە شیعرێکدا دوو‌پات دەبنەوە دەبێ هەر دوو مەبەستی ‹بایەخی نیشانە› و ‹جیاوازی› تێدا بەدی بکرێ.

شیعری شێت و میتیمەکان: کلۆد لیڤی شتراوس کەسێک بوو کە ڕێزمانی ئوستوورەیی هێنایە کایەوە بە ڕەچاو کردنی (فۆنیم و مۆرفیم) لە زمانەوانیدا زاراوەی (mytheme) هێنایە ئاراوە کە یەکەی ئوستوورەیە. بۆ نموونە لە ئوستوورەی ئەوروپیدا ئەوەی کە (ئودیپ) باوکی خۆی دەکوژێ و لەگەڵ دایکی ژن و مێردایەتی دەکا دەبێتە میتیمێک، هەر ئوستوورەیەکی تایبەت لە کۆی ئەو میتیمانە پێکدێ. لە شیعری شێتدا بەتایبەت ئەو شیعرانەی ئوستوورە لەواندا بەهێزە، بەکار هێنانی ئەو ڕێ خۆشکردنە لە لایەن خوێنەرەوە دەتوانێ زۆر یارمەتی بە ئاستی تێگەیشتنی ئەو بدات. ئەگەر بەو پێیە ژیانی مووسا دابەش بکەینە سەر چەند میتیم، دەتوانین ناوەناوە ئەو ڕێزمانی ئوستوورەیە لە شیعری شێتدا بەدی بکەین.

ئەگەر لە دڵما باڵەخانەییەک ڕازاوە یان ژنێک ئاماژە بۆ تێپەڕینی لانکی مووسا بە بەردەم کۆشکی فیرعەون.

**‹من هەتاوم ماندوو لە زەردایی سەفەر ئاماژە بۆ گەڕانەوەی مووسا هاوڕێی براکەی بۆ لای**

**بە کۆتایی تەمەنی ئەو بایەدا دەپەیڤم›** فیرعەون و **موعجیزەی هەتاو کە لە لەپی دەستی**

**مووسا دەهاتە دەرێ وەکو موعجیزە**

یان

**‹تەنانەت ئاماژە بۆ چیرۆکی خدری زیندە و حەزرەتی مووسا**

**ماڵئاوا یا مووسا› کە حەزرەتی خدر پێی دەڵێ ‹هذا فراق بینی و**

**بینکم› و ...**

بەم جۆرە ، ناوە ناوە چیرۆکی مەبەست دێتە ناو شیعرەکەوە و لە چەشنی میتیم خوازیاری پێداچوونەوەیە.

لە کۆتایی ئەو وتارەدا بەو ئامانجە دەگەین کاتێک ‹تەلمیح› دێتە بەردەم سیستمە جیاوازەکانی شیعری شێت، گۆڕانی بەسەر دادێ و هەتا ئاستێکی زۆر باش خۆی لەو پێکهاتە و کارکردە سواوانەی شیعری کلاسیک دەرباز دەکا و کەسایەتییەکی تایبەت بە تەلمیح لە شیعری کوردیدا دەدا و هەتا ئاستی پێوەندییەکی پتەو لە چەشنی پێوەندی نێوان دەقیی دەیخاتە پێشێ.

**سەرچاوەکان:**


**(١) دیوانی نالی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم (بلاوکردنەوەی کوردستان. چاپی یەکەم. ساڵی ١٣٨٠)**

**(٢) دیوانی مەحوی: مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و محەمەدی مەلاکەریم (ئینتشاراتی کوردستان. چاپی یەکەم. ١٣٨١).**

**(٣) چوارینەکانی خەییام: ئینتشاراتی سروش.١٣٨٠.**

**(٤) نشانەشناسی کاربردی: فرزان سجودی (نشرقصە. ١٣٨١)**

**(٥) فرهنگ اصطلاحات ادبی: سیما داد (انتشارات مروارید. چاپ اول ١٣٨٢)**

**(٦) شالودە شکنی: کریستوفر نوریس. ترجمە پیام یزدان جو (نشر مرکز)**

**(٧) نقد ادبی: سیروس شمیسا (انتشارات فردوس. چاپ سوم ١٣٨١)**

**(٨) بیان و معانی: سیروس شمیسا (انتشارات میترا. ویرایش دوم ١٣٨٤)**

**(٩) کۆمەڵە شیعری نوێی یونس ڕەزایی ‹منم شاعیری ژنانی چاوەڕوان›.**

# دارشتن وەک یەکێک لە گرنگترین فۆرمەکانی واتاناسی

**ژوان عەبدولسەلام عەزیز(*)**

**(١-٢)**

**پێشەکی**

لەوەتەی ئەدەب هەیە، ڕەوانی و جوانی و ناسکی ڕستەو دەربڕینەکانی جۆرە سیحرێکی پێ دەبەخشن و بەمەش لەنێو تەواوی گوتەو ئاخاوتن و نووسینەکانی ئادەمیزاددا، کۆمەڵێک دەق جیاکراونەتەوە و بە (ئەدەب) ناسێنراون. ئەم ڕەوانی و جوانی و ناسکی و سیحرەش بەچی دروست دەبن؟ بێ گومان بەجیابوونەوەی نووسین لە شێوازی قسەو ئاخاوتنی ئاسایی و بەلادانی جۆراوجۆر لەو شێوازە ئاساییە لە ئاستە لێک جیاکانەوە، لێرەوەیە ئەدیب و ڕەخنەگر و توێژەران هاتوونە لەو لادان و دیاردانەیان کۆڵیوەتەوە، کە ئەو شێوازە نوێیە و ئەو ئەدەبە بە بژوێنەیان دروست کردووە. بەوەش ڕەوانبێژی وەکو زانستێکی فراوان و دەوڵەمەند دەرکەوتووە و هەر لە (ئەرستۆ)ی یۆنانییەوە و تا ئەم سەدەیەش کولتوورێکی گەورەی کتێب و لێکۆڵینەوەی ڕەوانبێژی نووسراون و خزمەتی گەورەیان بە ئەدەب و ئەدیبەکانیش کردووە، بەڵام لای کورد، تا ئەمڕۆش لەبواری ڕەوانبێژیدا وەکو زۆرێکی بوارەکانی تر، بەپێی پێویست لێکۆڵینەوەمان نییە، ئەو چەند کتێبانەی نووسراویشن لە ژمارەی دەست تێناپەڕن، کە ئەوانە هەموو ڕەوانبێژییان وەرنەگرتووە، بەڵکو زۆربەیان بەشێکی سێ بەشەکەی ڕەوانبێژی، یان هونەرێک لە هونەرەکانیان وەرگرتووە، هەرچی بەشی واتاشناسیشە، ئەوە زۆر بەدەگمەن کاری لەسەر کراوە، هەرچەندە بایەخێکی گەورەیشی هەیە، ئیتر لێرەوەیە ئەم ناوونیشانەی بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە هەڵبژێرراوە، گرنگی خۆی پەیدا دەکات، کە شتی لەسەر بنووسرێت.

میتۆدی ئەم لێکۆڵینەوەیە، میتۆدێکی ڕەوانبێژی ڕەخنەییە، وەها مامەڵە لەگەڵ دەقەکان کراوە، کە یاساکانی واتاشناسی دەیسەپێنن و دەقی بەپێز بەرهەم دێنن.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە (پێشەکی- دوو بەش- ئەنجام- لیستی سەرچاوەکان) پێکدێت. لە (پێشەکی)دا، وەکو خراوەتەڕوو، باس لە چوار شت کراوە.. سەرەتا: باسی ئەو هۆیانە کراوە، کە ئەم ناوونیشانەیان سەپاندووە و گرنگیان کردووە.. ئینجا ئەو میتۆدە خراوەتە ڕوو، کە لێکۆڵینەوەی پێ نووسراوەتەوە.. دوای ئەوە تیشک خراوەتە سەر بەشەکانی لێکۆڵینەوەکە.. پاش هەموو ئەوەش تیشک خراوەتە سەر ئەو کێشەو گرفتانەی، کە لەکاتی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکەدا هاتوونەتە پێش لێکۆڵەرەوە.

بەشی یەکەم بۆ پێناسەو چەمکی (دارشتن) تەرخان کراوە، تێیدا ژمارەیەک پێناسە لەسەرچاوە باوەڕپێکراوەکانی عەرەبی و کوردی وەرگیراوە، پاشان بە

له بەرچاوگرتنی ئەوان، لێکۆڵەر پێناسەیەکی تازەی بۆ ئەم چەمکە کردووە.

هەرچی بەشی دووەمیشە بۆ بەشەکانی دارشتن تایبەت کراوە، ئەو بەشەیان دابەش کراوەتە سەر دوو باس، یەکەمیان تایبەتە بە (دارشتنی داخوازی) و دووەمیان تایبەتە بە (دارشتنی بێ لە داخوازی)، یەکەمیان چەندین هونەر و شێوازی لێک جیای لێ دەبێتەوە، وەکو: (فرمان، نەهێشتن، پرسیار، خۆزی، بانگ) هەر یەکەش لەوانە دروست و خوازەیشی هەیە، بۆ هەموویان پێناسەی ورد و نموونەی پێویست هێنراون و روون کراونەتەوە، دووەمیشیان واتە (دارشتنە بێ لە داخوازی)یەکە، کە ئەمە لەرووی فراوانییەوە بەقەد ئەوەی یەکەم نییە، بەڵام بە کۆمەڵێک ئامراز و وشەی جۆراوجۆر دروست دەبێت، بۆ هەموو ئەوانەش نموونەی پێویست هێنراونەتەوە.

لەدوای هەموو ئەمانەش لێکۆڵینەوەکە گەیشتووەتە چەند ئەنجامێک، ئەو ئەنجامانە لە (٧) خاڵدا کورت کراونەتەوە و خراونەتە بەردەست.

پاش هەموو ئەوانەش سەرچاوەکان ریزکراون، لەمەدا ناوی نووسەر، ئینجا ناوی کتێب، یان بابەت و شتەکانی دیکە نووسراوە.

## چەمک و پێناسەی دارشتن

دارشتن: بەشێکە لە زانستی واتاناسی، زانایانی رەوانبێژی بەبایەخەوە لەم هونەرە دواون و پێناسەیان بۆ دارشتووە لەمانە:

(فضل حسن عباس) لەپێناسەی (دارشتن)دا دەڵێت: «ئەو گوتەیەیە، کەوا نە راستی و نە درۆش هەڵناگرێت». (١)

(ئەحمەد هاشم)یش بەم شێوەیە پێناسەی دارشتن دەکات و دەڵێت: «گوتەیەکە لەخودی خۆیدا ناشێت راست بێ، یان درۆ». (٢)

هەرچی (عەبدولعەزیز عەتیق)ە، ئەو درێژتر لەوانەی سەروو دەنووسێت، دێت راڤەش بۆ ئەو قسانە دەکات و دەڵێت: «ئەو گوتەیەیە، کە لەخودی خۆیدا راستی و درۆیی هەڵناگرێ، ئەمەش چونکە واتای وشەکەی بەر لە گۆکردنی بوونێکی دەرەکی نییە لەگەڵیدا رێک بێ، یان پێچەوانەی بێ». (٣)

(دەروێش جوندی)ش بەم شێوەیە پێناسەی بۆ دەکات و دەڵێت: «هەموو قسەیەکە، کە راست و درۆ ناگرێتە خۆی، لەبەر ئەوەی واژەکانی پێش گۆکردنیان دەلالەت لەسەر هیچ رووداوێک ناکەن، کە لەگەڵیاندا بگونجێت، یان نەگونجێن» (٤)

(عەزیز گەردی) لەباسی دارشتندا دەڵێت: «ئەو گوتەیەیە کە راست و درۆ بەخۆیەوە هەڵناگرێ، چونکە ئەو مانایەی کە تێیدایە هیچ واقیعی دەرەوەی نییە تابزانین داخۆ لەگەڵی دەگونجێ، یان ناگونجێت». (٥)

(عەلائەدین سجادی)یش لەم بارەیەوە دەڵێت: «راست و درۆیی لەقسەکەدا هەڵناگیرێ، هەریەک قسەیە فەرمانێکە و ئەڵێت بیکە، بیهێنێ و نەیهێنێ تۆ فەرمانی خۆتت داوە». (٦)

بە بەرچاوگرتنی هەموو ئەو پێناسانەی زانایانی عەرەب و کورد بۆ ئەو چەمکەیان کردووە، دەتوانین بڵێین: دارشتن ئەو گوتەیەیە، کە فرمانێک پێشکەش دەکات، یان داوایەک دەخاتەروو، ئەم فرمان و داوایە شتێکی ناوەخۆییەو واقیعێکی دەرەوەی نییە، تا بزانرێت راستە، یان درۆ، بۆیە لە خودی خۆیدا نە راست و نە درۆ هەڵناگرێت.

بۆ نموونە حاجی قادری کۆیی دەڵێ:

**«ونی مەکەن وەکو ئاساری (نالی) و (کوردی)**
**لە سەهوی دیدە بپۆشن گوزەر بکەن لە خەتا»** (٧)

ئەمە نەهێشتن و فرمان و هاندانی تێدایە، ئەمانەش چاکە و خراپە هەڵدەگرن، واتە دەشێ نەهێشتنێک، یان فرمانێک، یان هاندانێک چاک بێت، یان خراپ، بەڵام ئەمە واتای ئەوە نییە، کە راستە، یان درۆ، چاکە و خراپە شتێکە و راست و درۆ شتێکی ترە.

هەرچی بەشەکانی (دارشتن)یشە ئەوە بەشێوەیەکی گشتی دارشتن دەکرێتە دوو بەشەوە:

**یەکەم**: دارشتنی داخوازی

**دووەم**: دارشتنی بێ لە داخوازی

هەردوو ئەمانەش لق و بابەتی لەیەک جیایان لێ دەبێتەوە.

## دارشتنی داخوازی

«بریتییە لە داواکردنی داواکراوێک کە لەکاتی داواکردنەکەدا وەدەست ناکەوێت لەبەر رێگرییەک کە ئەمە هەر دەبێ وابێ، لێرەشدا هەر ئەوەم مەبەستە». (٨) ئەوەش بەدەوری خۆی پێنج جۆری لێ دەبێتەوە، کە

بریتییە لە: (فرمان، نەهێشتن، پرسیار، خۆزی، بانگ کردن).

**یەکەم**: فرمان

(داوای کارێکە لەلایەنێکی بەرزەوە). (٩)

لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە (ئەی ئیمانداران نوێژەکانتان بەچاکی ئەنجام بدەن و زەکاتیش بدەن) سورة البقرة، الآیة: ١١٠

لەم ئایەتە پیرۆزەدا فرمانەکە لە بەرزەوە کە (خوای گەورە)یە بۆ نزم کراوە (کە مرۆڤە) بەوەش فرمانێک بەدی هاتووە، یان ئەوەتا حاجی قادری کۆیی دەڵێت:

**«بخوێنە کافیە و شافی کەمالی نەشئەیی جامی**

**سەدی وەک ئیبنو حاجیب سەرفی عومری کرد لە دەربانی»** (١٠)

لەم دێرەدا فرمانی (بخوێنە) دارشتنی بەرهەم هێناوە، ئەوەتا وەکو دەبینین ناکرێ بە پێوەرەکانی ڕاستی، یان ناڕاستی بپێورێت.

(فرمان)یش دەکرێت بەدوو بەشەوە:

١- فرمانی دروست.

٢- فرمانی خوازەیی.

**١:١- فرمانی دروست**

«مەبەست لەفرمانی دروست ئەوەیە گوزارشت لە پێویست بوون بکات، یان پێویست بوونی بەجێهێنان بکات بە بەڵگەیش گوزارشت لەسەر بێجگەی خۆی بکات، لێرەشدا بێ گومان دەبێ لایەنی بەرز هەبێ واتا لە بەرزەوە بۆ لەخۆ نزمتر بێ». (١١)

بۆ نموونە لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە:

(بڵێ ئەی محەمەد خودا تاک و تەنیایە) سورة الاخلاص، الآیة:١.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا فرمانەکە لەبەرزەوە کە (خوای گەورە)یە بۆ نزم ئاراستەکراوە کە (مرۆڤە)، ئەوەش پاپەندبوون بەرجەستە دەکات، بۆیە فرمانێکی دروست بەدی هاتووە.

هەر لەم بارەیەوە حاجی قادری کۆیی دەڵێت:

**«جۆشێک بدەن وەکو هەنگ تەکبیر بکەن بەبێ دەنگ**

**ئەسبابی شەڕ پەیداکەن تۆپ و تفەنگ و هاوان»** (١٢)

لەم دێرەدا حاجی (فەرمانی)ی (بدەن، بکەن، پەیداکەن)ی بەرانبەر بەخەڵک بەکارهێناوە، (حاجی) وەکو شاعیرێک لە خەڵکی ئاسایی گەورەترە و دەیەوێت پابەندبوون لەخەڵک دروست بکات، واتا لێرەدا حاجی فرمانی بۆ مەبەستی دروست بەکارهێناوە.

**١:٢- فرمانی خوازەیی**

«بەڵام فرمان دەشێ لە واتای دروستی خۆی دەرچێ کە بریتییە لە داواکردنی کارێ لە بەرزەوە بۆ نزم لەو ڕووەی کە پێویستە جێبەجێی بکات، هەروەها پێوەی پابەند بێ، ئەوەتا دەشێ فرمانەکە گوزارشت لە واتایانێکی تر بکات، کە وشەکە هەڵدەگرێت هەمان واتاش ببینێت، لەمەشدا سوود لە درێژەی گوتە و ئەو بەڵگانە وەردەگرێت کە بارەکانی تێدا پێشکەشکردنی فرمانەکە دەخەنە ڕوو». (١٣)

بۆ نموونە حاجی قادری کۆیی دەڵێت:

**«وەرە بابێینە سەر باسی نیهانی**

**بەیادی عەیش و ئەییامی جەوانی»** (١٤)

لەم دێرەدا حاجی (فرمان)ی (بابێینە)ی بەکارهێناوە و ڕووی کردووەتە هاوشانێکی خۆی، کە لەو بەرزتر نییە، بەڵام تاکە مەبەستێک کە وەدی هێنابێ پابەندکردنە، بەوەش فرمانەکە لە باری دروستی خۆی دەردەچێت و دەبێتە فرمانی خوازەیی.

ئەمەش هەندێک لەم مەبەستە خوازەییانەیە:

**(١) پاڕانەوە**

«بریتییە لە داوایەک لەشێوەی هاوار بۆ کردن و داوای یارمەتی لێ کردن و کرووزانەوە و بەخشین و بەزەیی پێداهاتنەوە و شتانێکی هاوشێوە». (١٥)

هەروەک لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە:

«خوایە یارمەتیم بدە دڵ و دەروون و ڕوح و گیانم کۆ بکەرەوە، تا سوپاسگوزاری ناز و نیعمەتەکانت بم» سورة النمل، الآیة: ١٩.

(بدە) فرمانە، بەڵام لەبەر ئەوەی لەنزمەوە کە مرۆڤە بۆ بەرز کە خوایە ئاراستەکراوە، دەبینین مەرجەکانی فرمانی دروستی لە دەست داوە، بەوەش مەبەستەکە لە فرمانەوە بووەتە پاڕانەوە. واتە فرمانەکە بووەتە فرمانێکی خوازەیی.

حاجی قادری کۆیی دەڵێت:

**«لەدنیادا ئیلاهی هەر بمێنن**

**بنەی بێ ئیتتیفاقی هەڵقەنێنن»** (١٦)

لەم دێرەدا حاجی (فرمان)ی (بمێنن)ی بۆ پاڕانەوە لە خوای گەورە بەکارهێناوە کە ئەمەش شێوازێکی فرمانی خوازەییە.

هەروەک مەحوی دەڵێت:

**«یاڕەب لە دۆزەخ ئوممەتی (ئەحمەد) بدەی نەجات**

**کەم بێ چییە لە کوورەیی وا باوەشی بزووت» (١٧)**

لەم دێرەدا مەحوی (فرمان)ی (بدەی) بۆ پاڕانەوە لەخوای گەورە بەکارهێناوە، واتا لێرەدا مەحوی فرمانی بۆ هەمان مەبەستی خوازەیی بەکارهێناوە کە ئەویش (پاڕانەوە)یە.

**(٢) داوا**

«ئەگەر هەردوولا هاوڕێی یەک بن، وەکو ئەوەی تۆ بە برادەرێکت بڵێیت». (١٨) (دەفتەرم بدەیە).

بۆ نموونە حاجی قادری کۆیی دەڵێت:

**«گوتم بە بەختی خەواڵوو بەسە ئەتو بی خودا**

**لەخەو هەڵسە زەمانێ بچینەوە ئەولا» (١٩)**

لەم دێرەدا حاجی (فرمان)ی (هەڵسە)ی بۆ داواکردن لە خۆی بەکارهێناوە، واتا لێرەدا حاجی فرمانی بۆ مەبەستێکی خوازەیی بەکارهێناوە کە ئەوی (داوا)یە.

هەر حاجی خۆی لەدێرە شیعرێکی تردا دەڵێت:

**«شیعرەکانم کە غەریبی وەتەن و نەو سەفەرن**

**وەرە بیخونەنەوە ئەم نوقتە سەوابێکی هەیە» (٢٠)**

لەم دێرەدا حاجی (فرمان)ی (بیخونەنەوە)ی بۆ هەمان مەبەستی پێشووی خوازەیی بەکارهێناوە کە ئەویش (داوا)یە.

**(٣) خۆزی**

**«ئەوکاتەی داواکراوەکە زۆر ئازیز بێ و هیوای هاتنەدی نەکرێ». (٢١)**

بۆ نموونە پیرەمێرد دەڵێت:

**«خۆزگە من ببمە درەختێ بۆ قوتابخانەی کچان**

**ئەو کچانەی وا دەخوێنن ببمە سێبەر بۆ ئەوان» (٢٢)**

لەم دێرەدا پیرەمێرد (فرمان)ی (ببمە)ی بەکارهێناوە کە ئاواتەخوازە بۆ ئەوەی ببێتە درەخت تاوەکو سێبەر لە قوتابیانی کچ بکات ئەوانەی کە دەخوێنن، واتا لێرەدا شاعیر فرمانی بۆ مەبەستێکی خوازەیی بەکارهێناوە کە ئەویش (خۆزی)یە.

هەر پیرەمێرد خۆی لەدێرە شیعرێکی تردا دەڵێت:

**«خۆزگە ئەبوومە دارێ لە خواوە**

**ئەڕوام لە تەنیشت، گڵکۆی لەیلاوە» (٢٣)**

لەم دێرەدا پیرەمێرد (فرمان)ی (ئەبوومە)ی بەکارهێناوە، لێرەدا شاعیر ئاواتەخوازی شتێکی ترە، واتا پیرەمێرد فرمانی بۆ هەمان مەبەستی خوازەیی بەکارهێناوە کە ئەویش (خۆزی)یە.

**(٤) هەڕەشە**

«ئەمە بە بەکارهێنانی شێوازی فرمانەوە دەبێ لەلایەنی قسەکەرەوە لە پێگەی ناڕازیبوون لە قسە بۆ کراوەوە بەکاردێت، کە فرمانی بەم کارەی کردوویەتی پێ نەکراوە، ئەمەش بۆ ترسان و ئاگادارکردنەوەی». (٢٤)

هەروەک لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە:

(ئەی بێ باوەڕان هەرچیتان لەدەست دێت بیکەن دڵنیاش بن خوا ئاگاداری ئەو کردارانەیە کە ئێوە دەیکەن) سورة فصلت، الآية: ٤٠.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا، کە خوای گەورە بە بێ باوەڕان دەڵێت هەرچی دەیکەن بیکەن، ئەمە بۆ ڕێگە پێدان نییە، بەڵکو بۆ هەڕەشە لێ کردنە، کە ئەو لەسەر کارە خراپەکانیان لێیان ڕازی نابێ و سزایان دەدات، بۆیە فرمانەکە خوازەییەو مەبەستی هەڕەشە بەرهەم دێنێت.

هەروەها لەدێرە شیعرێکی عەرەبیدا هاتووە کە دەڵێت:

**«ئەگەر نەترسی لە دواڕۆژ**

**شەرمیش نەکەیت هەرچی دەکەیت بیکە» (٢٥)**

لەم دێرەدا شاعیر (فرمان)ی (بیکە)ی بۆ هەڕەشەکردن بەکارهێناوە، واتا لەم دێرەدا شاعیر فرمانی بۆ مەبەستێکی خوازەیی بەکارهێناوە کە ئەویش (هەڕەشە)یە.

**(٥) ئامۆژگاری**

«ئەو داوایەیە کە نە زۆرکردن و نە پابەندبوونیش دابین نەکات، بەڵکو داوایەکە لە دووتوێی خۆیدا واتای ئامۆژگاری کردن و ڕێنمایی کردن هەڵدەگرێت». (٢٦)

هەروەک لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە:

(ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە ئەگەر قەرزێکتان کرد تا ماوەیەکی دیاریکراو لە یەکتر با نووسەرێک، یان داپەروەرییەک بەڕاستی و دروستی لەنێوانتاندا بینووسێت) سورة البقرة، الآية: ٢٨٢.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا خوای گەورە بە باوەڕداران دەڵێت ئەگەر قەرزێکتان کرد با یەکێک بەڕاستی و دروستی بینووسێت، بەمەش مەبەستی ئامۆژگاری کردن بەرهەم دێنێت.

بۆ نموونە دڵزار دەڵێت:

**«لاوی کوردی بخوێنە خوێندن مەرهەمە بۆ زامی گەل**

**تیشکی زانینە ئەدا ڕۆشن بە ئەستێرەی ئەمەل» (٢٧)**

لەم دێرەدا دڵزار (فرمان)ی (بخوێنە)ی بۆ ئامۆژگاری

کــردنی لاوی کــوردی بەکــارهێناوە، واتا لێــرەدا دڵزار فرمانی بۆ مەبەستێکی خوازەیی بەکارهێناوە کە ئەویش (ئامۆژگاری)یە.

هەر بەم شێوەیە شێخ سەلام دەڵێت:

**«بخوێنن پێ بگەن کۆمەڵ بدەن ساز**

**هەزاران ڕوحی کاوە دێتە پەرواز» (٢٨)**

لەم دێرەدا شێخ سەلام (فرمان)ی (بخوێنن، پێ بگەن، بدەن)ی بۆ ئامۆژگاری کردن بەکارهێناوە (ئامۆژگاری)ش مەبەستێکی تری فرمانی خوازەییە.

**(٦) هاندان**

ئەو فــرمــانەیە کــە بۆ پابەندبوون نیــیــە، بەڵکو بۆ بەرەوپێشبردنی فرمان پێ کراوە.

بۆ نموونە حاجی قادری کۆیی دەڵێت:

**«وای بخوێنن لەوەجهی موحتاجی**

**وابزانن بەخۆیەتی حاجی» (٢٩)**

لەم دێرەدا حاجی (فرمان)ی (بخوێنن)ی بۆ مەبەستی (هاندان) بەکارهێناوە، (هاندان)یش مەبەستێکی تری خوازەییە.

هەروەها دڵدار دەڵێت:

**«دەسا غیرەت کە مەوهوومی لە بەهری ژینا مەحروومی دریغ و حــەیفــە مــەزڵوومی، کــە زیندووی پەشــمــە فەوتاوی» (٣٠)**

لەم دێرەدا دڵدار (فــرمــان)ی (غــیــرەت کــە)ی بۆ مـــەبەســـتی (هاندان) بەکـــارهێناوە، (هاندان)یش مەبەستێکی تری خوازەییە.

**دووەم: نەهێشتن**

«فەرمانی نەکردنی کارێک کە گوێگر خەریک بێ، یان بەتەمابێ، یان لەوانەبێ بیکات». (٣١)

هەروەک لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە:

(نزیکی کــاری بەدرەوشــتی مــەبنەوە، چونکە کــاری بەدرەوشتی ڕێگاکەی خــراپەیە) سـورة الاسـراء، الآیة: ٣٢ (مەبنەوە) نەهێشــتنە کە لە بەرزەوە بۆ نزم کراوە بۆ کاری خراپە، بەمەش نەهێشتنێک بەدی هاتووە.

یان ئەوەتا کوردی دەڵێت:

**«مەڵێن کەڵکی نەبوو ڕۆیی، جەهەننەم**

**سەرم قەڵغانە بۆ تیری قەزاتان» (٣٢)**

لەم دێرەدا کــوردی (نەهی) (مــەڵێن)ی بەرانبــەر بەو کەسانە بەکارهێناوە کــە دەڵێن (کوردی کــەڵکی هیــچی پێــوە نەبووە ڕۆیی بەجــەهەننەم)، واتا لێــرەدا کــوردی (نەهێشتن)ی لەباری ئاساییدا بەکارهێناوە.

نەهێشتن دەکرێتە دووبەشەوە:

١- نەهێشتنی دروست.

٢- نەهێشتنی خوازەیی.

**٢:١- نەهێشتنی دروست**

«بریتــیــیــە لە داوای وازهێنان لەفـرمـانێک لە لایەنی بەرزەوە بۆ لایەنی نزم، کــە ئەمــەش پابەندبوون دروست دەکات». (٣٣).

هەروەک لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە:

(جاسووسی مەکەن و هەندێکتـان غـەیبەتی هەندێکی ترتان مەکەن) سورة الحجرات، الآیة: ١٢.

ئەم نەهێشــتنە لێرەدا لەبەرزەوە بۆ نزمــە، بۆ مەبەسـتی پابەندبوونیــشــە بەوەی لە نەهی لێکراو دووربکەونەوە، بۆیە نەهێشتنی دروستە.

هەر لەم ڕووەوە حاجی قادری کۆیی دەڵێت:

**«(حاجی)یە (فیردەوس)یی کورد سا ئەتۆش**

**گوێ وەکوو مەحموود مەدە قەولی بەدان» (٣٤)**

لەم دێرەدا حاجی (نەهی) (مەدە)ی بۆ یەکێکی لەخۆی نزمـتـر بەکـارهێناوە، بۆ ئەوەیشـە بە قسـەی بکات، واتا لێــرەدا حـاجی (نەهێــشتن)ەکـەی بۆ مـەبەسـتی دروست بەکارهێناوە.

**٢:٢- نەهێشتنی خوازەیی**

«بەڵام زۆرجـار شێـوازی نەهێشتن بە چەندین جۆری تر دەکـــەوێتـــە بەرچاو و دەبینرێت دەرچوونە لە مـــانا دروسـتەکەی، بەڵکو گـوزارشت لەمـانای دیکە دەکـەن بۆ ئەمەش سوود لە درێژەی گوتە و ئەو بەڵگانە وەردەگیرێت کە بارەکە دروست دەکەن». (٣٥)

ئەم مــانا خــوازەییــانەش بۆ زۆر مــەبەست دەهێنرێن لەوانە:

**(١) پاڕانەوە**

«کـاتێک کـە لەنزمـەوە بۆ کـەسێکی بەرزتر لەشـان و پایەدا پێشکەش دەکرێ». (٣٦)

هەروەک لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە:

(ئەی خودایە لێمـان مەگرە لەو شتانەی کە لە یادمان کـردووە، یان بەهەڵە کـردوومـانە) سـورة البـقـرة، الآیة: ٢٨٦.

مرۆڤ کە نزمە ئەم نەهییە ئاراستەی خودا دەکات، کە لەخۆی و لەهەموو مەخلووقەکانیشی بەرزترە، ئەوەش نەهییەکە لەباری ئاسایی دەردەچووێنێت و دەیکاتە پاڕانەوە، چونکە نزم ناتوانێت پابەندی لەبەرز دروست بکات.

هەروەها سالم دەڵێت:

**«ڕەوشەنی داوە بەدڵ ڕەوزەلی سینەم لە خەدەنگ**
**دەک ئیلاهی نەڕزێ دەستی کەمانت لەگلا» (٣٧)**

لەم دێرەدا سالم بە (نەهی) (نەڕزێ) لە خوای گەورە دەپاڕێتەوە، واتا لێرەدا سالم (نەهێشتن)ی بەشێوازی خوازەیی بۆ مەبەستی (پاڕانەوە) بەکارهێناوە.

هەروەها مەحوی دەڵێت:

**«وتی: میوەی بەهەشتە شیعری «مەحوی»**
**خوا نەبڕی لەباغم داری بەردار» (٣٨)**

لەم دێرەدا مەحوی بە (نەهی) (نەبڕی) لە خوای گەورە دەپاڕێتەوە، واتا لێرەدا مەحوی (نەهێشتن)ی بۆ هەمان مەبەستی خوازەیی بەکارهێناوە ئەویش (پاڕانەوە)یە.

هەروەها حاجی دەڵێت:

**«ئیلاهی نەیخەیە بەر چەنگی مەندەبووری لەئیم**
**نقوودی حاجی کە نەیدیوە خوسرەو و دارا» (٣٩)**

لەم دێرەدا حاجی بە (نەهی) (نەیخەیە) بەشێوازی پاڕانەوە داوای شتێک لەخوای گەورە دەکات، واتا لێرەدا حاجی (نەهێشتن)ی بۆ مەبەستی (پاڕانەوە) بەکارهێناوە کە ئەمەش شێوازێکی نەهێشتنی خوازەییە.

**(٢) تکا**

«بۆ ئەوکاتە دەبێت کە نەهێشتنەکە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی هاوشانی لە ڕێز و پایەدا پێشکەش بکرێت». (٤٠)

بۆ نموونە خوای گەورە دەفەرموێت لەسەر زمانی هاروون کە لەگەڵ (مووسا)ی برایدا دەدوێت: (ئەی کوڕی دایکم ڕیشم مەگرە لەگەڵ سەرم) (٤١)

(مەگرە) نەهێشتنێکە کە بۆ تکا کردن لە مووسا بەکارهێنراوە.

بۆ نموونە نالی دەڵێت:

**«(نالی) مەبە حاجز، کە ئەوە دەورە نەجەورە**
**ساقی کەرەمی یەک بەیەکە و نەوبە بە نەوبە» (٤٢)**

لەم دێرەدا نالی بە نەهی (مەبە حاجز) بۆ تکاکردن لە خۆی بەکارهێناوە و دەڵێت (نالی لە نالەباری زەمانە زویر مەبەو خەم و پەژارە دات نەگرێ)، واتا لێرەدا نالی (نەهێشتن)ی بۆ مەبەستێکی خوازەیی بەکارهێناوە کە ئەویش (تکا)یە.

هەروەها مەحوی دەڵێت:

**«بەئاهم گەر ڕەقیبانت بسووتێن ئەی گوڵی ڕەعنا**
**مەڕەنجە، توخودا شوعلە لە ئاقاری چقڵ چ بکا؟!» (٤٣)**

لەم دێرەدا مەحوی بەنەهی (مەڕەنجە) بۆ تکاکردن لە یار بەکارهێناوە، واتا لێرەدا مەحوی (نەهێشتن)ی بۆ هەمان مەبەستی خوازەیی بەکارهێناوە کە ئەویش (تکا)یە.

هەروەها دڵدار دەڵێت:

**«بێجگە لەم کوڕە وەجاغم کوێرە**
**بەمنی ببەخشە مەمکە ڕەنجەڕۆ» (٤٤)**

لەم دێرەدا دڵدار بەنەهی (مەمکە ڕەنجەڕۆ) بۆ تکاکردن لە خوای گەورە بەکارهێناوە، واتا لێرەدا (نەهێشتن)ی بۆ هەمان مەبەستی خوازەیی بەکارهێناوە کە ئەویش (تکا)یە.

**(٣) ئامۆژگاری**

«ئەوکاتە دەبێ کە نەهێشتنەکە لە دووتوێی خۆیدا مانایەک لەماناکانی ئامۆژگاری کردن و ڕێنمایی کردن لەخۆ بگرێت». (٤٥)

بۆ نموونە مەحوی دەڵێت:

**«نەسیحەت بێ برا: گەر ڕۆڵە بوو مەڕوانە بۆ ئابا**
**گەواهی عەدلی ئەم دەعوایە پوری پوری مەروانە» (٤٦)**

لەم دێرەدا مەحوی نەهی (مەڕوانە) لەنیوە دێری یەکەمدا بۆ ئامۆژگاری کردنی براکەی بەکارهێناوە، واتا لێرەدا مەحوی (نەهێشتن)ی بەشێوازی خوازەیی بۆ مەبەستی (ئامۆژگاری)بەکارهێناوە.

هەروەها حاجی دەڵێت:

**«ئەمین مەبە لە سبەینێ ئەمەت بەسەردێنێ**
**حەوادیساتی زەمانە کە نایەتە تەخمین» (٤٧)**

لەم دێرەدا حاجی بە نەهی (ئەمین مەبە) بۆ ئامۆژگاری کردنی کەسێک بەکارهێناوە، واتا لێرەدا حاجی (نەهێشتن)ی بەشێوازی خوازەیی بۆ مەبەستی (ئامۆژگاری) بەکارهێناوە.

هەروەها بێکەس دەڵێت:

**«قەت مەڵێن دوژمن بەهێزە تۆپ و تەییارەی هەیە**

**ئیتیفاقتان گەر هەبێ زۆر زەحمەتە خۆی ڕاگرێ»** (٤٨)
لەم دێرەدا بێکەس بەنەهی (مەڵێن) بۆ ئامۆژگاری کردنی کۆمەڵی بەکارهێناوە، واتا لێرەدا بێکەس هەمان شێوازی خوازەیی بەکارهێناوە کە ئەویش (ئامۆژگاری)یە.

**(٤) هەڕەشە**

«ئەمە ئەوکاتە دەبێ کە قسەکەر مەبەستی بێت ئەو کەسە بترسێنێت کە لەڕێز و پایەدا لەخۆی نزمترە، ئەوەش وەکو سزایەک بەرانبەر ئەو کارەی کە هەڕەشە لێکراو ئەنجامی داوە و کەسی هەڕەشەکەر پێی ڕازی نییە». (٤٩)
بۆ نموونە نالی دەڵێت:
**«بەزمی هوزارە، قەل فڕی ئەغیارە، دەوری گوڵ**
**سۆفی: بڕۆ مەبە بە دڕک تۆ لە ئێمە نیی»** (٥٠)
لەم دێرەدا نالی بەنەهی (مەبە بەدڕک) بۆ هەڕەشەکردن لە سۆفی بەکارهێناوە، واتا نالی لێرەدا (نەهێشتن)ی بەشێوازی خوازەیی بۆ مەبەستی (هەڕەشە) بەکارهێناوە.

**(٥) سەرزەشت**

«ئەمە لەو بارەی قسە بۆ کراوە دەبێ کە دەیەوێ کارێک بکات لە ڕوانگەی سەرزەنشتکەرەوە، یان ئەوەتا هێزی ئەنجامدانی کارەکەی نییە یانیش کارەکە چ سوودی نییە». (٥١)
هەروەک لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە:
(عوزر مەهێننەوە دوای باوەڕهێنانتان کوفرتان کرد) سورة التوبة، الآیة: ٦٦.
مەهێننەوە هەڕەشەی دروست کردووە، چونکە لە باری ئاسایی نەهیکردن نەخراوەتە ڕوو.
نالی دەڵێت:
**«لۆمەیی (نالی)یی دێوانە مەکەن ئەی عوقەلا!**
**ئەمە موددتێکە زەدەی لەتمەیی دەستی پەرییە»** (٥٢)
لەم دێرەدا نالی بەنەهی (مەکەن) بۆ لۆمەو سەرزەنشت کردن بەکارهێناوە، واتا لێرەدا نالی (نەهێشتن)ی بەشێوازی خوازەیی بۆ مەبەستی (سەرزەنشت) بەکارهێناوە.
هەروەها حاجی دەڵێت:
**«شەمعی من سەرزەنشتی قەت مەکەن پەروانە ئەگەر**
**ئێستە خامۆشە شەو، ئەڵبەتە جەوابێکی هەیە»** (٥٣)
لەم دێرەدا حاجی بەنەهی (مەکەن) بۆسەرزەنشتکردن بەکارهێناوە، واتا حاجی لێرەدا (نەهێشتن)ی بەشێوازی خوازەیی بۆ مەبەستی (سەرزەنشت) بەکارهێناوە.

**(٦) دڵدانەوە**

هەروەک لەقورئانی پیرۆزدا هاتووە:
پێغەمبەر (د.خ) دڵی ئەبوبەکری دایەوە و پێی وت (خەفەت مەخۆ، دڵنیابە خوامان لەگەڵە) سورة التوبة، الآیة: ٤٠.
نەهێشتنەکە لێرەدا بۆ دڵنیاکردنەوەیە، ئەوەش خوازەییە.
حاجی دەڵێت:
**«لە پاشی ئەو هەموو گریان و ناڵە و زارییە پێم گوت**
**عەزیزم غەم مەخۆ هێندە، لە سایەی ڕەحمەتی ڕەحمان»** (٥٤)
لەم دێرەدا حاجی بەنەهی (غەم مەخۆ) بۆ دڵدانەوەی هاوڕێیەکەی بەکارهێناوە، واتا لێرەدا حاجی (نەهێشتن)ی بەشێوازی خوازەیی بۆ مەبەستی (دڵدانەوە) بەکارهێناوە.
هەروەها پیرەمێرد دەڵێت:
**«مەگری و مەناڵە بابەخەفەت دڵ شکست نەبێ**
**نەختێ لەلات ئەمێننەوە و بۆ هەشت ئەچن»** (٥٥)
لەم دێرەدا پیرەمێرد بەنەهی (مەگری، مەناڵە) بۆ دڵدانەوەی یار بەکارهێناوە، واتا پیرەمێرد لێرەدا (نەهێشتن)ی بەشێوازی خوازەیی بۆ مەبەستی (دڵدانەوە) بەکارهێناوە.
هەروەها هێمن دەڵێت:
**«گوتم ئەی بلبلی خەمگینی دڵمەند**
**مەناڵێنە لە دەس داو و لەدەس بەند»** (٥٦)
لەم دێرەدا هێمن بەنەهی (مەناڵێنە) بۆ دڵدانەوەی بلبلی بەکارهێناوە، واتا لێرەدا هێمن (نەهێشتن)ی بەشێوازی خوازەیی بۆ هەمان مەبەست بەکارهێناوە کە ئەویش (دڵدانەوە)یە.

**(٧) تەحەدا**

بۆ نموونە دڵدار دەڵێت:
**«کەس نەڵێ کورد مردووە کورد زیندووە**
**زیندووە قەت نانەوێ ئاڵاکەمان»** (٥٧)
لەم دێرەدا دڵدار بەنەهی (کەس نەڵێ) بۆ تەحەدا کردن

بەکارهێناوە، واتا لێرەدا دڵدار (نەهێشتن)ی بەشێوازی خوازەیی بۆ مەبەستی (تەحەدا) بەکارهێناوە.

**ئامرازەکانی نەهێشتن ئەمانەن:**

١: نە: بۆ نموونە بێکەس دەڵێت:

**«ئیتیفاقێ گەر نەکەی، لەم جەهلە خۆت ڕزگار نەکەی**
**پاشـــەڕۆژت قـــەڵبـــە بەخـــوا، عـــەیش و نۆشت زارییە»** (٥٨)

٢: مە: بۆ نموونە نالی دەڵێت:

**«وازەن مەبە ڕوخسارەیی تۆ غائیبە قوربان**
**بنواڕە چلۆن نەقشە لەنێو دیدەیی تەڕما»** (٥٩)

**سێیەم: پرسیار**

«ئەمـە داواکـردنی تێگەیشـتنە، بریتـیـیـە لە هەواڵ پێـدانت لە بارەی ئەو شتـەی، کـە پێـشـتـر لە بارەیەوە زانیـاریت دەست نەکـەوتووە، هەندێکیـشـیـان جیـاوازی لەنێـوان پرسـیـار و هەواڵ پێـدان دەکـەن، بەڵام ئەمـە لە زانسـتی ڕەوانبێـژیدا جـێگەی بایەخ پێـدانێکی ئەوتۆ نییە». (٦٠)

**پرسیار دەکرێتە دوو بەشەوە:**

١- پرسیاری دروست.
٢- پرسیاری خوازەیی.

**٣:١- پرسیاری دروست**

«مـانای بنچـینەیی پرسـیـار بریتـیـیـە لە داواکـردنی تێگەیشتن لە پرسـیـار لێکراوەوە لەگـەڵ ورووژاندنی جـووڵاندنی مـانا ڕەوانبێـژییـەکـان، هۆی ئەداکردنی ئەو مـانایانە بە ڕێگەی پرسـیـار نەک بە ڕێگای لەسـەر ڕاهاتووەکـان بـۆ مـانـای پرسـیـار دەگـەڕێـتـەوە لەو شتانە». (٦١)

(پرسیـاری دروست) بۆ سێ مەبەست بەکاردەهێنرێت کە ئەمانەن:

١- یان مـەبەسـتی لە پرسـیـارکـردن ئەوەبێ پێـوەندی نێـوان دوو شت بزانێ ئاخـۆ ئەو پێـوەندییـە هەیە، یان نییە، وەڵامـەکەش بە (بەڵێ)، یان (نەخێر) دەبێت، ئەم جۆرە پرسیارە بە هۆی ئامراز و بەبێ ئامرازیش دەکرێت.

* پرسیارکردن بە ئامراز: وەکو «ئەرێ دوێنێ چووبووی بۆ سلێمانی؟» لێرەدا پرسیارکەر پێویستی بە وەڵام هەیە جا وەڵامەکە بە (بەڵێ) بێت، یان (نەخێر).

* پرسیار کردن بەبێ ئامراز: بۆ نموونە نالی دەڵێت:

**«ئەستێرە هەمموو مەحوە لەنێو نووری قەمەردا**
**یاشەمسی جەمالت شەوی گێراوە بە فەردا؟»** (٦٢)

٢- یان وادەبێ پرسـیـار بە دەسـتنیـشـان کـردن وەڵام بدرێتەوە، ئەمەش لەکاتێکدایە کە پرسیار لە بارەی دوو شت، یان زیاترەوە دەکرێت، بۆ نموونە نالی دەڵێت:

**«ئایا بەجەمع و دائیرەیە دەوری (کانی با)**
**یاخۆ بووە بە تەفریقەیی شۆڕش و نوشور؟»** (٦٣)

نالی لەم دێرەدا پرسیارەکەی پێویستی بەدەستنیشـان کردنی لایەنێک لەم دوو لایەنەی هەیە.

٣- یان وادەبێ پرسیار لە بارەی لایەنێکی نەزانراوەوە دەکرێت، واتە لێرەدا پرسیارکەر پێویستی بە وەڵام هەیە بە مەبەستی زانین بۆ نموونە:

«یەکەم گۆڤاری کوردی کەی دەرچوو؟»

لێـرەدا پرسـیـار لەبارەی ئەوکـاتە دەکـات کـە یەکـەم گۆڤاری تێدا دەرچووە، چونکە پرسیـارکەر هیچ شتـێک لەبارەیەوە نازانێت.

**٣:٢- پرسیاری خوازەیی**

«دەشێ پرسـیـار لە مـانای بنچـینەیی کە بریتـیـیـە لە داواکـردنی زانیـاری لەبارەی نەزانراوێک دەربچـێت و لەگـەڵ هەبوونی زانیـاری لەبارەی شـتـەکەوە پرسـیـار لە بارەی شتەکەوە بکرێت، ئەمەش بۆ چەندین مـەبەستی تر کـە لە دەربڕینەکـانی گـوتە و مـاناکـانی هەسـتی پێ دەکرێت». (٦٤)

لە گرنگترین مەبەستەکانی پرسیاری خوازەیی ئەمانەی خوارەوەن:

**١- نەفی**

«ئەوکاتە دەبێت کە پرسیارکردن بۆ مەبەستی نەفیکردن هاتبێ نەک بۆ داواکـردنی وەرگـرتنی زانیـاری لەبارەی نەزانراوێک». (٦٥)

بۆ نموونە نالی دەڵێت:

**«شیعری خەڵکی کەی دەگاتە شیعری من بۆ نازکی؟!**
**کـــەی لە دیقـــەتدا پەتک دەعـــوا لەگـــەڵ هەودا دەکا؟!»** (٦٦)

لەم دێرەدا نالی ئامرازی پرسی (کەی) بۆ مەبەستی نەفیکردن بەکارهێناوە، واتە (شیعری خەڵک ناگاتە شیعری نالی لە نازکیدا)، (نەفی) کردنیش شێوازی پرسیاری خوازەییە.

هەروەها شێخ ڕەزا دەڵێت:

**«بۆچ بچمەوە کەرکوکی قورمساغ کە لەگەڵ من**
**ئەهلی هەموو ناسازە وەکوو ئاوی حەمامۆک»** (٦٧)

لەم دێرەدا شێخ ڕەزا ئامرازی پرسی (بۆچ)ی بۆ مەبەستی نەفیکردن بەرانبەر بەخۆی بەکارهێناوە، واتە (ناچمەوە کەرکووک)، (نەفی) کردنیش شێوازی پرسیاری خوازەییە.

هەروەها گۆران دەڵێت:

**«چۆن ئەتوانم بڕەنجم لێت،**
**هەی خاک بەسەر ئینسانی شێت؟»** (٦٨)

لەم دێرەدا گۆران ئامرازی پرسی (چۆن)ی بۆ مەبەستی نەفیکردن بەرانبەر بە خۆی بەکارهێناوە، واتە مەبەستی ئەوەیە بڵێت (من ناتوانم لەتۆ بڕەنجێم)، واتا لێرەدا گۆران ئامرازی پرسی (چۆن)ی بۆ هەمان مەبەستی پێشووی بەکارهێناوە کە ئەمەش شێوازێکی خوازەییە.

**٢- چەسپاندنی مەبەست**

«ماناکەی ئەوەیە کە شتێک لەلایەن قسە بۆ کراوەوە چەسپاوە، بەڵام تۆ ئەو شتە چەسپاوە بەشێوەی پرسیار ئاراستە دەکەیتەوە، چونکە ئەمە کاریگەریی لەسەر دەروون زۆرترە، هەروەها زیاتریش پابەندی دروست دەکات». (٦٩)

هەروەک لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە:

(ئەی محەمەد ئایا دڵ و دەروون و سینەمان شاد و ئاسوودە نەکردیت) سورة الشرح، الآیة:١.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا بە ئامرازی پرس، پرسیار لە پێغەمبەر (د.خ) کراوە کە بۆ مەبەستی چەسپاندنی مەبەستە کە ئەویش ئاسوودە بوونی دڵ و دەروونە.

بۆ نموونە حاجی دەڵێت:

**«بۆچی حاجی نەخوێنێ وەک تووتی**
**ئەم زوبانە هەزاری خستە قەفەس»** (٧٠)

لەم دێرەدا حاجی بە ئامرازی پرسی (بۆچی) بۆ چەسپاندنی دەربڕینی بێزاری بەکارهێناوە، واتا لێرەدا حاجی ئامرازی پرسی (بۆچی) بەشێوازی خوازەیی بۆ مەبەستی (چەسپاندنی مەبەست) بەکارهێناوە.

هەروەها بێکەس دەڵێت:

**«بیری ئازادی جیهانی گرتەوە توخوا بەسە**
**ئەم نیزامە کۆنە تاکەی؟ هیممەتێ کەن لابرێ»** (٧١)

لەم دێرەدا بێکەس بە ئامرازی پرسی (تاکەی) بۆ چەسپاندنی مەبەست بەکارهێناوە کە ئەمەش شێوازێکی تری پرسیاری خوازەییە.

هەروەها هێمن دەڵێت:

**«کۆیلەتی باوی نەماوە، کیژی کوردی خۆشەویست؟**
**ڕاپەڕە، هەستە لەخەو، ئاخر چ وەختی خەوتنە»** (٧٢)

لەم دێرەدا هێمن بە ئامرازی پرسی (چ) بۆ چەسپاندنی نەمانی کۆیلەتی بەکارهێناوە، واتا لێرەدا هێمن ئامرازی پرسی بۆ هەمان مەبەستی پێشووی بەکارهێناوە کە ئەویش (چەسپاندنی مەبەست)ە.

**٣- گەورەیی**

«ئەمەش بەدەرچوونی پرسیار لە مەبەستی دروستی خۆی دەبێت ئەوکاتەی کە پرسیارەکە ئاراستە دەکرێت بۆ گوزارشت کردن لەو سیفەتە جوانانەی پرسیارلێکراو هەیەتی لە ئازایەتی و بەخشندەیی و گەورەیی و خاوەنداریەتی و هەر سیفەتێکی هاوشێوە». (٧٣)

هەروەک لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە:

(کێیە ئەوەی دەتوانێت تکا بکات لەلای ئەوە بەبێ مۆڵەتی خۆی) سورة البقرة، الآیة: ٢٥٥.

لەم ئایەتە پیرۆزەدا ئامرازی پرسی (کێ) هاتووە کە ئەمەش بۆ پێشاندانی گەورەییە.

بۆ نموونە حاجی دەڵێت:

**«دوو سەد گوناهی هەیە خەڵق باوەجوودی کەریم**
**ئەمی کە داویە دەیدا، چ ڕازیقێکە کەریم»** (٧٤)

لەم دێرەدا حاجی ئامرازی پرسی (چ)ی بۆ پیشاندان و دەرخستنی گەورەیی بەرانبەر بەخوای گەورە بەکارهێناوە، واتا لێرەدا حاجی ئامرازی پرسی (چ)ی بەشێوازی خوازەیی بۆ مەبەستی (گەورەیی) بەکارهێناوە.

**٤- نکوڵی**

«لە گرنگترینی ئەو مەبەستانەیە کە لە پرسیارکردندا بەرجەستە دەبێت لەوکاتەدا کە پرسیارەکە لەباری دروستی خۆی دەرچووبێت، ئەمەیان لە هەموو مەبەستەکانی تر بڵاوتریشە، ئەم جۆرە پرسیارە بە پرسیاری نکوڵی دەناسرێت». (٧٥).

هەروەک لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە:
(هاناو هاوار بۆ کەسێک دەبەن جگە لە خوا؟) سورة الانعام، الآية: ٤٠.
لەم ئایەتە پیرۆزەدا بەشێوەی نکوڵی پرسیار کراوە بەرانبەر ئەوانەی لەڕێگای ڕاست لادەدەن.
بۆ نموونە هێمن دەڵێت:
**«هەموو قەومێک وەسەرکەوتووە لە هەوراز**
**بەشی تۆ کوردە تاکەی هەر نشێوە؟» (٧٦)**
لەم دێرەدا هێمن ئامرازی پرسی (تاکەی) بۆ نکوڵی کردن لە قەومەکەی بەکارهێناوە، (نکوڵی)ش مەبەستێکی تری پرسیاری خوازەییە.

**٥- سەرسامی**
هەروەک لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە:
سلێمان کەوتە بەسەرکردنەوە و پشکنینی دەستەو تاقمی باڵندەکان و وتی (ئەوە بۆچی من پەپوو نابینم؟ یان لێرە نییە و خۆی دزیوەتەوە و لە نادیارەکانە!!) سورة النمل، الآية: ٢٠.
بۆ نموونە نالی دەڵێت:
**«حەزرەتی هەیبەتە، نەک غەیبەت و ڕەیبەت (نالی)**
**ئەڵڵا ئەڵڵا، چ حوزوورێکە کە ئەسڵەن نییە باس» (٧٧)**
لەم دێرەدا نالی ئامرازی پرسی (چ)ی بۆ سەرسامی بەرانبەر بە خوای گەورە بەکارهێناوە، واتا لێرەدا نالی ئامرازی پرسی (چ)ی بە شێوازی خوازە بۆ مەبەستی (سەرسامی) بەکارهێناوە.
هەروەها حاجی دەڵێت:
**«چ گەنجێکە ئیلاهی گەنجی حوسنت**
**لەهیچ دینێ نەبوو واجیب زەکاتی» (٧٨)**
لەم دێرەدا حاجی ئامرازی پرسی (چ)ی بۆ سەرسامی بەرانبەر بە گەنجێک بەکارهێناوە، واتا لێرەدا حاجی ئەم ئامرازە پرسەی بەشێوازی خوازەیی بۆ مەبەستی (سەرسامی) بەکارهێناوە.
هەروەها ئەسیری دەڵێت:
**«گەر بزانی تەرجەمەی حاڵی موحەممەد مستەفا**
**مەنشەئی کوێ بوو چلۆن پەروەردە بوو دیتی جەفا» (٧٩)**
لەم دێرەدا ئەسیری ئامرازی (چلۆن)ی بۆ سەرسامی بەرانبەر بە پێغەمبەر (د.خ) بەکارهێناوە، واتا لێرەدا ئەسیری ئامرازی پرسی بۆ هەمان مەبەستی خوازەیی بەکارهێناوە کە ئەویش (سەرسامی)یە.

**٦- سەرکۆنەکردن و ئامۆژگاری:**
هەروەک لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە:
(ئایا زانیتان و لەبیرتانە چیتان کرد بە یووسف و بە براکەی کاتێک ئێوە نەفام بوون و ترسی خواتان لەدڵدا نەبوو؟) سورەی یووسف، الآية: ٨٩.
لەم ئایەتە پیرۆزەدا (حەزرەتی یەعقووب) پرسیار لە کوڕەکانی دەکات بەشێوەی سەرکۆنەو لە هەمان کاتیشدا ئامۆژگاری کردنە.
بۆ نموونە نالی دەڵێت:
**«ئەی واعیزی بارید چییە هەروەک هەرەسی کێو**
**بەو وەعزە کەبایە هەموو، هاتوویی بەسەرما؟» (٨٠)**
لەم دێرەدا نالی ئامرازی پرسی (چییە)ی بۆ سەرکۆنەکردن و ئامۆژگاری کردن بەکارهێناوە، واتا لێرە نالی ئەم ئامرازەی بەشێوازی خوازە بۆ مەبەستی (سەرکۆنەکردن و ئامۆژگاری) بەکارهێناوە.
هەروەها مەلا محەمەدی کۆیی دەڵێت:
**«ئەم خاکە داکی تۆیە کەوتە دەستی ئەجنەبی**
**ئەی کوردی ساحب غیرەت تۆ چلۆن ڕازی دەبی» (٨١)**
لەم دێرەدا مەلا محەمەد ئامرازی پرسی (چلۆن)ی بۆ سەرکۆنەکردن و ئامۆژگاری لاوی کوردی بەکارهێناوە، واتا لێرەدا مەلا محەمەد ئامرازی پرسی (چلۆن)ی بۆ هەمان مەبەستی خوازەیی بەکارهێناوە کە ئەویش (سەرکۆنەکردن و ئامۆژگاری)یە.

*** ئەم باسە بە سەرپەرشتی مامۆستا ئیدریس عەبدوڵڵا نووسراوە.**

**پەراوێزەکان:**

**(١) د. فضل حسن عباس، البلاغة فنونها وأفنانها، الطبعة العاشرة، دارالفرقان، عمان، ٢٠٠٥، ص١٥١.**
**(٢) السيد احمد الهاشمي، جواهر البلاغة، الطبعة الاولى، دارالمعرفة، بيروت- لبنان، ٢٠٠٥، ص٧١.**
**(٣) د. عبدالعزيز عتيق، في البلاغة العربية (علم المعاني)، دارالنهضة العربية، بيروت- لبنان، ١٩٧٤، ٧٤.**

(٤) عەبدولسەلام سالار عەبدولڕەحمان، هونەری ڕەوانبێژی لە شیعری (نالی)دا، نامەی ماستەری پێشکەش کراو بەکۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی، بەسەرپەرشتی: (د. دڵشاد عەلی)،کانوونی دووەم، ٢٠٠٠، ل٢٣٦.

(٥) عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا (واتاناسی)، بەرگی سێیەم، چاپخانەی کاکەی فەلاح، سلێمانی، ١٩٧٩، ل٢٩.

(٦) عەلائەدین سەجادی، خۆشخوانی (گوزارەکاری- ڕەوانکاری- جوانکاری)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ١٩٨٦، ل٢٤.

(٧) حاجی قادری کۆیی، دیوانی حاجی قادری کۆیی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: (سەردار حەمید میران و کەریم مستەفا شارەزا)، شارە کتێبی میدیا، سنە، ٢٧٠٧، ل٤٥.

(٨) الخطیب القزوینی، الایضاح في علوم البلاغة (المعاني و البیان والبدیع)، دارالکتب العلمیة، بیروت- لبنان، ص١٣٥.

(٩) د. فضل حسن عباس، البلاغة فنونها و أفنانها، ص١٥٣.

(١٠) دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل١٥٢.

(١١) د. فاضل حسن عباس، البلاغة فنونها و أفنانها، ص١٥٤.

(١٢) دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل٨٠.

(١٣) د. عبدالعزیز عتیق، في البلاغة العربیة (علم المعاني)، ص٨٣.

(١٤) دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل٢٠٦.

(١٥) د. عبدالعزیز عتیق، في البلاغة العربیة (علم المعاني)، ص٨٣.

(١٦) دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل٢١٢.

(١٧) مەحوی (مەلا موحەممەدی کوڕی عوسمانی باڵخی)، دیوانی مەحوی، لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی: (مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس و محەمەدی مەلا کەریم)، چاپی دووەم، چاپی کۆڕی زانیاری کورد لە چاپخانەی ئۆفێستی (حسام) لە چاپ دراوەتەوە، ١٩٨٤، ل٨٣.

(١٨) عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا (واتاناسی)، ل٣٢.

(١٩و٢٠) دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل٣٩- ١٣٢.

(٢١) عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا (واتاناسی)، ل٣٢.

(٢٢) پیرەمێرد، دیوانی پیرەمێرد، بەرگی دووەم، کۆکردنەوە و ساخکردنەوە و پەراوردکردن و ئامادەکردن و پەراوێز بۆ نووسین: (فایەق هۆشیار- مستەفا ساڵح کەریم- ئەحمەد زرنگ مستەفا- محەمەد نووری تۆفیق- مەحموود ئەحمەد محەمەد)، چاپی یەکەم، چاپخانەی خاک، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٢٥٩.

(٢٣و٢٤) د. عبدالعزیز عتیق، في البلاغة العربیة (علم المعاني)، ص٨٧.

(٢٥) د. عبدالعزیز عتیق، في البلاغة العربیة (علم المعاني)، ص٨٥.

(٢٦) دڵزار، دیوانی دڵزار (شیعر)، ئامادەکردنی: (دڵزار)، چاپی دووەم، بەڕێوەبەرایەتی چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٢٣٠.

(٢٧) سەلام، دیوانی سەلام، ئامادەکردن و پێداچوونەوە و پێشەکی بۆ نووسین: (ئومێد کاکەڕەش)، چاپی دووەم چاپخانەی الحوادث، بەغداد، ١٩٩٠، ل١٠٨.

(٢٨) دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل١٧٩.

(٢٩) عەبدولخالق عەلائەدین، دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، چاپخانەی دار آفاق عربیة للصحافة والنشر، بەغدا، ١٩٨٥، ل١٩١.

(٣٠) عەزیز گەردی، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا (واتاناسی)، ل٣٤.

(٣١) مستەفا بەگی ساحێبقران، دیوانی کوردی، چاپی سێیەمین، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٧٣، ل٤٧.

(٣٢) د. فضل حسن عباس، البلاغة فنونها وأفنانها، ص١٥٨.

(٣٣) دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل٨٧.

(٣٤و٣٥) د. عبدالعزیز عتیق، في البلاغة العربیة (علم المعاني)، ص٩١.

(٣٦) عەبدولڕەحمان بەگی ساحێبقران، دیوانی سالم، چاپی دووەم، چاپخانەی کوردستان، هەولێر، ١٩٧٢، ل٢٦.

(٣٧) دیوانی مەحوی، ل١٢٠.

(٣٨) دیوانی حاجی قادری کۆیی، ل٤٧.

(٣٩و٤٠) د. عبدالعزیز عتیق، في البلاغة العربیة (علم المعاني)، ص٩٢.

(٤١) مەلا خدری کوڕی ئەحمەدی شاوەیسی مکایەڵی، دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس و فاتیح عەبدولکەریم)، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ١٩٧٦، ل٣٩٣.

(٤٢) دیوانی مەحوی، ل١٤.

(٤٣) عەبدولخالق عەلائەدین، دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، ل٢١٢.

(٤٤) د. عبدالعزيز عتيق، في البلاغة العربية (علم المعاني)، ص٩٣.
(٤٥) ديوانی مەحوی، ل٢٧٨.
(٤٦) ديوانی حاجی قادری کۆیی، ل٨٨.
(٤٧) بێکەس، ديوانی بێکەس، چاپی دووەم، چاپخانەی الاديب، بەغدا، ١٩٨٠، ل٨٢.
(٤٨) د. عبدالعزيز عتيق، في البلاغة العربية (علم المعاني)، ص٩٥.
(٤٩) ديوانی نالی، ل٦٦٤.
(٥٠) د. عبدالعزيز عتيق، في البلاغة العربية (علم المعاني)، ص٩٥.
(٥١) ديوانی نالی، ل٥٨٧.
(٥٢و٥٣) ديوانی حاجی قادری کۆیی، ل١٢٣، ٨٤.
(٥٤) پیرەمێرد، ديوانی پیرەمێرد، بەرگی دووەم، کۆکردنەوە و ساخکردنەوە و پەراوردکردن و ئامادەکردن و پەراوێز بۆ نووسین: (فایەق هۆشیار- مستەفا ساڵح کەریم- ئەحمەد زرنگ مستەفا- محەمەد نووری تۆفیق- مەحمود ئەحمەد محەمەد)، چاپی یەکەم، چاپخانەی خاک، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٤٢.
(٥٥) هێمن، بارگەی یاران (سەرجەمی شیعری هێمن)، چاپی دووەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦، ل١٠٦.
(٥٦) عەبدولخالق عەلائەدین، دڵدار شاعیری شۆڕشگێڕی کورد، ل١٧٣.
(٥٧) ديوانی بێکەس، ل٥٤.
(٥٨) ديوانی نالی، ل١٢١.
(٥٩) د. فضل حسن عباس، البلاغة فنونها وأفنانها، ص١٧٣.
(٦٠) د. بسيوني عبدالفتاح فيود، علم المعاني (دراسة بلاغية و نقدية لمسائل المعاني)، الطبعة الثانية، مؤسسة المختار، القاهرة، ٢٠٠٤، ص٣١٧.
(٦١) ديوانی نالی، ل٧٩- ١٨٦.
(٦٢) السيد احمد الهاشمي، جواهر البلاغة، ص٨٦.
(٦٣) د. عبدالعزيز عتيق، في البلاغة العربية (علم المعاني)، ص١٠٤.
(٦٤) ديوانی نالی، ل١٠٧.
(٦٥) شێخ ڕەزای تاڵەبانی، شێخ ڕەزای تاڵەبانی: (ژیانی- پەروەردەیی- بیرباوەڕی- شیعری)، کۆکردنەوە و لێکدانەوەی: د. موکەڕەم تاڵەبانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١، ل٤٠.
(٦٦) عەبدوڵڵا گۆران، ديوانی گۆران، چاپی دووەم، پانیز، تهران، ٢٠٠٥، ل٦١.
(٦٧) د. فضل حسن عباس، البلاغة فنونها وأفنانها، ص١٩٧.
(٦٨) ديوانی حاجی قادری کۆیی، ل٦٤.
(٦٩) ديوانی بێکەس، ل٨٢.
(٧٠) بارگەی یاران (سەرجەم شیعری هێمن)، ل٧٧.
(٧١) د. عبدالعزيز عتيق، في البلاغة العربية (علم المعاني)، ص١٠٨.
(٧٢) ديوانی حاجی قادری کۆیی، ل٧٦.
(٧٣) د. فضل حسن عباس، البلاغة فنونها وأفنانها، ص٢٠٠.
(٧٤) بارگەی یاران (سەرجەم شیعری هێمن)، ل٢٨٨.
(٧٥) ديوانی نالی، ل٢٣٧.
(٧٦) ديوانی حاجی قادری کۆیی، ل١٣٠.
(٧٧) ئەسیری، ديوانی ئەسیری، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٣٤.
(٧٨) ديوانی نالی، ل١١٩.
(٧٩) مەلا محەمەدی کۆیی، دیاری مەلا محەمەدی کۆیی، چاپی چوارەمین، چاپخانەی هەولێر، ١٩٦٩، ٥٦.
(٨٠) ديوانی نالی، ل١٨٨.
(٨١) ديوانی سالم، ل٣٣.

# فەلسەفەی مۆناد و بەهرەی ڕەببانی گۆتفرید ڤیلهێلم لایبنیتس

د. حەمید عەزیز
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئەدەبیات)

گۆتفرید ڤیلهێلم لایبنیتس (١٦٤٦- ١٧١٦) Leibniz دوا فەیلەسووفی گەورە و مەزنی کۆتایی ڕێنیسانس و دەرکەوتنی پێشەنگی کاروانی قۆناغی سەردەمی ڕۆشنگەریی ئەوروپایە. بە ڕابەری لۆژیکی سیمبۆلی- بیرکاری دادەنرێ. داهێنەری ژمێرەی تەواوکاریی و جیاکاری سەردەمی خۆیەتی. بەشێوازێکی جیاواز لە بارۆخ، دو سپینۆزا سنووری سیستەمە فەلسەفەییەکەی دیکارتی ڕابەری فەلسەفەی نوێی بەزاندووە.

لە بابەتی پرۆسەی (تیۆری) زانیندا شانبەشانی جۆن لۆکی ڕابەری ڕێبازی ئەزموونی ئینگلیز، بەڵام بە بارێکی دیکەدا، شاسوارێکی گۆڕەپانی تیۆری زانینە، ئەو تیۆرییەی لەگەڵ لۆژیکدا بوون بە دوو بابەتی سەرەکی فەلسەفە.

فەیلەسووفێکی ئەڵمان ڕەگەزی فرە بەرهەمی خامە بە پێز و بە بڕشتە. جگە لەوەی چەند زمانێکی زانیوە و بەرهەمەکانی پێ نووسیون لە گەوهەری چالاکی فەلسەفەدا کە لە داڕشتنی پرسیار و وەڵامدانەوە و بەلایەکدا خستنی ئەو کێشانەی لە پرسیارکردنەکەوە دەکەونەوە بەولاوە نییە، بلیمەتییەکی سەرنج ڕاکێشی نواندووە، بە تایبەتی لە بابەتی جەنجاڵ و نیگەران ئامێزی ڕەب و گیان، گەردوون و سروشت، ئەتۆم و بزووتنەوە و مادده و لەش و دەروون و هارمۆنی و بووندا، لە مۆناد و بەهرەی ڕەبانیدا ڕەنگی جیهاندیدێکی لەناوەرۆک فرە ڕەنگی بەپێز و لە ڕوخساردا تۆکمەی یەکڕەنگی ڕشتووە کە بە تێکڕایی تانوپۆی فەلسەفەکەی پێک دەهێنن.

لایبنیتس لەو نەخشەیەدا کە ڕەنگی ڕشتووە و دوا

ڕوخسار و ناوەڕۆکی بە فەلسەفە فرە سەرچاوەکەی بەخشیوە و جیهاندیدێکی سەرتاپاگیری لێ کەوتۆتەوە لایەکی لە فەلسەفەی سەردەم و پێش خۆی کردۆتەوە، بە چاوێکی ڕەخنەگرانە سەرنجی لێ داون، تیشکی خستۆتە سەر کەلەبەر و لایەنی کەموکورتیان.

لە ڕێبازی ژیرەکی دیکارتدا پرسی پێوەندی نێوان زانین و بوون، هەمەکی و هەندەکی (کوللی و جوزئی) بەوە بەلایەکدا خراوە، بابەتی سروشتی خۆی لە سۆنگەی بیرکاریی گشتییەوە تاووتوو کراوە. بۆ نموونە لەشی سروشتی (فیزیکی) بە کشانێکی ئەندازەیی دانراوە. ئەو بۆچوونە- بڕیارە خۆی لەخۆیدا لە جێبەجێکردنی ڕێبازی میکانیزم بەولاوە نییە.

دیکارت لە جیهاندیدە فەلسەفەییە دوو ڕەنگییەکەیدا بوونی کردبوو بە دوو ڕەگەزەوە، هەر ڕەگەزەش خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە: هزر و کشان کە بەرانبەر بەگیان (نەفس) و ماددەن. ئەو دوو ڕەگەزە- گەوهەر پێکەوە هەڵدەکەن، گونجاو و تەبان، ئەگەر جیاوازییەک لەنێوانیاندا هەست پێ بکرێت، جیاوازییەکە لە ڕووکەشدایە نەک لە گەوهەردا. لەشە ماددەییەکان خەسڵەتێکی بنەڕەتییان هەیە کە بریتییە لە جێگا- کشان Extension. بۆ نموونە جیاوازی ئەگەر سەرنج ڕابکێشێ: لە ڕوخسار ، قەوارە، ڕەوش و بزاوت بەو لاوە نییە، ئەوانەش ڕووکەشن نەک گەوهەر. گیان- ژیر لەلای خۆیەوە یەک ڕەگەز و یەک تایبەتمەندی و خەسڵەتی هەیە: بیرکردنەوە. ئەگەر جیاوازییەک بەدەربکەوێ لە ڕووکەشدایە: بڕیاردان، بۆچوون و خواست. ئەوانەش پێوەندییان بەگەوهەری گیان- ژیرەوە نییە، چونکە خۆیان لە خۆیاندا ڕووکەشن Akzidentiell.

لەشە تاکەکان ڕووکەشی گەوهەرێکن کە جێگایە، لەلایەکی ترەوە ژیرە تاکەکانیش ڕووکەشی گەوهەرێکن کە بیرکردنەوەیە. ئەو پرسیارەی لە بەرانبەر ئەو بڕیارەی دیکارتدا بە هزردا هاتووە: چۆن ئەو دوو ڕەگەزە لە یەکتری جیاوازە لە مرۆڤدا پێکەوە یەکیان گرتووە و پێکەوە دێنەوە و گونجاون؟! چۆن لەشی ماددەیی کار لە هزر و ژیر دەکات؟!

سپینۆزا کۆشاوە ئەو کەلەبەرەی جیهاندیدی فەلسەفەی دیکارت بەوە پڕ بکاتەوە کە لە جیهاندا- لە ژیان- لە گەردوون ناکرێ دوو گەوهەری لە یەکتری جیاوازی ماددە و ژیر هەبن و کار لە یەکتری بکەن، تەنانەت خواوەندێکیش ناتوانێ گەوهەری لەیەکتری جیاواز پێکەوە بگونجێنێ، بۆیە دەبێ لە گەردووندا تەنیا یەک تاکە گەوهەر هەبێ، لە ڕاستییەک، ڕەگەز بەولاوە شتێکی دیکە نییە. ئەو ڕاستییە، ئەو ڕەگەزە ژیر و ماددە و ڕەببە پێکەوە. ئەگەر وابێتە بەرچاو دوو ڕاستی هەیە، ئەوە بەڕاستی هەردووکیان وەک (پارە- دراو) دوو ڕووی یەک ڕاستی و ڕاستەقینەن، گەردوون یەک گەوهەرە دوو خەسڵەتی کشان و بیری هەیە. لایبنیتس بە پێچەوانەی هەردوو فەیلەسووفەوە لەو باوەڕەدابووە کە دووڕەنگی و یەک ڕەنگی گەوهەر و ڕووکەش لە بووندا هارمۆنی و هەماهەنگی نەزم و سیستمی بوون دەشێوێنێ و وەڵامی ئەو پرسیارانەی دەربارەی پێوەندی نێوان هەردووکیان بەهزردا دێن بە تەواوەتی وەڵام نادرێنەوە، بۆیە دەبێ جیهان لە ژمارەیەکی بێ کۆتایی لە ژماردن نەهاتووی گەوهەر پێک بێت کە لە خاڵی هێز و توانا و کاریگەریی و چالاکی دەچن و سەربەخۆن و هیچ کامێکیان هیچ پێوەندییەکی ئەوتۆیان بەیەکترییەوە نییە.

لەو تێکستە هەمەجۆر و فرە ڕەنگییانەی بە زمانی لاتینی و فەرەنسایی نووسیونی و لە دواییدا کراون بە ئەڵمانی جۆرە جیهاندیدێکی فەلسەفەیی کەوتۆتەوە، کە تێیدا بابەتی جۆراوجۆر و جیاواز تاووتوو کراون، پرسیاری هەمەچەشنە کراون و کۆششی وەڵامدانەوەیان کراوە و کێشەی گرینگ بەلایەکدا خراون. ئەو بابەتانە بەگشتی تانوپۆی سەرەکی ئەو جیهاندیدەیان لێ پێک هاتووە:

**یەکەم**: لۆژیک
**دووەم**: پرۆسەی زانین
**سێیەم**: موناد- گەوهەری گیانی پێکهاتەی گەردوون.
**چوارەم**: بەڵگەی ساغ کردنەوەی بوونی ڕەب.

ئەگەر خاڵی چوارەم بەدەربگیرێ، سێ خاڵەکەی دیکە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی سەدەی حەڤدە ساغ و پشت ڕاست دەکەنەوە کە سەدەی دیکارت و سپینۆزا و لایبنیتسە، بەو واتایەی ژیر کراوە بە سەرپشک و نەخشەی چوارچێوە ناوەڕۆکی فەلسەفەیەکی ژیرەکی -ra

tionalistische پێ ڕێژراوە. ئەو ڕێبازە پێی لەسەر ئەو بنەمایەدا گرتووە:

گریمانەی ژیرێک کراوە کە لەگەڵ ڕوخساری هەڵکەوت (واقیع)دا دێتەوە و دەگونجێ و گونجاوە و توانای بڕیاردان و (حوکم)ی پێشییانەی هەمەکی گشتی و بابەتییانەی هەیە و لە دەستی دێت(١) هەر ژێر خۆی ئەو ئەرکە ڕادەپەڕێنێ، ئەو ئەنجامانەی زانستەکان بەدەستیان هێناوە و لە توێژینەوەوە کەوتوونەتەوە لە سیستم و نەزمێکی ڕێکوپێکدا دابڕێژێ، ئینجا بنەمایەکی پتەوی دڵنیایی لێ کراوە بۆ زانستەکان دەستەبەر ببێ. لایبنیتس لە نووسینەکانیدا چۆتە ژێر باری ئەو ئەرکە زانستییە- فەلسەفەییەوە.

**یەکەم: لۆژیک**

١- لایبنیتس بە ڕابەری لۆژیکی نوێ (سیمبۆلی- بیرکاری) دادەنرێ. هەر لە سەردەمی خوێندکارییەوە لە زانکۆی لایپتسیگ و Leipzig یینا بیرکاری سەرنجی ڕاکێشاوە، بۆیە بیری لەوە کردۆتەوە میتۆدەیەکی وەک بیرکاریی پشت ئەستوور بە ڕێسا و بنەمای ڕوخسارەکی بۆ فەلسەفە ڕۆبنێ و بەهۆیەوە چەندین بابەت و دەستەواژەی سەرەتایی و نوێ بەدەست بهێنێ و بە چەمک دەریان ببڕێ و بەرانبەر بەو چەمکانە هێما و سیمبۆلی تایبەتی دەستنیشان بکات بە نیازی دارشتنی زمانێکی هەمەکی گشتی. بە گرینگ زانینی بیرکاری لە دوو لاوە کەوتۆتەوە، بە هەند زانینی زانین و بایەخدان، بە لۆژیک لە کاری فەلسەفەدا.

٢- لە کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستەوە جارێکی دیکە، دوای سەدان ساڵ پشتگوێ خستن، بایەخ بە لۆژیک دراوەتەوە و شان بە شانی وتار خوێندنەوە Rhetorik لە چالاکی لاهووتی- فەلسەفەیی ئەو سەردەمە سوودی لێ وەرگیراوە. لە کاتێکدا مامۆستا و شارەزایانی بابەتی وتار سەرگەرمی ئەوەبوون چەمکەکان کە لە وتاردا بەکارهاتوون بەهۆی بەشێوازێکی ڕاستودروستی بەکارهێنانی زمانەوە ورد و مشتومال بکەن بۆ ئەوەی مرۆڤ بتوانێ مەبەستی بپێکێ و نیشانە بشکێنێ، ڕابەر و مامۆستایانی لۆژیک کۆشاون چەمکەکان لەو بابەتانەی قسەیان لێکراوە، جیابکەنەوە و دابڕن، چونکە لۆژیک بایەخ بە ناوەڕۆک نادات و خۆی بە پێوەندی ڕوخسارەکی نێوان چەمکەکانەوە خەریک دەکات.

لایبنیتس چۆتە ژێر باری ئەو ئەرکەوە و کۆشاوە بەهۆی بەکارهێنانی سیمبۆل و هێما و بایەخدان بە پێوەندی ڕوخسارەکی نێوان چەمکەکانەوە لە ناتەواوەتی و تەمومژاویی دەربڕینی زمانی ژیانی ڕۆژانە خۆی بپارێزێ.

٣- لەسەردەمی لایبنیتسدا سێ هەڵوێست لە گۆڕەپانی توێژینەوەی فەلسەفەیی- زانستی دەربارەی سێ مۆدێل لە ئارادابوون:

- لۆژیک کە لەلایەن زۆربەی زاناکانی زانستی سروشتییەوە بە چاوێکی گومان و بە هەند نەزانینەوە سەرنج دەدرا، گوایە ئەنجامەکانی لەگەڵ پێداویستی توێژینەوە و پەرەسەندنی زانستدا نایەنەوە.

- ئەندازەی ئۆیکلیدس کە لەسەردەمی کۆنی یۆنانەوە، میتۆدە ئاسا سەرگەرمی ئەوە بووە لە کەمترین ژمارەی بەڵگەنەویست و پێناسەوە بەشێوازێکی ڕێکوپێکی سیستمیانە گرووپێکی بابەتی سەلمێنە Theorem ڕۆبنێ.

هەمان ڕەخنەی لە لۆژیک گیراوە، خراوەتە پارسەنگی ئەو ئەندازەی ئۆیکلیدەوە گوایە لە توانایدا نییە نیشانی بدات چۆن مرۆڤ بەهۆی ئەزموون و شارەزاییەوە بە ئەنجام دەگات؟

- میتۆدەی نوێی زانستی کە لە میتۆدەی لۆژیک کاریگەرتر بووە و بۆتە مایەی بەدەستهێنانی گوژمەیەک زانیاری و دێتای نوێ و زۆربەی هەرە زۆری کێشەکانی بەلایەکدا خستووە و چارەسەری کردوون، لەو چالاکییەشیدا پەکی لەسەر لۆژیک نەکەوتووە، لەجیاتی پەنابردنە بەر ڕامان و وردبوونەوە پشتی بە ئەزموون و تاقیکردنەوەی زانستی- بەواتای ئەو سەردەمە- بەستووە.

لایبنیتس لەو کەشوهەوایەدا دەستبەکار و چالاک بووە، کۆشاوە توندوتۆڵ لۆژیکی کلاسیکی، وتار خوێندنەوە، ئەندازە بەیەکەوە بگونجێنێ، ئەو نیشانەی بەوە پێکاوە کە هەرسێک تایبەتمەندی سەرەکی هەرسێک بابەتەکەی (ڕوخسارەکی، بێگەردی زمان، بە ماتماتیک کردن)ی لە زمانێکی فۆرمی- ڕوخسارەکیدا کە سمبۆل و هێماکانی بیرکاری بەکاربهێنێ کۆکردۆتەوە و هەوڵی داوە ئەو زمانە دابڕێژێ(٢).

٤- ئەو پرۆژەیەی کە لە مێشکی لایبنیتسدا بووە و ڕەنگی جێبەجێکردنی کێشاوە، پرۆژەی لۆژیکی بیرکاری، کە بەزمانەکەیەوە بە دوو بنەما بەند بووە:

- هەمەکی و گشتی بێت.

- سیستمێکی شرۆڤە هەڵنەگری بەڵگەنەویست بێت(٣) axiomatic، بەڵام لەلایەکەی تریەوە خۆی بۆ شرۆڤەکردنی بابەتی دیکە بگونجێ و دەست بدات و بەکاربهێنرێ و پوختە و کاکڵەی زانستی لێ پێک بێت. ئەو سیستمە بریتییە لەو ژمێرەیەی بەلاتینی بە کەلکول (Kalkul) ناودەبرێ.

ئەو کۆششەی لایبنیتس، بە ژمێرە و بیرکاری کردنی لۆژیک و ڕۆنانی زمانی سیمبۆلی بەپێی بنەماکانی بیرکاری لەو بڕیارەی سەدەکانی ناوەڕاست دەچێ کە بە فەرمی دەدرا گوایە:

«ڕەب هەموو شتێکی بەپێی کێش و پێوەر و ژمارە داهێناوە». (٤)

گۆڕینی وشەی زمانی ئاسایی بەزمانی سیمبۆلی ئیدیۆگرافی idographic زمانەکە لە کێشمەکێشی دەنگ و گێڕانەوەی چیرۆک ئاسای ڕزگار دەکات و لەجێگاکەیدا نەزم و سیستم و چوارچێوەیەکی ژیرەکی دەستووری پێکهاتەی سیمبۆل و دەستەواژە ڕۆنان و ڕەنگڕشتنی دادەنێ، تێیدا هەر پیتێک چەمکێک نیشان دەدات. بەو پێیە دەکرێ بگوترێ:

«زمانی ئاسایی ڕووی گوفتار لە گوێچکە و زمانی سیمبۆلی ڕوو لە چاوی خوێنەر دەکات.» (٥)

ئەو زمانە سروشتێکی تەکنیکییانەی هەیە و ڕاستەوخۆ بە شمەکی دەوروبەرەوە بەندە بەبێ ئەوەی پەکی لەسەر وشەی ئاسایی بکەوێت. ئەو دوو چەشن و جۆرە زمانە:

- زمانی ئاسایی ژیانی ڕۆژانە.

- زمانی سیمبۆلی تەکنیکی (دەکرێ بەزمانی زانستیش ناوببرێ).

هەردوو زمانەکە لە هەردووک لایەنی پێکهاتە و مەبەست و ئامانجدا لەیەکتری جیاوازن، تایبەتمەندی و خەسڵەتی زمانی ئاسایی پتر ئەو جیاوازییە دەردەخات:

زمانی ئاسایی ژیانی ڕۆژانە لە بنیاد و واتا و دەلالەت Bedeutung پێکهاتووە، ئەرکێکی کۆمەڵایەتی لەنێو ئەو کەسانەی قسەی پێدەکەن جێبەجێ دەکات، ئامرازی لە یەکتری گەیشتنەوە و بەهۆیەوە ئەوی دەویسترێ بە کەسانی دیکە دەگەیەنرێ.

بەکارهێنانی زمانەکەی دیکە کە بەزمانی زانستی- سیمبۆلی ناوبرا بۆ ئەو مەبەستە بەکاردەهێنرێ و بەشێوازێکی ورد و ڕێکوپێک و بێ کەموکوڕی، پرۆسە و ئەنجامە زانستییەکە دەربڕێ بەنیازی کێشانی وێنەیەکی بێگەردی زانستییانەی ئەو بابەتەی کراوە بە کەرەسەی توێژینەوە.

لایبنیتس بەهیوای دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەکی جیاوازی و ناکۆکی نێوان ڕێبازەکانی فەلسەفە کۆشاوە زمانێک بەو جۆرە دابهێنرێت، بەشێوازی جەبر ژمێرەیەکی ژیرەکی بێت، بەڵام پیتەکانی لەجیاتی وشە ئەلف و بێی هزری مرۆڤ بن و بەرانبەر بەو هزرە شیاوەکییانە بن کە سادە و ساکارن. ئەو هزرە ساکارانە دەبێ ئەو چەمکە سەرەتاییانە بن کە بەهۆی ڕێسا و ڕیو شوێنەکانی ڕێزمان و پێکهێنان و ڕۆنانەوە چەمکە ڕۆنراوە پێکهاتە لێکدراوەکانیان لێوە بکەونەوە، بەو پێیە:

بۆ هەر چەمکێکی نێو دەستەواژەی زمانی ئاسایی ڕۆژانە ژمارەیەک دیار و دەستنیشان دەکرێت ئینجا هەوڵ دەدرێت بەپێی نموونە ژمێرە (کەلکول)ی بیرکاری(٦) کەلکۆلێکی لۆژیکیانە کە لە جۆری جەبری چەمکەکان بێت ڕەنگ بڕێژدرێ. ئەو پرۆژەیە دوو خاڵ دەگرێتە خۆی:

- دەکرێ لۆژیک لە میتۆدە (پەیڕەوەکەیدا) وەک ئەندازەی ئۆیکلیدس ببێ بە سیستمێکی دیدەکشنی ئەنجامگیرییانە. ئەو سیستمە لە چەند دەستەواژەیەک Peroposition پێکدێت بەهۆی چەند پێناسە و بەڵگەنەویست و بنەمایەکەوە ساغ و پشت ڕاست دەکرێتەوە.

- لۆژیک لەزمان و بابەتەکەیدا دەکرێ زانستی جەبر بە نموونە پەیڕەو بکات(٧):

زمانەکە سیمبۆلی بێت و بەچەند هاوکێشە و قانوون و ڕێسایەک پشت ئەستوور بێ. لەو پرۆسە زانستییەدا لیستەیەکی پێناسە و بنەما و بەڵگەنەویست دادەنرێ، بۆ بەدەستهێنانی چەند تیۆرییەک پشتیان پێ دەبەسترێ. هەروەها لە پرۆسە لۆژیکییەکەدا چەند نەگۆڕێکی ژمێرەی بیرکاری: (+، ×، ÷، =) و هەندێک نەگۆڕی لۆژیکی: پەیوەست، جیاکار و یەکسان (٨، ٧، =) بەکاردەهێنرێن بۆ نموونە دەگوترێ:

یان AB = BA
A+B = B+A

بەداخەوە ئەو پێشنیار و کۆششەی لایبنیتس بەنیوە چڵی ماوەتەوە و کۆچی دوایی پێشوەختی دەرفەتی تەواو کردنی نەداوە!.

٥- پەنابردنە بەر زمانێک دەست بە دامێنی بیرکارییەوە بگرێ، دوورکەوتنەوەیە لە زمانی ئاسایی ژیانی رۆژانە و پشتکردنە کەموکورتییەکانی لۆژیکی مامۆستای یەکەمە لەو زمانە نوێیەدا لەجیاتی وشە سیمبۆل بەکاردێت و بابەتی لۆژیکەکەش کە بە مۆدێرن و بیرکاری ناودەبرێ لەجیاتی بنە و باری ئاسایی بایەخ بە گۆڕاو و نەگۆڕاوی و هاوبەندی دەستەواژە دەدات. بەکارهێنانی سیمبۆل و هێما و پیتی لاتینی لەجیاتی وشە لە دەستەواژەدا، ئەو دەستەواژانەی دوو بەهای ڕاستی- ناڕاستییان هەیە و هەڵدەگرن، لەخۆیدا بایەخ و گرینگی بەرچاوی هەیە.

سیمبۆلی زمان کە بەرانبەر بە ژمارەیە لە بیرکاریدا ئەو ئامرازانەن ناوەرۆکی هزر و بیری مرۆڤ دەردەبڕن و بە کەسانی دیکەی دەگەیەنن، ڕاستە بیرکردنەوە و ناوەرۆکەکەی پرۆسەیەکی سەربەخۆیە، بەڵام بەهیچ جۆرێک ئەو پرۆسەیە ناتوانێ دەستبەرداری ئامرازی دەربڕینەکەی ببێ. سیمبۆل جگە لەو ئەرکی دەربڕینە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک، بیرۆکەکانی هزر ڕێکوپێک هەڵدەگرێ و دەیانپارێزێ.

لایبنیتس ئەگەر بە پێچەوانەی هزرمەندان و فەیلەسووفانی سەردەمی خۆی پەنای بۆ بیرکاری بردووە لەوەوە بوو ویستوویەتی وردی و ڕوونی و ڕێکوپێکی و ئەنجام گومانهەڵنەگری ئەو بابەتە بە فەلسەفە ببەخشێ. لۆژیکە بیرکارییەکەشی ئەگەر بەنیوە چڵیش بەجێی هێشتبێ لەچوارچێوەی ئەو پرۆگرامە ناچێتە دەرەوە. بیرکاری زانستێکە هیچ گومان لەو ئەنجامانەی ناکرێ کە لە پرۆسەی هاوکێشەکانی دەکەونەوە، چونکە ئەو زانستە بەمیتۆدە و ناوەرۆکەوە هیچ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بە دەوروبەرەوە نییە. ئەو کەرەسەیەی دەیکات بە بابەتی توێژینەوە، چەند وێنەیەکی هزریی و هەر بە تەنیا لە ناخ و مێشکی مرۆڤی توێژەردان، بۆیە ئاینشتاین ناهەقی نەبووە کە گوتوویەتی:

«ڕستەکانی بیرکاری چەندە پێوەندییان بە دەوروبەر و هەڵکەوتەوە هەبێت، ئەوەندە جێگای دڵنیایی لێکردن نابن. کاتێکیش هیچ گومان هەڵنەگرن و دڵنیاییان لێ بکرێن ئەوەندە ئەو دەستەواژانە پێوەندییان بە دەوروبەر و هەڵکەوتەوە نییە.» (٩) ئەو پرسیارەی لێرەدا دەکرێ وا بە ئاسانی وەڵام نادرێتەوە ئەوەیە: ڕاستە ئەو زانستە (بیرکاری) ڕوون و ڕەوان و تەواوەتییەکەی و دووری لە کەوتنە هەڵەوە گومان هەڵناگرێ و چەمک و بنەماکانی پابەندی هەست و داتا و ئەزموون نین و لە هزری ڕووتەوە سەرچاوە دەگرن، ئیتر ئایا گواستنەوەی ئەو زانستە بۆ هەواری فەلسەفە و جێبەجێ کردنی پتری فەلسەفە لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ دوور ناخاتەوە؟!

٦- پشت کردنە زمانی ئاسایی ژیانی ڕۆژانە و کۆشش کردن بۆ ڕۆنان و داڕشتنی زمانێکی تەکنیکی کە خولیای لایبنیتس بووە و ئەو بە پرۆژەی زمانی زانستی جیهانی (Characteristica Uneversalis) ناوی بردووە، زمانێک سیمبۆلی بۆ دابهێنرێ و تێیدا بەکارببرێ بۆ ئەو مەبەستەیە کە لە پرۆسەی بەکاربردنی دەستەواژەکاندا بە یارمەتی ئەو سیمبۆلانە هیچی تر بیر لە واتا و دەلالەت و بایەخی ناوەرۆکی دەستەواژە نەکرێتەوە. ئەو زمانە بریتی دەبێ لە سیستمێکی سیمبۆل و هێما کە دەبێ ئەو مەرجانەی تێدابێ:

- دەبێ لەنێوان سیمبۆلەکانی سیستمەکە و ناوەرۆکەکەیدا، ئەوەی بەبیردا هاتووە، پێوەندییەکی ڕوون و ڕەوانی دەستیاوی هەبێ. سیمبۆلەکە دەبێ وێنەی ناوەرۆکە بە هزر داهاتووەکە بێت و بۆ هەر بابەتێکی بە بیرداهاتووش تاکە سیمبۆلێک هەبێ.

- دەبێ سیمبۆلەکان بەو جۆرەبن کە ئەگەر هاتو بابەتێکی بەهزردا هاتوو لە ئارادا بێ و بکرێ بەسەر پارچەکانیدا دابەش ببێ کە لێیان پێکهاتووە، وێنەکانی ئەو پارچانە جارێکی تر بەهۆی سیمبۆلە لەبەردەستدا بووەکانەوە پارچە بەشی کۆپی بابەتە بە بیرداهاتووەکەبن.

- جۆرە پێوەندییەکی هۆکار و ئەنجام- هۆیەکی- لەنێوان هەردوو لادا هەبێ: پێویستە بۆ ئەو سیمبۆلانە سیستمی چەند ڕێسایەکی پرۆسە بە جۆرێک دابهێنرێ، ئەگەر بێتو بابەتێک AI بەبیردا بێت و پێوەندییەکی بەدوادا هاتنی بنەڕەتی لەگەڵ A2دا هەبوو، وێنەی A2 وەک وێنەیەکی AI لێک بدرێتەوە و شرۆڤە بکرێت(١٠).

ئەو نەزم و سیستمە سیمبۆلییە ئەوە ساغ دەکاتەوە تا چ ڕادەیەک لایبنیتس بڕوای بە بیرکاری هەبووە و چەند لە ژمێرە (کەلکول) نزیک بۆتەوە: بەو کۆششەی ویستوویەتی زمانی نووسینێک دابنێ سیمبۆلەکانی پێوەندییەکی لە یەکچوونیان لەگەڵ ئەو بیرۆکانەدا هەبێ کە ئاماژەیان پێ دەدەن. ئەو ئەلفوبێیە ئیدیۆگرافیانە لە سیمبۆلەکان پێکدێن ئەو سیمبۆلە بەکارهاتووانە بەبێ ئەوەی پەکیان لەسەر زمانی ئاسایی ئاخاوتن بکەوێ، تێیان دەگەیشترێ. ئەو ئەرکە پرۆژەیە لە پرۆسەی هێنانەوەی چەمکەکان بۆ سەر چەمکە بنەڕەتییەکان کە هیچی تر ناکرێ شی بکرێنەوە، چونکە خۆیان بنەڕەتی، ئاسانکاری دەکات.

ئەو پرۆژەیەی لایبنیتس سەرگەرمی جێبەجێ کردنی بووە لۆژیکی کەلکولییە (ژمێرە)، خۆی لەخۆیدا پرۆسەیەکە لە جۆرە ژمێرە و ژماردنێک پێکهاتووە بە سیستمێکی سیمبۆلی کە پشت بە چەند بنەمایەک دەبەستێ، بەندە. سیمبۆلەکان لەجیاتی وشە بەکاردێن و ناوەرۆکەکەیان پشتگوێ دەخرێ و بایەخ بە ڕاستی و ناڕاستی پرۆسەکە دەدرێ، هەروەک لە لۆژیکی مامۆستای یەکەمیدا گرنگ نییە پێشەکییەکان ڕاست بن، یان نا ئەوی گرینگە پرۆسەی ئەنجام کەوتنەوەکەیە و ئایا ئەو ئەنجامە دەبوو هەر بە ناچاری لەو پێشەکییەکانەوە بکەوێتەوە، یان نا؟!

پرۆسە لۆژیکییەکە لە چوارچێوەی سیستمی کەلکولدا گرنگی خۆی هەیە، دەستەبەری دڵنیابوون لە دروستی پرۆسەکە پشت بە سیستمەکە دەبەسترێ، پشت بەستنەکە بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی بەکارهێنانی ڕێسا و قانوونەکانی پرۆسەکە، کە لایەنی ڕوخسار و فۆرمەکەی دەگرێتەوە و دەبێتە مایەی کەمکردنەوەی ڕێتێچوونی کەوتنە ناو هەڵەوە.

بەلای لایبنیتسەوە ئەگەر لەچوارچێوەی ئەو پرۆسەیەدا گومان لە ئەنجامی بەدەست هاتوو بکرێت، ژمێرە (کەلکولە) پشت پێ بەستراوەکە بەهۆی دانانی سیمبۆلی لۆژیکی لە جێگای چەمکە بنەڕەتییەکان، بنەمای ڕوخسارەکی بەڵگەکان بەبێ بایەخدان بەدەلالەتی چەمکە گومان لێکراوە تاووتوو دەکرێ، دەستەبەر دەبێ. سیمبۆلەکان لەو پرۆسەیەدا کە پیتەکانی ئەلف و بێ بەولاوە نین(١١).

**دووەم: پرۆسەی زانین**

١- ئەگەرچی لە کۆڕ و کۆمەڵە ئەکادیمییەکانی فەلسەفەدا لایبنیتس بەڕابەری تیۆری زانین دانانرێت، بەڵام لەو چوار شاکارەیدا بە تێروتەسەلی دەربارەی بابەت و پرۆسەی زانین دواوە:

- چەند توێژینەوەیەکی نوێ دەربارەی تێگەیشتنی مرۆڤ. (١٧٠٤ز)
- تیۆدیتسی (١٧١٠ز)
- مۆنادۆلۆژی (١٧١٤ز)
- بنەڕەتە ژیرییەکانی سروشت و بەهرەی ڕەببانی (١٧١٤ز).

ئەگەر لایبنیتس دەربارەی فرە بابەت و کێشە قسەی کردبێ و بەرهەمی نووسیبێ و ئەگەر لە فەلسەفەکەیدا فرە ڕەنگی دەرکەوتبێ، لە هەندێ لایەنی جیهاندیدە ئیپستمۆلۆژییەکەیدا جۆرە دوو ڕەنگییەکیش سەرنج ڕادەکێشێ! ئەو دوو ڕەنگییە لەلایەنی بیرۆکەی زگماک و هەستەکی، زانینی تەمومژاویی و ڕوون و ڕەواندا بە تەواوەتی ڕەنگی داوەتەوە. ئەو دوو ڕەنگییە کە پتر لە کایە و دەڤەری تیۆری زانیندا بەرچاو دەکەوێ لەگەڵ فرە ڕەنگی جیهاندیدە فەلسەفییەکەدا چۆن دێتەوە و دەگونجێ؟! ئایا ئەو دوو ڕەنگییە ئەنجامێک لە فرە ڕەنگییەکە کەوتۆتەوە، یان تەواوکاریەتی؟! ئایا دەکرێ پێچەوانەی ئەو پرسیارە بۆچوونە گریمانە بکرێت؟!

وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە وا پێویست دەکات لە سەرەتادا بۆچوونی لایبنیتس دەربارەی پرۆسەی زانین بەگشتی زانین خۆی بە تایبەتی ڕوون بکەینەوە، ئەو بابەتە خۆی لەخۆیدا لەو لایەنانەی تر کە کردمانن بە پرسیار لایەک دەکاتەوە.

- دەربارەی سەرچاوەکانی زانین و چۆن مرۆڤ شت دەزانێ و چۆن ئەو شتانەی زانیوە کە ئێستا دەیانزانی- ئەگەر بشێ (شت) لە پرۆسەی زانیندا بەکاربهێنین- لایبنیتس دوو بۆچوونی ئەوپەڕی لەیەکتری جیاوازی لەبەردەستدا بووە.

لەلایەکەوە ڕابەری فەلسەفەی نوێ ڕینێ دیکارت لەو باوەڕەدا بووە کە مرۆڤ لەو ڕۆژەوەی دێتە ئەو دنیایەوە چەند بیرۆکەیەکی زگماکی لە دەروون و ناخ و مێشکیدا هەیە و ناکرێ بەهۆی ئەزموون و تاقیکردنەوەی ژیانی

ڕۆژانەوە دەستگیر بن، ئەمەیە مەبەست لە بیروبۆچوونی زگماکی.

لەلایەکی دیکەوە جۆن لۆکی سەردەمی لایبنیتس بە پێچەوانەوە باوەڕی بە بوونی ئەو جۆرە بیرۆکانە نەبووە. وای داناوە ئەوەی مرۆڤ دەیزانێ لەیەک سەرچاوەوە دەستگیر بووە، هەست و ئەزموون و تاقیکردنەوە، چونکە لۆک گوتەنی: مێشکی مرۆڤ لاپەڕەیەکی سپییە Tabula Rasa. تاقیکردنەوەی ژیانی ڕۆژانە شتی لەسەر دەنەخشێنێ(١٢).

لایبنیتس هەوڵی داوە ئەو دوو لایەنە بەیەکتری ناکۆکە لەیەکەیەکی ڕەنگیندا ڕەنگ بڕێژێ.

مێشک- ژێر بەبێ بیروبۆچوونی خۆرسکی زگماکی نابێت، بەڵام ئەو بیرۆکانە سادە و ساکار و کاڵ و کرچن تاقیکردنەوەی ڕۆژانە بەهۆی هەستە جیاوازەکانەوە مشتوماڵ دەبن و کاملیان دەکات. ئەو سونتێزەیەی لایبنیتس لەو دوو ڕستەیەدا دەرکەوتووە کە دانەری تیۆری زانین لۆک گوتوویەتی شتێک نییە لە مێشک و ژێردابێ، ئەگەر بە هەستەکاندا تێنەپەڕیبێ، لە وەڵامدا لایبنیتس وتوویەتی:

تەنیا هێز و توانای ژێر خۆی نەبێ(١٣).

ئەگەر ئەوەی مرۆڤ دەیزانێ و پەی پێ دەبات نوێ بێ و بەهۆی هەستێک لە هەستەکانەوە بەدی هاتبێ و دەستگیربووبێ، بەڵام ئەو توانای شت زانین و بەدەستهێنان و لێک جیاکردنەوە و پۆلێن کردن و بڕیاردان کە ژێر خۆیەتی، هەر هەبووە و مرۆڤ بە هیچ ئامرازیک بەدەستی نەهێناوە و دەستگیری نەبووە.

کەوابوو زانین دوو سەرچاوەی هەیە:

- هەستەکان.
- ژێر.

٢- زانینێک بەژێر پشت ئەستوور بێت بە زانینی ژێرەکی ناودەبرێت، ئەو زانینە کاتێک دەستەبەر دەبێ ئەگەر چەند بنەما (پرینسیپێک) لە ئارادا بوون، چونکە ئەو بنەمایانە لەلای خۆیانەوە بوونی بڕیار و حوکمدانی هەمەکی گشتی و ناچارەکی دابین دەکەن و لەوانیشەوە زانینی گومان هەڵنەگر و زانستی ڕاستەقینە دەستەبەر دەبن. خۆ ئەگەر بێتو چەند بیرۆکەیەکی هەمەکی- گشتی و ناچارەکی لە ئارادا نەبن هیچ جۆرە زانینێکی ژێرەکی پشت ئەستوور بە ژێر شیاوەکی و لەکردن نایەت(١٤).

باشە دەبێ چۆن و لەکوێوە دەروون و گیانی مرۆڤ Der Geist ئەو بنەما بنەڕەتییانەی دەستگیر ببێ؟! چۆن لایبنیتس بوونی ئەو بنەما بنەڕەتییانەی لێکداوەتەوە و پاساوی داون؟!

پشت ئەستوور بە لۆژیکی نوێ و بیرکاری پتر وەڵامەکە بەلای ڕووت و پەتی (ئەبستراکت)دا مل دەنێ!

هیچ کاتێک لەتوانادا نییە و لەکردن نایەت چەمکە هەمەکی و ناچارییەکان لە فاکتەکان Tatsachen بکەونەوە و بەهۆی ئیندەکشن و ئەزموون و تاقیکردنەوەش پەردەیان لەسەر لانادرێ و نادۆزرێنەوە. هەروەها ناکرێ لە فاکتی تاکەوە چەمکی هەمەکی و لە فاکتی ڕێککەوتنەوە چەمکی ناچارەکی بکەوێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەو جۆرە چەمکانە ناکرێ پاشیییانە apos-triori بن، بۆیە دەبێ بەناچاری و بەپێی پێویست پێشییانە apriori بن، واتە نەک هەر لە پێش ئەزموون و تاقیکردنەوەوە بن، بەڵکو ئەم دووانە خۆیان وەک مەرج و بنەما پشتیان پێدەبەستن، بۆیە دوو ڕێتێچوون لەو بارەیەوە لەئارادان:

**یەکەم**: هیچ جۆرە زانین و زانستێکی ڕاستەقینە لەدەروون و گیانی Geiste مرۆڤدا بوونی نییە و دەروون تابلۆیەکی سپی پاک و بێگەردە و هیچی لەسەر نەنووسراوە، بەڵکو تاقیکردنەوەی ژیانی ڕۆژانە ئەو زانینەی بۆ دابین دەکات و دەداتە دەست. یان:

**دووەم**: دەبێ لە دەروونی مرۆڤدا Seele چەمکی هەمەکی و ناچاری هەبێت. کەوابوو- بە شێوازی نوێ- ئەو نین و لە ئارادانین، یان پێشییانەن و لە ناخی مرۆڤدا هەن و ئیتر بۆیە دەکرێ بڕیار بدرێ کە:

ئەو چەمک و بیرۆکەیەی پێشییانە بوونی هەبێ لە پێکهاتەی گەوهەریی و بنەڕەتی سروشتی مرۆڤدا هەیە، بۆیە بە زگماک ناوبرێن.

خۆ ئەگەر لە دەروون و ناخی مرۆڤدا چەند ڕاستییەکی ناچاری و هەمەکی (گشتی) پەیان پێ ببردرێ، ئەوە دەبێ لە دەروون و ناخدا بەپێی سروشتەکەیان چەمکی هەمەکی و ناچاری هەبێ، ئەوانەن کە بیرۆکەی زگماک دەناسرێن و پێشییانە ڕەنگی زانین دەرێژن. بەو جۆرە لایبنیتس خۆی لە لۆک جیا دەکاتەوە.

٣- وردبوونەوە لە دەروون- گیان و شی کردنەوەی پێکهاتە و تواناکانی بەپێی ئامرازی لەبەردەستدابووی

ئەو سەردەمە بۆتە مایەی ئەوەی لایبنیتس ئەو بڕیارە بدات کە لەناخدا چەند چەمکی زگماک هەیە، ئەو چەمکانەش خۆیان بنەمای بۆچوون و زانینی ژیرەکی مرۆڤ و کرداری ئاکارەکین(١٥).

بەڵام ئەو شتانەی مرۆڤ دەیانزانێ و زانین لەخۆیدا و ئەو پرۆسەیەش کە پشتی پێ دەبەستێ یەک شێوە و جۆر نییە، بەڵکو چەند جۆرێکی پلە و ڕادەی لەیەکتری جیاواز لەنێوانیاندا هەست پێ دەکرێن و دەکرێ لە یەکتری هەڵاوێردرێن و جیا بکرێنەوە. ڕەوشەکە پێوەندی بە شێوازی زانین و پەیبردن بەشتی دەوروبەر و چۆنێتی وێناکردن و دەربڕین و بەرجەستەکردنییەوە هەیە(١٦).

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو لایەن و ڕەوشـــەی زانین لە شاکاری بنەڕەتە ژیربییەکاندا نموونەی شەپۆلەکانی دەریا دەهێنێتەوە، ئەگەر بێتو مرۆڤێک بە قەراغ دەریادا بڕوات و سەرنجی شەپۆلەکانی بدات و گوێ لە دەنگیان بگرێت دیمەنەکە چۆن دێتە بەرچاو و گوێچکەی و هەست بە چی دەکات. لایبنیتس دەڵێ:

«هەمــوو پەیبــردنێکی ڕوون و ڕەوانی دەروون و ناخ ژمارەیەکی بێ کۆتایی پەیبردنی تەمومژاوی تێدایە... هەمــوو دەروونێک پەی بە بێ کــۆتایی دەبات هەمــوو شتێک دەزانێ، بەڵام بە شێوازێکی تەمومژاوی کە ڕوون نەبێ، هەروەک ئەوەی من کــاتێک بە قــەراغ دەریادا دەڕۆم و پیــاســە دەکــەم گــوێم لە دەنگی هاشـوهووشی شـەپۆلە زەبەللاحـەکـان دەبێ، لە هەمــان کـاتدا دەکرێ دەنگی تایبـەتی تاکـە شـەپۆلەکـان لەنێـو کـۆ و تێکڕای سەرجەمی شەپۆلەکـاندا ببیسـتم، بەبێ ئەوەی بتوانم دەنگی شەپۆلەکان لەیەکتری جیا بکەمەوە.. بەو پێیە ڕێ پێببردنە ڕوونەکانمان ئەنجامی ئەو کـارەن کە تێکڕای دەوروبەر لە ئێمــە دەیکات»(١٧). ئەو نموونە ئاڵۆزەی لایبنیــتس بۆ سـاغکردنەوەی بۆچوونە بڕیارەکـەی خۆی هێناویەتەوە، ئەوە دەگـەیەنێ، مرۆڤ بۆ ئەوەی دەنگێک ئاسایی ببیسـتێ دەبێ ئەو بەش و پارچە جیـاجیـانەی دەنگەکە لێیان پێکهاتووە ببیستێ، دەنگی هەر شەپۆلە لە شەپۆلەکان بەجیا، بەڵام لە چوارچێوەی کۆی گشـتی شەپۆلەکاندا ببیستێ، ئەگەرچی دەنگی تاکە شەپۆلەکان هێمن و هێواش و لاواز و لە سەرخۆبن. لەگەڵ ئەوەشدا کاتێک دەریا دەلوورێنێ، دەکرێ لە چوارچێوەکەیدا پەی بەتاکە شـەپۆلەکـان بەرین و گـوێمـان لە دەنگەکـەیان بێ بەجـیـا، چونکە هەرچەندە دەنگی تاکــە شــەپۆلەکــان لاوازیش بێ، دەبێ بیـبیـسـتین، چونکە بەبێ ئەو تاکـە دەنگانە کە کۆی دەنگی شەپۆلەکان پێک دەهێنن، ناکرێ تێکڕای دەنگەکە ببیسترێ.

ئەو بۆچوونەی لایبنیتس جیهاندیدە ئایدیالیستییە فرە ڕەنگییـەکـەی لەچوارچێـوەی هارمـۆنی و هەمـاهەنگی گەردوونی بووندا بەدەردەخات، ئەگەر لە وردەکاریدا جۆرە جیـاوازییەک هەبێ لە کۆی گشـتیدا پێکەوە گونجان و هەماهەنگی و هارمۆنی هەیە. ئەو بۆچوونە جۆرە پێکەوە گـونجـاندنی بیـروبۆچوون و جیـهـاندیدە جۆربەجۆرەکـانی فـەیلەسـووفـەکـان لە چوارچێـوەیەکی تایبـەتی بەخـۆی دەگەیەنێ. لێـرەوە دەکرێ مـرۆڤ تێ بگات کـە وتراوە، لایبنیتس لەتیۆری زانیندا گەڕاوەتەوە بۆ لای ئەفلاتوون. ئەگەر بەلای لۆکەوە هیچ شتێک لە فـام و تێگەیشـتندا نییە، ئەگەر پێشتر بە هەستەکاندا تێنەپەڕیبێ و وەڵامی لایبنیـتس ڕسـتە بەناوبانگەکەی بووە: تەنیـا فـام خـۆی نەبێ.

## سێیەم: مۆناد: ئەتۆمی گیانی.

مـــۆناد چ وەک چەمک و چ وەک بابەت بە خــــاڵی سەرەکی جیـهـاندیدە سەرتاپاگیـرە فـرە ڕەنگییـەکـەی فـەلسـەفەی لایبنیـتس دادەنرێ. وشـەکە خـۆی یۆنانییـە Monad واتای یەکەی دابەش نەبوو دەگەیەنێ گوایە لە گیـوردانو برونۆ خواسـتوویەتییـەوە. لایبنیـتس بەو جۆرە پێناسەی مۆنادی کردووە:

«ئەو مۆنادەی مەبەستمانە و لێرە قسەی لێدەکەین، لە گـەوهەرێکی سـادە و سـاکـار بەولاوە نییـــە کــە لە پێکهاتەکاندا هەیە. سادە و ساکار بەو مەبەستەیە: هیچ کوت و پارچەیەکی نییە(١٨)».

بۆ ڕوونکردنەوەی مەبەستی لایبنیتس لەو پێناسەیە و چۆنێتی خـواسـتنەوە و بەکـارهێنانی ئەو چەمکە، دەبێ ئاوڕێک لەو هەلومـەرجـانە بدرێتـەوە کـە زەمـینەی شین بوون و سەرهەڵدانی بیرۆکەی ئەو فەیلەسووفەیان خۆش کردووە.

- دیکارت سپینۆزا پێشتر باسی گەوهەریان کردووە و هەریەکـــەیان بەپێی بۆچوونی خـــۆی لەچوارچێـــوەی جیهاندیدە فەلسەفەییەکەدا خەسڵەت، یان خەسڵەتێکی بەو گـەوهەرە بەخشـیـوە. دیکارت لەو کـایەیەدا بە دوو

ڕەنگی و سپینۆزا بەیەک ڕەنگی ناسراون. هەر ئەو هەڵوێستە بووە دەستەبەری کاردانەوەیەکی هەنگاو هەڵگرتنی لایبنیتس بووە بەلایەکی دیکەدا.

پشت ئەستوور بە جیهاندیدی زانستی سەردەمی خۆی دیکارت بۆ شرۆڤەکردنی دیاردە سروشتییەکان پەنای بۆ بەر شرۆڤەکردنی میکانیکی بردووە. میتۆدەی میکانیکی کە بۆ لێکدانەوەی کێشە دیاردە ئامێزەکان پەنای بۆ دەبردرێ چەند ڕێسا و بنەمایەکی تایبەتی خۆی هەیە، تەنانەت ناوەکەشی جۆرە سروشت دەستنیشانکردنێک دەداتە دەست.

میتۆدەی میکانیکی کە دیکارت پەیڕەوی کردووە پابەندی چەمکی بزووتنەوەیە لەگەڵ تایبەتمەندییە بنەڕەتەکانی دیکەیدا وەک ڕوخسار، ڕەوش، ئارامی. ئەو میتۆدەیە ڕەوشی بزووتنەوە و پەرەسەندنی ئەوسای زانستەکانی بەرجەستە کردووە. بەلای دیکارتەوە میتۆدەی ناوبراو دەبێ بیرێتەوە سەر بنجوبناوانی کشان، ئەوە لەخۆیدا گەوهەری ماددەیە و ئینجا گەوهەرێکی تری گریمانە کردووە کە هزر و بیرکردنەوەیە. لێرەوە دوو گەوهەر بەلایەوە هەبوون کە تایبەتمەندییەکانیان بەوشێوەیە بووە:

- گەوهەری ماددە کە تایبەتییەکەی کشانە: Re-sextensa
- گەوهەری ژیر (نەفس- دەروون) کە تایبەتمەندییەکەی بیرکردنەوەیە: Rescogitans ئەوەیە دوو ڕەنگی جیهاندیدی فەلسەفەی دیکارت.

سیستمی میکانیکی ڕوونکردنەوەی شت و دیاردەکان کە سەردەمی لایبنیتس باو و دەستبەکار بووە بە پێچەوانەی میتۆدە و سیستمی سەدەکانی ناوەڕاست و پێشتر بووە. بریتی بووە لە جیاوازی و ناکۆکی نێوان هۆکاری ئامانجەکی و هۆکاری کاریگەر کە لەنێو بابەتی لاهووت و بنەمای هۆکارەکیدا باو بوون.

بەپێی ئەو نامەیەی لایبنیتس کاتی خۆی بۆ هزرمەندی فەرەنسایی (ڕیمۆند دو مۆنتمۆرتی) ناردووە و لە سەرچاوەکاندا بلاوکراوەتەوە هەر لە سەرەتاوە میتۆدەی میکانیکی دیکارت و نیوتنی پەسند نەکردووە، چونکە وەک خۆی گوتوویەتی: دوای وردبوونەوە بۆی ڕوون بۆتەوە کە بنەما و دوا هۆکارەکانی میکانیزم و قانوونەکانی بزووتنەوە، بەهیچ جۆرە بنەمایەکی بیرکاری (ماتماتیک) پشت ڕاست ناکرێنەوە، بۆیە دەبێ مرۆڤ سنوور ببەزێنێ و جارێکی دیکە بچێتەوە نێو کایە و پاوانی میتافیزیک(١٩). ئەو سنوور بەزاندنە و چوونەوە نێو باوەشی میتافیزیک ئەگەرچی خۆی لەخۆیدا ئاراستەی بیرکاری لەناخی هزرمەندا دووپات دەکاتەوە، ئایدیالیستییەکی گومان هەڵنەگریش بەرجەستە دەکات، بەوەی پشت لە ماددە و ڕوو لە فۆرم دەکرێت. بیرکاری کە زانستی پەسند بووە لەلای لایبنیتس و کردوویەتی بە بنەما و پێودانگ لە ژیانی زانستی و فەلسەفەیی تایبەتی خۆیدا، ئەنجامێکی چاوەڕوان کراو لەو پەیڕەوکردنەی بیرکاریدا کەوتۆتەوە، ئەو ئەنجامەی بریتی بووە لەوەی لە سۆنگەی فۆرم و ڕوخسارەکانی هزر و بیرەوە سەرنجی جیهان و دەوروبەر بدات و لە ڕوانگەی بیرکارییەوە (ماتماتیکەوە) ڕەنگی جیهانبینییە فرە ڕەنگییەکەی بڕێژێ. لێرەوە ماددە بایەخە ژیرییە- هەستییەکییەکەی خۆی لەدەست دەدات و بزووتنەوە و لەشەکان کە ڕێبازی میکانیک کردوونی بە پێودانگی تێگەیشتن و شرۆڤەکردنی سروشت دەبێ بەناچاری ئەوەندەی لە کردن بێت و ژێر بیگرێ، دابەش بکرێن تا دەگەنە دوا خاڵ کە هیچی تر دابەش بوون و بچووک کردنەوەکە لە کردن نەیەت، بەو پێیە لایبنیتس لە ڕەگەزی فیزیکییەوە بەرەو میتافیزیک بەرەو یەکەیەکی زیندوو کە بە «مۆناد»(٢٠) ناوی بردووە هەنگاوی ناوە. ئەو مۆنادە گەوهەرێکی ڕاستەقینەیە، چونکە یەکەیەکی یەک ڕەنگە Einheit. گەوهەرێکی بوونەوەری ڕاستەقینە و ڕاستینە دەبێ بە ناچاری گەوهەر بێ، چونکە ئەوی بەڕاستی گەوهەرێک نەبێ، ئەوە گەوهەری ڕاستینە نابێت. لە هەمان کاتدا ناکرێ و ناگونجێ گەوهەرێکی ڕاستینە، گەوهەرێکی ماددە بێت، چونکە هەموو گەوهەرێکی ماددەیی، هەموو لەشێک دەکشێ و پابەندی جێگا دەبێ و ئینجا لە پارچە و کوت پێک دێت و پارچە دارە. هەر لەو پارچانەش پێکدێت و دروست دەبێ، بۆیە ناکرێ یەکەیەکی یەکڕەنگی یەکگرتووبێت، بەڵکو کۆیەکی فرە ڕەنگی دەبێ، بۆیە بەهیچ جۆرێک کۆی فرە ڕەنگ کە ماددەیە گەوهەر نابێت، گەوهەر هەمیشە و بەناچاری تاکێکە، ئیتر پێویستە هەڵکەوتی ڕاستەقینەی گەوهەر نامادده و نا لەشی بێت و لە کشان نەیەت(٢١) Unausgedehnt. ئەوەش تەنیا هەر لە مۆنادا هەیە و

هەر مۆناد گەوهەری ڕاستەقینەیە. ئەتۆمی ڕاستەقینەی سروشتە و ڕەگەزی هەمووشتێکە.

### تایبەتمەندییەکانی مۆناد

ئەگەر مۆناد تاکە گەوهەری ڕاستینە بێت، دەبێ لەلای خۆیەوە تایبەتمەندی خۆی هەبێ کە ببێتە مایەی شایستەی ئەو سروشتە بێ هاوتایە بێت کە لایبنیتس پێی ڕەوا بینیوە. کەوابوو ئەو تایبەتمەندییانە کامانەن:

- مۆناد پەنجەرەی نییە:

بەلای لایبنیتسەوە هیچ مۆنادێک ناتوانێ کار لەوی تر بکات و وا بەسووک و ئاسانیش ناکرێ لێک بدرێتەوە چی لەنێو مۆناد خۆیدا ڕوودەدات لەبەر ئەوەی هیچ شتێک لەناویدا ناگوێزرێتەوە و ناکرێ تێیدا بزووتنەوەیەکی ناوەکی وێنا بکرێت، چونکە هیچ مۆنادێک پەنجەرە و دەلاقەی نییە و ناکرێ شتێک بچێتە ناویەوە، یان لێی بێتە دەرەوە. لایبنیتس دەڵێ:

لە توانادا نییە ڕوون بکرێتەوە چۆن مۆنادێک لەلایەن داهێنراوێکی دیکەوە لەناوەوەیدا کاری تێدەکرێ، یان گۆڕانی بەسەردا دەهێنرێ و ناکرێ هیچ شتێک بخرێتە ناویەوە و هیچ جۆرە بزووتنەوەیەکی ناوەکی تێیدا بەبیردا بێت و وێنا بکرێت... مۆنادەکان هیچ پەنجەرە و دەلاقەیەکیان نییە(٢٢) بۆیە ناکرێ هیچ شتێک بچێتە ناویانەوە، یان لێیانەوە بهێنرێتە دەرەوە. کەوابوو هەرمۆنادە لە خۆیدا بوونێکی تایبەتی سەربەخۆی هەیە و لە ئەنجامدا هەر مۆنادە لە سۆنگەی تایبەتی خۆیەوە جیهان بەرجەستە دەکات.

- هیچ مۆنادێک لەوی تر ناچێ:

لە تێکڕای بووندا، لە سەرانسەری جیهاندا، لە هەموو ژینددا دوو بوونەوەر، دوو شت نییە کە لە هەموو لایەکەوە وەک یەک بن و بە تەواوەتی لە یەکتری بچن تەنانەت پەنجە و قامکەکانی دەست گەڵاکانی درەختێک وەک یەک نین. مۆنادیش هەروایە، لە چەندوچۆنییەتیدا لەیەکتری جیاوازن و تەنانەت دوو مۆناد نییە کە بە تەواوەتی وەک یەک بن، ئەگەر دوو شت وەک یەک بن یەک شت دەبن نەک دوو شت. تەنانەت دەکرێ مرۆڤ لەوە پتر هەنگاو هەڵبگرێ و بڵێ:

لە سروشتیشدا دوو ڕووداو نییە کە ئەوەندە لە یەکتری بچن جۆرە دووبارە بوونەوەیەک پشت ڕاست بکاتەوە. ئەوی ڕوو دەدات و دەقەومێ نوێیە و لەوی پێش خۆی و لەوی دواتریش جیایە. لایبنیتس گوتوویەتی:

پێویستە و دەبێ هەر مۆنادێک لەوی دیکە جیا و جیاواز بێت. هیچ کاتێک و لە هیچ شوێنێکی سروشتدا دوو گەوهەر نەبووە کە بە تەواوەتی وەک یەکتری بن لە نێوانیاندا جیاوازییەکی لە سروشتی ناوەکییانەوە کەوتبێتەوە هەست پێ نەکرێت(٢٣). ئەوەیە مەبەستە لە بنەمای «لەیەکتری چووەکان».

- مۆناد بوونەوەری گیانییە:

لە فەلسەفەی پێش لایبنیتسدا وا باوبوو سروشتی شت بەوە لەیەکتری جیان کە دوو جۆرن: گیانی، لەش.

سروشتی گیانی لە هزر و بیرکردنەوە و هی لەش لەکشان پێک دێن و بەو پێودانگە دوو جۆر گەوهەر لە بووندا لە ئارادا دەبن:

- گیان گەوهەری هزرمەندی بیرکەرەوەیە.
- لەش گەوهەری کشاوەیە.

ئەوی پێوەندی بە پرۆسەی زانینەوە هەیە، ئەو دوو ڕەنگییەی گەوهەر لە بووندا، ئەنجامێکی دوو خاڵی لێدەکەوێتەوە:

- لە چوارچێوەی جیهانی گیانیدا هەموو شتێک (ئەگەر بشێ وشەی شت بەکاربهێنرێ) بەهۆی بیرۆکە (ئیدی) و بۆچوونەوە شرۆڤە دەکرێ. لەو کایەیەدا پەیرەوی ئایدیالیستی دەگیرێتەبەر.
- لەنێو جیهانی لەشدا Korper Welt ئەوی هەیە بەهۆی ڕەگەزی لەشییەوە لێک دەدرێتەوە. لەو پاوانەدا بە پێچەوانەوە ڕێبازی لەشی دەکرێ تەنیا هەر مەتریالیستییانە materialistisch پەیڕەو بکرێت(٢٤)».

ئەو بۆچوونە لەلای لایبنیتس نەک هەر گومانی لێکراوە، بەڵکو پەسند نەبووە، چونکە لە دەڤەری گیانیدا چەندین ڕاستینە Tatsachen هەیە کە بە ڕێبازی گیانی ئیدیالیستی نە دەکرێ و نە لێک دەدرێتەوە، بە هەمان شێواز لە جیهانی لەش- ماددەدا دیاردەی ئەوتۆ هەیە و بەرچاو دەکەوێ، بەڵام بە ڕێبازی مەتریالیستی ڕوون ناکرێتەوە. ئەوە چی دەگەیەنێ و چی لێدەکەوێتەوە؟!

ئەوە دەگەیەنێ کە دەبێ جارێکی دیکە چاو بە پێناسە و دەستنیشانکردنی گەوهەردا بخشێنرێتەوە! لێرەوە

لایبنیتس دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە مۆناد گەوهەری راستەقینەیە و سروشتی گیانی هەیە، ئەم دەستنیشانکردنە فرە رەنگی بوون و جیاوازی نێوانیان پاساو دەداتەوە. ئیتر مۆناد ئەتۆمی راستینەی سروشتە و رەگەزی بنەرەتی هەموو شتێکە، چونکە پارچەدار نییە، لە شتی ترەوە پێک نەهاتووە و دروست نەبووە، بەڵکو سادە و ساکار و یەکەیەکی یەکرەنگە. چەمکی مۆناد بەپێی وا دانانەکەی و ئەو پێناسەیەی لایبنیتس کردوویەتی، شت خۆی گەوهەرە، گەوهەریش سروشت ئاسایانە پەیدا دەبێ و نە لەناودەچێ. هەر هەبووە و هەردەمێنێ، خۆی لەخۆیدا ناوەندی هێز و توانا و وزەیە. هیچ شتێک، هیچ لەشێک بەبێ هێز و وزەی بزووتنەوە ناکرێ بوونی هەبێ، چونکە هەر یەکێک لەوانە بەشێوازێک دەبێ چالاک و کاریگەر بێ و کار لە هی تر بکات، بۆیە مۆناد بە گەوهەرێکی گیانی بەهێز و توانا و نامادە دادەنرێ. هەر مۆنادێک بۆ خۆی لەخۆیدا بەپێی و بەسایەی ئەو هێز و توانایەی هەیەتی، یەکەیەکی تاکی یەکرەنگی بەشێوازی ئینتلێخی ئەرستۆ پێک دەهێنێ، هەروەک چۆن لەش بەبێ هێز و توانا و وزە بەهزر و بیردا نایەت و وێنا ناکرێت، بە هەمان پێودانگ ناکرێ هێز-وزە Kraft لە مۆناد بەولاوە بەبیردا بێت، ئەوەیە مەبەست لە چەمکی گەوهەری لەخۆیدا چوستوچالاک و بەکار. ئیتر مۆنادەکان رەگەزی شتومەکن واتە هێز و گەوهەری نامادەیین.

بەلای لایبنیتسەوە ژمارەیەکی بێ سنوور و لە رادەبەدەر مۆناد هەیە و هەریەکەیان لەوی تریان جیاوازە، هەر ئەوەیە کە جیهان ئەو بوونە ئەوپەری فرە رەنگی و هەماهەنگی دەنوێنێ و بەرجەستەی دەکات.

مۆنادەکان وەک زنجیرێکی ئاڵقە لە ژماردن نەهاتوو وان لە زنجیرەی ژمارەکان دەچن چۆن هەر ژمارەیەک لەوی پێش خۆی و دواتری جیاوازە و بەبێ ئەوانیش نابێ مۆنادەکانیش هەر ئاوەهان.

## هەماهەنگی پێشوەخت و هۆکاری بەس بوو

ئەگەرچی هەر مۆنادە لەخۆیدا بوونەوەرێکی سەربەخۆیە و لە سەرجەم سروشتدا دوو شت نییە وەک یەک بن، لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ قسە لە هارمۆنی و هەماهەنگییەکی پێشوەخت و نەزم و رێکوپێکی جیهان بکرێت. لەو قسە کردنەوە ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە:

چۆن مۆنادەکان پێکەوە هەڵدەکەن و پێوەندی نێوانیان چۆنە؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە کەوا سووک و ئاسان نییە وا پێویست دەکات سەرنج لە هەردوو جیهاندید و سروشت دید بدرێت و روون بکرێتەوە لە چوارچێوەی میتافیزیکە جەنجاڵەکەی لایبنیتسدا چۆن و تا چ رادەیەک سروشت و جیهان شیاوەکین و ئەو هەلومەرجانە کامانەن ئەو شیاوەکییە دەستەبەر دەبن؟! بۆ ئەو مەبەستە پەنا دەبرێتە بەر هەردوو دەڤەری سروشت و سەروو سروشت، فیزیک و میتافیزیک، لەنێوانیشیاندا بابەتی بیرکاری بە لقە فرە رەنگییەکانییەوە ناکرێ دەستبەرداری ببێ.

– جۆر و سروشتی بیرکردنەوەی ئەو فەیلەسووفەی هانۆڤەر رەنگی نەخشەی جیهاندیدە فەلسەفەییەکەی رشتووە و دوا روخسار و ناوەرۆکی پێ بەخشیوە. لایبنیتس فەیلەسووفێکی فرە بەرهەمی فرە رەنگی-پلورالیستی بووە، کۆشاوە بەپێی هەلومەرجی سەردەمەکەشی، بوونی جیاوازی هەر لە هزر و قانوون و مەزهەب و ئایین تاوەکو کۆمەڵگا لەبەرچاو بگرێ، ئەگەر نەیپارێزێ هەوڵی لەناوبردنی نەدات، بەڵام بەوپەرییەوە سەرگەرمی ئەوە بووە چۆن:

لەنێو جەرگەی جیاوازی و لە یەکنەچووندا یەکرەنگی و یەکێتی و لەیەکچوون دابین بکات و دەستەبەری ببێ (٢٥).

لەو سۆنگەیەوە بابەتی مۆناد و بابەت و رێبازی هەماهەنگی و هارمۆنی پێشوەخت دوو گەوهەرن لە سیستمی فەلسەفەکەیدا دەدرەوشێنەوە. جگە لەوەی بابەتی سەرەکی میتافیزیکی گەوهەرییان لێ پێک دێت و چارەسەرێک کە ژێر بیگرێ بۆ پێوەندی نێوان لەش و دەروون پێشکەش دەکەن. هەروەها هەوڵێکی زیرەکانەیە تێگەیشتنی داهێنەرەکەی دەربارەی پێوەندی دەستیاوی نێوان رەب و جیهان نیشان دەدات. کەوابوو چۆن لەو جیهاندیدەدا کە لە چوارچێوەی جیاوازیدا یەکرەنگی و فرەرنگی بە هەماهەنگ گرێیانە دەکات هەبوونی ئەو هارمۆنی- هەماهەنگییە ساغ دەکاتەوە و دەستەبەر دەبێ؟!

– ئەگەرچی هەر مۆنادە لە خۆیدا بوونی تایبەتی خۆی هەیە و لەوانی تر سەربەخۆیە، بەڵام ئەوی تێیدا روودات

لە مـۆنادەکـانی دیکەدا دەردەکـەوێ و ڕەنگ دەداتەوە، چونکە هەر مـۆنادە لە سۆنگە و گـۆشـەنیگای تایبـەتی خۆیەوە، جیـهان خۆی دەنوێنێ(٢٦). بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو بۆچوونە کـە هەر لە ئەندێشـەی شـایەرێک دەچێ، لایبنیتس لە هەمان بەرهەمدا دەبێژێ:

ڕەب بەپێی ئەو دیدە جیاوازانەی لەبارەی جیـهانەوە، دەربارەی گـەردوون هەیەتی، گـەوهەرە جـیـاوازەکـان دادەهێنێ. هەر بە سایەی بەهرەی ڕەببانییەوە سروشتی ئەوەیە لە گەوهەرێکدا ڕوودەدات وەک ئەوە دەبێ کـە لە گەوهەرێکی تردا دەقەومێ، بەبێ ئەوەی هیچ گەوهەرێک کار لە گەوهەرەکەی دیکەدا بکات(٢٧).

لەو دوو دەقـەی فـەیلەسـووفی هانۆڤـەرەوە ئەو خـاڵانە دەستنیشان دەکرێن:

– هەر مـۆنادە لەخۆیدا سـەربەخـۆیە و بوونی تایبـەتی خۆی هەیە.

– بەڵام جـۆرە پێـوەندییـەک لە شـێـوازی هارمـۆنی و هەماهەنگی لەنێوانیاندا هەیە.

– ئەوی لە گەوهەرێکدا ڕوودەدات لەوی تردا تیشک و ڕەنگ دەداتەوە.

– هێـزێکی دەرەکی– سـەرووسـروشـتی کـە داهێنەری مـۆنادەکـانە، لە هەمـوو شـتـێکدا دەست دەخـاتە نێـو کاروباری فرە لایەنی مۆنادەکان.

– جـیـاوازی لەوە دەکـەوێتـەوە، لەچ سـۆنگە و ڕوانگەیەوە سـەرنج دەدرێ. بۆ نموونە ئەگـەر چەند کەسێکی جیاواز لە چەند گۆشەیەکی جیاوازەوە سەرنجی شار (بازێرێک) بدەن، هەمان بازێڕ بەجۆری جیاواز دێتە بەرچاو و بەر دیدیان. (مۆنادۆلۆژی– پەرەگرافی ٥٧).

– ئەوی لەنێو مۆنادێکدا دەقەومێ وەک ئەوە وایە کە لە مـۆنادێکی تردا ڕوودەدات بەبێ ئەوەی پێـوەندییـەکی ڕاسـتـەوخـۆ و کـار لە یەکـتـری کـردن لەنێـو مـۆنادەکـاندا هەبێ. ئەو پرۆسـەیە بەلای لایبنیـتـسـەوە هارمـۆنی پێشوەختە کە لەلایەن ڕەببەوە ڕەنگی ڕێژراوە. لە وەڵامی ئەو پرسـیـارەدا کـە وەک کـێـشـەیەک لەو بۆچوونی هەمـاهەنگییـەوە دەکـەوێتـەوە، لایبنیـتس نموونەی دوو ئامێری کاتژمێری هێناوەتەوە کە وەستایەکی شارەزا و دەست ڕەنگین دروسـتی کـردوون و هەردووکـیـان بەبێ ئەوەی پێـوەندی کـار لەیەکـتـری کـردنی ڕاسـتـەوخـۆ لەنێـوانیـاندا هەبێ شـان بە شـانی یەکـتـری بە وردی و ڕێکوپێکی کار دەکەن.

جـیـهـان لە ژمـارەیەکی لە ڕادەبەدەر و بێ سنوور و لە ژماردن نەهاتووی مۆنادەکان پێکهاتووە، ئەو جیـهانەش چاکترین جیـهانێکی شیاوەکییە کە لە تواناداBێ و لە گـونجـان بێ، بۆیە دەبێ هۆکـارێکی بەس بوو -Zu-reichende هەبێ مایەی قەومان و ڕوودانی ئەو هەموو شـتـە بێت کـە دێنە کـایەوە و لەبەرچاو ون دەبن و بۆچی ئەوەی قـەومـاوە و دەقـەومێ دەبوو ڕووبدات و بقـەومێ؟ خۆ ئەگەر ڕەوشـەکە بەو جۆرە نەبووبایە و هۆکـاری بەس بوو لە ئارادا نەبووبایە لەجیـاتی ئارامی و ڕێکوپێکی و نەزم، ئاژاوە و سەرگەردانی و شێواوی لە ئارادا دەبوون و باڵیـان بەسەر جیهاندا دەکێشا. بوونی ئەو نەزمە -Ord-nung جگە لەوەی یەکـڕەنگی لەنێـو چوارچێـوەی فـرە ڕەنگیـدا سـاغ دەکـاتەوە، هەبوونی هۆکـاری بوون و نەبوونیش پاساو دەدات.

**چوارەم: بەڵگەی ساغکردنەوەی بوونی ڕەب**

١– لەو ڕۆژەوە فـەلسـەفـە وەک جـیـهـاندیدێکی ڕێکوپێک خـەتوخـاڵی داوە، بابەتی بوون و نەبوونی هێزێکی سەرووسروشتی دەسەڵات و توانا بێ سنوور و لە ڕادەبەدەر، هەتاوەکو سەدەی حەڤدە بابەتێکی ناوەندی هەردوو لقی چالاکی فـەلسـەفـە و لاهووت بووە. ئەگـەر ئایین بەندی ئەو بنەمـایە بووبێ کـە دەبێ ئەو بوونەوەرە ترانسندێنتییە هەبێ، لاهووت کۆشاوە بوونەکەی ساغ و پشت ڕاست بکاتەوە، بەڵام فـەلسـەفـە بەپێی فەیلەسووفەکە هەڵوێستەکەی لە بارەی ئەو بابەتەوە بە ئا کردن و نا کردنەوە ئەوپەڕی جیاواز بووە و پتر خۆی لەو پرسـیـارەدا دارشـتـووە: هونەر و نـهێنی بوون و نا بوونی ئەو هێزە چییە و بۆ دەبێ پرسیار لە بارەیەوە بکرێت؟.

فەلسەفە کۆشاوە، هەر لەسەردەمی ئەفلاتوونەوە بوونی ڕەب پشت ڕاست بکاتەوە، چەمکی ئەو بوونەوەرە کـە تـاڕادەیـەک لـەنـاخ و دەروون و بـۆچـوونـدا ئـاڵـۆز و تەمـومـژاوی بووە، بەڵام گـەوهەری هەست و نەسـتی دەروونی ئایینی مرۆڤی لێ پێکهاتووە، ڕوون و ڕەوان و مـشـتـومـاڵ بکات. ئەو هەوڵە ئارێیـە، ئەگـەر بشێ لایەنەکەی تر کەنارێیە– بە نادیدە بگیرێ، لە دوو کایە و دەڤەری جیاوازدا ئەسپی خامەکەی تاوداوە؛ هەر دەڤەرە بنەما و هەلومەرجی دیار و تایبەتی بەخۆی هەبووە کە پتر

لە سۆنگەی سەرنجدانی فەیلەسووفەکەوە سەرچاوەی گرتووە:

**یەکەم:** پشتی بە بنەما و هەلومەرجی بیرۆکەیەک بەستووە. لەو ڕەوشەدا بوونی ڕەب بە پرۆسەیەکی لۆژیکی- ژیرەکی بەشێوازی پێشییانە ساغ کراوەتەوە. بەڵگەی ئۆنتۆلۆژی نموونەیەکی ئەو جۆرەیە.

**دووەم:** سروشت دەکرێ بە بنەما و بۆ ساغ کردنەوەی بوونی ڕەب بە شێوازی پاشییانە aposteriori پشتی پێ دەبەسترێ(٢٨). بەڵگەی گەردوونی (کۆسمۆلۆژی) لەو کایەیەدا ئاماژەی پێدەکرێت.

٢- لایبنیتس کە ڕابەرێکی فەلسەفەی ئیدیالیستی سەردەمی خۆی بووە، هیچ کاتێک گومانی لە بوونی ڕەب نەکردووە. لەو ئەرکەیدا کە چۆتە ژێر بارییەوە لەسەر دوو بنەما نەخشەی پلانەکەی ڕەنگ ڕێژ کردووە:

١- ئەگەر ڕەب نەبێ هیچ کاتێک هۆکارێکی بەس بووی بوونی شتەکان لە جیهاندا لە ئارادا نابێ.

٢- بەبێ بوونی ڕەب هیچ هۆکارێکی بەخۆ بەس بوو لە ئارادا نابێ کە ببێتە مایەی ئەوەی شتەکان لە جیاتی شێواوی و ئاژاوە و سەرگەردانی هارمۆنی و هەماهەنگییەکی ئەوپەڕیان لەنێواندا هەبێ(٢٩).

بەو پێیە بەلای فەیلەسووفی هانۆڤەرەوە هیچ ڕاستەقینەیەک ڕاستینە نابێ و هەبوو نابێ و هیچ ڕستە و دەستەواژە و بڕیارێک ڕاستییەکەی ساغ و پشت ڕاست ناکرێتەوە کە ئەگەر هۆکارێکی بەس بوویان نەبێ، بۆچی بەو جۆرە بوون و بەجۆرێکی دیکە نەبوون! ئەگەرچی لە فرە ڕەوشدا هۆکارەکان لەلامان دیار و ڕوون و ئاشکرانین (مۆنادۆلۆژی- پەرەگرافی-٣٢).

بۆ پشت ڕاستکردنەوەی بوونی ڕەب لایبنیتس چەند بەڵگەیەک دەهێنێتەوە گرینگترینیان ئەوانەن:

**یەکەم**: بەڵگەی بوونی گشتی Ontologie:

بەڵگەی ئۆنتۆلۆژی لەلایەن سانت ئەنسلمەوە لە سەدەکانی ناوەڕاست دانراوە، دیکارت بە جۆرە مشتومالکردنێکەوە پەسندی کردووە و بەکاری هێناوە. لایبنیتس کۆشاوە کەلەبەرەکانی ئەو بەڵگەیە پڕ بکاتەوە و بەشێوەیەکی ڕێکوپێکتر بیخاتەوە بەر دەست.

بەڵگەکە لە گەوهەری ڕەبیەوە کە ئەوپەڕی کامڵ و تەواوەتییە و لەو کامڵتر ناکرێ بەبیردا بێت بوونەکەی پشت ڕاست دەکاتەوە، چونکە تایبەتمەندییەکی سەرەکی لە تایبەتمەندییەکانی تەواوەتی و کاملی خەسلەتی بوونە. بەپێی بنەمای لۆژیک ئەگەر لە دەستەواژەیەکدا بوون لە کاملی بستێندرێتەوە دەستەواژەکە ناکۆک دەبێ، چونکە باری بوون لە بنەی کاملیدا بە ناچاریی هەیە.

کەواتە چەمکی گریمانکراوی کامڵ و تەواوەتی بە ناچاری بوونی تێدایە ئەگەر وانەبێ کامڵ و تەواوەتی نابێ، بۆیە ئەو بوونە بوونێکی ناچارییە. ڕەب خۆی ئەوپەڕی کامڵ و تەواوەتییە، کەوابوو ڕەب هەیە. بەلای لایبنیتسەوە ئەو بەڵگە جۆرە چاککردن و دەسکارییەکی گەرەکە. لە شاکاری «گوتارێک دەربارەی میتافیزیک»دا دەڵێ:

بیرۆکە و بۆچوونی ڕەب بە ڕوون و ئاشکرایی بەو وشانە دەردەبڕدرێ: ڕەب بوونەوەرێکی کامڵ و تەواوی ڕەهایە.

بەڵام بیرۆکەی کەماڵ و تەواوەتی خۆی چەندین جۆری لە سروشتدا هەیە کە لە یەکتری جیاوازن، ئەگەرچی ئەو تەواوەتییانە هەموویان هەر هی ڕەبن، بۆیە دەبێ بزانین تەواوەتی چییە؟ هەندێک وێنە و سروشت هەن دەگەنە ئەوپەڕی پلەی خاسیەتی، بەڵام کەماڵ و تەواوەتی نین. سروشت ژمارە و ڕوخسار و وێنە چەندە فرە و گەورەبن هەر دەکرێ لەو گەورەتر و فرەتر بە بیردابێت، بەڵام دانایی- زانین و توانا (قودرەت) دەکرێ(٣٠) کەماڵ و تەواوەتی بن، چونکە دژ و پێچەوانەکەیان ناکۆکە و لە کردن نایەت، چونکە چەندە باس لە فراوانی و لە ڕادەبەدەری و بێ سنووری دانایی و زانین و توانا و هەمەکییەتییەکەیان بکرێت، هیچ جۆرە ناشیاوەکی و ناکۆکییەک نابینرێ و هەست پێ ناکرێ. ئەم دووانەش خەسڵەتی ڕەبن کەوابوو ڕەب خۆی ئەوپەڕی کاملی و تەواوەتییە و سروشتی ئەو تەواوەتییە لە بوون بەولاوە نییە. کەوابوو ڕەب هەیە.

من وای بۆ دەچم کە ئەوەی لایبنیتس وتوویەتی و پێشنیاری کردووە لە چاو دیکارت و سپینۆزا بەهیچ جۆرێک نە نیشان شکێنە و نە سنوور بەزێن. ئەو ڕەخنانەی کاتی خۆی و تاوەکو سەردەمی هیگڵ و لەو بەڵگەیە گیراون هەر گەرموگوڕی خۆیان ماوە و کاریگەرییەکەیان کاڵ نەبۆتەوە. ئەو بەڵگەیە بەلای کەسانێکەوە پەسند دەبێ کە هەر لەسەرەتاوە و پێشییانە بڕوایان بە خوازراوە گریمان کراوەکانی بەڵگەکە هەبووبێ و

ئیمان و باوەڕیان بە بنەماکانی ئەو لاهووتە هێنابێ.

**دووەم**: بەڵگەی گەردوونی (Kosmologie):

ئەو بەڵگەیە بە پێچەوانەی ئەوی پێشوو لەجیهانی بەرهەست و شتی دەوروبەر و مرۆڤ خۆیەوە دەست پێ دەکات و هەنگاو دەهاوێژێ: بوونی شتەکانی ئەوجیهانە دەکات بە بنەما و بەڵگەی ساغ کردنەوەی بوونی ڕەب کە داهێنەریانە. بەڵگەکە بەو جۆرە سەرنج لە شمەکەکانی دەوروبەر دەدات کە تایبەتمەندییەکی رووکەشی ڕێکەوتییانەیان هەیە، بۆیە ناکرێ خۆیان هۆکاری بوونی خۆیان بن. لێرەدا لایبنیتس ئەو پرسیارە گرنگەی بە بیردا هاتووە کە لە میافیزیکی هایدیگەردا لە سەدەی بیستەم بووە بە پرسیاری سەرەکی و گەوهەری:

بۆچی شتێک etwas هەیە (بوونەوەرە) بۆچی هیچ بەگشتی هەبوو نەبوو(٣١)؟.

هەر لەو پرسیارەوە ئەو پرسیارە دەکەوێتەوە بۆچی لەنێو ئەو هەموو شیاوەکیانەدا ئەو جیهانەی ئێستا هەیە؟! لە وەڵامدا لایبنیتس دەگاتە ئەو ئەنجامەی ناکرێ هۆکاری بوونی ئەو شیاوەکییانە لەنێو خۆیاندا هەبێ، بەڵکو دەبێ هۆکارێک هەبێ لەسەرووی ئەو شیاوەکییانەوەیە کە هۆکاری بوونی ئەو شتانەیە کە هەن و خۆی هۆکاری نییە و ئەو هۆکارە سەرووسروشتییە ڕەب خۆیەتی. شتی دەوروبەر بوونیان هەیە، بەڵام بەپێی سرووشتییەکەیان ناکرێ هەر خۆیان هۆکاری هەبوونی خۆیان بن، هۆکاری سەرووسروشتی هەیە لە دەرەوەی ئەو شتانەیە کە هەن و ئەوانی داهێناوە، ئەو هۆکارە داهێنەرە هەر خۆی هۆکاری بوونی خۆیەتی و خۆشی لە ڕەب بەو لاوە نییە. کەوابوو ڕەب بە ناچاری هەیە.

ئەو پرسیارە کە هۆکار و هونەری بوون چییە و بۆ بوون هەبوو، بۆ هەر لە سەرەتاوە نابوون، هیچ Nichts لە ئارادا نەبوو ئەگەرچی هیچ بنەمایەکی ژیری و لۆژیکی نییە و لە ڕیزکردنی وشەی بێ Context کە هەست و نەستی ناخی مرۆڤ دەردەبڕن بەولاوە نییە، بەڵام خاوەنەکەی دەکات و کردوویەتی بە ڕابەرێکی دابونەریتی بەرفراوانی میتافیزیکی ئەورووپا!.

**سێیەم**: هۆکاری ئامانجەکی: Teleologie:

ئەگەر شتەکان بوونی شیاوەکییان هەبێ و هۆکاری ئەو بوونەیان لە دەرەوەی ئەواندابێ و ئەگەر لەنێو هەموو جیهانە شیاوەکییەکاندا ئەو جیهانەی ئێستای ئێمە کە چاکترین جیهانێکی شیاوەکی کە لە توانادا بووە، هەڵبژێردرابێ بۆ ئەوەی هەبێ و ببێ، دەبێ ئەو پرۆسەی بڕیاردان و هەڵبژاردنە ئامانجێکی دیار و ڕوون و ئاشکرای لە پشتەوە هەبێ. ئەو ئامانجەش بوونی گەوهەرێکی ئامانجەکی پشت ڕاست دەکاتەوە. ئەو گەوهەرەی ئەو ئامانجەی هەیە ڕەب خۆیەتی. بەم پێیە لایبنیتس لە ئەمانجەکی بوونی جیهانی ئێمە کە گوایە باشترین جیهانێکی لەتوانادا بووە، دەگاتە ئەوەی بوونی بوونەوەرێکی ئامانجەکی کە ئامانجی داهێنانی هەموو شتێک بووە بەو جیهانەی ئێمەوە، ساغ بکاتەوە. ئەوەی مرۆڤ دەیبینێ و هەست بە بوونی دەکات و دەقەومێ و ڕوودەدات ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە ناکرێ هەر خۆی هۆکاری بوون و هەبوونی ئەو ئامانجەی بێ، بەڵکو دەبێ لە دەرەوەی خۆی هێزێک هەبێ کە ئەو ئامانجەی بۆ دیار و دەستنیشان کردووە، ئەو هێزە لە ڕەب بەولاوە نییە.

**چوارەم**: بەڵگە هۆکاری بە خۆ بەس بوو:

ئەو بەڵگەیە ئەگەرچی لە فرە شوێن و بەرهەمدا خاوەنەکەی بە شێوازی جیاواز باسی کردووە، بەتایبەتی لە هەردوو شاکاری مۆنادۆلۆژی و بنەماژیرییەکانی سروشت و بەهرەی ڕەببانی دەکرێ بەو جۆرە داببڕێژرێ:

ئەوی ڕوودەدات و دەقەومێ و هەیە دەبێ هۆکارێکی بەس بووی هەبێ، چونکە هیچ (شتێک) بەبێ هۆکاری بەس بوو ڕوونادات. ئەو هۆکارە بەس بووە دوا هۆکاری زنجیرەی هۆکارەکانە و هۆکاری هەموو شتێکە. ئەو دوا هۆکارەی شتەکان بە ڕەب ناودەبرێ(٣٢).

ئەو دواهۆکارە کە خۆی لە خۆیدا هۆکارێکی بەس بووە هۆکاری ڕاستینە رووکەشییە ڕێککەوت و ڕاستینە فاکتەکانە Tatsachen و لە خۆیدا لە گەوهەرێکی ناچاریدایە. ئێمە ئەو گەوهەرە کە بە ناچاری دوا هۆکاری هەموو شتێکی تێدایە بە ڕەب ناودەبەین(٣٣).

ئەگەر مرۆڤ لە فەلسەفە- لاهووتییەکەی لایبنیتس بەگشتی و لە هەڵوێستەکەی بەرانبەر بە ڕەب بەتایبەتی چوار بەڵگەکە گوایە بوونی ڕەببی پێ ساغ و پشت ڕاست کردۆتەوە بۆی دەردەکەوێ تا چ ڕادەیەک هزری ماتماتیک (بیرکاری) و لۆژیک کاریان لەبیرکردنەوە و فەلسەفەکەیدا کردووە. لەو چوار بەڵگەیەی کە بەدەسکارییەوە داونیەتە دەست دوویان بەشێوازی پێشییانە apriori داڕێژراون. تێیاندا چەمکی ڕەب بە

چەمکێک و گـــەوهەرێکی ناچارەکی دانراوە و پشت بەچەند ڕاستییەکی هەڵکەوتی هەتا هەتایی بەستراوە.

لە دوو بەڵگەکـەی تردا ڕێبـاز و شـێـوازی پاشـیـیـانە aposteriori گـیراوەتەبەر(٣٤). لە هەردوو بەڵگەکـەدا ڕێککەوت و ڕووکەشی شمەکەکان و هاڕمۆنی پێشوەخت لەجـیـهـانـی هەڵکەوتدا بنەمـای ڕەنگڕشـتنیـان بووە. ئەو دوو جـۆرە شـێـوازە بە تەواوەتـی ڕێبـازی ژیرەکـی سـەدەی حەڤدە بەرجەستە دەکەن.

**سەرچاوە و پەراوێز:**



1- Wolfgang Rod.: (Hrsg). Geschichte der philosophie. Bd. VII. Die Philosophie der Neuzeit. I. Verlag C.H. Beck- Munchen. 1978. S.12.
2- George MacDonald Ross.: Gottfried Wilhelm Leibniz. Leben und Denken. Leibniz- Bucherwarte 1990. S.61. ff.
3- Franz Schupp.: Geschichte der Philosophie. Bd.3. Meiner Verlag. 2003. S.243.
4- Oswald kulpe.: Vorlesungen uber Logik. Leipzig 1923. S.128. ff.
5- Franz Schupp.: Ebenda. S.244.
٦- الدكـتـور ياسين خليل: مـحـاضـرات في المنطق الرياضي. وزارة التعليم العالي والبحث العلمي- جامعة بغداد، ٢٠٠٧، ص٣٣٧ فما بعد.
٧- روبير بلانشي: المنطق وتأريخه من أرسطو حتى رسل. ت: دكتور خليل احمد خليل. بيروت ٢٠٠٢، ل٢٧٦.
٨- بلانشێ، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٧.
9- Albert Einstein: Geometrie und Erfahrung. In: Sitzungs berichte der Preussischen Akademie der Wissenschaft, Berlin Akademie Verlay 1978. S.2.
10- Dr. Heinrich Schulz: Abriss der Geschichte der Logik. Munchen... 3. Auflage. S.53.
11- Wolfgang Rod.: Geschichte der Philosophie. Bd. VIII. Munchen 1981. S.101.
12- Gottfried Wilhelm Leibniz.: Neue Abhandlungen Uber den menschlichen Verstand. Meiner Verlag 498. Hamburg 1996. S.30. (Philosophische Werke in vier Banden. Bd. 3).
13- G.W. Leibniz.: Ebenda. S.77.
14- Kuno Fischer.: Lebniz. (Hrsg) von Thomas Soreri Hoffmann. Marix verlag 2009. S.443. ff.
15- Kuno Fischer. Ebenda 444.
16- Reinhard Finster und Gerd van den Heuvel: Gottfried W. Leibniz. Rowohlt. Hamburg 1990. S.83.
17- G.W. Leibniz.: Vernunftprinzipien der Natur und der Gnade. Meiner Verlag. Hamburg. Para.13. S.19.
18- G.W. Leibniz. Monadologie. Para.1. S.26.
19- Otto Willmann.: Geschichte des Idealismus. Aslm 1979. Bd.3. S.191.
20- Rudolf Eucken.: Gesammelte Werke Bd.12. Olms- Weidmann. Hildsheim. 2007. S.371.
21- Alfred Brunswig.: Leibniz. Karl konig Verlag. Wien und Leipziq. 1925. S.55.
22- Leibniz.: Monadologie. Para. 7.
23- Leibniz.: Monadologie. Prar. 9.
24- Kuno Fischer.: Ebenda. S.305.
25- Werner Schneiders.: Philosophie der Aufklorung Aufklarung der Philosophie. Gesammelte Studien. (Hrsg). von. Frank Grunert. Berlin 2005. S.25.
٢٦- لايبنتز: مقـالة في الميتافـيزيقا. ترجمة: د. الطاهر بن قيزه. المنظمة العربية للترجمة. بيروت ٢٠٠٩. فقرة- ١x.
٢٧- لايبنتز: سەرچاوەی پێشوو. بڕگە XIV. لاپەڕە- ١٤٢.
28- Kuno Fischer. Ebenda. S.516.
29- Werner Schneider.: Ebenda. S.29-30.
٣٠- لايبنتز: سەرچاوەی پێشوو. پەڕەگرافی: (I). هەروەها
- G.W. Leibniz.: Theodicee... F.M. Verlog Hamburg 1996. Teil.I. 7. S.96.
31- G.W. Leibniz.: Vernunftprinzipien der Natur und der Gnada Para.7.
32- G.W. Leibniz.: Ebenda. Para.8.
33- G.W. Libniz.: Monadologgie. Para. 36, 37. 38.
34- Wilhelm Weischedel.: Der Gott der Philosophen. W.B. Darmstadt 1983. S.185.

# ڕابردوو... حیکایەتێک بۆ خەوتن داهاتوو.. خەونێک لەنێو حیکایەتدا

محەمەد تەها حوسێن
(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلیژی هونەرە جوانەکان)

ڕابردوو تا ئەو ساتە وەختانەی هەر تاکێکی مرۆڤ تێیدا دەژی بریتییە لە نەخشەی مەعریفی ئەو، ڕابردوو هەر بە تەنیا زانیاری و گردبوونەوەی شارەزایی مرۆڤەکان نییە بەقەد ئەوەی هەروەک دێوی دەڵێ: هەر ئەم ڕابردووەیە لە ئەنجامی بەرخورد و کارلێکی تاکەکان لەگەڵ دەوروبەری خۆیان کولتوور پێکدەهێنێ. ڕابردوو زەمەنێکە لە سەیرورەی خۆیدا بەسەردەچێ، بەڵام مێژوویەک لە بەرهەمەکانی عەقڵ و ڕەفتاری مرۆڤەکان دروست دەکات. ئەم یەکە زەمەنییەی ئێمە پێی دەڵێین ڕابردوو، چەندە دەلالاتی مێژوویی هەیە، چەندین ئەوەندە دەلالەی سایکۆلۆژی و فیکری دەگەیەنێ.

ئایا ئێمەی کورد چۆن ئاوڕ لە مێژوو دەدەینەوە؟ بۆ ئەوەیە هەمان ساتەکانی ڕوویانداوە بۆ ماوەیەک بەرهەم بێنینەوە؟ یان دڵسۆزی خۆمان و ڕاستگۆیی یادگەکانمان تاقی دەکەینەوە؟ یان ئەوەتا بە چینەکانی ئەم مێژووەدا دەچینە خوارێ و دیراسەیەکی مەعریفییانەی وێستگەکانی دەکەین؟ یان ڕابردوو بە مەبەستی وەبەرهێنان لە ئێستادا و بۆ داهاتوو بەکاردەبەین؟ مێژوو تا ئێستا لای ئێمە حکایەتگەلێکە چەند کەسێک هەن بۆمانی دەگێڕنەوە، میکانیزمەکانی قاڵبگرتنی حیکایەتیش گێڕانەوە و بەدوای یەکدا هاتنی زنجیرەیەک ڕووداو و بەسەرهاتن ئاگایی ئێمە هەمیشە بەرەو ئەو کردارانە، ڕەفتارانە، ڕووداوانە... تاد. دەبەن و زیاتر ڕوویەکی بانکییان هەیە نەک شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن. مێژووی حیکایەتگەریی مێژوونووسی تێدا دەبێ بە حیکایەتخوان و هیچ سیفەتێکی دیکەی جگە لە گێڕەرەوە ناداتێ. هەر بۆیە خەسڵەتی حیکایەت هەردەم بۆنە و سرووتی خۆی دەوێ بۆ ئەوەی تێیاندا دووبارە و سێبارە و دەیان بارە بگێڕدرێنەوە و مەبەست تێیدا بە شێوازێک لە شێوازەکان سەرلەنوێ بەرهەمهێنانەوەی ڕووداوەکانی نێویەتی. ئەم



**فرۆید**

بەرهەمهێنانەوەیە بیرۆکەی، یان عیبارەی (مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە)ی لای زۆر کەس و نێوەند کردووە بە قەناعەت. خۆ دووبارەکردنەوەی مێژوو بە مانا ئیشکردنی مرۆڤەکان لەنێو مێژوودا بەیەک ئاراستە و کردنی ڕابردوو بە پێوەرێک بۆ کردار و ڕووداوەکانی ئێستا و تەنانەت داهاتووش. هۆبز باوم دەڵێ: هەژموونی ڕابردوو بەشێوەیەکی گشتگیر بەسەر ئەمڕۆدا، لەوانەیە ڕێگە لەبەردەم هەر گۆڕان و نوێبوونەوەیەک بگرێ. هەڵبەتە ڕێگرتن لەبەردەم گۆڕان بە مانا سەلب بوونی مرۆڤ لە تواناکانی بۆ گۆڕان و زەوتکردنی ئیرادەی ئەو بۆ جووڵە بە ئاراستەی جیاجیا دەگەیەنێت.

ئەم ڕێچکە کلاسیکییە لە بەرهەمهێنانەوەی ڕابردوو سیفەتەکانی ڕابردوو لە ئێستادا دەردەخاتەوە و مەعریفەی کەسەکان دەبەستێ و ستریۆتایپێکی ئاشنا دەداتە تاکەکان و هەر ئەوەشە وامان لێدەکات بڕیار بدەین کە دەبێ هەر یەکێک لە ئێمە بە باوک و باپیر و ئەوانەی پێش خۆی بچێ. هەڵبەتە ڕابردوو ڕەهەندێکی بەردەوامە لە ڕەهەندەکانی هۆشی مرۆڤەکان و پێکهاتەیەکی حەتمی پێکهێنانی دامەزراوە و بەهاکانی کۆمەڵگەی مرۆڤە، ئەم بینینەی هۆبز باوم گەڕانەوە بۆ ڕابردوو نییە بەو مەبەستەی وەک خۆی بەرهەمی بێنینەوە بەقەد ئەوەی ڕابردوو لە بنیادی عەقڵی و سایکۆلۆژی تاکەکاندا گەورەترین فەزایە و کۆگەیەکی لەبن نەهاتووی زانیاریی و شارەزاییە و تا ئەمڕۆی هەر تاکێک بریتییە لە کەسەکە وەک "ئینسان"، بەڵام حەتمیەتی سەیرورەی زەمەن ناچارمان دەکات لەسەر ئەم مێژووە تاکەکان ئیشی خۆیان بکەن بۆ ئەوەی لە بەرهەمهێنانی ژیانی ئێستا و داهاتوویاندا دووچاری خۆ دووبارەکردنەوە نەبن، بە مانا ڕابردوو ئەرشیڤێکی بە نرخە و کاتێ بۆی دەگەڕێینەوە دەبێ بەو نیازە بێ کە شیکارکاری بۆ بکەین و بە بینینێکی ڕەخنەییانە پێیدا شۆڕبینەوە تاوەکو هێز و توانای ئەم باکگراوەندە هزری و مەعریفییەمان بخەینە پاڵ جووڵەی زەمەن و لەگەڵ دەرکەوتە تازەکانی عەقڵ لەنێو زەمەندا بیگونجێنین. ئێستای هزری ئێمە بەو عەقڵییەتە مۆدێرنە ئیش ناکا و بەردەوامە لەنێو خۆدووبارەکردنەوە و بەرهەمهێنانەوەی کەس و عەقڵە نەمەتییەکان. ڕابردوو وەک هۆکارێک بۆ ئێستا بەکاردەبەین و ئەم لە کۆڵنانەی ڕابردووە ئەوەندە باری عەقڵی ئێمەی قورس کردووە، بواری بۆ دەرک پێکردنی ئێستا و پێدراوە نوێیەکانی نەهێشتۆتەوە. لەنێو نەخشەی مەعریفیماندا قەرەباڵغییەکی ئەستوور هەیە و هەر بۆیەش کاتێ دیاردەیەکی نوێ دێتە پێش، عەقڵی کوردی زۆر بە زەحمەت قبووڵی دەکا تاوەکو لەنێو زاکیرەدا ڤۆڵدەرێکی بۆ سازدەکا. هەرچی مرۆڤ هەیە هۆشیارییەکی هەیە لەسەر ڕابردوو و لای هەندێکیان ئەم هەستکردنە بە ڕابردوو ئاوڕدانەوەیەکی هۆشیارانەیە، چوون لەوێوە دەسەڵاتەکانی کۆمەڵگە هەر لە دەسەڵاتی خێزانەوە تا دامەزراوەی ئایینی و توراسی و دابونەریت و سیاسی و ... تاد خۆیان حەشار داوە و دەکرێ لە هەر زاکیرەیەکدا مێژوویەکی دەوڵەمەند لە دەسەڵاتەکان، سیستەمەکان، فەراهەم بکەین. فرۆید دەڵێ: دەبێ باوەڕمان وابێ کە ڕابردوو قابیلی ئەوەیە لە دەروونەکاندا ڕەنگ بداتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی سروشتی هەر ڕووداوێک لەو ڕابردووە وردە وردە لە بەین دەچێ و ناکرێ سەرلەنوێ لە ژیاندا دەرکەوێتەوە.

تێگەیشتنی فرۆیدیش لەوانەیە لە پێکهێنانی ڕوئیای هۆبزباومدا بۆ مێژوو ڕۆڵی هەبووبێ و ئەم پیاوە سایکۆلۆژیستە بە مەبەستێک ئاوڕ لە ڕابردوو دەداتەوە جیا لە مەبەستی کەسێک کە دەیەوێ خۆی لەبەربگرێ و لەبەردابێنێ. فرۆید لەم ڕابردووەدا وەک پشکنەرێک ئیش دەکا تاوەکو هەرچی دەرکەوتی ئەمڕۆ هەیە لەسەر کەسێتی تاکەکان بە دیاردەیەکی وابەستە بە شێوازی ژیانی لە ڕابردوودا بزانێ و لەو قووڵاییەی نەستدا کێشەکانی ئەو ڕۆژانە وەدیار بخا کە تێیاندا ژیاوە، بەو مەبەستەی لەمڕۆدا بە هەمان شێوە بەرهەم نەیەنەوە، بگرە بە شێوەیەکی عاقڵانە ئاراستەیان بکا. فرۆید هەمیشە بە قووڵاییەکانی نەستی تاکەکاندا دەچێتە خوارەوەوە لەو مێژووەی هەر تاکێکدا هۆکارەکانی ڕەفتار و

هەڵسوکەوتەکانی هەڵچوون و داچوونەکانی وەدیار دەخا. لە نەستی تاکەکاندا دنیایەکی تایبەت و خەفە هەیە، ڕۆژ بە ڕۆژ زانیاری و حەز و ئارەزووی فرێ دەدرێتە نێو. دوای فرۆید، کارڵ گۆستاف یۆنگ وەک قوتابییەکی هەڵگەڕاوە لەو چەمکی نەستی لای تاک گواستەوە لای کۆ و ناوی نا "نەستی بەکۆ" و ئەم جۆرە نەستە درێژکراوەیەکی مێژوویییە بە ڕابردووی هەرگرووپ و دەستەیەکی مرۆیی و بەردەوام لە ڕێگەی ژیانی هاوبەش و شێوازی ژیانی هاوبەش و ڕەنگدانەوەی کەسەکان لەگەڵ دەوروبەر پڕ و قەرەباڵغ دەبێ. گەڕانەوەی هەر تاکێکی ئادەمی بۆ ڕابردوو هەر بە تەنیا لە جۆری پیرۆز ڕاگرتن و دووبارەکردنەوە و بە پیرۆزدانگ کردنی خۆی نابینێتەوە، بەڵکو ئێمە زۆرجار لە گەڕانەوەمان بۆ ئەو ڕۆژانەی بەسەرچوون چێژێکی تایبەتی دەکەین و ئەمەشیان ئەوەندەی ڕوویەکی سایکۆلۆژی هەیە ئەوەندە سیاسی و فەلسەفی و عەقائیدی نییە. هەموو ئەو وێنە و زانیاریانەی لە یادگەی هەریەکێکماندا هەن بە جوان و ناشیرین و تاڵ و شیرینیانەوە لەمرۆدا دێنەوە بیرمان جگە لە نمایشێکی ڕوحی و ڕەوانی و یادکردنەوەیەک بۆ ئەو ساتانەی بەسەرچوون و ئێمە لە گوڕوتین و تاقەتێکی تردا بووین و ئێستا شتی ترین و لە هەلومەرجی ترین شتێکی دیکە نییە.

ئەم جۆرە یادکردنەوانە پێوەندییان بە پرۆسەی بیرکردنەوە و بیرهاتنەوە وەک دوو کرداری عەقڵی هەر تاکێکەوە هەیە و جیاوازن لە بەرهەمهێنانەوەی ڕابردوو وەک پێوەر بۆ ئەمڕۆ وەک چوارچێوەی بیرکرنەوە و وەک بە ڕەسەن ناسینی ڕابردوو و گونجاندنی هەر نوێیەک لەگەڵ یاسا و ڕێسا ڕەسەنەکان تاوەکو ڕەزامەندی کۆمەڵایەتی و عەقیدەتی وەرگرن. مرۆڤ بوونەوەرێکی بیرکەرەوەیە و هەر ئەم خەسڵەتەش وای کردووە دواتر سیفەتی بوونەوەری کۆمەڵایەتیش وەرگرێ. بیرکردنەوە بە مانا جوولاندنی مێشک و بەردەوام ئیش پێکردنی عەقڵ بە مەبەستی بەرهەمهێنانی مانا.

بیرکردنەوە وەستان نازانێ و پرۆسەیەکی دینامیکی بزۆزە و بە مانا مۆدێرنەکەی بوونی مرۆڤ بە بەردەوامی بیرکردنەوەیەوە بەستراوەتەوە، کاتێ تاک لەبیرکردنەوە وەستا، بە مانا ئەو کەسێکی مەسلوبە و ئیدی جەستە شتێک نییە فەزڵی بەسەر ئاژەڵ و گیاندارەکانی دیکەوە هەبێ. بەردەوام بەرهەمهێنانەوە و دووبارە بوونەوەی ڕابردوو بە مەبەستی پێوانی دیاردە و دەرکەوتە نوێیەکان و ڕێکخستنی ژیانی خۆمان بەپێی دەستوور و تەعالیمەکانی بەسەرچوون بڕیارێکە پێشوەختە مرۆڤەکان داویانە بۆ ڕاگرتنی بیرکردنەوە و بەرهەمهێنانی مانا و پێویست بەوەناکا ئیدی لەمەولا مرۆڤ خەریکی داهێنانی بەرهەمە هزری و عەقڵییەکان بێ، چوون لە بنچینەدا چوارچێوەی مەرجەعی ئایدیۆلۆژی هەن ڕەسمی ژیانمان دەکەن و ڕەفتارەکانمان ئاراستە دەکەن.

ئاراستە گرتنی تاک لەبەر ڕۆشنایی چوارچێوەی مەرجەعی قاڵبگرتوو تەنانەت هەستەکانی کەسەکانیش کول دەکا و ماشێنی بەرهەمهێنانی مانا لە کاردەخا و مرۆڤ لەو حاڵەتەدا نەپێویستی بە میکانیزمە عەقڵییەکانی ڕاڤەکردن و شیکردنەوەیە و نەدەشتوانی پاش ئەمانە شتێک بە یەکەوە بنێتەوە و ڕێک ڕۆڵی ڕۆبۆتێکی گۆشتین دەگێڕێ و سەنتەری کۆنترۆڵی دەرەکییە و لە دەرەوە و دوور لە خۆی ئاراستەدەکرێ. کەواتە ئێمە لە گەڕانەوەمان بۆ مێژوو و بۆ ڕابردوو لە سۆنگەی نۆستالیژیا و پاشان دووبارە بەرهەمهێنانەوەیەتی و بەهۆی حاڵەتی دووەمیانە ئێمە داهێنانی هزری و مەعریفیمان نییە و بینین و خوێندنەوەی کوردانەشمان بۆ دیاردە و دەرکەوتی تازە نییە، یان ئەگەر هەشبێ هزرێکی پاشکۆییە و لەبەر ڕۆشنایی تێگەیشتنی خەڵکانی ترەوەیە.

ڕۆژئاواییەکان لەمێژە تایپی حیکایەتی مێژوویان واز لێهێناوە و لەو ڕابردووەدا سەرقاڵی پشکنینی ئەو دنیایە بەسەرچووەن وەک چۆن لە فەزا و لە قوولایی گەردوون و لەو دیو زانراوەکاندا سەرقاڵی ناسینی شتی تازەن. ڕابردوو دنیایەکە ئێمەی تێدا نەبووین کە هات و وردە وردە گەیشتە لە دایکبوونی ئێمە، خەڵکانێکی تێ ژیا و دواتر لەگەڵ دەرکەوتەکانیدا تامردن چوون. تەواوی مێژووی شارستانییەتەکان لە ڕووی هزری و گەشەی زانستی و عەقڵییەوە بەقەد ئەم دوو سەد ساڵەی ڕابردوو گەشەی نەکردووە. ئەمەش لە خۆیدا نیشانەی ئەوەیە لە درێژەی گەشەی مێژوودا مرۆڤەکان لەنێو بیرکردنەوەدا نەبوون و بیرکردنەوە لای ئەوان چێژی تایبەتی خۆی نەبووە و بیرهاتنەوە و دووبارەکردنەوەی تایپە فیکری و ڕەفتاری و بەهاییەکان باوبووە، بەڵام لەگەڵ ڕۆشنگەری و فیکری مۆدێرنیزمدا عەقڵ کەوتە جووڵە و چێژەکانی ئادەمی زیاتر لە هزر کەوتنەوە و هزر تادەهات فەزا و جوگرافیای چێژەکانی زیاد دەکرد و سەرەنجام مرۆڤایەتی وەک تەنیا دووسەد ساڵ بێ هەبووبێ وا دەردەکەوێ. لەو ساتانەی مرۆڤ وەک بیرکەرەوەیەک خۆی بە سەنتەری دنیا زانی و لەنێو خودی خۆیدا بڕیاری لێکدانەوەی دەوروبەری داو چیدی لەودیو شتەکاندا بەدوای هۆکارەکانی وجودی خۆیی و دنیادا نەگەڕا، لەوێ ڕۆژێوە خودی مرۆڤ و (من)ی ئەو حاکمانە بە عەقڵ نێو لە شتەکان دەنێ و هەر بۆیەش لەو دەمەوە(ئێستا) وەک

یەکەیەکی دیکەی زەمەن مانا و دەلالاتی فەلسەفی و هزری تازەی پەیداکرد. ئێستا مرۆڤەکان مێژوویەکی هەرە دەوڵەمەندیان لە بەرهەم و داهێنراوی ئینسانەکانی پێش خۆیان هەیە. ئەم مێژووە بەردەوامی سووڕی ژیانی جۆرێک ڕوحلەبەرە کە مرۆڤە، تا گەیشتۆتە ئەمڕۆ بەسەدان و هەزاران قۆناغدا تێپەڕیوە، ئەمڕۆ لە ڕوویەکی تازەتر و بەرێکی تازەتر و ڕەنگێکی تازەتر و عەقڵێکی تازەتر دایە، بۆ ئەوەی سووڕەکە لە وەستان نەکەوێ پێویستە ئەڵقەکانی دادێن بەستراوەی ئەڵقەکانی پێش خۆیان بن، بەڵام بۆ ئەوەی هەمان ئەڵقە نەبن و تادێ درێژتر ببنەوە جۆری پێوەندبوونیان هەم هاوڕێک و هەم دوای یەکبێ، بە مانا بە لەبەردەرکێشانی ئەڵقەیەکیان لە مێژووی خۆمان بپچڕێین و لە هەمان کاتیشدا نەکوژێینەوە و لەبەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی ژیانی خۆمان بەردەوام بین. ڕابردوو بریتییە لە کۆی بەرهەمی عەقڵی ئێمە و لە جیاتی ئەوەی هەمیشە لە زیندووکردنەوەو ڕەسمکردنەوەی وێنەو دیمەنەکانیدا بین، دەکرێ عاقڵانە وەبەربهێنرێ و تادێ بەرهەمەکانی ئێستامان مۆرکی داهێنانی بە مانا تۆرانسییەکەی پێوە دیاربێ، واتە ڕەسەن بێ و بەرلەخۆی بەرهەم نەهاتبێ. هەمیشە ئەمریکاییەکان پلاری ئەوە لە ئەورووپاییەکان دەگرن کە لە ڕاکێشانی مێژووی پیری خۆیان بەردەوامن. ڕاکێشانی مێژوو لە دوای خۆت بە دنیایەک پێوەند دەتبەستێتەوەو مرۆڤ بەو هێزە عەقڵییە لەبن نەهاتووەی و لەبەر ئەم هەموو پێوەندە بەقەد ئەم گەورەییە شت بەرهەم ناهێنێ. ئەمە بە مانای ئەوە نییە ڕابردوو لە دوای خۆمان بەجێ بهێڵین وەک بۆدریار پێی وایە ئەمریکاییەکان وان، بەڵکو ڕابردوو ئەو دەرسانەبن بیانخوێنین تاوەکو لە ئێستاو داهاتوودا شتی تری پێ ببینین. لەبەر ڕۆشنایی ئەم تێگەو دەرچە فکرییانە بۆ مێژوو و بۆ ڕابردوو، وێنەیەکی ڕۆشنی ژیانی خۆمانمان وەک کۆمەڵگەی کوردی و ئاستی گەشەی فیکری و عەقڵی کوردی بۆ دەردەکەوێ لە بوارەکانی ژیانی سیاسی و کۆمەلایەتی و کولتووری و تەنانەت ئایینی و ئابووریشدا.

لە هەموو ئەم بوارانەدا بەردەوام لە بەرهەمهێنانەوەی تایپ و فۆرموولەی کۆنین و لە سیاسەت گەشە بە عەقڵی سیاسیمانەوە دیار نییە و ئەم پرەنسیپە دیموکراسییانەی لە بنچینەدا لە خۆرئاوا حزبی وەک دەرکەوتێکی سیاسی لەسەر دروست بوو، تەنیا دروشمی بریقەدارن و حزبەکان لەنێو خۆیاندا لە بەرهەمهێنانەوەی جۆرەکانی بیرکردنەوەی کۆن بەردەوامن، کەسێتی حزبی و سیاسی کۆن، شێوازی ئیشکردنی کۆن، ئیشکردن لەسەر زاکیرەی کوردی بە هەمان میکانیزمەکانی کۆن.. تاد. لە ژیانی کۆمەلایەتیشماندا دابونەریتەکانی ڕابردوو بە توراسی و ئایینییەوە بوونەتە دادگای تێهەڵچوونەوەو هەر دەرکەوت و دیاردەیەکی نوێ بە پێوەرە کلاسیکییەکان دەگرن و ئەگەر لە ئەزموونی ئەوان دەرنەچێ، ئەوە تەمام عەیار نییە و حەلاڵ ناکرێت. بە هەمان شێوە لە بوارە جیاجیاکانی دیکەشدا سۆزێک بۆ ڕابردوو هەیە و لە گوتاری کۆمەلایەتی و کولتووریشماندا فریێزی (خۆزگە بە ڕۆژانی ڕابردوو) و (ساڵ بە ساڵ خۆزگە بە پار) و.... تاد دیارترین عیبارەکانی نێو ئەم گوتارانەن و ئەمانەش لە خۆیاندا دەلالاتی فیکری گەورەیان هەیە و پێویست بە لەسەر وەستان و خوێندنەوەی وردی فیکری و ئەکادیمی دەکات. ئەو یەکە زەمەنییەی ئێمە تێیدا ناژین و جارێ ماویەتی بیگەینێ داهاتووە، ئێمە ئێستا هەمیشە بە حیکایەتەکانی ڕابردوو دەخەوین و لەنێو خەوەکانماندا خۆشترین خەونەکانمان ئەوانەن کە هەرگیز لە واقیعی بەرهەست و بەرجەستەدا بۆمان نەلواوە وەک لەوێ ئازادین ئازادبین. ئێمە بوونەوەرێکین لە ئێستادا مەوجود نین، بوونمان لە ڕابردوودا ڕەسمی کێشراوە و هەمیشە لەوێدا خۆمان دەدۆزینەوە، بۆیەش هەمیشە چاومان لە داهاتووە و پەلە پەلی بەسەرچوونی ئێستامانە، تاوەکو لەوێدا وەک ئەوە دەرکەوین کە ڕابردوو دەیەوێ، بەڵکو ئەو ئایندەیە بە تەواوی لەم هەموو ماندووبوون و کۆڵکێشییەی ڕابردوو بمانحەسێنێتەوە.

داهاتووگەری خەریکە ببێ بە غەریزە و لە چوارچێوەی پاراستنی وەچە و دابینکردنی دنیایەکی ئارام بۆیان بگیرێ. داهاتوو پەرستی چی لە ڕابردوو پەرستی کەمتر نییە، ئەوەی هەمیشە خۆی لەبەر ئاوێنەی ڕابردوو دادێنێ و ڕێکدەخات بۆ ئەوەیەتی لە ئایندەدا بەو حەز و ئارەزووانە بگا کە ناشێ ئێستا پێیان بگات. ڕابردوو ئەو جلە کۆنانەنین فڕێیان دەین و چیدی لەبەریان نەکەینەوە، وەلێ هەمیشە کاتێ پیس دەبن و چڵک دەیانگرێ دەبێ بشۆرێن و سەرلەنوێ قەدبکرێنەوەو بۆ لەبەرکردنەوەیەکی نوێ بشێن و کە لەبەریشمان کردن بە شێوەیەکی جوانترو بە بۆنوبەرامێکی دیکە دەرکەوین. داهاتووش ئەو هێڵە کۆتاییانە نین هەرکە پێیان گەیشتین لێیان دەپەڕینەوە و ئیدی هەرچی ئازار هەیە نامێنێ و بەسەرکەوتنی کۆتایی دەگەین.

نە ژیان ئێستا خەسڵەتی بوونێکی کاریگەر لە مرۆڤ دەستێنێتەوەو تا ئەو ئاستە سەلبی دەکا خۆی پێ بابەتێک نەبێ بۆ قسە لەسەرکردن و وا خەیاڵ بکا ئەو هەر دەبێ لە ڕابردوودا بەدوای خۆی و هاوشێوەکانیدا بگەڕێ تاوەکو لە داهاتوودا ڕاحەت و ئارامی دەروونی و

ڕوحی وەدەست بێنی. ڕابردوو هەمیشە ناوونیشانی زۆربەی هەرە زۆری ئەو دەرسانەن ئەمڕۆ دەیانخوێنین بۆ ئەوەی لە داهاتوودا سوودیان لێ ببینین. لە داهاتوودا دەبێ سەربەرزبین، سەرکەوتووبین، گەشبین بین، هاوولاتی چاک و بە سوودبین، ئەم ئومێدە ڕابردوو لە ئێمەی دەوێ، هەر بۆیە ئێستا تەنیا پردێکە ڕابردوو لە بەرێکەوە بە داهاتوو لە بەرەکەی تر دەبەستێتەوە. ئەستووندەکانی ئەم پردە ئەوەندە بەهێزو پتەونین، هەربۆیە ئێمەی ئادەمی زۆر ئاگاو وریایانە دەبێ قورساییەکانی ڕابردوو بەسەر ئەم پردەدا بپەڕێنینەوە ئەوبەر. ئەم لە کۆڵنانەی کولتوور هەر لەلای ئێمەی کوردەوە بارێکی قورس نییە، بەڵکو زۆربەی گرووپ و کۆمەڵە ترادیسیۆن پەروەرەکان و پارێزگارەکان بەم ئیشە ئەخلاقی، پەروەردەیی، کۆمەلایەتییە قالبیان گرتووە. داهاتوو لە دیدی کلاسیک بین و ترادیسیۆن پەروەراندا هەمیشە لەنێو دووتوێ سیستمی پەروەردەیی و کۆمەلایەتی و سیاسی و کولتووریدا ڕەنگ دەداتەوە، ئەوەتا پەروەردە تائێستا بەوە پێناسە دەکرێ کە گواستنەوەی کولتوور و شێوازی ژیانی کۆمەڵگەیە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی ترو ئاراستەکردنی تاکەکانە بە مەعریفەی باوو تۆڕی بەهایی و دابونەریت لە کۆمەڵگادا. بە مانایەکی تر پەروەردە بۆ ئەوەیە تاکەکانی کۆمەڵگا کاتێک دێنە نێویەوە دەبێ تا ئەو ئاستە ئامادەبکرێن لە دوارۆژدا ببن بە هاوولاتی باش و کۆمەڵگەش بە سیستمی کۆمەلایەتی و سیستمی بەها ئەخلاقییەکانییەوە قبولیان بکات.

قبوڵبوون لە ڕووی کۆمەلایەتییەوە بە مانا هەرتاکێک کۆمەڵگە لێی ڕازیبێ، ئەوە هەڵگری دابونەریت و کولتووری ئەوەو ڕەسەنە و ئەگەر لێیشی نارازی بێ ئەوە نارەسەنە و لەنێویدا جێی نابێتەوە و لە یەکێک لە پەراوێزەکانیدا جێگا بۆ خۆی دەدۆزێتەوە. ئێستا ئەگەرچی ئەو حەقیقەتەیە ئێمە تێیدا دەژین هیچ ئامادەییەکی لە یادگە و هیواکانماندا نییە، ئێستا ئەو ساتانەن کە تەنیا جەستەکانی تێدایە و تونێلێکی تاریکە هەمیشە دەنگەکانی ئەوبەری و ئەمبەر تێیدا دەنگ دەدەنەوە. منداڵەکانمان بۆ داهاتوو پەروەردە دەکەین، بۆ داهاتوو دەخوێنین، بۆ ئایندە خۆمان ماندوو دەکەین، ماڵ و سامان بۆ داهاتوو کۆدەکەینەوە، تا پیردەبین و ئایندە دەکەوێتە دوامانەوە ئێمە هەروا دەزانین جارێ ماویەتی بیگەینێ، ئەم نەزعە کوێرانەیە عەقڵی ئێمەی تووشی شەپرە کردووە و بە حەق ئەگەر عەقڵ بەشی هەرە زۆری بەرهەمەکانی بۆ ئەمڕۆ نەبێ، یاخییەکی لاسەنگە و زۆرکەم لەنێو ئەم جەستەیە دایە کە پێیەوە لکاوە.

ئامادەیی ڕابردوو بە هەموو قورسایی خۆی لە چارەی هەر کێشەیەکی ئێستادا، جۆرە خۆدزینەوەیەکی عوسابیانەیەو دەربڕینی ناتوانایی ئادەمییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو پرس و بابەتانەی لە واقیعی بەرهەست و بەرجەستدا بەرخوردیان لەگەڵ دەکا. بەهەمان شێوە بە قوربانکردنی ئێستا و خەیاڵفڕین بۆ ئەو ئاییندەیەی ڕابردوو بۆی وێنەکێشاوین هەمیسان جۆرە عوسابێکی دیکەی مەترسیدارە و هەرجۆرە پێوەندییەکی تاک لەگەڵ واقیعدا دەپچڕێنێ، لە حاڵەتی دابڕانی تاکیشدا لەگەڵ ئێستا کە زۆربەی هەرەزۆری تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمەی پێوە گرفتارە ئەوە توانا دیار و نادیارەکانی هەر تاکێک لە کۆمەڵگەدا بە فیڕۆ دەچێ و هەمیشە لە بازنەیەکی بەتاڵدا دەخولێتەوە. ئەزواڵد شپینگلەر لە کتێبی ساڵەکانی بڕیارداندا دەڵێ: مرۆڤی ئەوڕۆ زیاد لە پێویست بە هزر و فیکری ڕابردوو و داهاتوو هەڵدەسووڕێ تا ئاستێک کە ئیتر ناتوانێ هەموو ئەوشتانەی ئێستا ڕوودەدەن بیانبینێ و لەگەڵیان بیباتە سەر. ئەم ڕوانینەی شپینگلەر ئەگەرچی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەرکەوت، وەلێ بە حەق ئامانجی خۆی پێکاوە چوون ئایدیۆلۆژیا لە یەک لەم دوو زەمەنە دەرناچێ، یان ئەوەتا لە ڕابردوو هێز وەردەگرێ و دەیەوێ ئێستای پێ بنەخشێنێ، یان ئەوەتا حەتمیگەرو ئایندەسازە دەیەوێ لە دوارۆژدا ئەو دنیایەی ئەو دەیەوێ بسازێنێ. دەشبێ ئایدیۆلۆژیای واهەبێ هەردوو زەمەن بە یەکەوە ببەستێتەوە، هەم لە ڕابردوودا بێ و هەم ئاییندەش، لەو حاڵەتەشدا ئێستا لە چوارچێوەی ئەودا تەنیا تاقیگەیەکی تاقیکردنەوەی نیاز و عەقیدە و بۆچوونەکانی دەبێ. هەر شپینگلەر بۆ ئەوەی توانای هەردوو زەمەن و کاریگەریی هەردووکیان لەسەر کەسێتی مرۆڤی ئەڵمانیدا بدۆزێتەوە و ئەو لاوازی و دۆڕاوییەی ئەوێ ڕۆژێ ئەڵمانیا تێیدا دەژیا، دەربخا دەیگوت: ئەو هێزانەی ئاییندە دەبزوێنن جگە لە هێزە بزوێنەرەکانی ڕابردوو چیدیکە نین. بە مانا هەمان ئەو هێزانەن و لەو حاڵەتەشدا مرۆڤی ولاتەکەی خۆی مەحکوومی خولانەوەیەک دەکا لە دەوری بازنەیەکدا پێی وایە تادێ لە ئاییندەی هەرەسی خۆی زووتر نزیک دەبێتەوە. ناساندنی ئێستا وەک ئەوساتە حەقیقیانەی پێویستە تێیاندا بژین هەوڵێکە، خەباتێکە بۆ ڕزگارکردنی خۆمان لەو تۆڕە جاڵجاڵۆکەییەی بەها کلاسیک و دابونەریتە نەگونجاوە کۆنەکان و بڕیارێکە لە ڕێگەیەوە عەقڵ دێتەوە نێو کەللەمان و ڕاستەوخۆ لە هاوکێشەکانی واقیعدا هێز وەردەگرێ. لە هەمان کاتیشدا بەو مانایە نییە، کە

رابردوو ئیدی هیچ رۆڵێکی لە ژیانی ئێمەدا نامێنێ و داهاتووش خاڵێک نییە بە ئاراستەی بچین. رابردوو لەو حاڵەتەدا نرخی راستەقینەی خۆی دەبێ کە لەمڕۆدا لەپشت بەرهەم هاتووە نوێیەکانمانەوە ببیبنین و هەر لەم ئێستایەشدا هێزی مانەوەیەکی بەردەوام و ئومێدی ڕێڕۆیشتنێکی هاوسەنگ بۆ داهاتوو هەست پێبکەین. رابردوو و داهاتوو ئەگەر دوو یەکەی زەمەنی گرنگن لە تەمەن و سەردەمی مرۆڤدا ئەوە دەبێ لە ئێستادا بۆیان بڕوانین و تادێ ئەم ئێستایە بخەینە سەر زەخیرەی رابردوو و بەم هێزە کۆکراوەیە ژیان تادێ خۆشتر و جوانتر بژین. ئێستا ئەو پارسەنگەیە رابردوو و داهاتوو لەمڕۆدا هاوسەنگ دەکاتەوە، ئەگەر لەمڕۆدا هەرچی هەیە بە لاسەنگی دەیبینین، ئەوە بێ بایەخکردنی ئێستا و نەخوێندنەوەی پێدراوە تازەکانییەتی و زاڵکردن و بەردەوام بەرهەمهێنانەوەی ڕۆژە بەسەرچووەکانن لە ئێستادا، ئەگەر ئەمرۆش ناتوانین کەمترین چێژ لە ژیان وەرگرین و کەمترین حەز و ئارەزووەکانمان وەدی بهێنین، ئەوە تەسلیمی قەدەر دەبین و ئومێد بۆ ئاییندەیەک دەخوازین لەوێدا هەرچی بمانەوێ بێتەدی. ئێستا دەبێ ببێتە بابەتی ئیش لەسەرکردن و ئیش بۆ کردن تاوەکو عەقڵمان، هزرمان تێکەڵی بەرهەمەکانی بێ و دوارۆژ لە ئارکیۆلۆژیای گەڕان بەدوای هزری ئەم سەردەمەماندا بزانرێ لەو ڕۆژانەدا بە جودا لە ڕۆژانی تر بیرکراوەتەوەو ئەوەی بەرهەمیان هێناوە لە دەسەڵات، سیاسەت، کولتوور، ماددییات، لە زەمەنەکانی بەر لە خۆیان جودابوون. وەک چۆن یەکێک لە خەسڵەتەکانی مرۆڤ بیرهاتنەوەی هەر بابەت و زانیارییەکە کە لە رابردوودا فێری بووە و تێیدا ژیاوە، ئاوەهاش پێشبینی کردن خەسڵەتێکی دیکەیەتی لە ئەنجامی کۆمەڵێک زانیاری کە لەسەر نەخشەی مەعریفی ئەودا هەن و لە دەرک پێکراوە هەستییەکانی ئەو هاتوون ڕوودەدا.

پێشبینی لەسەر بنچینەی هەموو ئەو زانیاریانە دەبێ کە تاکەکە لەگەڵیدا ژیاوە و بە پرۆسێسە عەقڵییە بالاکانیدا ئاییندەیەک بۆ دەرکەوتنی هەندێ شت، ڕووداو دەبینێ. ئەم حاڵەتە نەک تەنیا خەسڵەتێکی مرۆڤە بە تەنیا، بەڵکو خودی زانست یەکێک لە ئامانجەکانی پێشبینی کردنی دیاردەی تازەن لەبەر ڕۆشنایی دیاردە و زانیاری پێشتر و هەلومەرجی داکەوتی تازەدا. ئەم داهاتوو بینییە بە حەتمی ڕوونادا، بەڵکو ئەگەر هەلومەرجەکان گۆڕان و فاکتەرەکان جێ گۆڕکێیان کردو دۆخی ئەزموونکراو شێوازی دی وەرگرت، ئەوە ڕووداو و داکەوتەکان بە ئاراستەی دیکەدا دەچن. کەواتە ئەو دنیایە یوتۆپی و شارە فازیلانەی لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژیا و عەقیدەدا هەن لەگەڵ ئەم پێشبینیانە نایەنەوە و بە حەتمی باوەڕدار بە هاتنی ئاییندەیەکی پێشتر وێنەکێشراو گەشبینە و هەرچی توانای هەیە دەیخاتە کار بۆ ئەوەی چانس هاوڕێی بێ ئەگەر بۆ ساتێکیش بگاتە ئەوێ. ئەم نەزعەی یاریکردنە بە مێژوو لە چوارچێوەی هزری هیگڵ و کۆجیڤ، پاشان کارل مارکس و ئینجا لە ئێستاشدا فرانسیس فۆکۆیاما دێ و دەچێ و هەریەکە لەم تیۆریسیۆنانە بە قۆناغبەندی مێژوودا هاتوون و پێیان وایە لە خاڵێکدا مێژوو کۆتایی پێدێت و خۆرئاواش وەک فۆکۆیاما لە هیگڵی قەرزکردووە دوا فۆرم و گەوهەری مرۆڤ دەبێ.

شپینگلەر دەیوت: شارستانیەتی خۆرئاوا لەبەر ئەوە لە هەرەس نزیک بۆتەوە، چونکە هەموو قۆناغەکانی خۆی بڕیوە و لە لووتکەی گەشە و پێگەیشتنی خۆیدایە و هەرچی هەیە لە عەقڵ قەرزی دەکا و جگە لە عەقڵ لە هیچی تر دەرس وەرناگرێ، ئەمە لای هزروانانی نوێ بە جۆرێک لە حەتمیگەری لێکدراوەتەوە و شێوازێک لە دەسکاری کردنی مرۆڤ و ئیرادەی ئەوی تێدا دەبینرێ بۆ ئاراستەگرتنی مێژوو، هەرچەندە شپینگلەر نەیوتووە ئێمە لە دەسەڵاتماندا هەیە بەر لەو هەرەسە بگرین، بەڵام خودی پێشبینی کردنەکە قەناعەتێکی حەتمیگەریمان بۆ دەردەخات. قسەکردن و توێژینەوەی بەردەوام لەسەر ئاییندە و ترساندنی هەمیشەیی مرۆڤ بەدوارۆژ جیا کردنەوەیەتی لە خۆی وەک خود و ئینجا دوورخستنەوەیەتی لە واقیع وەک سەرچاوەی گەشە و پێگەیشتنی عەقڵ و دەروون. جیابوونەوە لە خود بە مانا فڕینی خود بۆ ئەو شوێنانەی سەرەوە و دەرەوەی هەستەکان و گەڕانی لەوێدا بۆ ئەو کەلکەڵانەی دەورەی مێشکی دەدەن. دوورکەوتنەوەش لە واقیع دابڕانە لە عەقڵ و ئەمەشیان زیاتر وەلامێکە بۆ خواستەکانی دەرەوەی خۆی. ژیانی مرۆڤ بە مانا گوزەرکردنی ڕوح و جەستەی ئەو بە ئێستادا، ئەوە ژیان نییە ئەگەر لە رابردوودا بژی و ڕوح لێرەدا قەرزکراوێکی دۆنای دۆنییە، ئەوەش کە هەمیشە بۆ داهاتوو دەژی لە خەیاڵێک دایە و لە هزری خۆی ڕایکردووە و پێویستە بە خەبەر بهێنرێتەوە. ئێستا، کۆدی رابردوو و داهاتووشە و دەبێ مرۆڤ ئێستای خۆی بە ئەمانەتەوە تەسلیمی رابردوو بکات و بەو کۆدە هەوڵی دۆزینەوەی ئاییندەیەک بدات یەکسان بێ بە ئاستی کار بۆ کردنی ئەو وەستان خوێندنەوەی وردی فیکری و ئەکادیمی دەکات.

# تەکنۆلۆژیای زانیاری.. ململانێیەکی نوێ

محەمەد عەبدوڵڵا کەلاری

وشـــەی تەکنۆلۆژیا ، ئامـــاژەیە بۆ هەمـــوو زانینێکی هونەری کە لۆژیکی تێدایە و مشتومڕی لەبارەوە دەکرێ. زانینە هونەرییەکان بریتین لە سیستمێکی تەواو، کە زانینە زانستییەکان لەگەڵ پەیڕەوکارییە کردارییەکاندا لە چوارچێوەی هەماهەنگییەکی لۆژیکی تەواودا کارلێک دەکەن. یەکەم جار زاراوەی تەکنۆلۆژیا لە زمانی ئینگلیزی لە سەدەی حەڤدەمدا بەکارهێنرا و بەکارهێنانیشی تەنیا پێوەندی بە هونەرە پەیڕەوکارییەکانەوە هەبوو، لە سەرەتای سەدەی ڕابردووشدا بەکارهێنانی بڵاو بووەوە و واتاکەی پەرەی سەند، بۆ ئەوەی چارەسەرکردنی ئەو کاروبارانە لەخۆ بگرێ کە پێوەندییان بە ئامێرەکان و شێوازی بەرهەمهێنانەوە هەیە. بەڵام لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا هاودەنگییەک لەسەر پێناسەکردنی وشەی تەکنۆلۆژیا هەیە، کە بە واتای ئەو ئامراز و چالاکییانەی مرۆڤ دێ کە بەکاریان دێنێ، بۆ ئەوەی دەوروبەری خۆی بەکاربێنێ و بیگۆڕێ، بەشێوەیەک لەگەڵ وەدەستهێنانی پێویستی و مەبەستەکانی گونجاو بێ.

هەروەها تەکنۆلۆژیا وا پێناسە کراوە، کە هەوڵێکی ڕێکخراوە بە مەبەستی بەکارهێنانی ئاکامەکانی توێژینەوەی زانستی لە پەرەپێدانی شێوازەکانی جێبەجێکردنی کارە بەرهەمهێنییەکان، ئەوەش بریتییە لە خزمەتگوزاری و چالاکییە کارگێڕی و ڕێکخراوەیی و کۆمەڵایەتییەکان، بەمەبەستی گەیشتن بە شێوازی نوێ کە چاوەڕوانی ئەوەی لێدەکرێ سوودی زیاتری بۆ کۆمەڵگە هەبێ. هەندێکی تر پێناسەی جۆراوجۆری دیکەیان کردووە، هەر کەس بەپێی بیروبۆچوونی خۆی جا ماددی بێ، یان فەلسەفی، یان کۆمەڵایەتی.

توێژەر و زانایان هەردوولای تەکنۆلۆژیایان جیـــا کردۆتەوە، (لایەنێکی ماددی) وەک خودی ئامێر و

پێکهاتە ئەندازەییەکان و ئەو وردەکارییە هونەرییە جیاوازانەی کە پێوەندییان بە پێکهاتە و پاراستنی ئامێری بەرهەمهێنان و بەکارهێنانی میکانیکی بۆ ئەو ئامێرە هەیە، (لایەنی بەکارهێنانی) کە بریتییە لە پرۆسەی بەگەڕخستن و بەکارهێنانی ئامێر بەپێی پلانێکی دیاریکراو و بڕیارگەلێک کە دەدرێن بۆ ڕێکخستن و برەوپێدان بە پرۆسەی بەرهەمهێنان بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجێکی دیاریکراو، دەبێ لەمیانەی جەختکردنەوە لەسەر تێکەڵبوونی هەردوولاو کامڵبوونیان پێکەوە تەماشای ئەم دوو لایەنە بکرێ، چونکە نەبوونی یەکێکیان دەبێتە هۆی هەرەسهێنان بەشێوەیەکی تاک و سەربەخۆ.

کۆنگرەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەبارەی زانست و تەکنۆلۆژیا و گەشەپێدان کە لەساڵی **١٩٧٩** لە ڤیەننا بەسترا، گەیشتە ئەوەی تەکنۆلۆژیا تەنیا شێواز و ئامێر و کەرەستە و بەرنامەگەلێک نییە بکڕدرێ، یان مامەڵەی پێ بکرێ، ئەوەی کە بەدەستی دەکەوێ بە خێرایی و ئاسانی هەرسی بکات، بەڵکو هەڵوێستێکی دەروونیشە و دەربڕینی بەهرەیەکی داهێنەرە و توانای ڕێکخستنی زانینە بەشێوەیەک سوودی لێ ببینرێ کە لە چەمکە گشتییەکەیدا ئەو شێوازانە لەخۆ دەگرێ کە مرۆڤ ئەو شتانە دروست بکات کە پێویستی پێیەتی، پێویستییەکانی لە زانین دەستنیشان دەکات و ئەو کەرەستانە ئامادە دەکات بۆ زاڵبوون بەسەر لایەنە لاوازییە سروشتییەکانی.

پێشتر ئاووهەوا و خۆراک لە مەرجەکانی مانەوەی مرۆڤ بوون و بە ڕووبەڕووبوونەوەی گۆڕاوە گشتییەکان، چەمکی پێوەندی کردنیشی هاتە سەر، ئیتر توانایی کۆمەڵگە بە توانایی تۆڕی پێوەندییەکانەوە بەسترایەوە کە شادەمارەکەی پێکدێنێ، دواتر بنکەی ژێرخانی بەمەبەستی پێکهێنانی کۆمەڵەی زانیاری بۆ ئەکتیڤ کردنی گەشەپێدان و بە لەبەرچاوگرتنی مەرجەکانی مانەوە بەس نییە و مرۆڤی ئاسایی یاریزانی گەورەترینە لە کۆمەڵەی زانیاری و پشکی شێری بەردەکەوێ لە دەستکەوتنی زانیاری و هاتنە نێو ژیانی چڕی زانیارییە ئەلیکترۆنییەکانەوە، بۆ ئەوەی خەونی جیهانێکی بێ کاغەز وەدی بێ. کتێب بارگەی بەرەو تۆڕی ئینتەرنێت پێچایەوە و لەو تۆڕەدا خۆی نیشان دەدات، بەمەش بە ئاسانی هەڵدەگیرێ و دەگوازرێتەوە و دەکرێ زانیارییەکانی نێوی زیاتر بکرێ، یان هەموار بکرێ، یان کۆپی بکرێ، یان وەربگێڕدرێ خۆگونجاندن لەگەڵ ئارەزووی خوێنەر، هەروەها ئاگاداربوون لە دوایین پێشهاتی زانستی و پێکەوەگرێدانی دەق و دەنگ و وێنە و نیشاندانی وێنەی ڤیدیۆیی، بەمەش ڕوونتر و ڕێژەیەکی زۆرتریش لە خەڵک سوودی لێ دەبینن.

بۆچوونەکان لەبارەی دیاردەی تەکنۆلۆژیای زانیاری و کاریگەریی لە مەودای نزیک و دووردا زۆرن، هەیانە کۆک و هەیانە ناکۆکە، بەڵام هەمووان کۆکن لەبارەی ئەوەی ئەم دیاردەیە جیاوازی گەوهەری لەگەڵ ئەوانەی پێشوودا هەیە، بەکردەیی بۆتە هۆکارێکی یەکلاکەرەوە لەدیاریکردنی چارەنووسی جیهانەکەمان، بە دەوڵەت و تاکەکانییەوە. تەکنۆلۆژیایەکی زەبر بەدەستە کە لەمیانەیەوە سەرجەم پایەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە پێکدادانێکی کارا لەگەڵ سەرجەم توخم و دیاردەکانی بێ جیاوازی تێپەڕ دەبن، مامەڵە لەگەڵ ژمارە و هێماکان بەهەموو جۆرەکانییەوە دەکات، لەگەڵ دەنگ و دەق و وێنە، لەگەڵ نوسراو و وتراو، لەگەڵ هەستپێکراو و هەست پێنەکراو، لەگەڵ توخمە مادددییە دیارەکان و نهێنییە بایۆلۆژی و سایکۆلۆژییە شاراوەکان...تاد. تەکنۆلۆژیایەک ئەمە توانا و تایبەتمەندییەکەی بێ، سەیر نییە کە جێبەجێکردنەکانی بەو خێراییە بەهەموو لایەکدا بڵاو بێتەوە.

کۆمەڵگەی زانیاری بەها و چەمک و شێوازگەلی نوێ دەخاتەڕوو، بەرەنگاربوونەوەی سەختیش دەسەپێنێتە سەر تاکەکانی و هۆشداری ململانێگەلی نوێ دەدات و گرنگی زانین و کولتوور و زمان دەدرەوشێنێتەوە و پرسگەلی فەلسەفی پەیوەست بە مرۆڤ لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئامێردا دەوروژێنێ. یەکەم جارە کە چارەنووسی نەتەوەکان بە توخمگەلی نامادددی و هەستپێکراوەوە پەیوەست بێت، لەکاتێکدا خودی تەکنۆلۆژیا خوڵقاوی خواستی مرۆڤەکانە، لەم بارەیەوە ژمارەکان هەندێ ڕاستی دەردەخەن وەک ئاکامی گشتی پیشەسازی زانیاری لە ساڵی ٢٠٠٠ بە هەزار بلیۆن دۆلار دەنرخێنرێ، بەمەش بووە یەکەم پیشەسازی لە مێژووی جیهاندا کە ژمارەی تریلیۆن تۆمار بکات. هەروەها پێشخەرانی سیستمی سوپەر کۆمپیوتەر سەرقاڵی گەیاندنی خێرایی ئەو جۆرەی کۆمپیوتەرن بە تریلیۆنێک کرداری ژمێریاری لە یەک چرکەدا کە بەرابەر ٥٠ - ١٠٠ هێندەی خێرایی ئێستا دەبێ.

تەکنۆلۆژیای زانیاری هەرچەندە پیشەسازییەکی

تازەیە، بەڵام گەشە و باڵایەکی تەکنیکی بێ وێنە دەکات و سەردەمی زانیارییەکان بە سەردەمی زانست و دەزگایی مەزن دادەنرێ و سەرکەوتنی تێیدا پەیوەستە بە باش بەکارهێنانی داهاتەکان، بەتایبەتی داهاتە مرۆییەکان. لە شۆڕشە تەکنۆلۆژییەکان، کۆمەڵگە وردە وردە سەرتاپای دەگۆڕێت و ڕێژەی گۆڕانکارییەکەی دەوەستێتە سەر سروشتی تەکنۆلۆژیا کاریگەرەکان و کارلێکی لەگەڵ توخمەکانی ژینگە کۆمەڵایەتییەکەی. تەکنۆلۆژیای زانیاری، یەکەم تەکنۆلۆژیایە کە مامەڵە لەگەڵ زانین و سایکۆلۆژی و فەلسەفە و مرۆییەکان دەکات، بۆیە زەحمەتە پێشبینی کاریگەری ئەم تەکنۆلۆژیایە بکرێ، تەنانەت ئەگەر بۆ داهاتوویەکی نزیکیش بێ و ئەو کاریگەرییەشی کە تا ئێستا دەرکەوتووە، تەنیا بەشێکی زۆر کەمە لەو پێشبینی و ئەگەرانەی خراونەتەڕوو.

هەندێ کەس بە گەشبینییەوە دەڕواننە تەکنۆلۆژیای زانیاری و پێیان وایە کە (تەکنۆلۆژیا هیوا)یەکە کەموکوڕی شۆڕشی پیشەسازی دووەمی تێدا نییە، تەکنۆلۆژیایەکە دەتوانێ لە چەند ساڵێکی کەمدا ئەوە وەدی بێنێت کە شۆڕشی پیشەسازی لە ماوەی چەند سەدەیەک نەیتوانی وەدی بێنێ. لە بەرانبەردا ڕەشبینان وای دەبینن ئەم تەکنۆلۆژیایە دەبێتە مایەی فراوانبوونی کەلێن لەنێوان جیهانی پێشکەوتوو و جیهانی تازە گەشەسەندوو بەجۆرێک کار لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی مرۆیی دەکات و دەبێتە هۆی زیادبوونی بێکاری و نامۆیی مرۆڤ زێدەتر دەکات و ژینگەی کارەکەی تێکدەچێ لەبەرابەر هەژموونی ئامێر و ئاڵۆزی سیستمەکەی و برەوپێدانی سەنتراڵیزمی و زیادبوونی دەسەڵاتی بەڕێوەبەران لەسەر کارمەندان، هەروەها ئەوان هۆشداری ئەگەری پەیدابوونی ڕکابەری و ململانێی توند دەدەن لەنێوان وڵاتە پێشکەوتووەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی بازاڕەکان.

ئەم جیهانەی ئەمڕۆ تێیدا دەژین جیهانی خێرایی و گەیاندنی زووی هەواڵ و نامە و تێبینییەکانە، شۆڕشی پیشەسازی ئەو ڕاستییەی بۆ سەلماندین کە هەرچی زیاتر خێرابوونی ماشێنەکان، مانای هێندە زۆرتری بەرهەم و لە دوا دەرەنجامیشدا مەبەستی هێندە گەورەترکردنی قازانج دەگەیەنێ. خێرایی، ئەو دەرکەوتە نوێیەیە کە ئیدی هەموو بوارەکانی ژیانمان بە چەشنێک لە چەشنەکان دیاری دەکات و دەبێتە قەدەرێکی کۆمەڵایەتی نوێ، کە ناتوانین خۆمانی لێ دەرباز بکەین. ئەو وتەیەی کە دەڵێ: ئەوەی درەنگ بێ ژیان سزای دەدات، دەقاودەق لەم دنیایەدا کە خێرایی دەستنیشانکەری هەموو سەرکەوتن و باڵادەستییەکە، ڕاستێتی خۆی هەمیشە دەسەلمێنێ.

خێرایی بۆ خۆی لە جیهانی میدیای ئەلیکترۆنی دەبێتە ئامانج، ناوەڕۆک و چەشنی ڕووداوەکان مەسەلەیەک نین، بەڵکو ئەوەی مەبەستمە، کێ یەکەم هەواڵی پێیە و کێ دەبێتە چاوگی ئەو هەواڵە. گەورە و بچووکی هەواڵەکان ڕۆڵی خۆیان لە دەست دەدەن و ئیدی ئەوەی مەسەلەیە ئەو کاتەیە کە تا دوا ئەندازە کورت دەکرێتەوە بۆ ئەوەی هەواڵەکانی پێدا تێپەڕین و بگەنە جێی مەبەست. بەم چەشنە وەکو (ڤیریلیۆ) دەڵێ: "زانیاری بۆ خۆی دەبێ بە خێرایی". ئەم خێراییەش کاریگەری گەورە و فەرامۆش نەکراو لەسەر چۆنێتی بینین و تێگەیشتن و هەست و نەستمان بەجێدێڵێ. پاوانکردنی شوێن و کاتی شتەکان دەبێ بە کۆڵەگە و خەسڵەتێکی گەوهەریی سەدەی نوێ.

کاتێک دەگوترێ پاوانکردنی جیهان لە ڕێگەی خێراییەوە وەچنگ دەکەوێ، مانای ئەوەشە کە لە پاڵ ئەم حاڵەتەدا هێزی پاوانخواز وەکو جاران پێویستی بە دوو چاو نییە، تا بەهۆیانەوە تەنیا سنوورێکی دیاریکراوی توانای بینینی هەبێ، بەڵکو پێویستی بە چاوێک هەیە کە هەموو شتەکان ببینێ و بزاوتیان دیاری بکات، بۆ ئەم مەبەستەش چاو دەبێ بە کایەیەک بۆ کۆنترۆڵکردن، ئەو چاوەش کە توانای تێرکردنی ئەم ئەرکەی هەیە سەتەلایتەکانە.

تاکو توانای تەکنیک لە بینینی شتە بچووکەکان گەورەتر بێ، هێندەش توانای بچووک کردنەوەی دنیا گەورەتر دەبێ، جیهانی خۆبزێو چیدی پێویستی بە چاوی ئاسایی نییە بۆ ئەوەی شتە ڕاستییەکان ببینێ و لە نهێنییەکان بکۆڵێتەوە، جیهانی ئێستا لەلایەن چاوەکانی ماشینەوە چاودێری دەکرێ. ئەمە جیهانێکە کە بە خێراییەکی سەیر دەتوانێ وێنە و زانیاریمان پێکەوە بۆ بگوازێتەوە، دەتوانێ لە کات و ساتی فەرمان دەرکردنیدا هەموو ئەو زانیارییانە بەتوانای بینینەوە بخاتە بەردەستمان، واتە خێرایی بینین و زانیاری دەچنە ناو یەک قاوغەوە و لە یەک ئانوساتدا پێکەوە کار دەکەن، بەم چەشنە تەکنۆلۆژیای نوێ دەتوانێ ئانوساتێتی ڕاستییەکانمان بداتێ. بەڕای (ڤیریلیۆ) ئەم توانایە قۆناغێکی نوێ لە هێزی بینین بەرهەم دێنێ، قۆناغی بێ

مانابوونی بینینی ئاسایی و قۆناغی ونبوونی کات و شوێن، بینینی ئاسایی کە بینینێکی مرۆڤانەیە، لەم سەردەمەدا بێ نرخ دەبێ.

کرداری کۆکردنەوەی زانیارییەکان لەم جیهانە نوێیەدا بە وردترین و ئاڵۆزترین کێشە دادەنرێ کە ڕووبەڕووی ئەو کەسە دەبێتەوە کە دەیەوێ بڕیاری سیاسی بدات، چونکە شۆڕشی میدیا و شۆڕشی ڕێکخستنی زانیارییەکانن کە فەرمانڕەوایی هەموو ڕواڵەتێکی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژی لەم سەردەمەدا دەکەن. هۆی ئەمەش بۆ دوو گۆڕاوی سەرەکی دەگەڕێتەوە کە بریتین لە:

(١) زۆری زانیارییەکان و بەلێشاو هاتنیان لەسەر هەموو ئاستەکاندا.

(٢) ئەو ئاڵۆزییەی مرۆڤایەتی ئەمڕۆ تێیدا دەژیت، پسپۆڕبوونی لەبواری کرداری کۆکردنەوە و ڕێکخستنی زانیارییەکانی کردووە بە ڕاستییەکی ڕەها، بەشێوەیەک کە تێگەیشتنی جیاواز و نموونەی جیاواز لە تێڕوانین و هەستکردن بە هەمان ڕاستیی دروست کردووە، لەبواری گواستنەوەی زانیارییەکان لە نێرەرەوە بۆ وەرگر، یان لە سەرچاوەی زانیارییەوە بۆ ئەو کەسەی سوودی لێ دەبینێ. لە لایەنە سیاسییەکەی ئەوەمان بەبیر دێتەوە ئەو کەسەی بڕیاری سیاسی دەدات، خۆی لە هەڵوێستێکدا دەبینێتەوە کە سێ تایبەتمەندی تێدایە: یەکەمیان ئەوەیە ئەو سیاسەتمەدارە هەر بە سروشت و پێکهاتەی خۆی شێوازێکی جەماوەریی بەسەر بیرکردنەوەیدا زاڵە، ئەم سیفەتەش زۆرجار لەگەڵ کرداری مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکاندا دژە. لەلایەکی دیکەوە پێویستە زۆرجار زۆر بەخێرایی بڕیار بدات، چونکە لەوانەیە خۆی لە هەڵوێستەیەکدا ببینێتەوە کە زیاتر لە چەند خولەکێکی بەدەستەوە نەبێ بۆ بڕیاردان لە کێشەیەک کە پێویستی بە بڕیاردانە. سەرەڕای ئەمەش لەوانەیە ناچار بێ بۆ بڕیاردان بەبێ هەبوونی زانیاری تازەو نوێ بووەوە، ئەمەش جۆرە مامەڵەکردنێک بەسەریدا دەسەپێنێ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییە کۆنەکانی ئەگەر هەیبێ.

زانستی زانیارییەکان تەنیا شێوازی مامەڵەکردن نییە لەگەڵ کۆمپیوتەرەکاندا، ئەم چەمکەش کە لەناو زۆر لە چینە زانستییەکاندا بڵاوە، ڕاست نییە، چونکە پەیوەندی زانیاری بە بڕیاردانەوە لە سێ ئاستدا دەردەکەوێ: یەکەمیان، کاتێک کە زانیارییەکە دەبێتە بابەتێکی تێڕامان دواتر ئامرازێک بۆ پشتگیری کردنی بڕاڤەکە، کە دەبێ بەو شێوەیە ئەو زانیارییە دابنرێ کە بوار بدات بە بەکارهێنانی و بە سەربەخۆییەکی تەواو لە ناوەڕۆکی ئەو زانیارییە. دووەمیان کاتێک کە پێویست دەکات زانیارییەکە لەگەڵ زانیاری دیکەدا تێکەڵ بکرێ بەمەبەستی دۆزینەوەی گریمانێکی دیاریکراو، یان گەیشتن بە تیۆرێکی دیاریکراو بۆ گەیشتن بە زانینێکی ئەنجام دیاریکراو، یان بۆ ڕادەی کاریگەریی ئەو گریمانە لەسەر زانیارییەکە، ئەمەش دەبێتە توخمێکی بنەڕەتی بۆ گفتوگۆکردن لەنێوان عەقڵی مرۆڤ و ئەو ئامێرە بێ دەنگەدا.

بڕیارەکانی هەر وڵاتێک لەسەر ئاستی دەرەوەدا شێوەیەکی جێگیری هەتا هەتایی هاوکاری لەگەڵ وڵاتانی دیکەدا نییە، چونکە هاوکاری سیفەتی هەمیشەیی نییە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا، کە زۆر ململانێی بەردەوامی بەخۆوە بینیوە، لەوانەش هەردوو جەنگی جیهانی و جەنگە جۆراوجۆرە هەرێمییەکان، لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین هەرچەندە لە چوارچێوەیەکی تەسکیشدا بێ، هەر بڕیارێک کە تارادەیەک سوود بەخشێتە وڵاتێک لەوانەیە لە لایەنێکی دیکەوە زیان بگەیەنێتە ئەو دەوڵەتە. وردتر بڵێین لایەنەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان تەماشای پەیوەندییە ژینگەییەکان دەکەن لە گۆشەنیگای توانای هەموو لایەنێک بۆ بەدەستهێنانی چی لە توانایدا هەبێ لە سوود و قازانج لەسەر حیسابی لایەنی بەرانبەر، ئەمەش بەبێ بەدەستهێنانی زۆرترین زانیاری دەربارەی لایەنەکانی دیکە ناتوانرێ بەئەنجام بگەیەنرێ، بە لایەنی کەمەوە ئەو وڵاتانەی کە لە چوارچێوەی ئەو هەرێمەدا دەژین.

لێرەش گرنگی کۆکردنەوەی زانیارییەکان لەبارەی وڵاتێک لەبەر چەند پێویستییەک دەردەکەوێ، لەئەنجامدا هێزی ڕاستەقینەی ئەو وڵاتەت بۆ دەردەکەوێ، سەرەڕای ئەمەش ئەو زانیارییە بەدەستهاتووانە لەبارەی ئابووری و سیاسەت و کولتوور و ئایین و باری کۆمەڵایەتی و نەژادی لەو وڵاتەدا گرنگی زۆریان هەیە، چونکە بواری بڕیاردانی ڕاست و دروست دەڕەخسێنن، بەمەش دەتوانرێ بەشێوەیەکی کاریگەرانە و ئاراستە دیار، بڕیار بدرێ، بۆیە زانینی زانیارییەکان خۆی لەخۆیدا بەهێز دادەنرێ.

ئەگەر ڕادیۆ و تەلەفزیۆن سەرکەوتوو بووبن لە گۆڕینی میدیای سیفەت بۆ میدیای گرۆکار (كتلة) یان جەماوەر،

ئەوە تەکنۆلۆژیای زانیاری هەوڵ دەدات بۆ گواستنەوەی میدیای جەماوەری لە قۆناغی میدیای تایبەتمەندییەوە، پێشتر قسە لەبارەی پەخشەوە دەکرا لەچوارچێوەیەکی فراوان (broodcast)، بەڵام ئێستا لە چوارچێوەیەکی تەسک (narrowcast)ەوە گوێبیستی دەبین، بەئامانجی پێکانی بارگاویی میدیایی بۆ توێژگەلی دیاریکراو.

میدیا لە سیستمی پەخشکردنی پەیامەکەی بۆ سەرجەم بینەران بەرەو سیستمێک دەڕوات کە بوار بدات بە بینەر خۆی ماددە میدیاییەکان و کاتی تەماشاکردنیان هەڵبژێرێ، یان هەڵبژاردنی بابەتەکانی ڕۆژنامەکەی لەچوارچێوەی بنەمایەکی گەورە لە ماددە ئامادەکراوەکان بۆ بلاوکردنەوە و دیاریکردنی شێوەی دەرهێنانی ئەو ڕۆژنامەیە، ئەمەش ڕووی نەدەدا ئەگەر ئەو پێشکەوتنە مەزنە لەبواری تەکنۆلۆژیای گەیاندن ڕووی نەدابایە کە ئامرازی کرداری دەستەبەر بوون بۆ پێکەوەبەستنی ناوەندەکانی پەخشی میدیایی بە جەماوەرەوە لە ڕێگەی کێبڵەکانی پێوەندیکردنی ڕاستەوخۆ، یان کۆدی تایبەتەوە. ئەمە سەبارەت بە پێوەندی ناوەندەکانی میدیا بە بینەرانی، بەڵام سەبارەت بە پێوەندی بینەر بە ئامێرەکانی وەرگری ماددە میدیاییەکان، بەرەو یەکگرتن دەچێ لە سیستمێکی تەواو کە ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕێکۆردەر بەهەموو جۆرەکانی و ئامێری پیشاندان کە هەموویان لەژێر کۆنترۆڵی کۆمپیوتەردا کار دەکەن و ڤیدیۆی وەڵامدەرەوە (interactive video) شۆڕشێکی ڕاستەقینەیە لە جیهانی ڕۆشنبیری و فێربوون و کات بەسەربردن کە بینەر لە ماڵەوە لەشوێنی دانیشتنی خۆیەوە، دەتوانێ چالاکی هاوشێوەی چالاکی ڕاستەقینە ئەنجام بدات، بەم نزیکانە دەتوانێ سەردانی موزەخانەکان و گەڕان بەنێو پیشانگەکان و سەردانی شوێنەوارە دێرینەکان بکات. میدیا بە پاڵپشتی تەکنۆلۆژیای زانیاری دەتوانێ ڕۆڵێکی سەرەکی ببینێ لە گەیاندنی خزمەتگوزاری فێربوون بۆ ناوچەی گوندنشینەکان و پڕکردنەوەی کەموکوڕییەکان لەم بارەیەوە، گرنگی میدیاش زیاتر دەبێ لە پڕکردنەوەی کات بەتاڵی و فێربوونی بەردەوام و بەرزکردنەوەی هۆشیاری ڕووناکبیری بۆ جەماوەرێکی زۆر.

ئەو ڕۆڵە گرنگەی کە تەکنۆلۆژیای پێوەندییەکان لە کۆمەڵگەی نوێ دەیگێڕێ، دەکرێ بۆ چەند هۆکارێکی سەرەکی بیگەڕێنینەوە، گرنگترینیان ئەمانەن:

١- گۆڕانی ئابووری بۆ جیهانێتی، ئەمەش کارێکە زەحمەتە لێک جیا بکرێنەوە، ئایا جیهانێتی دەرەنجامی بڵاوبوونەوەی تۆڕەکانی زانیارییە؟ یان بڵاوبوونەوەی تۆڕەکانی زانیاری یەکێک لەو دیاردانە بووە کە بۆتە مایەی دیاردەی جیهانێتی؟

٢- لەگەڵ زیادبوونی خێرایی ڕیتمی جموجوڵی کارەکان و ئاڵۆزبوونی، پێویستی بە خێرایی ئاڵوگۆڕی زانیاری گەشەی کرد لەنێوان شوێنەکانی کاری جیاواز لە نێو دەزگایەک، یان چەند دەزگایەکدا.

٣- ئاراستەگرتن بۆ داڕژاندنی میدیای جەماوەری بۆ ئەوەی پێکراوتر بێ (نموونە کلاسیکییەکەی تەلەڤزیۆنی کێبڵە)، لەپێناو جۆراوجۆرێتی خزمەتگوزاری میدیایی و ڕێکلامی و پەخشکردنی بۆ جەماوەری ئامانجدار، لەجیاتی شێوازی پەخشی باو کە سەرجەم جەماوەر وەری دەگرێ، ئەم پەیوەستبوونەی جەماوەر بە سەنتەرەکانی میدیا لەمیانەی تۆڕگەلی تایبەتییەوە دەبێ.

٤- پرۆسەی بڕیاردان تەنیا پشت بە زانیاری فەراهەمبوو لەنێو دەزگادا نابەستێ، بەڵکو زۆرجار پشت بە زانیاری لە دەرەوەیدا دەبەستێ، بەهۆی تێکئاڵانی جیهان و پێکەوە بەستوویی ڕووداوەکانی.

٥- زیادبوونی ئاراستەگیری دەزگاکانی کار بەرەو کەمکردنەوەی جموجوڵی تاکەکان و قەرەبووکردنەوەی بە پێوەندی تەلەفۆنی و فاکس و سازدانی کۆنگرە لە دوورەوە، بە مەبەستی دەستەبەرکردنی وزە و کەمکردنەوەی تێچوونی پارە و کات.

**سەرچاوەکان:**

**- د. مؤيد عبدالجبار الحديثي، العولمة الأعلامية و الأمن القومي العربي، ط١، الدار الأهلية للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠٠٤.**

**- بيل جيتس، المعلوماتية بعد الأنترنت، ت: عبدالسلام رضوان، سلسلة عالم المعرفة، الكويت، ١٩٩٨.**

**- سوزان القليني، تكنولوجيا الأتصالات و نظم المعلومات، دار النهظة العربية، القاهرة، ١٩٩٩.**

**- د. محي محمد سعيد، ظاهرة العولمة الأوهام و الحقائق، دار المطبوعات الجامعية، الأسكندرية، ٢٠٠٤.**

# کوردە عەلەوییەکان کەمایەتی لەنێو کەمایەتیدا

داڤید مێکداڵ
لە تورکییەوە: یووسف عیزەدین
(تورکیا - ئیستەنبوڵ)

لە خۆرهەڵات و باشووری خۆرهەڵاتی تورکیادا، زێدەتر لە سێ ملیۆن عەلەوی هەن و لەنێویشیاندا سێ یەک و بگرە زیاتریشی کوردن و ئەوەی دەشمێنێتەوە لە تورک پێکدێن.

بەشێوەیەکی گشتی عەلەوییەکان ئەوپەڕی "شیعە- ئیسلام" لەخۆدا بەرجەستە دەکەن و زیاتریش لەو شوێنانەدا دەژین کە ناوچە کوردنشین و تورک نشینەکانی نێو تورکیای بە شێوەیەکی دیار تێدا ئاوێزان دەبێت. هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە ژمارەی عەلەوییە کوردەکان لەنێو سەرجەم ژمارەی عەلەوییەکاندا دەبێتەوە بە کەمایەتی.

تورکەکان زۆربەی ناوچەکانی نیشتەجێبوونی عەلەوییەکانیان داگیرکردووە و بە شێوەیەکی گشتیش کورد نوێنەرایەتی کەمایەتییەکی ئیتنیکی دەکات.

لەنێو کوردەکانیشدا عەلەوییە کوردەکان هەر کەمایەتین، چونکە ڕێژەی زۆری ئەو کوردانەی کە لەنێو تورکیادا دەژین، ٨٥٪ "سوننی-ئیسلام"ن.

لەساڵی ١٩٨٩و لەنێوان مانگی مایس و حوزەیراندا، هەموو ئەوانەی پەنایان بۆ بەریتانیا بردبوو، بەمەبەستی پەناهەندەیی گشتیان کوردی عەلەوی بوون.

باشە ئەگەر وەک ئەو دەم لەلایەن " بیرۆی کۆچکردن"ەوە مەزەندە دەکرا، هەموو ئەوانەی کە داوای مافی پەناهەندەییان کردووە لەبەر هۆکاری سیاسی نا، بەڵکو "پەناهەندەی ئیکۆنۆمیکی" بن و" کە لە خودی خۆیدا ئەم زاراوەیە جێی گومانە" و لەبەر ئەوە هەڵهاتبێتن، بەڵام باشە ئەی بۆ دەبێت لەنێوان ئەمانەدا تورکێکی تێدا نەبێت؟! (لەکاتێکدا تورکەکان نەک هەر لە سەرجەم تورکیادا، بەڵکو لە ناوچە عەلەویی نشینەکانیشدا زۆرینەن).

ئەمە جگە لەوەی لەو ناوچانەشدا، کوردە سوننییەکانیش هەن و دەگوزەرێن، ئەی بۆ ئەوانیش هەڵنەهاتوون و داوای پەناهەندەیی ناکەن، دیارە وەڵامی

ئەم پرسیارانە گەلێک تێکەڵ و پێکەڵن.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حاڵی بوون لەوەی کە بۆ کوردە عەلەوییەکانی خۆرهەڵات و باشووری خۆرهەڵات ناچارن دەست بەرداری ماڵ و حاڵی خۆیان بن، تاڕادەیەکی زۆر ڕوون و ئاشکرایە.

## باوەڕی عەلەوییەکان

لەبارەی تەنگ هەڵچنین بە عەلەوییەکان و دژایەتی کردنیان زۆر هۆکاری مێژوویی و ئایینی و سیاسی هەن. عەلەوی زۆر جار و بە واتایەکی گشتی وەک دەلالەت لە شیعە و پانتاییەکی بەرفراوانی باوەڕی دەروێشانە دەخرێتەڕوو، بەڵام زیاتر وەک تێکەڵەیەک لە بیرۆکەی شیعییەت و مازدەیزمی فارسی و مەسیحییەت، لە سەرەتای چەرخی شازدەم و پێش سەردەمی عوسمانییەکان، لە خۆرهەڵاتی ئەنادۆڵدا و لەنێو خێڵە تورکمان و کوردەکاندا جێی خۆی کردەوە.. کە بیروباوەڕەکانی نێوەڕاستی ئاسیاش لەخۆ دەگرێت.

ئەم عەلەوییانەی کە "قزڵباش"یشیان پێدەگوترا (بەهۆی ئەو سەروپێچە سوورانەی کە لە سەریان دەبەست)، لە تەک ئیمپراتۆریەتی "فارسی-شیعە" دژ بە عوسمانییەکان جەنگاون، بەڵام پاش ئەوەی لە ساڵی ١٥١٤دا عوسمانییەکان توانییان هێزە ئێرانییەکان لە ئەنادۆڵ وەدەربنێن، بە تۆبزی زێد و خاکی نیشتەجێبوونی عەلەوییەکان خراوەتە پاڵ خاکی عوسمانییەکان و بە مەزەندەش لە جەنگەکاندا ٤٠,٠٠٠ عەلەوی لەلایەن عوسمانییەکانەوە کوژراون.

لەو مێژووە بەدواوەش، عەلەوییەکان، لەبەر جودایی بیروباوەڕیان لەلایەن دامودەزگا عوسمانییەکانەوە چەوسێنراونەتەوە. تا ئێستاش سوننییەکان دەستووری شەوانی ئایینی عەلەوییەکان "بەمۆم کوژانەوە" تۆمەتبار و ناودێر دەکەن.

ئەم جۆرە تۆمەتانەش هاوشێوەی ئەوانەیە کە لە ئەوروپادا، دراونەتە پاڵ جوولەکەکان، بەڵام جگە لە تۆمەتبارکردن و باوەڕێکی پڕوپووچ و چەواشەکەر هیچی تر نییە. ئەوەی پێشتریش عەلەوییەکانی بە "قزڵباش" دەدایە قەڵەم و دەیناساندن، ئێستا لەلایەن عەلەوییەکانەوە بە تانەوتەشەر دەزانرێت و سەیر دەکرێت.

جا عەلەوییەکان چەند باوەڕیان بە "عەلی"بێت و پێیان وابێت لەنێو ئیسلامدا جێیان بۆتەوە، بەڵام سوننییەکان سیستمی باوەڕی عەلەوییەکانیان پێ قبووڵ ناکرێت، عەلەوییەکان پێنج مەرجەکەی ئیسلامیان پشتگوێ خستووە: شەهادەت و نوێژی پێنج فەرزە و زەکات و ڕۆژوو و چوونە حەج.

بەپێی باوەڕی سوننییەکانیش خراپترین خاڵی سنووربەزاندنی عەلەوییەکان، لە دەست نوێژنەگرتنی پێش دوعاکردنیاندا بەرجەستە دەبێت، هەر بۆیە لای ئەوان عەلەوییەکان ڕەگەزی پیسکردن و گەندەڵکردنی کۆمەڵگەن.

بەلای عەلەوییەکانیشەوە ئەوەی گرنگە ناوەخنی ڕوح و ئەو شتانەیە کە بە ئەقڵدا دێن، نەک نمایش و خۆپیشاندان. بەو پێیەش کە لە گوندە عەلەوییەکاندا مزگەفت نییە، بە سانایی دەناسرێن و جیادەکرێنەوە (ئەمە ئەگەر دەسەڵاتدارانی حکومەت لەو ناوچەیەدا مزگەفتیان دروست نەکربێت؟) سەرباری ئەوەی کە ئافرەتانی عەلەویی بەبێ پەچە و چارشێو دەچنەدەر و دەگەڕێن.

عەلەوییەکان گرنگی بە دارودرەخت-یش دەدەن، بە تایبەتیش دارودرەختی نزیک گۆڕی پیاوچاکان، هەر بۆیە مرۆڤەکان بە مەبەستی هاتنەدی نیازەکانیان، پارچە پەڕۆی هەمەجۆر لەو جۆرە دارانە دەئاڵێنن.

## گوزەرانی عەلەوییەکان

وەکو زۆر مەزهەبی دیکەش، عەلەوییەکانیش لە پێناو ئەوەی نەکەونە ژێر گوشارەوە، خۆیان پەنا دەدەن. ئەوان و باوەڕدارانی مەزهەبە شیعییەکانی تریش، لە دنیای نادۆستانەی سوننییەکاندا، تەنیا ڕێگەیەک بۆ مانەوەیان لەخۆ دەرنەخستن و دەرنەکەوتنیاندا بەرجەستە دەبێت.

بەڵام سەبارەت بە خۆدەرنەخستن و وەدەرنەکەوتنی عەلەوییە تورکەکان، کە هاوزمانی تورکە سوننییەکانن، زۆر گرفت و ئاستەم نییە، بەڵام کوردە عەلەوییەکان بەهۆی شێوەزاریانەوە بە ئاسانی ئاشکرا دەبن، تەنانەت ئەگەر لەناوچەیەکی عەلەوی نشینیشدا نەبن، عەلەوی بوونیان دیار و ئاشکرایە. هەر زۆرێک لە کوردە عەلەوییەکان شێوەزاری سەرەکی ئاخافتنی کورد، کرمانجی نازانن (لەگەڵ هەندێک لە تورکە عەلەوییەکان) بە شێوەزاری زازایی دەدوێن و ئەمە جگە لەوەی ئەگەر دەگمەنیش بێت، هەندێک لە نێرینە عەلەوییەکان خەتەنە ناکرێن و لە کاتی بوون بەسەربازیاندا بە ئاسانی دەناسرێنەوە.

لە تورکیاشدا بە گشتی عەلەوییەکان و بە تایبەتیش کوردە عەلەوییەکان، بە چەپ ناسراون و ڕەنگە هۆکارەکەشی وەک پەرچەکردارێک بێت بۆ خۆ بە جودابینینی سوننییەکان، هەر بۆیە هێشتاکەش عەلەوییەکان، شیعر و بەسەرهاتی ژیانی شاعیری یاخی و سۆفی "پیر سوڵتان ئەبداڵ" کە لەلایەن

عوسمانییەکانەوە لە چەرخی شازدەمدا لە سێدارەدرا، بەردەوام زیندوودەکەنەوە.

شایانی باسیشە لەنێوان تێڕوانینی عەدالەتخوازانەی خودی عەلەوییەکان و ئەو کێشمانکێشە هاوچەرخەی لەمرۆی کۆمەڵگە عەلەوییەکاندا پیادە دەکرێت، پێوەندی دەبینرێتەوە. لە گوندە عەلەوییەکاندا لە ڕووی "سوسیۆ-ئیکۆنۆمیک"ەوە، شێوازێکی دیموکراتخوازانەمان دەکەوێتە بەرچاو (بەتایبەت ئەوان ئاغای گەورەی تایبەت بە زەوییان نییە و بە شێوەیەکی هاوبەش کار دەکەن)، بەهۆی ئەمانە و لە ڕووی سیاسیشەوە بە مەبەستی خۆ جیاکردنەوە، عەلەوییەکان بەرەو چەپخوازی دەچن.

کۆمەڵێک لە تورکە عەلەوییەکانیش هەن کە ددان بە شوناسنامەی کوردیدا دەنێن و هەندێکیشیان بەر لە چەند سەدەیەک لەمەوبەر ئاوێزانی کولتووری کوردی بوون. لە سەردەمانێکیشدا هەندێک لە کوردە سوننییە کۆچەرییەکان تێکەڵ بە تورکمانە عەلەوییەکان بوون و ئیدی کوردەکان سیستمی باوەڕی ئایینی عەلەوییەکانیان وەرگرتووە و تورکمانەکانیش کولتووری کوردیان لەخۆ گرتووە و تەنانەت زۆرێک لە تورکەکانی تریش تازەمەنێکی نزیکیش، دژ بە پۆلێنکردن و ڕەفزکردنی جوداخوازانە، وەک سیمبۆل شوناسنامەی کوردیان قبوولکردووە.

کوردە عەلەوییەکان زیاتر گوندنشینن و لە ناوچە شاخاوییەکانی دەرسیم(دەسەڵات ناوی کردۆتە تونجەلی)، یان نزیک مەراش و ئەو شوێنانەی کە کاری تێدا دەکەن نیشتەجێن. لەگەڵ زیادبوونی ژمارەشیاندا هەندێکیان بەرەو ئەو شارانەی کە سوننی نشینن، کۆچیان کردووە و لەوێشدا هەر ناچاربوون لەنێو ناوچەکانی خۆیاندا (کۆڵیت و گەچکەخانوو)دا ژیان بەرنەسەر و بەو پێیەش نەیانتوانیوە لە سنوورێکی دیاریکراو زیاتر، ئەولاتر بچن.

**گوشاری سیاسی**

لە ساڵەکانی هەفتاکاندا هەندێک لە عەلەوییەکان بە شێوەیەکی ئەکتیڤ تێکەڵ بە سیاسەت بوون و دەرئەنجامی ئەمەش لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٠دا کەوتنە بەر هێرشی ڕاستڕەوەکان. لە ساڵی ١٩٦٧یشدا بەهۆی گەمەیەکی فووتبۆڵەوە کە لە شاری"قەیسەری" سازکرا، ٤٠ کەسی عەلەوی کە لە "سیواس"ەوە هاتبوون، پەلاماردران و کوژران. دەرئەنجامی تەنگژەی ڕاستڕەو و چەپڕەوەکانیش، لە ساڵی ١٩٧٨دا، بە ڕابەرایەتی و ئۆرگانیزەی "گورگە بۆرە فاشییەکان" قەتڵوعامی سەدان عەلەوی کرا، بەڵام لە ساڵی ١٩٨٠دا پێکدادان و ململانێی چەپڕەو و ڕاستڕەوەکان، خرایە قاڵبی مەزهەبییەوە و (ناوی گورگە بۆرەکان نەدەبرا).

هەندێک لە دیندارەکانیش، خۆیان بە دوور نەگرت لەوەی عەلەوییەکان بە کەمێک لە ئاژەڵ بە نرختر بدەنە قەڵەم و ئاماژەش بەوە بدەن کە کوشتنیان ڕێگەپێدراو و جائیزە.

جا ئەم کەسە دیندارە ئوسووڵیانە، لە ساڵی ١٩٨٩داو لە ناوچەی مەراش دەنگێکی باشیان بە دەست هێنا و لەنێوان هەڵبژێردراوەکانیشدا، "ئوێککەش کەنگەر"یش هەبوو کە وەک ڕاستڕەوێک لە قەتڵ و عامەکانی ساڵی ١٩٧٨دا پێشڕەو و پێشەنگ بوو، هەر بۆیە بە قەولی (ڕاوکردنیان جائیزە، ڕاو)یان لێهات و بە هەڵبژاردنی ئەو جۆرە کەسانەش زۆر شپرزەو پەشێو بوون.

جا بەهۆی باڵادەستبوونی کەسانی بە بنەما ئیسلامی ئوسووڵی و(هاوکات ئەزێتدانی عەلەوییەکان) و دەرئەنجامی هەڵبژاردنە ناوچەییەکانی ئاداری ساڵی ١٩٨٩ش، بوونە هۆی هەڵهاتنی کوردە عەلەوییەکان، بە تایبەتیش لە مابەینی مانگی مایس و حوزەیراندا و بە شێوەیەکی چڕوپڕ.

بەپێی هەندێک واتە واتی بێ سەرچاوەش، گوایە هەندێک کەسی هەلپەرست و بێ ئینساف، بە مەبەست و بەڵێنی کار دۆزینەوە بۆ کوردە عەلەوییەکان، ئەم کەشوهەوای شلۆقی و پانیکەیان خوڵقاندووە.

هەرچەند ئەوە بە ئەقڵدا دێت کە دەبێت حکومەت دژ بە ئیسلامە ئوسووڵییەکان بوەستێتەوە، لەبەر ئەوەی هەر هیچ نەبێت دەوڵەت "لایک و سکولار"ەو ئەوانیش دژ بە ئەتاتورکچییەکانن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەو پێیەی ئایینی ڕەسمی دەوڵەت "سوننی - ئیسلام"ە، کەواتە هەر خودی خۆی دوژمنانی شیعە و عەلەوییەکان گۆش و لەخۆ دەگرێت.

سەرۆک وەزیرانی تورکیاش کەسێکی دیندارە و بە تەواویش پەیوەست بوونی بە تەریقەتی نەقشبەندییەوە، تێدا وەدەر دەکەوێت، ئەم نەقشبەندییانەش بە توندی بە ئوسووڵییەکانەوە پەیوەستن.

لەمەش زیاتر بەو پێیەی دەنگدەرانی "پارتی نیشتمانی دایک" بەرەو کەمی دەچن، زیاتر پێویستیان بە هاریکاری و کۆمەکی پارتە ئوسووڵییە دیندارەکانە. هاوپەیمانانی تورکیاش لە ناتۆ، دەرحەق بەو مەسەلانە، مەبەستیان نییە گوشار بخەنە سەر تورکیا و دووچاری تەنگژەی زیاتری بکەن، تەنیا شتێکیش کە هەڵوێستەی لەسەر دەکەن، مافی مرۆڤە لە تورکیادا و بە تایبەتیش ئەوەی تایبەتە بە کوردان.

بڵاوترین شێوازی گوشار خستنە سەر کوردان، لە گرتنی بێ هۆو ئەشکەنجەدا بەرجەستە دەبێت و لە چاو کوردە سوننییەکانیشدا زیاتر کوردە عەلەوییەکان ڕووبەڕووی ئەم جۆرە گوشارانە دەبنەوە و لە ئیفادەی پەناهەندەییشیاندا ئاماژەیان بەوە داوە، کە زۆرێک لە کەسوکار و خزمانیان بەهۆی بیروبۆچوونی سیاسییانەوە ڕووبەڕووی دەستدرێژی بوونەتەوە.

لە هەفتاکاندا زیاتر سوپا بە چاوێکی سیمپاتیکانە دەیڕوانییە ڕاستڕەوەکان و لەمڕۆشدا لە ئاست ئەوەی سوننییەکان دەرحەق بە کوردە عەلەوییەکانی دەکەن، چاو دەنوقێنێ، یان هەر بە فیعلی بەشداری دەکات.

جا ئەم گوشارە نەتەنیا گوشاری تورکە بۆ سەر کورد و نەتەنیا گوشاری سوننییەکانە بۆ سەر عەلەوییەکان، بەڵکو زیاتر گوشارێکی پێکهاتووە لە هەردوو ڕەگەزەکە و لە هەردوو بارەکەشدا کوردە عەلەوییەکان کەوتوونەتە ژێر گوشارەوە.

ئاستی ژیانی ڕۆژانەو گوشارخستنە سەر زمان و کولتوور و دەستدرێژی و دەستگیرکردنە بێ هۆکارە "کەیف ئامێزەکان"و ئەشکەنجەدان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکانیش، لە چاو گوندە سوننیشیەنەکاندا، ڕەوشی گوندە کوردنشینە عەلەوییەکان گەلێک خراپترە!؟.

هەر بۆ نموونە گوندنشینەکان، کاتێک داوای قوتابخانەی ناوەندی و قیرتاوکردنی ڕێگاکانیان دەکەن، لە وەڵامدا پێیان دەڵێن: کە جارێ پێشتر دەبێت مزگەفتیان بۆ دروست بکەن. زۆرێک لە پەناهەندەکانیش بەپێی ئیفادەکانیان ئاماژەیان بەوە داوە، ئەو دەمەی لای کاربەدەستان سکاڵای تاڵانکردنی دوکانەکانیان کردووە، سەرباری ئەوە خۆیان تێهەڵدانیان خواردووە. ئەمە جگە لەوەی ئەو مامۆستایانەی کە بۆ قوتابخانە سەرەتاییەکانی ئەوان نێردراون، ڕۆڵی میسیۆنەری ئیسلامیان بینیوە و منداڵی عەلەوییەکانیان بەرەو ئیسلام ڕاکێشاوە.

دیارە لە مانگی ڕەمەزانیشدا، ئەگەر عەلەوییەکان لە ماڵی خۆشیاندا نەوێرن نان بخۆن، یان جگەرە بکێشن، حەقیانەو زۆر هۆکاریش بۆ ئەمە هەن، هەر بۆیە کوردە عەلەوییەکان، زیاتر پێیان باشە داخراو و بێ دەنگ بن، تەنانەت ئەگەر ڕووبکەنە شارە گەورەکانی وەک ئیستانبوڵ-یش، هەست ناکەن بە گەرمی کەس لێیان نزیک بێتەوە، بۆیە ناچارن لە هەڵسوکەوتیاندا زۆر وردبن و هەروەک جوولەکەکانی ڕوسیا-ش، هەمیشە عەلەوییەکانیش بە چاوی سووک سەیرکراون و گوشاریان خراوەتە سەر و لە ساڵی ١٩٨٩یشدا ئەمە گەیشتە چڵەپۆپەی.

وێڕای گوشاری خەڵکە سوننییەکەش بۆ سەریان، لەلایەن ژاندرمە و هێزەکانی حکومەتیشەوە، ناو بەناو بە بەهانەو ناوی گەڕان بە شوێن "ئەندامانی ڕێکخراوە یاساغەکانەوە"، دەستدرێژی دەکرێتە سەریان.

بەپێی ئیفادەی یەکێک لە پەناهەندەکان:

(یەکەم جار لە سەعات دوو، یان سێی شەودا"پۆلیسەکان" دەستیان کرد، بە هاوار هاوار و دواجار دەرکەکەیان شکاند و هاتنە ژوور، لە"یووسف"یان پرسی..هەڕەشەیان لە من و خێزانەکەم کرد و گوتیان "یووسف" لە کوێیە، هاواریان کرد بەسەرمداو گوتیان،"کوردی کۆمۆنیست"،گوتیان، ئەگەر قسە نەکەم، ژن و منداڵەکانم دەبەن و دەستدرێژی سێکسیش دەکەنە سەر ژنەکەم، هەموو ئەمانەشیان لەبەردەمی منداڵەکانمدا گوت" بەپێی ڕێکخراوی ئەمینیستی ئینتەرناشناڵیش ئەم جۆرە دەستدرێژییانە هەیە".

بەپێی ئیفادەی یەکێکی دیکەش لە ئیفادەدەرەکان، پەلامارەکانی بەردەوامی تێروزخوازانەی پۆلیس گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی، کە منداڵان هەر دەمێک پۆلیس لە ماڵەوەدا ببینن، یەکسەر دەستیان دەخەنە سەر تەپڵی سەریان.

## ڕۆڵی دەوڵەت

ئەو کوردە عەلەوییانەی نیشتەجێی نێوان ناوچە کوردی و تورکییەکانن، پلانی نوێی درەخت چاندن و ئاوەدانکردنەوە، ناوچەکانیان دەگرێتەوەو ئەم بە زۆر ڕاگواستنەشیان چ لە ڕووی سیاسی و چ لە ڕووی ئابوورییەوە خزمەت بە دەسەڵاتداران دەکات. بەشێکی زۆری خۆرهەڵات و باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا و بە شێوەیەکی گشتیش لە پێناو ئامانجە بازرگانییەکاندا درەخت چاندن، یان لە چوارچێوەی پلانی ناوچەییانەی ئاوەدانکرنەوەدا، بە ناوچەی کشتکاری دەستنیشانکراون، تەنانەت ملیۆنان مرۆڤ لەو ناوچانەی کە"پ.ک.ک"ی تێدا ئەکتیڤەو بە مەبەستی کەمکردنەوەی نفووسی کورد لەو شوێنانەدا، ناچار دەکرێن کۆچ بکەن. تونجەلی"دەرسیم"یش کە"پ.ک.ک"ی تێدا چالاکە، یەکێکە لەو شوێنە سەرەکییانەی کە بۆتە ئامانجی شاڵاو و پەلامارەکانی دەوڵەت.

لە ساڵی ١٩٣٨وە کوردە عەلەوییەکان دژ بە حکومەت جەنگێکی توندوتۆڵیان دەست پێکردووەو یەکێک لە بەرپرسە ئەوروپییەکان بەناوی "مارتین ڤان برونسین"، سەبارەت بە دۆزی کوردستان دەنووسێت:

(تونجەلی-دەرسیم- هەموو کاتێک گرنگترین خاڵی کێشمانکێشی سیاسی بووەو بە گەورەترین زیندانی تورکیاش دراوەتە قەڵەم. حکومەتی تورکیش گەرەکیەتی بڕبڕەی پشتی کوردە نەتەوەییەکان و بەتایبەتیش بڕبڕەی پشتی "پ.ک.ک" بشکێنێت، هەر بۆیە دەوڵەت لە ڕێی "ئاسیمیلەکردن" و گوشاری پۆلیس و ڕاگوێزانەوە هەوڵی زاڵبوونی داوەو زۆر خەزان و بگرە هەندێک لەو گوندانەش کە لەژێر کاریگەریی "پ.ک.ک"دا بوون، ناچارکراون کە خاک و زێدیان جێبهێڵن).

حکومەت هەرچەند نکوڵی لەم جۆرە ڕاگواستنانەش بکات، بەڵام بەڵگە هەیە بۆ ئەنجامدانی، وەک نموونەی: بەڵگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارستان کە نووسیویەتی" گوندنشینەکان بە مەبەستی دابینکردنی هۆکاری گواستنەوەو لەبەر ئەوەی ڕاگواستنەکەیان بۆ شوێنێکی تر پەنایان بۆ ئەوان بردووە".

هەرچەند لە ناوچەی تونجەلی و لەنێوان ٤١٤ گوندی تۆمارکراودا، تەنیا ١٣٤ گوندیان دارستانیان هەیەو دیاریکراوە، بەڵام بەپێی یاسای درەخت چاندن دەبێت ٣٥٥ گوند لە ناوچەکانی خۆیان ڕابگوێزرێن بۆ شوێنانی تر.

سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتیش کە ئەرزنجان-یشی تێدا دەگیرسێتەوە، تەنیا ٢٩ گوند بە خاوەن دارستان، یان ناوچەی درەخت چاندن دەستنیشانکراون، بەڵام فەرمانی ڕاگواستنی ٢٥٠ گوندی دیکەش دراون.

بەپێی ئیفادەی هەندێک لە (کوردە عەلەوییەکان)یش، گوایە لەلایەن کوردە سوننییەکانەوەو بەزۆری چەک زەوییەکانیان داگیرکراوەو تەنانەت هەندێک لەو کوردانەش سەر بە حکومەت و گوندپارێزن.

سەبارەت بە قەرەبووی ئەوانەش کە عەردیان لە دەست چووە، تەنیا تایبەتەو دەدرێتە ئەوانەی کە دەوڵەت بە هاوولاتی دڵسۆزیان دەداتە قەڵەم. هەر بۆ نموونە: لە ناوچەی مەراش تەنیا ئەوانەی کە پێوەندییان بەمیلیتان و کوردە سەربەخۆ خوازەکانەوە نەبووە، سەرباری زانینی نووسین و خوێندنەوەی زمانی تورکی، عەردی ئاڵتەرناتیڤیان پێدراوەو بە حوکمی ئەم جۆرە دەستوور و ڕێنمایانەش زۆرێک لە کوردان لە وەرگرتنی قەرەبووی مافەکانیان بێبەش بوون.

لەمیانی ئەو هەموو گوشارە سیاسی و ئایینی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەی کە کراوەتە سەر کوردە عەلەوییەکان، ڕاست و دروست نییە ئەگەر پەناهەندەکانیان، وەک پەناهەندەی ئابووری بناسرێنرێن، لە کاتێکشدا ئەگەر قوربانی دەستبەسەرداگرتنی عەردەکانیشیان بووبێتن، چونکە لە کاتێکدا ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ تورکیا ڕووبەڕووی هەموو جۆرە ڕیسک و ئەشکەنجە و تەنانەت کوشتنیش دەبنەوە. ئەگەر پێشتریش ڕووبەڕووی گوشاری وا نەبووبێتنەوە، ناکرێت دڵنیا بین لەوەی کە ڕووبەڕووی نابنەوە، تەنیا پەنابردنیان بۆ داواکاری پەناهەندیی، بەسە بۆ ئەوەی لەلایەن حکومەتەوە بە نەیارانی حکومەت بدرێنە قەڵەم.

ئەگەر ناچاری گەڕانەوەش بکرێن، مەگەر بە دزییەوە بگەڕێنەوە، تا بە خاوەن چانس بدرێنە قەڵەم..

یەکێک لەو پەناهەندانەی کەگەڕاوەتەوە، ئاوا باس لەوە دەکات کە لە فڕۆکەخانەی ئیستەنبوڵ بەسەری هاتووە:

(پۆلیسێک هاتە پشتمەوەو پڕی دایە قۆڵەکانم و بردمییە ژوورێکی نهۆمی دووەم و هەرکە گەیشتینە نێو ژوورەکەوە، پاش ئەوەی پاڵی پێوەنام بەربووە دەموچاوم.. بە خائینی نیشتیمان تاوانباری کردم و گوتی: بۆ کوێ دەچیت بچۆ، ئەوەی بۆی دەگەڕێیتەوە هەر ئێرەیە..ئەی کوردی پیس.. دواتریش زیندانی کردم).

ئاشکراشە تا سوپای دەوڵەتی تورکی، دژ بە دەسەڵاتە ناوچەییەکان و هێرشکارییەکانی سوننییەکان، نەوەستێتەوە و ڕێگەچارەی بۆ نەدۆزێتەوە، ئەو زەحمەتی و نارەحەتییەی کە کوردە عەلەوییەکان لە ناوچەکانی خۆیاندا ڕووبەڕووی دەبنەوە، نارەوێتەوە!؟

**سەرچاوە:**

**ALEViLiK VE KURTLER( inceleme-Arastrma-Belgeler)/ post-fach131831,42045wuppertal-1997**

# داهێنان لە زماندا

**موریس گرۆس**
**لە عەرەبییەوە: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو**
**(زانکۆی کۆیە - کۆلیژی زمان)**

زۆر لە زانایان تێبینی ئەوەیان کردووە کە زمانە سروشتییەکان لە گوزارشت کردندا دەوڵەمەندن، ئەم قەناعەتەش لەسەر تێبینی کردنی دیاردەکانی پێکهاتنی لەم جۆرە بنیاد نراوە:

ڕستەگەلی نەخشەی (١) کە بەهۆی دەستنیشان کردنی توخمێکی گرووپەکانی قسە بنیاد نراوە کە دوو کەوانەی چەماوە سنوورداری دەکەن (دەرەکی و پاشانیش ناوخۆیی بۆ بارودۆخەکان «زۆر»...) کە لە ڕووی ماناوە زۆر نزیکن و نزیکەی ٤٥٠٠ ڕستەن، لە وشەی (بە ئاسان)یش توخمگەلێکی تازە لە توێی ئەو کەوانانە دەردەچن کە زیادبوونێکی بەڵگەیین (croissance ex-ponentielle) لە ژمارەی ڕستە بەرانبەرەکان:

«ئەمە، ەکە، ئەو، ئافرەتەکە»، «کچەکە، جوانەکە، نازدارەکە، دراوسێییەکە، قوتابییەکە، برادەرەکە، ئافرەتەکە، خزمەکە»، «بڕوام وایە، وا گومان دەبەم، بێ گومان، لە ڕاستیدا، لەو باوەڕەدام، بە باوەڕی من، بە گومانی من، بەڕای من، بە بۆچوونی من، بە بیری من»، «جوانەکە، ناسکەکە، شاکارە، کەمەندکێشە، ڕەونەقدارە، درەوشاوەیە، سەرنج ڕاکێشە»، «زۆر، جۆرێکی تایبەت، بەشێوەیەکی شاکار، زۆر لە ڕادەبەدەر، تا مەودایەکی دوور).

چۆمسکی گریمانەیەکی وردی سەبارەت بە سەرچاوەی داهێنان دامەزراند، ئەو پێی وابوو کە زمانە سروشتییەکان چەند کۆمەڵەیەکی بێ هەژمارن (کە دەتوانرێ بەپێی چەمکی توخمی گەڕاوە هەژمار بکرێن) هەروەها تایبەتمەندی بێ هەژمارن (اللاتناهي) لە بوونی (ألاولیات)ی پێکهاتەی فرە جۆری پێکدێن، کە (لەسەر چەمکی توخمی گەڕاوە بنیاد نراوە) و ڕستەکان لەنێوان خۆیاندا پێکدێن، چۆمسکی داهێنانکاری لە زماندا بۆ تایبەتمەندییە بێ هەژمارییەکەی دەگەڕێنێتەوە، واتە بۆ ئەو (الاولیات)انەی دەگەڕێنێتەوە کە لەسەر چەمکی

توخمی گەڕاوە بنیاد نراون. ئەم گریمانەیەش بە گرنگ هەژمار دەکرێت، بە ئەرکێک دەزانرێت کە کاریگەریی بەسەر چەند توێژینەوەیەکدا هەبوو کە پشتیان بە تیۆری بەرهەمهێنییەوە بەستبوو. ئەمیش لە گوزەرگای ئاراستەبوونی بەرەو توێژینەوەی پێکهاتەی ڕستە ئاڵۆزەکان، چونکە ژمارەی ئەو توێژینەوانەی باس لە ڕستەی سادە دەکەن، زۆر کەمن.

ئێمە وەدووی ئەم شرۆڤەیەی چۆمسکی و فۆرمەلەکردنەکەی ناکەوین لە بواری چەمکی داهێنانکاری، بەڵکو پاش ئەوەی حسێب بۆ تواناکانی پێکهێنان دەکەین کە لەسەر بنەمای ئاستی ڕستەی سادە دامەزراون وا دادەنێین کە دەشێت چەمکی داهێنانکاری شوێنگەیەک لە چێوەی ڕێچکە تەواوبووەکاندا داگیر بکات.

ئێمە دەتوانین پاساوێک بەم هەڵوێستە بدەین، ئەویش لە گوزەرگای ئەم هەڵسەنگاندنەوە کە بۆ ڕستەگەلێک ئەنجامی دەدەین کە لە (٢٠) وشە پێکهاتوون، با تێبینی فەرهەنگێک بکەین کە لە (٢٠٠٠٠) وشە پێکهاتووە (ئەم ژمارەیەش لە واقیعەکە کەمترە)، ئەوە ئەو کاتە ژمارەی یەک لە دوای یەکەکانی قسە کە لە (٢٠) وشە پێکهاتوون لە (١٠٣٦) نزیک دەبنەوە، هەرچەندە لێرەدا جگە لە بەشێکی کەمی ئەم یەک لە دوای یەکانە نەبێت کە ڕستە دروست دەکەن، ئەوە ژمارەی ئەم ڕستانە بە بەرزی دەمێننەوە لە لایەکی تریشەوە دەتوانین ڕادەی ئەم بەشەی ڕستە بخەملێنین بۆ ئەوەی تەنیا ئەو ڕستانە بژمێرین کە شکڵی لەم جۆرە وەردەگرن.

ناو کار ناو
(بێ هەژمار) (مرۆڤ)

لەم جۆرە (کار)ە و بگرە زیاتریش هەن کە دەتوانرێ لە چوار زمانی سادەدا بگۆڕدرێن، هەروەها زیاتر لە (١٠) ناو دەشێت ببنە (بکەر)ی ئەم (کار)انە و زیاتر لە ١٠ (ئاوەڵناو)، یان (ناوی بکەر)، یان (بەرکار) کە دەشێت لە چەند (ناو)ێکی ئەم ناوانەوە پێکبێن.

هەروەها دەتوانین هەر (ئاوەڵناو)ێک، یان (ناوی بکەر) و (بەرکار)ێک لەوانە بە بەکارهێنانی ١٠ (ئاوەڵکار) هەموار بکەین. ژمارەی (التعریفات)یش کەمیەکەیان (٢٠)ە، زیاتر لە (١٠٣) (ناو)ی مرۆڤ هەن کە دەتوانن لەگەڵ ژمارەیەکی (ئاوەڵناو) و (ئاوەڵکار) پێکبێن کە ژمارەیان دەگاتە ئەو ژمارەیەی کە ئاماژەمان بۆی کرد، بەم شێوەیە ١٦×١٠ ڕستەمان دەست دەکەوێت کە ئەم شێوەیەی خوارەوە وەردەگرێت:

| پێناسە | ناو بێ شومار | ئاوەڵکار | ئاوەڵناو | کار | پێناسە | ناوی مرۆڤ | ئاوەڵکار | ئاوەڵناو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠ | ١٠ | ١٠ | ١٠ | ٤×١٠ | ٢٠ | ١٠ | ١٠ | ١٠ |

هەر ڕستەیەک لەم ڕستانە لە (٩) وشە پێکدێت، ئەگەر بوار بۆ ئەوە بڕەخسێنین کە (کار)ێکی پەیوەست بە شێوازەکانی (کار)، یان (مساعد) تێ بخزێنین «واتە کار لە چاوگ، یان ناوی بکەر، یان بەرکار بکات)، واتە هەر لە بواری ئەم ڕستانەدا جا ئەگەر لیستی ١٠ أفعال هەڵیان بژێرین، واتە کە لیستێکی بێ شومار بن، ڕستە هەمبەرەکان لە ١٠ وشە پێکدێن و ژمارەیان (١٦×١٠)ن، ئەگەر تەرزێکی تازەی ڕستەکان بەهۆی ئەم دوو جۆرەی ڕستە سادەکانەوە و لە ئامرازی پەیوەست بوون دروست بکەین کە لە ژمارەی (١٠) پەیوەست بوون وەرگیرابێت، ئەوە ئەو ڕستانەی دەستمان دەکەون دەگەنە (٢٠) وشە بەم جۆرە ژمارەی ئەو ڕستانەی کە گریمانەی پێکهێنانیان هەیە لە (٢٠) وشە دروست دەبن. کەواتە دەتوانین دان بەوەدا بنێین کە ئەم نمرانە لە ڕووی مامەڵەکردنی ماتماتیکەوە بێ شومارن، ئەویش لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری مەسەلە فیزیکییەکانی داهێنانێکی سنووورداری (١٠٥٠) حاڵەت دەتوانن کە بەشتێکی ئاسایی و بێ شومار لە قەڵەمی بدەین، بەبێ گەڕانەوە بۆ (ئەولەویات)ێکی بێ شومار بۆ شیتەڵکردنی چڕییەکەی. سەرباری هەموو ئەمانەش ئەولەویاتە پێکهاتەییەکانی کە لەسەر توخمی گەڕاوە بنیاد نراون کە ڕستەکان زیاتر درێژ دەکەنەوە (بگۆڕە دووانەییەکان) لەوانەیە بەشداری لە پرۆسەی داهێنکارییەکاندا ناکەن.

ئەم تێبینییانە وامان لێ دەکەن کە بڵێین دەشێت لایەنە زمانەوانییەکان هەمەجۆر و بنچینەییەکان نەچنە ناو ئەو ئەولەویاتانەی کە لەسەر چەمکی توخمی گەڕاوە دامەزراون، بەڵکو دەچنە دووتوێی ئاستی ڕستە سادەکانەوە.

**ژێدەر:**

**د. میشال زکریا، الالسنیة (علم اللغة الحدیث)، المؤسسة الجامعیة للدراسات والنشروالتوزیع، الطبعة الثانیة، بیروت- لبنان، ١٩٨٥، ص٣٤-٣٧.**

# لەگەڵ شەرەفخان و شەرەفنامەکەی

مارف خەزنەدار

## وتەی بەرایی

باوەڕم نەدەکـــرد ڕۆژێ لە ڕۆژان وتارێک بەم ناوەوە بنووسم ئەگـەر لەو ڕۆژە گـەرمــا بێ ئامـانەی مـانگی تەمووزی ئەمساڵ یەکێک لە قوتابیانی ماجستێری بەشی مێژووی زانسـتگای سەلاحەدین بۆ ماوەی دوو سەعات سەری لێ نەدامایە و گفتوگۆی زانستیمان لە بارەی ئەم فرزەندە بە دیمەنە نەکردایە کە شەرەفخانی بدلیسییە و ئەم کـــتـــێـــبـــە نایاب و بێ وێنەیەی بە قـــەڵەمی ئەو نووسراوەتەوە.

## شەرەفنامە و جەمیل ڕۆژبەیانی

کتێبی شەرەفنامەم لە ماڵی خۆماندا دیبوو، کە جەمیل ڕۆژبەیانی لەناوەڕاستی سەدەی بیستەم گۆڕیبوویە سەر زمانی عەرەبی و خەریکی چاپ کردنی بوو، بەلای منەوە کارێکی بەجێ نەبوو ئەسڵە فارسییەکەی ماڵی خۆمان ون بێ و لەدوا ڕۆژی نزیکدا وەرگـێـڕانی عــەرەبیـــمــان هەبێ، کەچی ئەسڵە فارسییەکە نەبێ!

بەشـــێـکی زۆری ژیانی جـــەمـــیل ڕۆژبەیانی لە بەندیخانەدا چۆتە سەر، ئەمە ئێستگەیەکی گرنگ بوو بۆ هێنانەدی هەموو ئارەزووەکانی لە پێناوی خزمەت کردنی کــولتـــوور و ڕۆشنبـــیـــری کـــوردی، زۆربەی بەرهەمـــە زانستییەکانی زادەی ژیانی بەندیخانە و دەست بەسەری و ئاوارەیی بوون لە عیراقی باشوور.

پێش ئەوەی باس لە جەمیل ڕۆژبەیانی و وەرگێڕانی شەرەفنامەکەی بکەم هەندێ قسەی خۆش دەگێڕمەوە کە لە کـۆبوونەوەی زانایانی کـورد دەکـرا، یەکـێک لەوانە قسەی تۆفیق وەهبی بوو. ئەم زاتە جەمیل ڕۆژبەیانی زۆر خـــۆش دەویست، دەیگوت؛ زانایە، کـــوردی زانە، عەرەبیزانە، بەڵام بزێوە، لە جێیەک ئۆقرەی نییە. کورد



شەرەفخان

زیاتر قازانجی لێ دەکا ئەگەر لەناو نامەخانەیەکی وەکو ئەوەی ئێرە بەند بکرێ و هەموو پێویستییەکی لە خزمەتدابێ، دەتوانێ کاری زانستی گرنگ بگەیەنێتە ئەنجام. ئیتر ڕۆژبەیانی دەیگوت: سوپاس بۆ خوا کە نەیکردی بە وەزیری ناوەوە، یان وەزیری داد نەبووی، بۆ ئەوەی لەماڵی خۆتدا حەپسم بکەی.

ئەوکاتەی ناوی شەرەفخان و کتێبی شەرەفنامە کەوتە ناوەوە من لەدوا قۆناغی خوێندنی قوتابخانەی ئامادەیی بووم، هەروەها پەیامنێری ڕۆژنامەی «هەولێر= أربیل» (١٩٥٠- ١٩٥٣)یش بووم. لەو دەمەدا جەمیل ڕۆژبەیانی سەرقاڵی چاپ کردنی وەرگێڕانی شەرەفنامە بوو. مەجمەعی عیلمی عیراقی خەریکی چاپ کردنی بوو وەکو بڵاوکراوەیەکی خۆی. بێ گومان لەوکاتەدا مەجمەع بە وردی ڕەچاوی زمانی نووسین و جۆری زانیاری هەموو بڵاوکراوەیەکی خۆی دەکرد. هیچ بەرهەمێکی زانستی بڵاونەدەکرایەوە بەلای کەمی سێ پسپۆڕ لە ئەندامانی مەجمەع هەموویان نەخوێندابایەوە و ڕایان لەسەر چاپکردنیان نەدابایە.

پێش ئەوەی شەرەفنامە بە زمانی عەرەبی بڵاوبکرێتەوە ڕۆژبەیانی نامەی بۆ نووسیم لە ڕۆژنامەی «هەولێر» ڕیکلام بڵاوبکەمەوە کە ئەم یادگارە نایابە لە چاپدایە، بەم زوانە بڵاودەکرێتەوە، هەروەها هەرکەسێکی ئارەزوو بکا دانەیەکی دەست بکەوێ پێویستە نامە بۆ من بنووسێ بەپێی ئەو ناوونیشانەی لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوی دەکەمەوە.

بەم جۆرە لەو سەردەمەدا پێش ئەوەی کتێبەکە بکەوێتە دەست خوێنەر و خوێندەواری کوردەوە، هەموو کۆڕ و مەجلیسێکی گەرم کردبوو. باس تەنیا باسی شەرەفنامە بوو. ئەوکاتە کاغەزی باش و سپی کەم بوو، بە نرخیش گران بوو. بە زۆری کتێب لەسەر کاغەزی بۆری هەرزان چاپ دەکرا، کاغەزی جەریدەیان پێ دەگوت. دیارە شەرەفنامەش بەم جۆرە کاغەزە چاپ کرا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەد دانەیان لەسەر کاغەزی سپی نایاب چاپ کرد. ئیتر دیاری جەمیل ڕۆژبەیانی بۆ من دانەیەک لە کاغەزە سپییەکە بوو. لەو ماوەیەدا من بڕوانامەی بەکالۆریای پۆلی پێنجەمی ئامادەییم وەرگرتبوو و لە هەولێرەوە دوورخرابوومەوە بۆ شاری کووت لە عیراقی باشوور. بۆ ئەوەی هەقی جەمیل ڕۆژبەیانی نەخورێ عەبایەکی نایابم بە دیاری بۆی نارد. ئەو کاتە شاری کووت ناوبانگی بە عەبای باشی مەرەزی وشتر دەرکردبوو.

### شەرەفنامە و ڤاسیلییڤا

ڕۆژگار شەرەفنامەی لەبیر نەدەبردمەوە. بەوە زۆر بەختیار بووم کە ئەویش منی لەبیرخۆی نەدەبردەوە. وابوو کە لە ڕووسیا نیشتەجێ بووم، هەشت ساڵ لە شاری سانت پیتەرسبورگ ژیانم بردە سەر، نیوەی یەکەمی ئەو ماوەیە قوتابی خوێندنی بەرز بووم لە ئەدەبی کوردی و لە نیوەی دووەمیدا کارگەری زانستی بووم (باحث علمی) لە بەشی کوردۆلۆجی ئەکادیمییەی زانستی سانت پیتەرسبورگ. ئێمەی ئەندامانی ئەم بەشە زانستییە ژوورێکی گەورەمان هەبوو، شەش حەوت کەس لە مامۆستا و قوتابییان کارمان تێدا دەکرد. لەو ژوورەدا یێڤگێنیا ڤاسیلییێڤام ناسی. ئەو کیژە ڕووسە خەریکی وەرگێڕانی کتێبی شەرەفنامە بوو بۆ زمانی ڕووسی، کورسی و مێزەکەی دوو مەتر لەوەی منەوە دوور بوو، لەمێژ نەبوو خەریکی ئەم وەرگێڕانە بوو. لەگەڵ تەواوبوونی ئەو ماوەیەی من لە ڕووسیا بووم ئەویش کۆتایی بە کارەکەی هێنا. ڕۆژانە ئاگاداری ئیشوکاری بووم، وەرامی هەندێ پرسیاریم دەدایەوە، سەرچاوەی عەرەبی و کوردی لە بابەت شەرەفخان و شەرەفنامەوە بە

رووسی بۆم روون دەکردەوە. وابوو لە دوای کۆتایی هاتن بە وەرگێڕانی هەردوو بەرگی شەرەفنامە لە پێشەکییەکەیدا لەگەڵ هەموو ئەو کەسانەی یاریدەی داون لەم کارە زانستییەدا سوپاسی یارمەتییەکانی منیشی کردبوو.

ئەوەی پێویستە لەم ماوەیەدا باسی لێوە بکرێ ئەوەیە ڤاسیلییێڤا رووسی زانی باش بوو، لەم لایەنەوە پەنجەی بۆ درێژ دەکرا. من بۆ ئەم رووداوە هەمیشە دەمگوت: شەرەفخان فارسیزانی باش بوو، وەکو فارسیزانێک نەوەکو تەنیا مێژوونووس بوو، بەڵکو لە نووسەرە گەورەکانیش بوو.کتێبی شەرەفنامە نموونەی کتێبێکی مێژوویی بەرزە لە رووی شێوازی نووسینی زمانی فارسییەوە. بێ گومان جێی خۆشی و شادییە کتێبێکی شێواز بەرز لە زمانە ئەسڵییەکەی خۆیەوە وەربگێڕرێتە سەر زمانێکی دیکە، لەم وەرگێڕانەشدا شێواز بەرز بێ. بەراستی ئەم بیروڕایە لە گەلێک لە رۆژهەڵاتناس و کوردناسانی وڵاتی رووسیا دەبیسترا لە بابەت شەرەفخان و ڤاسیلییێڤا و کتێبی شەرەفنامە.

بەم جۆرە ڤاسیلییێڤا بوو بە دیارترین پسپۆڕ لە کتێبی شەرەفنامە لەو وڵاتەدا. لەدوای چاپکردنی هەردوو بەرگی شەرەفنامە ڤاسیلییێڤا هەندێ باسی لەم بابەتەوە بە زمانی رووسی بڵاوکردەوە، لەدواییدا برێکیان بە زمانی کوردیش بڵاوکرانەوە، ئینجا کەوتە لێکۆڵینەوە لە ژیانی مەستوورە و خوسرەوخانی والی ئەردەڵان و مێژووی میرنشینەکەیان.

### من و کتێبی شەرەفنامە

لەدوای کوودێتا عەسکەرییەکەی عەبدولکەریم قاسم لە ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ کە جەمیل رۆژبەیانی لە سەفەرەکەی رووسیا گەڕابووەوە دانەیەکی لە شەرەفنامەی چاپی سانت پیترسبۆرگ لەگەڵ خۆیدا هێنابووەوە. بۆ یەکەمین جار لای ئەو چاوم بەو چاپە کەوت، دیاربوو لە رووسیا وەک دیاری پێشکێشیان کردبوو. ئیتر من بۆ خوێندن رووم کردە ئەو وڵاتە و کەوتمە سۆراخکردن لە بابەت ئەم کتێبەوە، لە دۆست و برادەران، لە نامەخانەکانی فرۆشتنی کۆنە کتێب، هەوڵ و تەقەللام بێ سوود بوو. بێ گومان هەندێ لە رۆژهەڵاتناس و کوردناسان ئەم چاپەیان هەبوو، بەڵام کەس زاتی ئەوەی نەدەکرد داوای شتی وایان لێ بکات.

لەو سەردەمەدا دەیانگوت نوسخەی ئەم کتێبە لە لەندەن هەیە بەکڕین دەست دەکەوێ، هەر چوار بەرگی نرخیان سەد پاوەنە. مەبەست لە چوار بەرگەکە دوو بەرگە فارسییەکەیە لەگەڵ دوو بەرگ وەرگێڕانە فەرەنسییەکەی. ئیتر لەو کاتەی کەوتمە خۆ بۆ کۆکردنەوەی پارە بۆ ئەم مەبەستە تووشی رووداو و فرسەتێکی خۆش بووم، رووداوێکی چاوەنۆڕ نەکراو تێیدا ئەم کتێبە بە نرخەم دەست کەوت.

چەند رۆژێکی مابوو بۆ سەری ساڵ کچە قوتابی رووسی بەشی زمانی عەرەبی لە ئەکادیمییەی زانستی لووبۆڤ (لووبا) یەکێک بوو لەو قوتابییانەی عەرەبیم فێر دەکردن، پێشنیاری بۆ کردم شەوی جەژنی سەری ئەو ساڵە لەلای دەستەخوشکێکی لە قەراغ شار ببین بە میوان. ئەو کچە لە نەوەی ئەو کەسەیە لە ناوەراستی سەدەی نۆزدەم کارگێڕی چاپخانەی ئەکادیمییەی زانستی رووسیا بووە. ئەو کابرایە لە هەموو سەرچاوەیەکی تایبەتی بووبێ بە رۆژهەڵاتناسی دانەیەکی لەنامەخانەی ماڵەوەی خۆی پاراستووە. بەم جۆرە کتێب و نووسراوێکی زۆر لەم بابەتەوە نامەخانەکەی دەوڵەمەند کردووە.

ئەوی راستی بێ لە پێشوازی ئەو ساڵەدا لە قەسرە بچووکەکەی نوقوم بوو لە ناو جەنگەڵی چڕ و سەهۆڵی گرد و بەفری ئەستوور، تەنیا خاوەن ماڵ کە بریتی بوو لە دایکێکی پیر و کچێکی تەمەن دەوروبەری سی ساڵە و من و لووبا. رووس بەم جۆرە کۆبوونەوانەی سەری ساڵ دەڵێن «قۆرغ»، بەو مانایەی کارێک بەدزییەوە بکرێ، چونکە بەپێی دەستووری ئەوان و هەموو ئەوروپاییان ئاهەنگی پێشوازی سەری ساڵی نوێ هەر چەندە قەڵەبالغ بێ خۆشترە.

لە دەوری مێز دانیشتبووین، قسەی خۆش دەکرا، هەندێ جار پیرێژن ئاهی هەڵدەکێشا و دەیگوت: لە دوای شۆڕشی ئوکتۆبەر دەسەڵاتی تازە ئەم خانووەی لێ داگیر کردین، بەبێ ئەوەی کەڵکی لێ وەربگرێ کردی بە لەودەی کا و قەسەڵ و مەخزەنی پاراستنی چەوەندەر و پەتاتە و ترشیاتی خەیار. ئینجا لووبا رووی کردە من و گوتی: دەزانی ژێرەوەمان چییە؟! گوتم: نا. گوتی: بە قەدەر بینایەی ئەم خانووە لەخوارەوە ژێر زەوییە و کەلوپەلی کۆنە و ئەو کتێبانەی لێیە کە خاوەنی ئەم خانووە لە سەدەی نۆزدەم کۆی کردوونەتەوە. ئیتر لە

دواییدا پێویستە سەرێکی لێ بدەین.
من پەلەم بوو، لووبا بزوێوی دەکرد، ئیتر لەگەڵ کچی ماڵ هەڵساین و بە شەش حەوت پێپلکانە شۆڕبووینەوە ناو ژێر زەوی. ئەو جێیە چەند دەلاقەیەکی تێدا بوو، لەناو هەندێ لە دەلاقەکاندا سندووقی گەورەی کۆنی دارینی رووسی دانرابوون. کچە گوتی: ئەمانە هەموویان کتێبی ڕۆژهەلاتناسی باپیرە گەورەمیان تێدابوو. ئیتر لە دوای مردنی خۆی زۆربەی ئەو کتێبانە بە دیاری درابوونە ئەو کەسانەی بوو بوون بە میوانی ئەو ماڵە. من دڵم خورپەی کرد، ئەوکاتە بۆم ئاشکرا بوو، لووبا لەبەر ئەوە ئەم میواندارییەی رەخساند بۆ ئەوەی بەڵکو لەناو ئەم سندووقانە کتێبی شەرەفنامەش پارێزرابێ، بۆ ئەم مەبەستە هەموو سندووقەکانمان کردەوە، بەخت یار بوو لەناو یەکێکیاندا بەرگی یەکەم و دووەمی ئەسڵە فارسییەکەی شەرەفنامە دۆزرایەوە، بەڵام داخی گرانم دوو بەرگە وەرگێڕانی فرەنسییەکەی نەمابوون. خاوەن ماڵ گوتی لەو ساڵانەی دواییدا میوانی فرەنسیمان هەبوو و بە دیاری پێشکێش بە ئەوان کرا. لووبا گوتی: باش بوو ئەسڵەکەیان نەبرد! کچە گوتی: ئێمە پێمان گوتن هەمووی بەسەریەکەوە ببەن، بەڵام ئەوان گوتیان ئێمە فارسی نازانین. بەم جۆرە لووبا هەردوو بەرگی شەرەفنامەی لەناو سندووقەکە دەرهێنا و تەماشایەکی من و کچەکەی کرد و پێی گوت: فەرموو ئەمەش پێشکێش بەم میوانە کوردەمان بکە، چونکە خاوەن کتێب کوردە و باس لە مێژووی میللەتەکەی دەکات. لە دواییدا لووبا گوتی: دەمێکە لەوکاتەوە کە بیستم عەودالی کتێبی شەرەفنامەی ئەم میواندارییەم ڕێکخست. زۆر بەختیارم کە لە کارەکە سەرکەوتم، کتێبی شەرەفنامەی چاپی سانت پیترسبورگ لێت پیرۆز بێ.

### شەرەفنامە و هەژاری موکریانی

ڕۆژگار لە سووڕاندا بوو، هەندێ شت زوو لەبیر دەکران، بەڵام بڕێک شتی دیکە لەبیر نەدەکران، ڕۆژێک لەبیر بچووایە، ڕۆژێکی دیکە دەکەوتە ناوەوە و سەری هەڵدەدایەوە. حیکایەتی شەرەفخان و شەرەفنامە لەم جۆرە ڕووداوانە بوو کە لەبیر نەدەچوونەوە.
کە لە ڕووسیا گەڕامەوە نیشتمان و هەواڵی دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد کەوتە ناوەوە، لەو کاتەدا دەنگوباس بڵاوبووەوە لە بابەت وەرگێڕانی شەرەفنامە لەلایەن هەژارەوە. مەسەلەکە بەجۆرێک کەوتە ناوەوە وەکو بڵێی پێویستە کۆڕی زانیاری دابمەزرێ، یان پەلە لە دامەزراندنیدا بکرێ بۆ ئەوەی ئەم کتێبە بەچاپ بگەیەنێ.
هەر چۆنێ بێ کۆڕی زانیاری دەستی کرد بە چاپکردنی کتێبەکە، زیاد لە پێویست بە شانوباهووی هەژاری هەڵدا. من لەوە دڵنیام تاکە ئەندامێکی کارای ئەو کۆڕە بەسەر یەکەوە وەرگێڕانەکەی هەژاری نەخوێندبووەوە، لەبەر ئەوە ڕای گشتی خوێندەواران ڕەخنەی هەبوو لە بابەت هەندێ لە بۆچوونەکانی هەژار. لەمانە لە هێمنی شاعیر و مەسعوود محەمەد و خەڵکی دیکە بیستراوە وەرگێڕانی هەژار لە پلەی شەرەفخانی بدلیسی نییە و هەڵەی تێدا هەیە.
بۆ پشت ڕاستکردنەوەی ئەم مەسەلەیە بەڵگە لای شێرکۆی کوڕی هەژاریش هەیە. ئەم ڕۆشنبیرە بە ئینتەرنێت لە دوو بەرگدا، لەساڵی ٢٠٠٨ کتێبێکی بڵاوکردەوە بەناوی «هەژاری مرۆڤ و دەوروبەری یا کارەساتی کۆمیدیایەک».
ئەم کتێبە دانراوێکی وردی فیکری زانستییە، خاوەنی تێیدا سەرکەوتووە، هەرچی لەوێ نووسراوەتەوە ڕاستە، درۆی تێدا نییە، بەڵام دەبوو بە شێوازێکی هێمنتر و لە سەرخۆتر بنووسرێ.

### دوا وتە

پێش ئەوەی کۆتایی بەم وتارە بهێنم دەبێ بڵێم کەسی وا، یان ڕاستتر تاکە کەسێکی وا هەبوو بەلای ئەوەوە شەرەفنامە کتێبی بیری کۆنەپەرستی و دەرەبەگایەتییە، بەلای ئەوەوە دەبوو شەرەفخان لەباتی میر و دەرەبەگەکان باس لە «چینی کرێکاری کورد» بکات. من لەم حاڵەتەدا پۆزشت بۆ برادەرە کوردە کۆمۆنیستەکانم دێنمەوە، ئەوان ئەگەر گلەییان لە کۆڕی زانیاری کوردیش بووبێ لەبەر ئەوە نەبوو، چونکە کتێبی شەرەفنامەی چاپ کرد. بەم جۆرە شەرەفنامە یەکەمین سەرچاوەی زانستی گەورە و گرنگ و پڕ سوودە بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژووی کورد و کوردستان لە سەرەتاوە تا سەدەکانی ناوەڕاست.

# چیرۆک: بزاڤ و دەسکەوت

**حوسێن شێربەگی**
**(بۆکان)**

بێتـو توێژەرێکی مـێـژووی چیـرۆکی کـوردی بیـەوێ بارودۆخی ئەم وتەزایە لەم دە ســاڵەی ئەم دواییـــەی کـوردستـانی ڕۆژهەڵات هەڵسـەنگێنێ، ڕەنگە وەک منی چیـرۆکنووس بە چەکـمـەوە نەپەڕێتـە ناو گـوتارەکـەوە و ئاوڕێک لە پاشـخـان و پێـشـینەی ئەدەبی چیـرۆکی لە بنچـینە و بناغـە و دەسپێکەوە بداتەوە، ڕەنگە لە شـانی ئەم مـێـژووەدا ئاوڕێکیش لە بارودۆخی کـۆمـەڵایەتی و ڕامیـاری و ئابووری و فـەرهەنگی ئەم دە ساڵەش بداتەوە و بەم چەشنە توێژینەوەکەی خۆی تا ڕادەیەک زانستییانە بنوێنێ. منیش پێم وابێ هەر دەبێ وابێ و وا بکرێ، بەڵام من وا نـاکـەم و تا ڕادەیەک بە پەلە و بڕێکیش بە چەکمەوە دێمە نێـو باسـەکەوە و هەر لەم دە ساڵەی ئەم دواییـە دەدوێم. لەبەر ئەوەی ١٣-١٤ مـانگ پێشـتـر لە لێـدوان، گـوتارێکدا لەگـەڵ هەفـتـەنامـەی سـیـروان بە تێروتەسەلی لەسەر ئەم بابەتە دواوم و خوازیاران دەتوانن لە سیـروانی ژمـارە ٣٢٨ و ٣٢٩ی گـوڵانی ١٣٨٤دا لە ژێر سـەردێری «چیـرۆکی هونەری هەتا هەتایە هەرمـانە و نامرێ» چاوێکی بەپەلەی پێدا بخشێنن.

لە ڕاسـتـیـدا نووسین و وتن لە سـەر بابەتێک وەک بابەتی بارودۆخی ئەم دە سـاڵەی چیـرۆکی کـوردسـتـانی ڕۆژهەڵات کە نە نووسەری مێژووی ئەدەبی هەیە و نە ئەم چەند کـــەســـە ڕەخنەنووســـە ئاوڕیـان لە هەمـــوو چیرۆکنووسەکان و هەموو کتێبە ڕۆمان و کۆچیرۆکەکان داوەتەوە، ئەوەندەش سـانا و سـووک و سـادە نیـیـە، بەتایبـەت لە بوارێکدا کە غـەریبـتـرین و بێ کەسـتـرین بواری ئەدەب و نووسین لەم کوردستانی ڕۆژهەڵاتەدا، دەبا لێگەڕێین... ڕێکەوتی دووی جـۆزەردانی ٧٦ی هەتاوی (١٩٩٧ز) هەر وەکــو ڕۆژی سـەرکـەوتنی چالاکـانی چاکـخـوازی ڕامـیــاری و کـۆمـەڵایەتی و ئابووری و



**جیمس جۆیس**

فەرهەنگی لە ڕێفڕاندۆمی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری و هەڵبژاردنی خاتەمی و بڕێک ئاوەڵا بوونی مەیدان و شانۆی قەڵەم و ڕادەربڕین و نووسین و وتن بوو، شنەی ئەم بزاڤ و بزووتنەوەیە وەلەشی ساردوسڕی چیرۆک و چیرۆکنووسانی ئێمەش کەوت و بزاڤی چیرۆکنووسیی ئێمەش گوڕوتینێکی کەم، یان زۆری هاتە لەش و بڕێک وەخۆ کەوت.

ئەم وەخۆکەوتنە لە چەند بوار و لایەندا بوو: گۆڤار و هەفتەنامەکان زیادیان کرد و لە نووسەرانێکی زیاتریان بەرهەم بڵاو کردەوە. نووسەرانێکی تازە و زیاتر لە پێشوو بە چالاکی و گوڕوتینی پڕ کەفوکوڵتر لەوانەی پێشوو هاتنەسەر شانۆی ئەدەبی چیرۆکنووسینەوە و بە بڵاوکردنەوەی ڕۆمان و کۆچیرۆک، یان چیرۆک لە گۆڤارەکانی ئەم دیو و ئەودیودا نمۆ و گەشەیەکی باشیان هێنایە ئاراوە.

لە لایەکی دیکەوە ئەم تاقمە تازەیە کە زیاتر لاوە چیرۆکنووسەکان بوون و خوێندنەوە و موتاڵایان زیاتر لە ئەدەبی ئەمڕۆ و چیرۆکی ئەمڕۆ و وەرگێڕانەکانی تیۆری ئەدەب و ڕەخنەی هاوچەرخ و چیرۆک و ڕۆمانە نوێ و پۆست مۆدێرنەکاندا بوو زۆر بە کەفوکوڵ و بوێرانە باسی کۆنە و نوێ و مۆدێرن و پۆست مۆدێرنیان هێنایە نێو قسە و باس و ڕەخنە و توێژینەوەکان و تەنانەت بڕێ جار زۆر ئارمانی و توندڕۆیانە هەڵیانکوتایە سەر زۆر کاری ئەدەبی و زۆر کەسایەتی. داهات و دەسکەوتی ئەم شەڕی کۆنە و نوێیە و ئەم بزاڤە زۆر چەمک و وتەزای تازە و بەهێز و پێز و بە پیتوبەرەکەتی خستە بەرباس و لێدوان و خوێندنەوە کە بێتو ئاگادارانە و زانستییانە شی بکرێتەوە، بەراورد بکرێ، هەڵسەنگێندرێ و کۆبەندی بکرێ، داهات و دەسکەوتێکی باشە بۆ ئەدەبی چیرۆکیمان. هەزار بریا باسەکە ئاوا گشتیبێژی نەبوایە و بە وردی و لەسەر بابەتی تایبەت بە سەنەد و بەڵگە و قەولێک بە دۆکیومێنتەوە قسە بکرابایە، بەڵام دیسانەکە و لەم گشتیبێژییەشدا بڕێ قسە و باس دەوترێ و لە هیچ باشترە. هەزار خۆزیا ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی، ڕۆژهەڵات و سروە و مەهاباد و سیروان و... نەک چەند ساڵ جارێک، بەڵکو هەمیشە و بەردەوام ئەم ڕاپرسی و قاڵمەقاڵمەیان سازدایە، ئەگەرچی هەر جارە و لەسەر بابەتێک بایە وەکو شیعر و چیرۆک و ڕەخنە و مێژوونووسینی ئەدەب و ئەدەبی چیرۆکی و...

دەبا بێینەوە سەرباسەکە. لەم دە ساڵەدا لە گۆشەنیگا جۆرانجۆرەکان بۆ ڕوانینی چیرۆک و پۆلێن کردن لە ناو ئەم شێواز و ئەو قوتابخانە و ئەم قۆناغ و ئەو تاقم و وەچە و...دا بڕێ جار هەڵڵایەک ساز بووە و هەر ئێستا چەشنە بیروڕایەک خەریکە قەوارە دەگرێ و دەبێتە نەریتێک، یان دەبێتە حوکم و تیۆر و گریمانەیەک لە نێو ئێمەدا:

لەمڕۆدا لە نێو ئێمەی چیرۆکنووسانی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا بۆتە «باو» و دەڵێن چیرۆکی قوتابخانەی ڕۆمانتیزم و ڕیالیزم و نیچرالیزم و سیمبۆلیزم و... کۆنن و باویان نەماوە، تاقمێک سوریالیزم و دادائیزم و ڕیالیزمی جادوویی(*) و شێوازی پرۆسەی شەپۆلانی زەین (سێڵاوی هۆش)یش هەر بە کۆن نێو دەبەن. ئەمە لە دۆخێکدایە کە لە ئەوروپا و ڕۆژئاوادا پۆلێن کردنی بەم چەشنە نەبیسراوە و لەگۆڕێدا نییە. لەوێندەرێ پۆلێن کردن بە دوو قۆناغی گەورەی «بەر لە ڕینیسانس» و «لەپاش ڕینیسانس» نێو دەبەن و ئەم دوو قۆناغە زەمەنییەش دەکەنە چەندان خول و بڕگە و قوتابخانەی وەکو «دەورانی ئوستوورە، دەورانی حیکایەت، دەورانی فەلسەفە، دەورانی هزر و ئەندێشە و قوتابخانەی کلاسیسیزم و قوتابخانەی ڕۆمانتیزم و ڕیالیزم و...» تا دەگەنە سەدەی بیستەم و شەڕی یەکەم و دووەمی گەردوونی، یان بە گشتی خولی پاش ئەم دوو شەڕە گەورە گەردوونییە. لەم دەورانەدا سێ شێوازی گەورەی

چیرۆک و ڕۆمان دەستنیشان دەکەن و هیچ کامیشیان وەکو قوتابخانەیەکی سەربەخۆ ناو نانێن. ئەم سێ شێوازەش بریتین لە:

١- شێوازی مۆدێرن، وەکو بەرهەمەکانی جۆیس و پرۆست و وۆلف و... لەم شێوازەدا زەین و هۆش و زەمەن، یان زەمەنی بەردەوام و تێکەڵوپێکەڵ، لەتوپەت بوونی زەین و هۆش و فلاش باک دەورێکی سەرەکی و بەرچاو دەگێڕن.

٢- شێوازی ڕیالیزمی جادوویی: ئەم شێوازە لە دەسپێک و سەرەتادا تایبەت بە نووسەرانی ئەمریکای لاتین و باشوور بوو و بەرەبەرە جیهانی تەنییەوە و لە پاشاندا بووە چیرۆک و ڕۆمانی فەرهەنگ و کولتووری ئیقلیمی و پەراوێز و وڵاتە نارۆژئاواییەکان و لە ئاکامدا هەموو جیهانی داگرت؛ وەکو بەرهەمەکانی گابریێل گارسیا مارکیز، خوان ڕۆلفۆ، سارامافۆ، ئاستۆریاس و...

٣- شێوازی پۆست مۆدێرن: ئەم شێوازە لە پاش ساموئێل بیکێت زیاتر لە چیرۆک و ڕۆمانی ئەمریکای باکووردا سەری هەڵدا و پەنجەرە و دەرگای بەرفراوان و بەرین و قووڵی بە ڕووی چیرۆک و ڕۆماندا کردەوە و گۆڕانکارییەکی بناغەیی و سەرەکی بەسەر گێڕانەوە (ڕیوایە)، گۆشەنیگا (زاویە دید)، زمان (لەحن و ڕاوێژ و چۆنیەتی ڕیوایەت)دا ساز کرد و بەڕێ خست کە ئێستاش هەر بەردەوامە و هەر کات و سات دەسکەوتی تازەی لێ دادەکەوێ. وەکو بەرهەمەکانی کۆرت چۆنیگات، براتیگان، بارتێلمی (دۆناڵدو ڕیچارد)، جان بارت، سالینجر و...

چیرۆکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بە ڕۆمان و کورتە چیرۆک و نۆڤلێت و مینیماڵیشەوە کەم و زۆر کەڵکی لەم تیۆر و گریمانە و گۆشەنیگایانە وەرگرتووە و بە بێ ئەوەی ئاماژە بە ناوی چیرۆک و ڕۆمانێک، یان چیرۆکنووس و ڕۆماننووسێک بکەین ئەم نموونە گۆشە نیگا و فۆرمانە لە چیرۆکی ئەمڕۆماندا دەبیندرێ. ئەڵبەت ئەم داواکارییە دۆکیومێنتی لە پشتە، باوەکو بە هۆکاری گردوکۆ نەبوونی بەرهەمەکان و نەبوونی سەرچاوە و ژێدەرێک بۆ چیرۆکی غەریبی ئەم دیوی ئەم وڵاتە بەرچاوی زۆر کەس نەکەوتبێ. گرفتێکی دیکەمان، بڵاو نەبوونەوەی کاری چەندان چیرۆکنووسی لاوی نوێخواز لە قەوارەی کتێبدایە، کە بێتو ڕۆژێک هەموو ئەم گەنج و لاوانەمان چیرۆکەکانیان لە قەوارەی کتێبدا بدەنە دەرێ، ئێمە هەمووی ئەم شێواز و ڕاوێژ و گۆشەنیگا ئەمڕۆییانە، لە چیرۆکی خۆماندا دەبینین. ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە کەم ئەزموونی و توندڕۆیی و بەرتەسک بوونی گۆشەنیگای بڕێ چیرۆکنووس و ڕەخنەنووسمان هەموو کارەکان نابینن و هەموو کارەکان بە چاوێک سەرنج نادەن، یان هەڵناسەنگێنن، یان زۆر جار لە لایەن بڕێ ڕەخنەگر، یان چیرۆکنووسەوە شیکاری و ڕادەربڕین و هەڵسەنگاندنی خێرا و بەپەلە و نازانستی لەسەر ڕەوت و دەسکەوت و بزاڤ و چالاکی ئەمڕۆی چیرۆکنووسینمان دەنووسرێ و دەوترێ کە زۆر لە واقیع بە دوورن و زۆر ناشارەزایانە و زۆریش توندڕۆیانەن. هەزار خۆزیا ڕوح و دڵی برایەتی و هونەریمان هونەرمەندانە بایە و بەرپرسایەتی ئاکار و کردەمان زیاتر و توندوتۆڵتر و بەربڵاوتر و قووڵتر بایە و لە بری هێزی ڕووخاندن، هێزی پێکهێنانمان کاراتر و چالاکتر و بە کەفوکوڵتر بایە.

توێژەری چیرۆکی کوردستانی ڕۆژهەڵات لە توێژینەوەی خۆیدا حەتمەن (باوەکو هەبوونی «حەتمەن» تۆکمە و دەگمەنە) شوێن پێی چیرۆکی مۆدێرن و پۆست مۆدێرن و ڕیالیزمی جادوویی و شێوازی شەپۆلانی هۆش دەبینێت و نەک وەکو من بە گشتی و گشتیبێژی، بەڵکو بە قامک دانان لەسەر هەر نموونەیەک و هێنانە ئارای ناوی چیرۆک و چیرۆکنووس و سەرچاوە، کارەکەی خۆی خاوەن دۆکیومێنت و خاوەن بایەخی زانستییانە دەکات.

ڕەنگە بارودۆخەکە زۆر یەکدەست و یەکڕەنگ نەبێت و هەموو خاوەن ڕایان لەسەر ڕایەک نەبن و گۆشەنیگا و ڕاگەلی دژواز و جۆراوجۆر بێتە ئاراوە و تەنانەت ڕایەکان هێند لێک دوور بن کە لە بناغەوە هەر یەکدی نەگرنەوە و ئاژاوە و شێواوی و تەمومژ بۆ کۆبەندی بێتە ئاراوە، بەڵام ئەمە سروشتییە و بارودۆخی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، ئابووریشمان هەر بەم چەشنەیە.

فەیلەسووفێکی فرەزانی سەدەی نۆزدە کە زانیارییە زانستییەکانی سەلماون و هەم زانست و هەم مێژوو سەلماندوونی باوەکو زۆر کەسیش خۆشیان ناوێ (کەیفی خۆیانە، یان چاویان ببێتە مەرمەڕ و پەنجەیان ببێتە خەیار) ئەم فەیلەسووفە دەڵێ: «سەرخانی کۆمەڵایەتی وەکو کولتوور و فەرهەنگ و ئەدەب و هونەر داهات و ئاکامی ژێرخانی ئابووری و کۆمەڵایەتییە». دەیجا ئەم بارودۆخە کۆمەڵایەتی ئابووری و ڕامیارییە جوان و پاک



**مارسيل پرۆست**

و خاوێنەی ئێمە (لە چاوی پیس بە دوور بێ)! هەر دەبێ قەیران و بشێوی و شێواوی و تەمومژی وەکو بارودۆخی فەرهەنگی و لێرەدا (چیرۆکی) ئاوای لێ بکەوێتەوە.

بەڵام بەختەوەرانە ڕەوتی بەرەو پێشەوە چوون و قووڵ و بەرین بوونەوە و بەربڵاوی شێوازەکانی چیرۆکنووسینی ئەمڕۆی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەری ناگیرێ و ئەم هەموو چەشن و شێوازە چیرۆکە و ئەم هەموو ڕاوبۆچوونە دژوازو جۆراجۆرە، مایەی بەختەوەرییە. ئەوەتانێ حوسێن عارف گەورە چیرۆکنووسی کوردستانی باشوور و لەتیف هەڵمەت و چەندان کەسایەتی دیکەی ئەدەبی هەموو کوردستان دان بەوەدا دەنێن کە کوردستانی ڕۆژهەڵات ئەگەرچی درەنگی دەست پێکردووە، بەڵام باش و دروستی دەست پێکردووە و لە دەسپێک و سەرەتادا نییە و خوێندنەوە و موتاڵای ئەدەبی ڕۆژی جیهانی و تیۆر و بیرۆکە و گریمانەکانی ئەمڕۆی چیرۆک و ڕەخنەی چیرۆکی گەردوونی لە کاری چیرۆکنووسانی ئەم دیودا ڕەنگی داوەتەوە و چیرۆکی هونەری ئەم دیو داهاتی دیوناس بوون و ئاشنایەتی باشی چیرۆکنووسانی ئەم دیو دەگەڵ ئەدەبی پۆست مۆدێرن و مۆدێرن و ئەمڕۆی جیهانی دایە.

من دەمەوێ وێڕای ئەم سەلماندنە ئاماژە بەوەش بکەم کە ئەگەر ئەم چیرۆکانە و ئەم چیرۆکنووسانە و ئەم گشتە شێواز و ڕاوێژ و فۆرمە جیاوازانە زۆر زەق و بەرچاو نین، دەبێ لەوەیرا بزانین کە تاقمی چیرۆکنووسی ئێمە ئەژماریان کەمە، گۆڤار و بڵاڤۆکی لای ئێمە کە چیرۆک بڵاو کەنەوە کەمن، چیرۆکنووسە گەنج و لاوەکانمان کە نوێترین چیرۆک ئەمانە دەینووسن دەرفەت و توانای بڵاوکردنەوەی کۆی کاری خۆیان لە قەوارەی کتێبدا نەبووە و ڕەخنەنووسێکی چالاک و دڵسۆز و بەرپرس کە بێ لایەن و هەمەلایەنە چیرۆکی هەمووان بخوێنێتەوە و بۆ خوێنەری بقۆزێتەوە و بیانناسێنێ، لە نێوماندا نییە و... ئا لێرەدا ئەم دەرفەتە دەخوازمەوە و لە پەراوێزی ئەم وتارەدا ئاماژە بەوە دەکەم کە بڵاڤۆکی سەنگین و باشی وەکو ئەم دوو هەفتەنامەیەی ڕۆژهەڵات لە ماوەی ئەم سێ ساڵە چالاکی و بزاڤەی خۆیدا تاقە چیرۆکێکی لە چاپ نەداوە و بەشکەم لەمە بەدوا لاپەڕەیەک، یان ئەستوونێک بۆ لە چاپدانی چیرۆک تەرخان بکات، بەو مەرجەی تایبەتی دۆستانی تایبەت نەبێ!!

لەبەر ئەوەی لەمڕۆی چیرۆکنووسینماندا هەڵڵا و زەنای پۆست مۆدێرنیزم و چیرۆکی پۆست مۆدێرنیزمی زۆر بەرزە، دەمەوێ لێرەدا هەڵوێستەیەک لەسەر چیرۆکی پۆست مۆدێرنیزمی بکەم. گۆشەنیگای فیکری و فەلسەفی نوێ لە ڕێنیسانسەوە تا شەڕە گەردوونییەکان بایەخی دەدا بە ڕەها بوونی عەلمانییەت و عەقلانییەت و فیکر و فەلسەفە و گۆشەنیگای ڕۆژئاوایی بۆ شیکاری پرس و هزر و زانست و... لە گشت جیهاندا، بەڵام لە مارکس و نیتشەوە بەرە بەرە دژایەتیکردنێک و ڕەخنەگرتنێک لەم گۆشەنیگایە خۆی نیشاندا تا گەیشتە فەیلەسووفانی پۆست مۆدێرن. پۆست مۆدێرنەکان هاتن و گرنگی و ڕەهابوونی عەلمانییەت و عەقلانییەت و فیکر و فەلسەفە و گۆشەنیگای ڕۆژئاوایان ڕەفز کردەوە.

پۆست مۆدێرنەکان گۆشەنیگای ڕێژەیی (نسبی بوون)ی هەموو پارادایم و فیکر و فەلسەفە و زانستێکیان بەرجەستە کردەوە و ئاوڕیان لە فەرهەنگ و کولتووری پەراوێز و ڕۆژهەڵات (ئەفریقا، ئاسیا و ئەمریکای باشوور) داوە و دەستیان کرد بە هەمیسان خوێندنەوەیەکی نوێی جیهانی پەراوێز و باشوور و دواکەوتوو و ئایین و فەرهەنگ و کولتوورە ناڕۆژئاواییەکان. بەتایبەت ئەم گۆشەنیگایە و ڕەدکردنەوەی ڕەها بوون، گومان کردن لە واقیع و ڕاستی و ڕاستەقینەکان و زۆر شتی دیکەش و سەلماندنی ئەم خاڵە کە دەکرێ هەموو زانست و فیکر و ڕووداو و واقیعییەتێک لە نێوان ڕاست و ناڕاست و دروست و نادروست و قەومان و نەقەومان و ڕوودان و ڕوونەداندا بێ، دەکرێ گومان لە هەموو شتێک و هەموو واقیعێک بکرێ و ئەم گۆشەنیگایە لە گێڕانەوە و نووسینی چیرۆکدا، بەتایبەت بەو بایەخەوە کە بە زمان و دەوری زمان و بەرزەخوازی زمان (استعلایی) دەدرێ و گۆشەنیگای بە گومان بوون لە واقیعەکان و ڕەدکردنەوەی

ڕەها بوون (عـدم قطعـيت)ی شـتـەکـان و ڕووداوەکـان و ئەگەری چەند کۆتایی لە چیرۆکدا، ئەگەری چەند ڕاوێژی و چەند ڕیوایەتی لە چیرۆکدا، هەروەها ئەگەری ڕاست و دروست، یان هەڵە بوونی شـتــەکـان و ڕووداوەکـان لە ساتەوەختـێکدا (بە تایبـەت لە شـوێنە جیـاوازەکـان)، ئەمانە و زۆر چەمک و وتەزای دەوڵەمەند و تازەی دیکە لە پۆستمۆدێرندا هەل و دەرفەت و غەنیمەتن و بەربڵاوی گـۆشـەنیگا و ئاوەڵا بوونی فـیکریی زۆریان بە توانای چیرۆکنووس بەخشیوە، بەڵام ئەوەشمان لەیاد بێ کە هەر بە گـومـان بین، تەنانەت لەم گـۆشـەنیگایەش و لە هەر گــۆشـەنیگایەکی دیکەش و بزانین کـە ئەمــەش و هەر شــتـێکی دیکەش ڕێژەیین و ئەگـەری ڕاست و ناڕاست بوونیان زۆرە و ئەم گۆشەنیگایەش تاقە گۆشەنیگایەکە لە شانی ئەوانی پێش خۆی و ئەوانی پاش خۆی.

با بگەڕێینەوە سەر باسەکەمان (بارودۆخ و دەسکەوتی چیـرۆکی کـوردسـتـانی ڕۆژهەڵات لەم دە ساڵەدا)، بەڵێ چیــرۆک هەمــووی ئەم گـۆڕانکاری و هەڵبــەزودابەزەی بەسـەردا هاتووە، بەڵام لە مـێـژووی چیـرۆکدا شـتـێک سەلماوە: (چیـرۆکی هونەری بۆ هەمـیـشـە «هەرمـان»ە و نامرێ). لێرەدا ئەم پرسیـارە قوت دەبێتەوە: (چیرۆکی هونەری چییـە و کـامـەیە) هەمـوومـان دەزانین داهێنانی شیـعـر و شانۆنامـە و چیـرۆک دەچێـتـە ماڵپـەڕی زبان و هونەرەوە، مەبەست لە زبان، خوازە و مەجاز و شوبهاندن و ئیلهـام و ئیبـهـام و جیناس و... (بەرزەخوازی زبان و گەمـەی زبانی بە وشـە و ڕستـە و دەستـەواژە و...)یە و مەبەست لە هونەر، ئەفراندن و خوڵقـاندنی «جوانی»یە، بەڵام لەسـەر ئەوەی کـە جوانی چییـە، مـشـتـومڕ هەیە و یەکدەنگی لە ئارادا نییە. ئەوەی کە سەلماوە و ئاشکرایە ئەوەیە کە لە سوکرات و ئەفلاتوون بەم لاوە لەسەر جوانی نووسراوە و وتراوە و چەمک و وتەزای وەکو چێژ لە دەق و بەرهەم و ئاسـەوار و عـەدالەت و یەکسـانی و ئازادی و دیموکراسی و شادمانی بە جوانی داندراوە و ناسراوە.

کـورتی ببـڕینەوە، لەمـڕۆی چیـرۆکنووسـینی کـوردی کوردسـتـانی ڕۆژهەڵاتدا بە گشـتی ئەم چەشنە چیـرۆکـانە دەبینین:

١- چیرۆکی فۆرمیک، یان ئەو چیرۆکانەی گرنگی بە زبان و گـێـڕانەوە و تەکنیکەکـانی گـێـڕانەوە و گـەمـە زبانییـەکـان دەدەن. لەبڕێ لەمـانەدا تەمـومـژی تەکنیکی چیـرۆک و ڕووداوی چیـرۆکی دادەپۆشێ و لە بڕێکیـاندا تەمـومـژی گـەمـەی زبانی تەکنیک دەسڕێتـەوە، یان کـەم ڕەنگی دەکـات، لە بڕێک لەمـانەدا ڕیوایەت و گـێـڕانەوە زۆر ساکار و شیـرین کەڵکی لێ وەرگیراوە، بڕێ جاریش گـێـڕانەوە و فـۆرم هێندە سـاکـار و سـادە و سـانایە کـە چیرۆک تا ئاستی نەقڵ و نوکتە دادەبەزێنێ، بڕێ جاری دیکە تەکنیک و گـەمــەی زبانی و توندڕۆیی لەبەکــار هێنانی تەکنیک و مــانا (هەر دوو پێکەوە) چیــرۆک دادەپۆشێ و تەمومژی تەکنیک و مانا، چیرۆک دەسڕێ و دەشارێتەوە.

٢- چیرۆکی ناوەرۆکخواز (ماناگەرا، موحتەواگەرا): ئەو چیرۆکانەی وا بایەخ و دەوری سەرەکی بە واتا و مانا دەبەخشن (بەتایبەت مانای فەلسەفی و ئوستوورەیی). زۆر جـار هەمــوو هەوڵی نووســەر دەبێــتــە ئەوەی مــانا بخـولقـێنێ، ئەم کـارەش چیـرۆک لە مـەبەسـتی سـەرەکی خــۆی دوور دەخــاتەوە. بەتایبــەت کــە بڕێ جــار بە چاولێکەری لە تیــۆرەکــانی ڕۆمــان و زبان و هونەر، نووسەر تێدەکۆشێ بە چەشنێکی دەستکرد چیرۆک مانای فەلسەفی هەبێ، یان چەند لایەنە و چەند مانایی بێ و بۆ ئەوەی کارەکەی قورس و قایموقوولتر بنوێنێ، تەمومژێکی ناپێویستی خەست و چڕ و سەنگین بەسەر چیرۆکەکەیدا زاڵ دەکا کە ئەم تەمومژ و ماناخوازییە چیرۆک لە چیرۆک بوون بێبـەری دەکـات و زۆر جـاریش خودی نووسـەر بەم مەبەستەوە ئەوەندەی لە خۆی دەنووسێ توانای ئەفراندنی چیرۆکی لەم ئاستەیدا نییە!!

٣- ئەو چیرۆکانەی بە مەبەستی دژە مانا و دژە بابەت دەنووسرێن (بدون معنا و بدون موضوع). لە ڕاستیدا ئەمـە لە کـاری چیـرۆکنووسـانی گـەورە و کـلاسـیکەکـانی چیرۆکنووسیندا نەبوون و نین و نەبینراوە. ڕەنگە شانۆی ئابزۆرد بە مانای (مانادۆڕاو، معنا باختگی) نووسەری ئەم چەشنە چیــرۆکـانەی چەواشـە کـردبێ و بە هەڵەی بردبێتن و وەسەر تەڵەی پەڕاندبێتن، چونکە نە بارودۆخی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی فەڕەنسە و ئەڵمانیا و ئینگلتـەرا لە کـوردسـتـاندا دەبینرێ، نە جـەمـاوەر و کـۆمـەڵگە و نووسـەری ئێـمـە لە دۆخـێکی ئاوادا پۆنگ دەخۆنەوە کە ئەمە پرس و کێشەیان بێ.

٤- چالاکی و هەوڵـو تەقـالا بۆ ئەفـراندنی چیــرۆکی هونەری (هەرکـەس بە بۆچوونی زانسـتی خۆی) سـەرجەم ئەو نووسـەر و چیـرۆکنووسـانەی وا لە هەوڵی ئەوەدان لە باوی ڕۆژ و مـۆدی ڕۆژ و شـەپۆلە درۆیینەکـانی ڕووکـەش

دوورکەونەوە و بە دوور لە (ندی و بدی) بازی و (ئەجەغ وەجــەغ)کــاری، چیــرۆک بنووسن. نەک چیــرۆک بـۆ کـۆڕوکـۆبوونەوەکـان و نەک بۆ ئەوەی فـلانە کـەس، یان فـلانە ڕەخنەگر پەسندی بێ و نەک بۆ ئەوەی تیـۆرەکـانی زبان و ئەدەب و هونەر لە چیـرۆکـدا دابەزێنن و دەکـاری کەن.

گـردی ئەمـانە بزاڤی چیـرۆکنووسـینی ئەمـڕۆی ئێمـەن، گـرنـگ کـار کـردن و زەحـمـەتکێـشـان و خـوێندنەوە و نووسـینە. هیچ نووسـەر و ڕۆمـان و کـۆچیـرۆکـێک نێـو نابەین، ئەگینا پیاوخراپ دەبین!

ئەوەشمان لە یاد بێ کە ڕۆمان و چیرۆکی سەرکەوتوو، بەرهەمی کـۆمـەڵگەی بۆرژواییـە بە هەمـوو پێکهـاتە کۆمـەلایەتیـەکـانی خۆیەوە، کـە ئێـمـە نیـمـانە، یانی ڕێکخـراوە و پێکهـاتە کۆمـەلایەتیـەکـانی بۆرژواییـمـان نییە.

کۆمـەڵگەی ئێـمـە لە دۆخی تێـپـەڕ بووندایە (گـڕار و دوران گڕار)، ئێـمـە هەمـوومـان بە پێچەوانەی بەسـتێنی ئاوی ڕووبار مەلە دەکەین، ئاژاوەیە، تەمومژە، تێکەلاوی و پێکەلاوییـە، هەولـو تێـکۆشـان و مـوتالای زۆری دەوێ تا کـارەکـانمان زانسـتـیـیـانـە بێت و سەرەودەری نووسـینی چیرۆکی هونەری بکەین و بتوانین بەرەی خۆمان لە قوڕاو دەربێنین.

لە کــۆبەندییــەکــدا، بە ڕای مـن بـارودۆخ ئاوایە و دەسکەوت ئەم چەند چەشنە فــۆرم و تەکنیـک و زبـان و گێڕانەوە و گۆشەنیـگا جیـاواز و دژواز و جۆراجۆرەیە وا لە دەورگـێڕان و گـەمـەی نووسـیندان و توێژەری مـێژووی ئەدەب و ڕەخنەگری چیـرۆکی دەوێ تا دۆ و دۆشاو (سَرە و ناسَـرە) لێک جیـا کـاتەوە و چیـرۆک و چیـرۆکنووسی کوردستانی ڕۆژهەلات بە کۆمەڵگە و جەماوەر بناسێنێ.

**سەرچاوە:**

**خـوێندنەوە ئالـۆز و پالـۆزەکـانی ئەم پازدە - بیــست ســاڵەی نووسەر.**

*** ئێـمـە بۆ (الواقـعـیـة الـسـحـریة) کە لەلایەن ڕۆمـانـنووس و داهێنەرەکانی ئەمریکای لاتینەوە کراوەتە سەرمەشق، (ڕیالیزمی ئەفسـوونگەرانە) بە باشتر دەزانین وەک لە (ڕیالیزمی جادوویی)، هیـوامـان زۆرە ئەوەیان لە لایەن نووسـەران و ڕەخنەگرانەوە پەسند بکرێ و جێی خۆی بگرێ.**

**«ڕامان»**

# ئاوات شاعیری نیشتمانپەروەر

**ئیبراهیم ئیسماعیل پوور**
**(سەقز)**

**نیشتمانپەروەری** (Patriotism)

نیشتمانپەروەری واژەیەکی شیرین و لەبەر دڵانە. ئەویش لەبەر واتا و ناوەرۆکی وشەکەیە. ئەم وشە شیرینە لەمێژە لەسەر زارانە و زۆر کەس بە مەبەستگەلی جیاواز کەڵکیان لێ وەرگرتووە.

هێندێک بۆ واتای پڕ بە پێستی و هێندێکیش بۆ وەدەست هێنانی قازانجی خۆیان، لەژێر سێبەری ئەم چەمکەدا تێکۆشانیان بووە. ڕەنگە هەر ئەمە بووبێتە هۆ کە نەتواندرێ واتا و پێناسەیەکی پڕ بە پێستی بۆ داندرێ.

نیشتمانپەروەری لەگەڵ گەلپەرەستی (nationalism) جیاوازە، گەلپەرەستی لەگەڵ ڕق و بێزاری لەگەلانی تردا ئاوێتەیە و دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ لە ناساندن و تەنانەت ناسینی گەلی خۆیشی تووشی پێداهەڵگوتن و پەسندێکی تێکەڵ بە درۆ ببێ. واتە دەبێ تاریفی نابەجێ لە گەلی خۆی بکات و لە بەرانبەردا نابەجێ گەلانی تر سووک و بێ دەسەڵات نیشان بدات. زۆرجاران گەلپەرەستی تاڕادەیەک گەشە دەکات کە گەلپەرەست زۆر تۆمەتی ناڕەوا دەخاتە پاڵ گەلانی تر و بە قۆناغی شۆڤینیزم (Chauvinism) دەگات.

شۆڤینیزم بە ڕای زۆر لە زانایان دەبێتە هۆی تێکدانی ئاسایشی گەلان. نیشتمانپەروەری خۆشویستنی گەل و نیشتمانە لە پەنا گەلانی تر. بەواتایەکی تر نیشتمانپەروەر ڕێز بۆ هەموو نیشتمان و گەلێک دادەنێ. سەربەستی و سەربەرزی گەل و نیشتمانی خۆی لە جیهانێکدا دەوێ، کە لە بن سێبەری ئاشتی و ئاسایشدا هەموو گەلان وەحەسێن. ویساریۆن بلینسکی ڕەخنەگری بەناوبانگی سۆڤیەتی پێشوو لە بارەی نیشتمانپەروەرییەوە دەڵێ: «نیشتمانپەروەری ڕاستەقینە، واتە: خۆشەویستی وڵات و هیوادار بوون بەوەی کە لە وڵاتدا نەمامی ئامانج و ئارمانێکی مرۆڤایەتی ڕیشە دابکوتێ و بۆ بەرهێنانی ئەو نەمامە، مرۆڤ لە ڕادەی هێزی خۆیدا هاریکار بێت».

بەم شێوەیە دەبینین کە نیشتمانپەروەری لەگەڵ بیری ئینتێرناسیۆنالیزم (internationalism)دا هیچ دژایەتییەکی نییە. مرۆڤ دەتوانێ وڵات و گەلی خۆی خۆش بووێ و ئەو خۆشەویستییە نەبێتە هۆی بێزاری لە وڵاتانی دیکە. کە وابوو



ئاوات

هەموو گەلان پێویستییان بە مرۆڤی نیشتمانپەروەر هەیە و گەلی کوردیش وەک هەموو گەلانی تر زۆر شاعیر و زانا و بلیمەتی نیشتمانپەروەری بەخۆیەوە دیوە کە هەمیشە جێی شانازی بوون.

ئەوانەی کە وتە و شیعر و بیر و بروایان ڕێ نیشاندەری کۆمەڵانی خەڵک بووە. یەکێک لەو نیشتمانپەروەرە دڵسۆزانە، شاعیری خولیای ئاوات و ئازادی مامۆستا سەید کامیلی ئیمامییە. لە کۆمەڵگای کوردەواریدا شیعر کەرەسەی هاندان و ڕاپەڕین بووە و ئەم ئەرکە ئێستاش بە ڕوخساری شیعرەوە دەبیندرێ، بۆیە شاعیری دەروەست لەم بوارەدا زانایانە تێکۆشاوە و شۆڕەسواری مەیدانی ڕۆشنبیری کورد بووە.

ئاوات بەهیوای شین بوونی داری ئازادی، شەو و ڕۆژی بردۆتە سەر. لەوەی کە بە خەڵفی براوە و کراوەتە پلاری دەستی نەیاران، پڕ بە قورگی زەمان هاواری کردووە و خەڵکی وەهۆش هێناوەتەوە. کۆڵنەدان و کار بۆ داهاتوو پیشەی ئەو زانا دڵسۆزە بووە، هەر بۆیە نازناوی «ئاوات»ی هەڵبژاردووە.

**ئەوسا ئاواتی ئاوات دێتە جێ**
**شین دەبی خەڵفی هیوا جێ بەجێ**

ئاوات ڕوحی ئاوێتەی گەلەکەیەتی و خۆی لە چەوساوەکان جیا ناکاتەوە. باوەڕی پتەوە بەهێزی گەلەوە لە ناخی دڵەوە لەوانە تووڕەیە کە بە هیوای ئەم و ئەو داوێنی خەباتیان بەرداوە:

**تاکەی بە هومێدی مەدەدێکی ئەم و ئەو بین**
**دواکەوتوو لە هەر خێڵ و لە کوێستان و لە زەوبین**
**تاکەی کەسەل و تەمبەڵ و هێند کوشتەیی خەوبین**
**وەک شەمشەمە کوێرە بە هەوا عاشقی شەوبین**

بیری نیشتمانپەروەری زۆرجار ئاواتی خستۆتە نێو تەنگ و چەڵەمەوە. بەجۆرێک کە چەند جاران بە ڕۆژ و مانگ و ساڵان زیندانی کراوە و ئازار و ئەشکەنجە دراوە. ئەمانە کاری لەسەر هەستی ئاوات نەکردووە و هەروا گەلی بۆ وەدەست هێنانی ئازادی هانداوە:

**سەر لەسەر ڕێگەی ئازادی نەچێ باری لەشە**
**وەکو گۆ با بەر شەقی دەن چاکە کوڕ و کاڵی بەتین**

نیشتمانپەروەری ئاوات لەو جێیەدا بە لووتکە دەگات کە ئاشتیخوازانە لە شەڕ و ماڵوێرانی خۆ دەدزێتەوە و بەبێ قەبووڵ کردنی ژینی سەرشۆڕی و پەستی، ڕوو لە نەیار دەکا و دەڵێ:

**لێمان بگەڕێن تۆ خواکەی تاوێ**
**بۆمان وەدەرخەن هەتاوێ ساوێ**

بەڵام کاتێ دەزانێ نەیار لەوە شەڕانیتر و زاڵمترە و مافی گەل پێشێل دەکات، وەکو کێو لە حاستیدا ڕادەوەستێ و مەردانە دەڵێ:

**لەگەڵ دوژمن ئیمامی هەروەکو شێری ژیان وابە**
**لەپێش پردانیان ڕاوەستە وەک بە ورد بەیان وابە**

مامۆستا ئاوات لە مەڕ خەباتی خۆی بە دژی ڕژێمی پاشایەتی لە دیوانەکەیدا ئاوا دەنووسێ: «ڕەنگە دۆستەکانم بزانن کە لەسەرەتای ژیانمەوە بەدەست و قەڵەم و نووسین و گوتن و چەک دژی شا و ڕژێمەکەی کارم کردووە..»

ئاواتی خولیای ئازادی و سەربەستی، کاتێ ڕووخانی ڕژێمی شا دەبینێ و لە شۆڕشی گەلانی ئێراندا بەشدارە، سەد بەهار بە قوربانی ڕێبەندان دەکات و بەهاری گەل لە ئازادی و سەربەخۆییدا دەبینێ:

**سەد بەهار ئێستە بە قوربانی چلەی زستانە**
**ڕۆژی ئازادی هەڵات کاتی لە خەو هەستانە**

ئاوات وەک هەر زانایەکی ڕووناکبیر، باوەڕی پتەوی بەهێزی ڕۆشنبیر و قەڵەم بەدەست هەیە. تێگەیشتوویی و لە مەبەست ڕامان بە بنچینەی خەبات و تێکۆشان دەزانێ و پێی وایە کە بەهێزی قەڵەم دەتوانین شڕەی گەل لە قوڕی نەگبەت و چاڵاوی ستەم دەربێنین:

**کێیە وەک تۆ لە مەبەست ڕامێنێ**
**بیروباوەڕ بە گەلی بنوێنێ**
**کێیە وەک تۆ بە بیروڕا بێ**
**مافی کوردان بە قەڵەم بستێنێ**

مامۆستا بەپێی غەزەلە پڕ لە هەستەکانی، لەگەڵ بلبلدا هەموو بەیانییەک شینی گێڕاوە و دڵی پڕ لە غەمی سات بە سات بۆ وڵات کڵپە و گڕێ تێدابووە و تەنیا هاوتای خۆی لە ئەوین و خۆشەویستیدا بە بلبل زانیوە و نهێنی کاری خۆی بلبل بەو جۆرە باس دەکا:

**ئەو بۆ هێلانەی ڕووخاو و چۆڵی**
**هۆنەر بۆ هۆز و گەلی کلۆڵی**

لە حاست داگیرکەرێک کە وەک ڕاوچییەکی بێ بەش لە

بەزەیی و تەیار بەهێـــزی دڵڕەقی، ئاوات خـــۆی بە خـــاوەن کـەرامـەت و دەسـەڵات دەزانێ و قـەت پێی ڕەوا نیـیـە کـە ڕاوچی دەست لە کاروباری کوێستان وەردا:

**خاوەنی ئەم کێو و کەژە هەر کەوە**
**نەزم و نیزامی کەژ و کێو هەر بەوە**
**خاوەنی ئەم خاسە کەوەش هەر دەڵێ**
**ڕاوچی دەبێ لەم کەژ و کێوە هەڵێ**

نەورۆز لە شیـعری ئاواتیشدا مەزهەری ئازادی و کڵپە و ڕاپەڕینە. بە گڕ و تیشکی ئاگری نەورۆز ژین دەخولقێنێ و پڕشنگی ئاگــــر بە هەوێنی ژین دەزانێ. چاوەڕێی هاتنی بەهاری ئازادییـــە. هات لە ژینی نوێ و شـــۆڕشی بەهاردا دەبینێ. خوازیاری ئاڵوگۆڕی بنەڕەتییە.

**بەهارە و شنەی مایەی ژیانە**
**بە شنەی ژیاوە ئەم نیشتمانە**
**بەهار هێنەری موژدەی خەباتە**
**لابەری مەینەت هێنەری هاتە**

تێکۆشان بۆ ڕزگـاری و سەربەخـۆ بوون، بۆ پێشکەوتنی مــرۆڤ، بۆ زانیـــاری و ســوتاندنی ڕیشــەی نەزانی، بۆ سەقامگیربوونی ئاشتی، بۆ ناسینی پلەی بەرزی مرۆڤ و بۆ وەدەست هێنانی کەسایەتی بە تەواوی مانا هەر لە ئارادایە. زانایان و تێکۆشەران لەو ڕێیــەدا سەریان نایەوە و ئاواتی مــەزنیش دەگــەڵ ئەو کــاروانە کــەوت و وێڕای چەشــتنی چەرمەسەری و دیتنی ساردی و سەختی ڕۆژگـار چووە دڵی ساف و بێ خەوشی گەلەوە. ئاوات دەزانێ کە گەل هەرگیـز مرۆڤـە مەزنەکـانی خۆی لە یاد ناکـات و هەرکـەس لە ڕێی ئازادیدا سەری نابێتەوە بۆ هەمیشە زیندووە.

**کامیل ئەوە تۆ و بەهاری شادی**
**بانەمری و نەڕۆی بە نامرادی**

دڵی ئاوات کــانگای هیــوا و ئاواتە، هەربۆیە لە زۆربەی شیـعرەکانیـدا بە ئاشکرا و بە ڕەمز و ڕازەوە لە ئاواتەکـانی دەدوێ و هەر بە ئاواتەوە دەمێنێ تا باغی هیوا بەر دێنێ.

ئەمەش دوو شیعری بڵاونەکراوەی ئاواتە:

**باغی هیوا**

**کێیە وەک تۆ لە مەبەست ڕامێنێ**
**بیروباوەڕ بە گەلی بنوێنێ**
**لە قوڕی نەگبەت و چاڵاوی ستەم**
**شرەکەی خۆیی و گەلی دەربێنێ**
**کێیە وەک تۆ بە بیروڕا بێ**
**مافی کوردان بە قەڵەم بستێنێ**
**دڵی من ئاوێنەیە ڕوح و گیان**
**جاروبار دیەنی تۆ دەنوێنێ**
**وەرەوە بۆ وەتەنی کوێستانت**
**چ دەکەی تۆ لە هەوای گەرمێنێ**
**بۆ ئەوەی تۆزی نەبێ ڕێگاکەت**
**چاو دەکا تک تکە ئاو پڕژێنێ**
**بۆ سڵاوێکی لە هاوڕێکانت**
**نامەبەر کۆترە هەڵەفڕێنێ**
**کوڕی کورد وەکو خۆی ماوەتەوە**
**تۆوی مەیلت لە وڵات دەڕوێنێ**
**وەرە گیانە هەواخوازت زۆرن**
**یەک لەوان هۆنەرە بۆت دەخوێنێ**
**بولبولی باغتە ئاواتی پیر**
**هەر بە ئاواتەوە دەچریکێنێ**
**هەر بە ئاواتەوە ماوم قوربان**
**تاوەکو باغی هیوا بەردێنێ**

**خاسە کەو**

**خاسە کەوێ لە بەندەنێ**
**دیتم خۆش خۆش پێدەکەنێ**
**بە کێ؟ بەچی؟ بە من و بەتۆ**
**بە ژینی وا بێ تانوپۆ**
**دەیگوت ئێوە لەگەرمێنن**
**لە کوێستان ڕابە دەخوێنن**
**لام وایە من بە بیروڕام**
**گەرمێن و کوێستانی گەڕام**
**نەمدی کەس بە تەنیا سەرکەوێ**
**یا بە دڵێکی خۆش وەرکەوێ**
**هەرکەس بە تەنیا مایەوە**
**داویان لە ڕێگانایەوە**
**بە دەندووک پێوە بوو وەک کەو**
**ڕۆژی ڕووناکی بوو بەشەو**
**گوێ لە ئامۆژگاریم بگرن**
**نەک بکەونە داوی، بمرن**
**یەکێ لێرە یەکێ لەوێ**
**یەک کەونەوە لە منوکەوێ**
**بەس بەش بەش و لێک پساو بن**
**بەس بێ بیر و بەش خوراو بن**
**دەستێک تەنیا دەنگی نایە**
**منداڵێک بۆی ناکرێ کایە**
**بە دوو دەست چەپڵە لێ دەدرێ**
**بە دوو منداڵ گەمە دەکرێ**

**سەرچاوە:**
**(١) دیوانی ئاوات- چاپی یەکەم، ١٣٦٥ هەتاوی.**
**(٢) هێندێک دەستنووسی مامۆستا ئاوات (شیعری بڵاو نەکراوە).**
**(٣) ئە- تەبەری- چند مسلەی اجتماعی.**

# ئۆريتمی و شێوازێکی تری شانۆ
# له زەرەدەشتەوە بۆ ڕۆدۆلف شتاینەر

**هاوڕێ زەنگەنە**
**(ئەڵمانیا)**

کۆمەڵگای ئەوروپی لە ڕێگەی فەلسەفە و ئەدەب و ئایین و موزیک و شانۆ و سەما و ئۆپێراوە توانییان زۆر بە وردی لەگەڵ زەردەشت و نووسینەکانی زەردەشت ئاشنایەتی پەیدا بکەن. ڕەنگە بەلای کوردێکەوە زۆر سەیر بێت کە بە زمانی ئەڵمانی لە کتێبخانەکاندا ئەوەندە نووسین و لێکۆڵینەوە لەسەر زەردەشت هەبێت. زۆربەی ڕۆشنبیران و نووسەرانی ئەوروپایی، زەردەشت وەکو هزرمەندێکی جیهانی دەناسن و بۆ لێکۆڵینەوەکانی خۆیان بە سەرچاوەیەکی گرنگی دادەنێن.

زانایانی ئەوروپی تاکو ئەمڕۆش لێکۆڵینەوە لەسەر لایەنە زانستییە جۆراوجۆرەکانی نووسینەکانی زەردەشت دەکەن. بۆ نموونە لە بواری (دەروونناسی و فەلسەفی و ئایینی و بواری هونەری موزیکی و ڕیتوالی و سەما و شانۆیی...تاد).

زەردەشت لە دوای خۆشی وەکو هزرمەندێک کاریگەریی لەسەر ئایینەکانی تر و فەیلەسووفەکانی تری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا هەبووە، تەنانەت بەشێوەیەک کە گرنگی بەو کەسایەتیانەش دەدرێت کە لەژێر کاریگەری زەردەشتدا پێگەیشتوون.

مانی یەکێکە لەو کەسایەتییە ناودارانەی کە زەردەشت کاریگەریی زۆری لەسەر هەبوو. بۆ نموونە لە ساڵی **١٩٦٩** شتێکی سەیر لە شاری کۆڵنی ئەڵمانیا دۆزرایەوە و ئەوەش بەناوی (مانی کۆدێکس Mani kodex) بوو.

دوو زانای ئەڵمانی لە قاهیرە دوکیۆمێنتێکی کۆنینەیان کڕی. ئەم دوکیۆمێنتە پێوانەکەی لە **٣,٥** سم بە **٤,٥** سم پێکهاتووە. ئەم دوکیۆمێنتە بۆ **٥٠٠** ساڵ بەر لە زایین دەگەڕێتەوە.

کۆنترین دوکیۆمێنتی ئایینی مانییە کە تازە دۆزراوەتەوە. ئەم دوکیۆمێنتە پێوەندی بە مەسیح و زەردەشتەوە هەیە. بۆ ماوەی **٢٠** ساڵ زانایان خەریکی لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم دوکیۆمێنتە بوون. بە وردەکارییەوە پێوەندی نیوان زەردەشت و مانی و مەسیح دەخەنە ڕوو و دەوڵەمەندی و هزرمەندی زەردەشت و مانی زیاتر دەردەکەوێت.

### لایەنێکی ئایینی زەردەشت

زەردەشت باوەڕی تاک خودای ئاشکرا کرد. واتە دەتوانرێت بوترێت لە ڕووی فەلسەفەی ئایینییەوە لە پێشڕەوانی ئەو کەسانەیە کە باوەڕی مۆنۆتۆئیستی هێنایە کایەوە. زانستی تیۆلۆگی زەردەشت بە خاڵی وەرچەرخان دادەنێت. خاڵی وەرچەرخانی زەردەشت لەوەدایە، کە زەردەشت داهێنەری باوەڕی تاک خودایە، کە ملیۆنان کەسی مووسایی و مەسیحی و موسڵمان لە دوای زەردەشتەوە هاتوون، باوەڕیان بە تاک خودایی هەیە.

پەیامبەران و فەیلەسووفان دوای ئەو سوودیان لە



زەردەشت

زەردەشت وەرگــرتووە. لەلایەکی ترەوە زەردەشت باس لە بوونی دوو هێــز دەکـات، ئەوەش هێــزی خــراپە و هێــزی چاکەیە و مرۆڤ تەنیا زیندەوەرێکە و ئازادە چۆن ڕەفتار لەگەڵ ئەم دوو هێزەدا دەکات.

زەردەشت سێ خـــــاڵـی ســـــەرەکی بە بنەڕەتی بیروبۆچوونەکانی خۆی دادەنێت، ئەوەش:

١- بیری چاک.

٢- گوفتاری چاک.

٣- کرداری چاک.. ئەمڕۆ زانستە نوێیەکانی جیهان لە ئەنجـامی لێکۆڵینەوەکـانیـاندا گـەیشــتـوونەتە دەرئەنجامێک کە لە هەر خاڵێک لەو خاڵانەدا ڕۆڵێکی سـەرەکـیــان لە ژیانی مـرۆڤ و مـرۆڤـایەتیـدا هەیە. زەردەشت زۆر بە نرخەوە هزری خسـتـووەتە پێش هەمـوو شتێک! زانستی پێشکەوتووی ئەمڕۆ گرنگییەکی زۆر بە هزر دەدات. ڕۆڵی هزر لە پێشخستنی هەموو بوارەکانی کـۆمـەڵگادا ناوەندێکی کـاریگەری بۆ گـۆڕانکارییـەکـان هەیە.

کـتـێـبـە پیـرۆزەکـەی زەردەشت ناوی (ئاوێسـتـا)یە. زانایانی ئەوروپای کـتـێـبی ئاوێسـتـای زەردەشت بە گەنجینەیەک بۆ جیهانی مرۆڤایەتی دادەنێن. من خۆم لەو باوەڕەدام کـە هەر ڕسـتـەیەکی گـاتاکـانی زەردەشت بۆ دەوڵەمەندکردنی شارستانیەتی کوردستان پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی تایبـەتی لە بواری جیـاواز جیـاوازدا هەیە، بەتایبەت لە ڕووی زانستی شانۆوە.

زانایان بیـروڕایان لەسەر زەمەنی نووسینە پیـرۆزەکەی زەردەشت جیاوازە، بەشێکیان لەو باوەڕەدان کە نووسینی یەکەمی سـەردەمی زەردەشت بەشێوەی پارتیی کۆن، یان ئارامیی نووسراوەتەوە و دوای ئەوە لە سەدەی سێی پێش زایینیدا جارێکی تر کۆکراوەتەوە و بە زمانی پەهلەوی کـۆن نووسـراوەتەوە، بەشـێکی تریان لەو باوەڕەدان، کـە لەسـەدەی **٣** تاکـو **٧**ی زایینی کـە هەمـوو بەشـەکـانی کۆکراوەتەوە و پێکەوە نازناوی زەند ئاوێستای لێنراوە.

لەســەر دێرێکی نووســینەکـانی ئاوێســتـا زۆرجــار لێکدانەوەیەکی زۆری لێ دەبێـتـەوە، ئەوەش پێـوەندی بە وەرگـێـڕانی ئاوێسـتـا هەیە بۆ زمـانێکی تر. بەگـشـتی وەرگـێــڕانی ئاوێســتــا ســەخــتی زۆری لێ بووەتەوە، هۆیەکەشی بۆ قـووڵبوونی مـانای وشەکـان دەگەڕێتەوە، بۆیە زۆرجـار مـانـای تەواوی وشـەکــان بە تەواوی دیار نییە. بە هەمان شێوە لەسەر شوێنی لەدایکبوونی و کاتی لە دایکبوونی بیروباوەڕی جیاواز لە کوردسـتـان، یان لە سیستان، یان لە ئازەربایجان هەیە.

## زەردەشت لەناو فەیلەسووف و زانایانی ئەوروپاییدا

زانا یۆنانیـیـەکان لەپێش هەمـوو وڵاتانی ئەوروپاییەوە درکیـان بە زانایی زەردەشت کـردووە، ئەمـەش بەتایبـەتی لەدوای جەنگی دە ساڵەی نێوان ئێران و یۆنان کە بەناوی جەنگی ئەلێکساندەری گەورەوە بەناوبانگە.

ئێرانی کۆن بە مـانایەکی تر (شارسـتـانیـەتی داریوشی گەورە) لە سـاڵی ٥٠٠ی پێش زایینیدا گەیشتە بەرزترین و زێڕینـتـریـن سـەردەمی خـۆی. پاشا داریوشی گـەورە بە پاڵەوانـتـرین پاشـای سـەرزەمـینی سـەردەمی خـۆی ناوزەد دەکرا، دەسەڵاتی بەسەر زۆر لە وڵاتاندا دەشکا.

پاشـا داریوشی گـەورە بۆ هەر وڵاتـێکی تازە پاشـای دابنایە، ئەوە لە ڕۆژی نەورۆزدا لە ٣,٢١ تاجی دەخسـتە سەر. لەم ڕۆژەشدا ئاگرێکی گەورە دەکرایەوە و سوپاسی خودای ئاهورامـەزدای دەکرد و دیاری پێـشکەش خـودای ئاهورامــەزدا دەکــرد، شـــارو کــۆشکیـــان بەم بۆنەیە دەڕازاندەوە.

ئەم ڕێوڕەســمـــەش لە پێــریس پۆلیس بەڕێوە دەبرا. پێـریس پۆلیس کـەوتووەتە نزیکی شـاری شـیـرازەوە. ئەوکاتە پیرس پۆلیس بە ڕۆمی بچووک ناودەبرا. ئەمەش لەژێر کـاریگەریی زەردەشــتـدا بوو. ئێـران هەمــیـشــە



نیتشه

دەیویست دەسەڵاتی گەورەتر بکات. بۆ جێبەجێکردنی ئەم مەبەستەش، ویستی زۆر لە وڵاتانی تر داگیر بکات. بۆ نموونە چەندین جار بە یەکدادان لەنێوان دەسەڵاتی یۆنانی و ئێرانیدا رووی دا.

ئەلێکساندەری گەورە لە ساڵی ٣٣٠ بۆ ٣٣٣ی پێش زایینی لە شەڕەکەیدا بەسەر ئیمپراتۆریەتی فارسدا زاڵبوو. بەم شێوەیە ئێرانی کۆن و کوردستانیش کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئەلێکساندەری گەورەوە. چەند شارێکی کۆنی کوردستان کەوتە ژێر دەستی یۆنانییەکان. یەکێک لەو شارانە، شاری کەرکووک بوو کە بۆ زانینی زیاتر لەو سەردەمەدا ئایینی زەردەشتی لە شاری کەرکووک ئایینێکی رەسمی شار بوو. یەکێک لەو زانا یۆنانییانەی کە لەو جەنگە دووروودرێژەی یۆناندا بەشدار بوو و لە هەمان کاتدا یاوەری ئەلێکساندەری کرد، ناوی ئەیشیلۆس بوو.

ئەیشیلۆس خۆی یەکێک بوو لەو زانایانەی کە لە ساڵانی جەنگەکەی ئەلێکساندەری گەورە لەگەڵ لەشکرەکەدا بوو. خودی ئەیشیلۆس چاوی بە نووسینە رەسەنەکانی (ئۆرگینالەکانی) زەردەشت کەوتووە. لە نزیکەوە ئاشنای نووسینەکانی بووە. کاریگەریی زەردەشت لەسەر ئەیشیلۆس زۆر بووە و لە نووسینەکانی ئەیشیلۆسدا رەنگی دەداتەوە.

بۆ نموونە وەک لە نووسینی شانۆگەری فارسەکان و شانۆگەری پاخۆسدا(*) تایبەت لە رێگەی زاناو فەیلەسووف و رۆشنبیرەکانی یۆناندا نووسینەکانی زەردەشت و بیروباوەڕی زەردەشتی بە کۆمەڵگای یۆنانی ئاشنابوو.

بەم شێوەیە کاریگەریی خۆی لەسەر زۆربەی کەسایەتییەکانی یۆنان هەبوو، بۆ نموونە (پلاتۆن و ئەرستۆتێلیس و فیثاغۆرس.. تاد).

بەپێی نووسینەکەی رۆدۆلف شتاینەر، یەکێک لە زانا بەناوبانگەکانی جیهان بەناوی فیثاغۆرس Pyh-thagoras، زۆر سوودی لە زەردەشت وەرگرتووە و خۆی بە شاگردی زەردەشت زانیوە. شاگردبوون لەو سەردەمەدا بە واتەی خولیای کەسێک بۆ قووڵبوونەوە لە هزر و خەیاڵ و بیرکردنەوەکانی هزرمەندێک. زەردەشت وەکو قوتابخانەیەکی هزری لەناو کۆمەڵگای یۆناندا سەیر دەکرا، بۆیە شاگردی تایبەتی هەبوو کە ساڵەهای ساڵ لەگەڵ نووسینەکانی زەردەشتدا لە دانوستاندا بوون.

یەکێک لەو بەڵگانەی ئەمە دەسەلمێنن تابلۆیەکی رۆفایلە، کە لە ساڵی ١٥١٠ کێشاویەتی و لەم تابلۆیەدا شاگردەکانی زەردەشت لە دەوری زەردەشت کۆبوونەتەوە.

## فریدرش نیتشه

فریدرش نیتشە بە دانانی کتێبی (زەردەشت وای فەرموو) ناوبانگێکی جیهانی دەرکرد(**) ئەم کتێبەشی لە ١٨٨٣ بۆ ١٨٨٥ نووسی. ئەم کتێبە لە چوار بەش پێکدێت. بەشی یەکەمی لە ساڵی ١٨٨٣ چاپ کرا و بەشی دووەم و سێیەم لە ساڵی ١٨٨٤ نووسرا.

لە ساڵی ١٨٨٥ بەشی چوارەمی بە چاپ گەیاند. فریدرش نیتشە بەشی یەکەم و دووەم و سێیەمی کتێبەکەی بەناوی [زەردەشت وای فەرموو] بە گەورەیی لەسەر بەرگی کتێبەکە نووسراوە، لە ژێرەوەش بە بچووکی بۆ هەموو کەسێک و هیچ کەسێک، ئەم جار ناوی خۆی نووسراوە فریدرش نیتشە.

من لێرەدا ناچمە سەر ناوەڕۆکی باسەکەی ئەم کتێبە، چونکە باسێکی تایبەتی دەخوازێت. ئەوەی گرنگە بەلای منەوە، ئەوەیە کە فریدرش نیتشە چۆن بۆ دەوڵەمەندکردنی هزری بیرکردنەوەی لێکدانەوەکانی فەلسەفی خودی خۆی زۆر سوودی لە نووسینەکانی زەردەشت وەرگرتووە. وارشو بە ئەڵمانی کتێبێکی لەسەر زەردەشت داناوە بەناوی (ئەو پێغەمبەرەی سەما دەکات). لەو کتێبەدا باسی ئەوە دەکات، کە چۆن نیتشە بەهۆی زەردەشتەوە ناوبانگی دەرکرد.

## ریشارد شتراوس

ریشارد شتراوس لە ساڵی ١٨٦٤ لە شاری میونشن لە دایک بووە. لە ساڵی ١٩٤٩ کۆچی دوایی کردووە. لە ساڵی ١٨٨٢ لە زانکۆی میونشن دەست بە خوێندن دەکات، لە ساڵی ١٨٨٧ ریشارد شتراوس بە شێوەکاری بەناوبانگ گۆستاف مالەر ئاشنا دەبێت. ریشارد شتراوس وەکو موزیکزانێکی مەزن چەندین کاری ئۆپێرایی بە بەرهەم هێناوە و پێشکەشی کردووە، لەو بەرهەمە هونەرییانەی بۆ نموونە ئۆپێرای گونترام لە ساڵی ١٨٩٤. کاری ئۆپێرای تانن هۆیزەر Tannenhauser و سەمفۆنیای زەردەشت وای فەرموو و چەندین بەرهەمی تر.

## سەمفۆنیای زەردەشت وای فەرموو

ریشارد شتراوس لە ساڵی ١٨٩٥ کتێبەکانی نیتشە دەخوێنێتەوە. بەتایبەتی کتێبی [زەردەشت وای فەرموو] زۆر سەرنجی رادەکێشێ. ئەوەندە دڵی بەو کتێبە خۆش دەبێت، کە ماوەیەکی زۆر کاری بۆ دەکات و سەمفۆنیایەکی تامەزرۆی لێ دروست دەکات.

بۆ جێبەجێکردنی ئەم سەمفۆنیایە کار لەگەڵ ٤٣ موزیکژەندا دەکات و لە ساڵی ١٨٩٦ لە شاری فرانکفۆرت پێشکەشی دەکەن. ئەم سەمفۆنیایەی (زەردەشت وای فەرموو) تاکو ئەمڕۆش لەلایەن چەندین ئاوازدانەری جیهانییەوە بە بەردەوامی بەشێوەی جیاواز لە شارە جیاوازەکانی دنیا پێشکەش دەکرێت و لەسەر سیدی جیاواز دەفرۆشێت و گوێی لێدەگرێت.

ئەم سەمفۆنیایە لە ٩ بەشی مۆسیقایی پێکدێت، هەر بەشێکی ئەم سەمفۆنیایە لێکدانەوەیەکی تایبەتی هەیە. بۆ نموونە بەشی یەکەمی ئەم سەمفۆنیایە باسی زەردەشت دەکات، کە بۆ خەڵکی دەدوێت. لە باسەکەدا باسی سروشت بۆ مرۆڤ دەکات، ئەم سروشتە دەبێت هاندەرێک و پانتاییەک بۆ تەواوی سەمفۆنیاکە.

لە رووی دەنگ و لە رووی ئاوازیشەوە چۆنیەتی دروستکردن و پێکەوە گرێدانی دەنگەکانی ئامێرەکان تایبەتمەندییەکی خۆیان هەیە.

ئەم ٩ بەشە بەم شێوەیەن:

١- شەفەق

٢- لە دیوی پشتەوەی جیهانەکانەوە.

٣- لە حەسرەتێکی گەورەوە.

٤- لە شادی و سۆزەوە.

٥- گۆرانی سەرگۆڕ.

٦- لە زانستەوە.

٧- .......

٨- گۆرانی سەمایی.

٩- گۆرانی رێبواری شەوان.

پرۆسەی کارکردنی ریشارد شتراوس و تێگەیشتنی لە پەیامەکەی زەردەشت لەناو ئاوازی ئامێرە موزیکییەکاندا رەنگ دەداتەوە.

{ئەگەر کەسێک لە سیمفۆنیای بتهۆڤن نەتوانێت گوێی لە دەنگدانەوەی شۆڕشی فەرەنسا نەبێت، ئەوە شتێکی بەسەردا بەبێ ئاگاهی تێپەڕیوە}. (تیۆدۆر ئەدۆرنۆ ١٩٦٩- ١٩٩٣). لە بارەی ئەم سەمفۆنیایەوە لێکۆڵینەوە و نووسینێکی زۆری لە بارەوە نووسراوە.

## جۆزێف سینۆپۆلی

جۆزێف سینۆپۆلی لە ساڵی ١٩٤٦ لە شاری ڤێنەدیک (بەعەرەبی دەڵێن ڤینیسیا) لەدایک بووە. ئەم شارە خۆی ناوەندی شاری هونەرمەندانە و بە شاری هونەرمەندان ناو دەبرێت. ئەم شارە خاوەن داستان و میتۆلۆژی سەرنجڕاکێشی خۆیەتی. بە شاری شانۆ و ئۆپێرا ناسراوە. ئەم شارە دەڵێی باڵندەیەکە و لەسەر ئاو سەما دەکات.

کاتێ روو دەکەیتە ئەم شارە وا هەست دەکەیت ئەم شارە سەکۆیەکە و لەسەر ئاو دروست کراوە. خەڵکی شارەکەش نمایشی عیشقێکی هەتاهەتایی بۆ مرۆڤەکانی سەر زەوی پێشکەش دەکەن.

جۆزێف سینۆپۆلی موزیکزانێکی ئیتاڵییە و ئاوزدانەرێکی شارەزای ناوداری جیهانییە. لە ساڵی ١٩٨٣ بەرێوەبەری فیلارمۆنی Philarmonia Rom شاری رۆم بووە. لە ساڵی ١٩٩٢ بەرێوەبەری ئاوازدانەرەکانی شاری درێسدن بووە لە ئەڵمانیا. لە ساڵی ٢٠٠١ سمفۆنیاکەی رێشارد شتراوس کە بەناوی (زەردەشت وای فەرموو) لە فرانکفۆرت پێشکەش دەکات و بە شێوازێکی زۆر سەرنجڕاکێش دەنگ دەداتەوە. لەنێو رۆژنامە و میدیاکانی جیهانیدا بە فراوانی لە بارەیەوە دەنووسرێت.

## زەردەشت و کاریگەریی لەسەر رۆدۆلف شتاینەر

رۆدۆلف شتاینەر لە ١٨٦١/٢/٢٥ لەدایک بووە و لە ١٩٢٥/٣/٣٠ کۆچی دوای کردووە. رۆدۆلف شتاینەر بە دامەزرێنەری فەلسەفەی ئەنتۆپۆسۆفی دادەنرێت و رۆدۆلف شتاینەر و ماریە شتاینەر بە دامەزرێنەری سەمای ئۆرێتمی دادەنرێن.

لە هەمان کاتدا دامەزرێنەری سیستمی قوتابخانەی ڕۆدۆلف شولەیش ناوزەد دەکرێت و چوار شانۆی نووسیوە. ئەم شانۆگەرییانەی لە شاری میونشن نمایش کردووە. لە ساڵی ١٩٤٢ لەدوای مردنی خۆی بۆ یەکەم جار هەر چوار شانۆگەرییەکە بە سەرپەرشتی هاوسەرەکەی ماریە لە چاپ دەدرێن و بڵاودەکرێنەوە.

ڕۆدۆلف شتاینەر دەڵێت زەردەشت جارێکی تر لە جەستەی کەسایەتییەکی تردا و لە سەردەمێکی تردا زیندوو بووەوە. ڕۆدۆلف شتاینەر زیندووبوونەوەی حەزرەتی مەسیح بۆ زیندووبوونەوەی زەردەشت دەگەڕێنێتەوە، بەڵام لە جەستەی مەسیحدا. مەسیح داخوازییەکانی زەردەشت جێبەجێ دەکات، لە کاتێکدا کە ڕوو لە خۆر دەکات.

ڕۆدۆلف شتاینەر وای دەبینێ کە زەردەشت لەسەردەمێکی تر و لە شوێنێکی تردا بەناوی مانی ٢١٦..٢٧٦ زیندوو دەبێتەوە. ڕۆدۆلف شتاینەر دەڵێت، ئەوەی زەردەشت پێی گەیشت ئەوەیە کە توانی لە دەرەوەی فیزیکی خۆردا خودی خۆر ببینێتەوە و بیناسێتەوە. زەردەشت بەم ڕاستییە گەیشت و توانی ئەمە ناو بنێت خودای ئاهورامەزدا و تاریکییەکەشی بەخودای ئەهریمەن ناو دەبات.



ئەمە یەکەم وێنەی ئەهریمەنە، لەناو هەموو ئەرشیڤەکانی ئەڵمانیادا بەردەستم کەوتبێت، کە ڕووی خودای ئەهریمەن بە تەواوی دەرکەوێت.. مانی فەلسەفە بەگشتی و بە کورتی، ڕادیکالانە جیهانی مەتریاڵ لە جیهانی ڕوحی جیا دەکاتەوە. جیهانی مەتریاڵ بە تاریکی و جیهانی خراپە وەسف دەکات، بۆیە پێویستە مرۆڤ خۆی لە کۆت و زنجیری بەندی مەتریاڵ ڕزگار بکات. مانی لە وڵاتانی کوردستان و ئێران و بابلیۆن و تورکستان و چین و کەشمیر و هیندوستان شتەکانی خۆی نووسیوە. مانی خۆی بەشێوەکار زانیوە و بە وێنەوە شتەکانی بۆ خەڵکی لێک دەدایەوە و پێشانگای دادەنا.

دەڵێن لەسەردەمی بارام پاشادا، کە لە دوای شاپووری یەکەم هاتە سەرتەخت، بارام پاشا مانی زیندان دەکات و لە دواییدا لە سێدارەی دەدات.

کاریگەریی زەردەشت لە نووسینەکانی مانیدا دەردەکەوێت! فەلسەفەی مانی گەیشتە ئیتاڵیا و فەرەنسا و ئەڵمان و وڵاتانی تری ئەورووپا، مانی بەپێی یەکێک لە دوکیۆمێنتەکان دەڵێت. من گۆرانیبێژم لە بابلەوە هاتووم و بەرەو جیهان دەڕۆم. گۆتەی فەیلەسووفی ئەڵمان خاوەن شاکاری بەناوبانگی جیهانیی فاوستی یەک و فاوستی دووی لەژێر کاریگەریی مانی ئەم شانۆگەرییەی نووسیوە و بیرەکانی مانی تێدا بەدی دەکرێت بە ڕای ڕۆدۆلف شتاینەر بۆ وەبیرهێنانەوەی شانۆکاران، ئەم شانۆگەرییەی فاوستی گۆتە لەلایەن پێتر شتاینەرەوە لە ڕۆژی کولتووری جیهانیی بەشێوازێک دەرهێنا کە شانۆگەریەکە ٢٤ ڕۆژ و ٢٤ خولەکی دەخایاند، نرخی بلیتێکی ٤٠٠ دۆلار بوو. لە شاری هانۆڤەری ئەڵمانیا بە بۆنەی ڕۆژی کولتووری جیهانییەوە پێشکەش کرا.

## کاری شانۆیی ڕۆدۆلف شتاینەر لە شاری میونشن

سەمای شانۆیی ئۆریتمی تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە، سەمای ئۆریتمی جیاوازە لە سەمای هونەری و سەمای جەستەیی و سەمای پانتۆمایمی. سەمای ئۆریتمی دەیەوێت لە ڕێگای میکانیزمی سەمای ئۆریتمیەوە زمانێکی دەربڕینی کاریگەری بینراوی هەبێت. ئەوەی لەسەر سەکۆی شانۆ دەبینین جووڵانەوەی کەسایەتی تاکەکەسە و جووڵانەوەی گرووپێکی مرۆڤە لەگەڵ یەکدا. گرنگە لێرەدا کە بینەر هەوڵ دەدات، ئەوەی لەناو دەروونی ئەو سەماکەرانەدا ڕوودەدات لێکی بداتەوە. واتە لایەنی دەروونی کەسایەتییەکان و کارەکتەرەکان بدۆزێتەوە. لە هەمان کاتدا بینەرەکان بگەڕێن بەدوای خوازیاری ئەو جووڵانەوەیە.

بەم شێوەیە شیعر و موزیک زمانی ئاشکرای خۆی دەبێت. دروستکردنی هەست و تێگەیشتن لە سەما و موزیک و شیعر و گۆرانی..تاد. ئۆریتمی دەبێت بە زمانی دانوستاندن.

ئۆریتمی تێراپییە. بەگشتی تێراپی بوارێکی تازەی سەردەمیانەی بەشی دەروونناسییە. واتە بواری چارەسەرکردنی لایەنی دەروونی بە چەندین میتۆدەی جیاواز. ئەمەش لە ڕێگەی گفتوگۆ لەسەر هەستەکان و بیرەوەرییەکان و فەنتازییەکان و چەندین شتی تر دەبێ. بۆ ڕاماڵینی ڕابردوو و هەوڵدان بۆ تێڕوانینی دەروونی و

هەستی و ڕەفتاری و کارکردن بۆ ئاینده. ئەمڕۆ چەندین لێکۆڵینەوە دەکرێت هەنگاوێکی تازەی سەردەمیانە ئەوەیە، کە شانۆ لە دەرگای تێراپی و میتۆدە نوێیەکانی بدات. لایەنی سێیەمی لایەنی پێداگۆگیکە. بەتایبەت لەسەردەمی دروستبوونی ڤاڵدۆرف شولەوە کە سەمای ئۆریتمی وەکو وانەیەکی فەرمی بە منداڵەکان دەوترێتەوە. منداڵەکان بە تەندروستی لەگەڵ ئەو سەمایەدا گەورە دەبن.

ئۆریتمی سەمایەکە، هاوکاری مرۆڤ دەکات کە چۆن بگاتە سەرووی مەنتیقی گەردوون. لە نمایشێکی ئۆریتمیدا چۆن ڕۆدۆلف شتاینەر باس لە ئاگادارکردنەوە و زیندووبوونەوەی ڕوحەکان و بە ئاگاهێنانی ڕوحەکان. قووڵبوونەوە لە خود دەکات.

گەنجیی خۆی وەکو فیگۆرێک دێتە پێش چاوی، لاپەڕە ٢٥٠. ساڵی ١٨. ئابی ١٩٢٢. لەلایەکی ترەوە هەر خودی فیگۆری ئەهریمەن دێتە سەر سەکۆکە کە دەوری خراپەکاری و فێڵکاری دەبینێ. دەسەلاتی عیرفانیەک لەلایەک، لەلایەکی ترەوە دەسەلاتی ئەهریمەن و لەلایەکی ترەوە دەسەلاتی لوتیفەری، بەلام ئەم جارە ئەمانە لە خەویدا ڕوودەدەن، واتە هەمووی دێتنە خەوی. ئێمە لەگەڵ درامای عیرفانیدا سەروکارمان هەیە.

ئەو درامایانە کە ڕۆدۆلف شتاینەر نووسیوونی، بەگشتی بەدرامای عیرفانی لە قەڵەم دەدرێن. ئەم جۆرە دراماییانە حاڵەتێک لە خەڵوەتی و حاڵەتێک لە قووڵبوونەوە لە تاکی خود و ڕۆچوونە بە ناخی دەروونی خود و گەیشتن بە ئاستێکی (حاڵ). ئەم جۆرە درامایانە لە زەمەنی یۆنانییەکانیشدا هەبوونە، بەلام لەسەردەمی دوای سەدەی سێزدەمەوە هەنگاو بە هەنگاو بەشێوازی زۆر جیاواز گۆڕانی بەخۆیەوە بینیوە. بەگشتی باسەکان گۆڕانیان بەسەردا هات. لە بابەتی گشتی فریشتە و لایەنی چاکی لوتسیفەر لایەنی خراپە چووە دەرەوە بەرەو کەسایەتییەکان ڕۆیشت، بەلام ڕۆدۆلف شتاینەر خۆی ڕایەکی سەربەخۆی سەبارەت بە شانۆی عیرفانی هەیە. ئەو دەڵێت: شانۆی عیرفانی ئەو شانۆیەیە، کە کۆتایی نەهاتووە و چرۆی تازە کردنەوەیە. ئەو چوار شانۆگەرییە عیرفانییەی کە ڕۆدۆلف شتاینەر نووسیوونی، باس لە ڕوح دەکەن و باس لە بە ئاگاهێنانی ڕوح و پاراستنی ڕوح و قووڵبوونەوە لە خود و لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێزی خراپە و هێزی چاکە دەکەن. دیتنی خەونیش بەشێکە لەناو شانۆگەرییەکانی.

ڕۆدۆلف شتاینەر تاکە کەسێکە، کە ئەهریمەن لەناو شانۆگەریەکدا وەکو فیگۆرێکی سەرەکی ڕۆڵی خۆی دەبینێت. ئەوەی زۆر جێگەی باس بێت ئەوەیە، کە ئەهریمەن لە لوتسیفەر (شێوەیەکە لە هێزی خراپە لە ئایینی مەسیحیدا) جیا دەکاتەوە. ئەهریمەن بەلای ڕۆدۆلف شتاینەرەوە خودای ژێر زەوییە و خودای تاریکییە و ڕۆڵی هێزی خراپە دەبینێت.

## میترا، ڕۆدۆلف شتاینەر خودای ئاهورومەزدا لەگیانی میترادا دەبینێتەوە

کولتووری میترایی ئەمەندە لەو ناوچانەی ئێرانی کۆن پەرەی سەند، واتە دەتوانین بڵێین لە کوردستانیشەوە گەیشتە ڕۆم و ئەڵمانیا و زۆر لە ولاتانی تر. تاکو ئەمڕۆ پەیکەری میترا لە زۆر لە شارەکانی ئەڵمانیاشدا دەبینرێن.

کولتووری میترایی گەیشتە لەندەن. خەڵکی لەندەن سێ سەد ساڵ لایەنگری میترایی بوون. لە مۆزەخانەی سەرەکی لەندەن بەشێکی تایبەت بە پاشماوەکانی میترایی پارێزراوە. ڕۆژانە بە سەدان خەڵکی کە لە ولاتانی دنیاوە دێن و سەیری ئەو شتە بەنرخانە دەکەن. بۆ زانیاری زیاتر یەک دیواری ماڵی خودای میترایی، کە کاتی خۆی خەڵکی بۆ کات تەرخانکردن بە خودای خۆیان، کە میترا بووە، تاکو ئێستاش ماوە. زۆر بە شانازییەوە باس لەو سەردەم و کولتوورە دەکەن. من خۆم سەردانی ئەو جێگەیەم کردووە.

بەم شێوەیە ڕۆدۆلف شتاینەر لەژێر کاریگەریی زەردەشتدا بووە و زۆر سوودی لە نووسینەکانی زەردەشت وەرگرتووە و خودی خۆی زۆرجار سیمیناری لەسەر زەردەشت کردووە. جارێکی تر ڕۆدۆلف شتاینەر ڕوحی زەردەشتی لە مەسیحدا دەرخستووە. ئەو سێ کەسایەتییەی کە بۆ پیرۆزبایی لەدایکبوونی مەسیح هاتوون، ڕۆدۆلف شتاینەر دەڵێت یەکێک لەوانە ئەستێرەناس بووە و نێرەری زەردەشت بووە.

وەکو هیرۆدۆتی مێژووناسی یۆنانی دەڵێت: زەردەشت لە زانایانی دەست پێشکەرە کە لەنێو خەڵکیدا کاری بۆ ڕەوانی پاک کردووە. بەم شێوەیە سەما بۆ پاکژی ڕەوانی مرۆڤ و وەئاگا هێنانەوەی پاکژی ناوەوەی دەروونی مرۆڤ دەبینرێ. ڕۆڵی ڕۆشنایی خۆر لە بیناسازی ماڵەکانی ئەنترۆپۆسۆفیدا بەجوانی دەبینرێت. ڕەنگدانەوەی ڕۆشنایی لەهەڵبژاردنی ڕەنگەکاندا لە نمایشەکانی ڕۆدۆلف شتاینەر بە ڕوونی دەردەکەوێت. کاریگەریی زەردەشت لە بەرهەمەکانی و بیرکردنەوەی ڕۆدۆلف شتاینەر بە شێوەیەکی بەرفراوان دەبینرێت.

ڕۆدۆلف شتاینەر سوودێکی فراوانی لە زەردەشت

وەرگرتووە، قوتابخانەکانی ڕۆدۆلف شتاینەر زیاتر بایەخیان داوە بە زەردەشت وەک لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان. دەبێت ئێمە ئەوەش بزانین، کە ڕۆدۆلف شتاینەر لە خاڵێکدا کە ئەویش مەسەلەی ئایینە ڕووبەڕووی ڕەخنە بووەتەوە. گرنگترین شت بۆ کۆمەڵگای کوردستان ئەوەیە، کە پسپۆرانی شانۆ هەوڵ بدەن بۆ داهێنانێکی نوێ سوود لە هەموو جۆرە بیرۆکەیەکی تازە وەربگرن تا بەو داهێنانە خزمەتی فەرهەنگی کوردی پێ بکەن. دەبێت زۆر هۆشمەندبین و بەپێی دیراسەکردنی فەرهەنگی کوردی سوود لەو خاڵانە و لەو بەشانە وەربگرین کە دەشێت بۆ خزمەتی کۆمەڵگای کوردستان بگونجێن. ئێمە خاوەنی فەرهەنگێکی دەوڵەمەندین و پێویستی بەزانست کردنی ئەو فەرهەنگە بەجیهانیکردنی ئەو فەرهەنگە هەیە، لە کاتێکدا وانەی زەردەشت لە زۆربەی قوتابخانەکانی ڕۆدۆلف شتاینەردا دەوترێتەوە. بۆ نموونە لە قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی فالدورف شولەی ڕۆدۆلف شتاینەر لە شاری میونشن.

**پەراوێز:**

**(*) (کاتێ کە بووین بە خاوەنی حکومەتێکی کوردی، ئەوکاتە پرۆژەکانی پسپۆڕی شانۆی کوردی وەلاناخرێن، ئەوکاتە گرنگی بەم بابەتانە دەدرێت و دەبنە بابەتی لێکۆڵینەوەی زانستی شانۆ و گەنجینەی شانۆی کوردی پێ دەوڵەمەندتر دەبێت).**

**(**) (لە کتێبی ئەو پێغەمبەرەی سەما دەکات، لە نووسینی وارشۆ).**

**سەرچاوەکان:**


**1- Theaterlexik0n**
**Hrsg: Manfred Braunik und gerard Schneilin**
**Reibeck in Hamburg 1986. S. 607-608.**
**2- Lexikon der Psyhologie**
**Hrsg: Prof.W. Arnold + Prof. H.Eysenck + Prof: R. Meili**
**Weltbild verlag- Augsburg. 1996. Band. 3.Seite. 1818.**
**3- Ansprache zu einer Eurythmie- Auffuhrung**
**Oxford, 18. Augus.1922.**
**4- Skizzenhafter Uberblick die zu entwickelnden hoheren Wesensglieder der Menschen:**
**Manas und im besonderen Buddhi.**
**Heide Oehms.**
**5- Proplaen- Weltfeschichte.**
**Hochkulturen des mittlren und ostlichen Asiens.**
**Hsg: Golo Mann und Alfred Heuss.**
**Eine Universalgeschichte im Propyaen-Verlag. Frankfort. 1962**
**Seite 142 bis 146**
**6- Also Sprach Zarathutra**
**Friedrich Nieteche**
**Hrs: Rolf Toman**
**Werke 2**
**Konemann Verlag 1994 Koln**
**7- Michael Hauskeller**
**Was ist kunst? Seite 81-86**
**C.H. Beck- Verlag 2002 Munchen.**
**8- H.S. Nyberg**
**Der Religionen des alten Iran**
**J.C. Hinrichs Verlag. Leipzig. 1958.**
**9- Andrea Belliger.**
**David J. Krieger**
**Ritualtheorien**
**Westdeutscher Verlag. 2003 Wiesbaden**

# مێژووی گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

**وریا ئەحمەد**

**دکتۆر نووری تاڵەبانی**

**چاوگەکانی مەقام و غەزەل و گۆرانی کوردستان هەر لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ و ڕۆڵیان لە پاراستن و پێشخستنی هونەرەکەدا**

سەردەمە کۆنەکان لە کوردستان وەک ئەمڕۆکە خولی موزیک فێرکردن و پەیمانگە و بەشی موزیکی کۆلێژی هونەرەجوانەکان نەبووە، تا وەک ئەمڕۆکە ئەو قوتابییانەی بەهرەمەندن، بێن بە سەرپەرشتی مامۆستایانی هونەرمەند و پسپۆڕی ئەم بوارە بەهرەکانیان بە شێوەی زانستی بەرەوپێش بەرن و ڕۆژ دوای ڕۆژ بە پرۆڤەکردنی زۆر و بەردەوام بتوانن لەم هونەرەدا پێش بکەون و داهێنان بکەن و دواجار ناوی تێدا دەرکەن، ئەی ئەو بلیمەتانەی لە کۆندا لەم بوارە داهێنانیان کردووە و تا ئەمڕۆکە ناویان ماوەتەوە، چۆن ئەو هونەرە فێر بوونە ؟ بۆ نموونە، "مەقام" و"غەزەل" و "گۆرانی" گوتن، بەتایبەتی ئەگەر مەقام و غەزەل و گۆرانی و شێوە گوتنە جۆراوجۆرەکانی هەموو ناوچە و دەڤەرە جیاجیاکانی کوردستانی گەورە لێک بدەینەوە، لە نووسینێکی ئاوادا جێی نابێتەوە، بۆیە هەقمانە بپرسین: ئایا ئەو هونەرمەندە پایە بەرزانە لە هونەری گۆرانی و مەقامدا لەو سەردەمە کۆنانە چۆن و بە چ ڕێگەیەک بەو پلەوپایانە گەیشتوون؟

بەڕای ئێمە کوردستان بەو پێیەی میللەتەکە ناوە ناوە بۆتە خاوەنی کیانی نیمچە سەربەخۆ، کە لە ئیمارەتەکانیدا ڕەنگی داوەتەوە، هەر جارە و ماوەیەک لە دەڤەرێکدا ئیمارەتێکی وەک (ئەردەڵان، سۆران، بابان، جاف، بۆتان، بتلیس) سەری بەرز کردووەتەوە و خەڵکانی ئەو دەڤەرانەش بۆ ماوەی جیاجیا ، لەژێر



د. نووری تاڵەبانی

سێبەری ئەو میر و پاشا کوردانەدا تارادەیەک حەساونەتەوە، ئەوەش بەو هۆیەی کە لەو ماوانەدا ئاسایش و ئارامی باڵی بەسەر ئەو ناوچە و دەڤەرانەدا کێشاوە. دیارە هونەریش لە بارودۆخی ئارام و ئاسایشدا گەشە دەکات و هەنگاو بەرەو پێشەوە دەنێت، یەکێک لە نموونەی ئەو چاوگانەی گەشەکردنی گوتنی مەقام و غەزەل و ئەوانی تر: تەکییەی (تاڵەبانی)یە لە شاری "کەرکووک". تەکییەی تاڵەبانی کە هەر لە دێر زەمانەوە بەسەرپەرشتی شێخانی پایەبەرزی وەک (مەولانا شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی)(١) ناسراو بە (خاڵیس)، هەروەها لە گوندی (لەیلان) لەلای شێخ حەسیب تاڵەبانی، کۆڕ و کۆبوونەوە لەچەشنی میهرەجانەکانی ئەمڕۆ، میوانداری دەنگخۆش و مەقامزان و ئوسوولزانانی ئەو هونەرە لە کەرکووک و دەرەوەی کەرکووکیش کراوە و بەشدارییان تێداکردووە و هەموو پێداویستییەک، وەک شوێنی حەوانەوە و خواردن و هاتوچۆیان بۆ میوانان دابین کردووە، هەر لەوێدا لەگەڵ ئوستادەکانی مەقامخوانانی شارەکەیان بەرانبەر یەکتری کراونەتەوە.

(حەمە درێژ)ی ڕەحمەتی کوڕی حاجی سەعیدی خەڵکی گەڕەکی بەرتەکییە بوو لە کەرکووک، باوکیشی مەقامزان و دەنگخۆش بووە، بەیانیان بەدەنگە خۆشەکەی (سەڵای) لە تەکییەی تاڵەبانی کردووە، لەم ڕووەوە بۆی گێڕامەوە گوتی: (شەڵتاغ ... لە بەغدا چاکترین ئوستادی مەقام بووە، ئەمە قسەی باوک و باپیرانمانە، ئەوان گوتوویانە: ئەو پیاوە بە ڕەچەڵەک خەڵکی ناوچەی (کفری) بووە، هەرچەندە برا تورکمانەکانمان لە کەرکووک بە یەکێک لە ئەندامانی هۆزی (بەیات)ی دەزانن. شەڵتاغ کوڕی سوڵتان بووە، جارێکیان دەچێتە تەکییەی تاڵەبانی لە کەرکووک، ئەوکاتە مەولانا شێخ عەبدلڕەحمانی خاڵیس شێخی ئیرشادی ئەو تەکییەیە بووە، کە لە کەرکووک بە (تەکییەی گەورە، بیوک تەکییە) دەناسرێت. کاتێ شێخی خاڵیس چاوی بە شەڵتاغ کەوتووە، ناردوویەتی بەدوای (وەلی) مەقام خوێندا، عەرزیان کردووە: قوربان ئێستا وەلی سەرخۆشە...، فەرموویەتی: بەسەرخۆشیش بووە بیهێنن! (وەلی) هاتۆتە تەکییە و لەگەڵ (شەڵتاغ) پێکەوە دانیشتوون، بەئامادەبوونی مەقامزان و دەنگخۆش و مەقام دۆستی ئەو شارە. (شەڵتاغ) و (وەلی) شەووڕۆژێک بەردەوام مەقامیان خوێندووە و مەقامیان گۆڕیوەتەوە! هەڵبەتە لە گوتنی مەقامەکاندا دەستووری مەقامیان ڕەچاو کردووە، چونکە هەر یەکێکیان ویستوویەتی بۆ ئامادەبووان بسەلمێنێ کە لە دەنگ و مەقام گۆڕین و چینە جۆر بەجۆرەکانی دەنگ و تا دوایی، لەوی دیکە شارەزا و بلیمەت و ئۆستاد ترە، لە ئەنجامدا شەڵتاغ پەکی کەوتووە! هەستاوە ئەم لا و ئەولای وەلی ماچ کردووە و ڕووی کردۆتە شێخی خاڵیس و گوتوویەتی: قوربان یا شێخ ئەم پیاوە ئۆستادی منە!

حەمە درێژ هەر لەم بارەیەوە گوتی: دەنگوباسی دیکە لەبارەی لێهاتوویی و بلیمەتی "وەلی" زۆرن، بۆ نموونە: جارێکیان لە بەغداوە داوەت کراوە، گەلێ کۆڕی مەقام خوێندن بە بۆنەی هاتنی وەلییەوە بەستراوە، مەقام خوێنانی بەغدا ئەوانەی بەشداری ئەو کۆڕانەیان کردووە هەموو پەکیان کەوتووە، کەچی وەلی هێشتا هەر بەردەوام بووە و دانەماوە!(٢)

## چاوپێکەوتنێک لە گەڵ دکتۆر «نووری تاڵەبانی» دەربارەی مەقام لەناوچەی کەرکووک

"دکتۆر نووری تاڵەبانی" کوڕی کۆچکردوو "شێخ جەمیل تاڵەبانی" یە، کە تا کۆچکردنی لە یەکی ئابی (١٩٦٠) شێخی ئیرشادی تەکییەی تاڵەبانی بووە لە کەرکووک. تەکییەی تاڵەبانی لە کەرکووک سەرچاوەی

هەموو تەکییەکانی تاڵەبانییە لە هەموو بەشەکانی کوردستان و عیراق و ئێران و تورکیا و وڵاتانی دیکەی جیهانی ئیسلامی. دکتۆر نووری تاڵەبانی بەم جۆرە دەستی بەقسەکانی کرد و گوتی: (لەناوەڕاستی ساڵی (١٩٥١)دا قوتابی پۆلی یەکەمی قوتابخانەی ناوەندیی کەرکووک بووم. خوای لێی خۆشبێ باوکم نەخۆش بوو، بۆ سەردانی پزیشکەکانی بەغدا چوو بوو، میوانی (سەید عاسمی گەیلانی – نەقیبی ئەشرافی ئەو سەردەمەی بەغدا) بوو. بارەگای نەقابەتخانەی (سەید عاسم) بەرانبەر بارەگای (شێخ عەبدولقادری گەیلانی) بوو، لە گەڕەکی (باب الشیخ). کەسایەتی و خەڵکانێکی زۆر سەردانی باوکمیان دەکرد بۆ هەواڵ پرسین و سەردانی. هەروەها د. نووری گوتی: لەو ماوەیەدا بۆ یەکەم جار چوومە بەغدا بۆ سەردانی باوکم، لەو ماوە کورتەی لە خزمەت باوکم مامەوە، بینیم بەشەو هونەرمەندی نەمر "عەلی مەردان" و "حەمە غەریبی ئامۆزای" و چەند کوردێکی دیکەی دانیشتووی گەڕەکی (باب الشیخ) دەهاتنە خزمەتی باوکم. لەبیرمە پاش نوێژی شێوان خەڵکەکە وردە وردە دەڕۆیشتن و چەند کەسێکی خۆیی دەمانەوە، لەوانە عەلی مەردان و کاک حەمە غەریبی ئامۆزای. باوکم کە زۆر حەزی لەبیستنی (مەقام) بوو، لێشی دەزانی، بە پێکەنینەوە لەبەر خۆشەویستی بە عەلی مەردانی گوت: "کوێرە دەی دەست پێ بکە، ئەو کەسانەی ماون میوان نین لە خۆمانن". لەوەڵامدا عەلی مەردانی ڕەحمەتی گوتی "یاشێخ ئەگەر (گووەکە)(٣) نەخۆمەوە بۆم نایەت"! پاش تۆزێک دەستی بە مەقامی (ئەڵڵا وەیسی) کرد. لەوە دەچوو ئەو ماوەی باوکم لە بەغدا بوو، ئەو هونەرمەندە زوو زوو شەوان سەردانی بکات، مرۆڤێکی زۆر بە وەفا بوو، زۆر جاران مەقامی ئەڵڵاوەیسی بۆ دەگوت و دانیشتووان بەبێ دەنگی گوێیان بۆ شل دەکرد.

د. نووری گوتی:"شێخ حەسیبی تاڵەبانی" لەگەڵ شێخ نەجیبی برای، کە هەردووکیان کوڕی شێخ عەلی تاڵەبانی گەورەن، لە گوندی (لەیلان) و (یەحیاوە)ی نزیک کەرکووک دادەنیشتن، دانیشتووانانی ئەو دوو گوندە (کورد) و (تورکمانی) شیعە بوون. دەگێڕنەوە دەڵێن کاتێ (خونچە خانی) خێزانی شێخ حەسیب، کە دایکی شێخ ئەدیبی کوڕی بوو، کاتێ لەسەرەتای بیستەکانی سەدەی ڕابردوو بە بووک بردوویانە بۆ (لەیلان)، منداڵێکی زۆر دەنگخۆش لەو ئاهەنگەدا گۆرانی گوتووە، ئەو منداڵە (عەلی مەردان) بووە، ماڵیان لەو دەمەدا لەو گوندە بووە. پاش کردنەوەی ڕادیۆی کوردی لە بەغدا لەسەرەتای سییەکانی سەدەی ڕابردوو، شێخ حەسیب هاوکاری عەلی مەردانی کردووە تا لەو ئێزگەیەدا مەقام و گۆرانی بڵێت.

دکتۆر نووری تاڵەبانی بەردەوام بوو گوتی: "ساڵی ١٩٥٨ لە کۆلێژی (ماف- حقوق) لە (زانکۆی بەغدا) قوتابی بووم، لە (یانەی سەرکەوتنی کوردی) لە بەغدا کۆمیتەیەکی تایبەت بۆ قوتابییان دروست کرابوو، ئەندامەکانی ئەو کۆمیتەیە لە نێو خۆماندا بە هەڵبژاردن دەستنیشان کرابوون، لەوانە "سورەیا خانی جەلی زادە" و کاک "شەوکەت عەزیزی سەیدەلانی" و "د. نەسرین فەخری" و من و چەند کەسێکی دیکە. کۆمیتەکە بەهاوکاری یانەی (سەرکەوتن) ئاهەنگێکی ڕێکوپێکی لە هۆڵی (جمعیة المهندسین) لە (علویة) بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە سازکرد، زیاتر لە (٨٠٠) کوردی دانیشتووی بەغدا و دەرەوەی ئامادە بوون، لەوانە (ڕەفیق حیلمی، ئیحسان شێرزاد، مەحمود بابان، ڕەشید عارف و نووری ئەحمەد تەها) و کەسانی دیکە. لەو ئاهەنگەدا پارچە هۆنراوەکەی شاعیری بەناوبانگ : فایق بێکەس"م پێشکەش کرد:

**"ئەی وەتەن مەفتوونی تۆم و شێوەتم بیر کەوتەوە"**، بەشداربووانی ئاهەنگەکە زۆریان پێ خۆش بوو، بەیتی وا هەبوو لەو شیعرە دووبارە و سێ بارە پێیان دەوتمەوە. هونەرمەندە کوردەکانی ئەو دەمە، بەبێ بەرانبەر بەشدارییان لە ئاهەنگەکەدا کرد، وەک (عەلی مەردان، نەسرین شێروان، حەسەنێ جزیری) و هی دیکە، کە ناویانم لەبیر نەماوە. لەو ئاهەنگەدا سەرەتا عەلی مەردان چەند گۆرانییەکی پێشکەش کرد، چەند دەنگێک بەرزبوونەوە داوای مەقامی "ئەڵڵاوەیسی-یان لێکرد. پاش ماوەیەک لە حەسانەوە، لە هونەرمەندی نەمر عەلی مەردانم پرسی ئەو خەڵکە داوای (ئەڵڵا وەیسی) دەکەن؟ گوتی: لە دوای کۆچی (مامت - شێخ حەسیب) ئەڵڵا وەیسیم نەگوتووە، بەڵام مادام تۆ برازای ئەوی و داوای دەکەی، لەبەر خاتری تۆ دەیڵێم، ئەو هەڵوێستەی دەلیلی ئەوەیە ئەو پیاوە چەند وەفاداربووە بۆ ئەو کەسانەی

چاکەیان لەگەڵ کردووە.)
دکتۆر نووری دیسان گوتی: "حاجی ئۆمەری" دانیشتووی گەڕەکی (بەرتەکییە) لە کەرکووک، کە باپیری کاک میقدادی مەقامزانی خەڵکی کەرکووکە، تا سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لەژیاندا مابوو، دەیگوت: ژیانی ئێوە کەی ژیانە، ئێمە لە گەڵ (کاروان)دا لە ڕێگەی (شوان) و (کۆیە)وە دەچووینە (سابلاخ)، ئەوەندەی پەیدامان دەکرد ساڵێک پێی دەژیاین! ئەو پیاوە تا مابوو ڕۆژان و شەوانی هەینی لەسەر منارەکەی تەکییە (سەلا)ی دەکرد. ئەوەندە دەنگخۆش و دەنگ بەرز و مەقامزان بوو، بە بێ (مایکرۆفۆن) لەسەر منارەی تەکییەوە دەنگی دەگەیشتە ناو شاری کەرکووک و دانیشتوانانی قەڵاکەی.
د. نووری بۆی باس کردم و گوتی: لە تەکییەی تاڵەبانی لە کەرکووک، کە سێ سەد ساڵ زیاترە دروست کراوە، لە ڕۆژانی هەینیدا، لەپاش نوێژ، زیکر دەکرێت. لەو زیکرەدا کە بە حەوت فەسڵی جیاوازە، لە هەر فەسڵێکیش بە ئاوازی جیاواز ئامێری (دەفی دەروێشی) لێ دەدرێت. لەهەمان کاتدا مەقام و (تەنزیلە)ی تایبەت لەگەڵیاندا دەگوترێ، ئەمەش بە بەشداریکردنی مەقامزانانی بەناوبانگی ئەو شارە. لەدوای تەواوبوونی زیکر جارێکی دی، بەڵام ئەم جارەیان بەدانیشتنەوە مەقام و تەنزیلەی جیاواز لەلایەن مەقامزانانەوە پێشکەش دەکرێنەوە. لە کۆنەوە باشترین مەقامزانانی ئەو شارە بەشدارییان لە زیکری ڕۆژانی هەینی لە تەکییەی تاڵەبانی کەرکووکدا کردووە، ئەمە جگە لە مەولوود خوێندنەوە لە ڕۆژانی تایبەتدا. موریدانی تەکییەی تاڵەبانی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان و عێراق و ئێران و تورکیاوە ڕوویان کردووەتە تەکییە، بەو بۆنەیەوە مەقامخوێنانی کەرکووک چوونەتە تەکییە لەو بۆنانە بە پێشکەشکردنی مەقامی جیاواز بەشدارییان کردووە، کە زۆر جاران چەند ڕۆژ و شەوی خایاندووە. ئەو موریدانەی تەکییە کە لە دەرەوە هاتوون، بەشێکیان مەقامزان و دەنگخۆش بوون، هەڵبەتە ئەوانیش بەشدارییان لەو میهرەجانانەدا کردووە.
هەروەها دکتۆر نووری تاڵەبانی گوتی: (لە منداڵییەوە گوێم بە بیستنی مەقام و گۆرانی ڕەسەنی کوردی ڕاهاتووە، لە (ئەڵڵاوەیسی و خاوکەر و قەتار و خورشیدی، لەگەڵ سیاچەمانەی هەورامان و هۆرەی جاف و حەیران و لاوکی دەشتی هەولێر و بادینان، چونکە لە هەموو لایەکی کوردستانەوە موریدانی تەکییە دەهاتن و بەدەنگی خۆش ئەو جۆرە مەقام و گۆرانییانەیان دەگوت، ئەوەش وای لێکردووم لە منداڵییەوە گوێم لە بیستنی مەقام و گۆرانی ڕابێت و بە بیستنیان خۆشحاڵ بم.)
* لە چاوپێکەوتنەکانم لە گەڵ مەقامزانانی کۆچکردوو (حەمە درێژ) و (مام محێدین) و کەسانی تریش، باسی خوالێخۆشبوو شێخ جەمیلی باوکت کراوە(٤)، باوک و باپیرانت بە ڕەحمەت بن لە تەکییەی تاڵەبانیدا زۆر گرنگییان بە مەقام و مەقامبێژان داوە و خۆیشیان مەقامزان بوونە، خۆشتان گێڕاتانەوە کە باوکتان لەو سەفەرەی بەغدا شەوانە داوای لە هونەرمەندی نەمر (عەلی مەردان) کردووە مەقامی بۆ بخوێنێت. هەر وەک چۆن لە هەمان کاتدا تەکییەی تاڵەبانی جێگەی کۆبوونەوەی مەقامزان و مەقامخوێن و دەنگخۆشان بووە. بەڕای ئێمە تەکییەی تاڵەبانی لە شاری کەرکووک وەک (ئەکادیمیا)یەکی هونەری کوردی بە گشتی و هونەری مەقام بەتایبەتی، تەماشای کراوە. بۆ نموونە: لە سەردەمی (شەڵتاغی) کوردی کفری، تا دەگاتە مەقامزانان و دەنگخۆشانی کوردی وەک (حاجی نوعمان) و (مەلا تەها) و (وەلی) لەگەڵ زۆر لە مامۆستایانی دیکەی مەقام، لە تەکییەی شێخانی تاڵەبانی، لەسەردەمی شێخ عەبدولڕەحمان و شێخ عەلی گەورەی باپیرە گەورەتان لەگەڵ شێخ جەمیلی باوکت ڕۆڵێکی گەورەیان لە پشتگیریکردن لە مەقامزانان بینیوە. وەک بیستوومانە، باوکت و باپیرانت بەبێ ئەو مەقامزان و دەنگخۆشانە ئۆقرەیان نەگرتووە، چەندین مەقامزان و مەقامخوێن و دەنگخۆش و دەروێشی دەفژەن و غەزەل و مەقام خوێنانیان بۆ ماوەی چەندین شەو و ڕۆژ بەرانبەر بەیەکتری داناوە و پێشبڕکێی مەقام گوتنیان سازداوە، کەچی ئێوە لەو نامیلکەیەتان دوور و نزیک باسی ئەو ڕۆڵە گرنگەی تەکییەی تاڵەبانیتان نەکردووە، کە لە ڕابردوودا وەک گوتمان ڕۆڵی پەیمانگەی هونەری مەقام گوتن و ئەکادیمیای هونەری ئەمڕۆی بینیوە؟
- لە ساڵی (١٩٩٦)دا کاتێ لە لەندەن بووم، نووسەرێکی کوردی دانیشتووی ئەڵمانیا چەندین پرسیاری دەربارەی شێخانی ئیرشادی خانەوادەی

تاڵەبانی ئاراستە کردم، چونکە بە نیاز بوو زانیاری دەربارەی بنەماڵەی "تاڵەبانی" کۆبکاتەوە. لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانە شتی زۆر وردم بۆ نووسیبوو، وادیارە وەڵامەکانی پێ خۆش بوون، بۆیە پێشنیاری کرد ئەو زانیارییانە بە شێوازێکی فراوانتر بنووسمەوە و لە نامیلکەیەکدا بڵاویان بکەمەوە. لە چوارچێوەی پرسیارەکانی ئەو نووسەرە زۆر نەچوومە دەرەوە، ئەو زانیارییانەم لە شێوەی نامیلکەیەک لە هەولێر بڵاوکردەوە، کاک محەمەدی مەلا کەریم (پێشەکی) بۆ نووسیوە. پاشتر داوام لێکرا وەریگێڕمە سەر زمانی "عەرەبی". هەروەها د. نووری گوتی: چەندین جار چاوم بە ڕێوڕەسمی (زیکر) کەوتووە ئەمە لە ناو تەکییەدا، مەقامزانان لە ناوەڕاستی ڕێوڕەسمەکەدا ڕادەوەستان، دوای خوێندنی چەند ئایەتێک لە (قورئان)ی پیرۆز، دەستیان بە خوێندنی (مەقام) دەکرد، هەندێ لە هۆنراوەکانی (شێخ عەبدولڕەحمانی خاڵیسی)یان بە مەقام دەخوێندەوە. یەکێک لەوانەی کە گوێم لە دەنگی بووە زۆر بە تەمەن بوو، ناوی (حاجی نوعمان) بوو، کاتێ شیعرەکانی شێخی دەخوێندەوە بەکوڵ دەگریا، کاتی خۆی خەلیفەی شێخ عەلی گەورە بووە.

* ئەو زاتانەی لە سەدەی ڕابردوودا دەربارەی بابەتەکانی (مەقام، تەکییەی تاڵەبانی، کەرکووک، گەرمیان) چاوپێکەوتنم لە گەڵیاندا کردووە و ئەمڕۆ کۆچیان کردووە، بۆ نموونە: خاڵە "حەمە درێژ" و "مام محێدین"، زیاد لە جارێک ناوی (شێخ حەسیب) و (شێخ ئەدیب)یان بردووە؟ کەچی لە زنجیرەی ناوی شێخەکانی ئیرشادی تەکییەی تاڵەبانی ناوی ئەو دوو زاتە نەبراوە؟

- ناوی (شێخ حەسیب)ی مامم لەو کتێبەدا هێناوە، بەڵام ئەو شێخی ئیرشاد نەبوو، ماوەیەکی زۆر ئەمە تا کۆچکردنی لە کۆتایی ساڵی (١٩٤٨) قایمقام بوو. لەسەرەتای کردنەوەی ئێزگەی ڕادیۆی کوردی لە بەغدا هاوکاری هونەرمەندی گەورە "عەلی مەردان"ی کردبوو، تا لەوێدا بتوانێ مەقام و گۆرانی پێشکەش بکات. چەند جارێک لە کۆچکردوو عەلی مەردانم بیستووە باسی شێخ حەسیبی مامی کردووە، دەیگوت بەهۆی ئەوەوە گەیشتمە بەغدا. عەلی مەردان پێشتر لە گوندی (لەیلان)، کە گوندی شێخ حەسیب بووە، لەگەڵ کەسوکاری لەوێدا ژیاون، پاشان چوونەتە کەرکووک لە گەڕەکی (بەرتەکییە) ژیاون، پاشتر بەیەکجاری چوونەتە بەغدا لە گەڕەکی (باب الشیخ) لەگەڵ ئامۆزایەکی بەناوی کاک (حەمە غەریب) لەو گەڕەکەدا ژیاون، بەڵام لە کەرکووک دانەبڕابوون و هەمیشە سەردانیان کردووە. شێخ (ئەدیب) کوڕی گەورەی شێخ حەسیب بوو، ئەویش فەرمانبەر بوو، بەڵام لە کەرکووک وەکو باوکی زۆر حەزی لە مەقام بوو، هەمیشە دۆستی دەنگخۆشان بووە.

دوای ئەوەی ئەو نامیلکەیەی دکتۆر نووری تاڵەبانی کە بە ناوی: "شێخانی ئیرشادی تاڵەبانی و چەند ناودارێکی دیکەی ئەم بنەماڵەیە"م خوێندەوە، بۆم دەرکەوت زنجیرەی شێخەکانی"ئیرشاد"ی تەکییەی تاڵەبانی بەو شێوەیەی خوارەوە بووە:

(١) مەلا مەحموودی زەنگنە. کوڕی (ئاغا ڕۆستەم)ی (ئاغا یووسف)ە، لە نەوەی (کاکە سووری) ناوچەی (بۆکان)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، زیاتر لە (٣٠٠) ساڵ لەمەوبەر بۆ تەواوکردنی خوێندن، بە فەقێیەتی ڕووی لە باشووری کوردستان کردووە، تا لای مەلا بە ناوبانگەکانی بخوێنێت، جاران ئەم جۆرە هاتوچۆکردنە لە نێوان ناوچەکانی کوردستاندا زۆر ئاسایی بووە.

هەر لەو کتێبەدا هاتووە: دەربارەی بنەماڵەی (تاڵەبانی) بۆچوونێکی دیکە هەیە، کە باپیرە گەورەیان لە سەردەمی (سەفەوییەکان)دا هاتوونەتە ئەم دیوی کوردستان، چونکە زۆریان بۆ هێناون ببن بە (شیعە)، ئەوانیش ماڵ و موڵکی خۆیان بەجێ هێشتووە و هاتوونەتە ناوچەی (قەرەداغ) و لەوێدا نیشتەجێ بوونە. باپیرە گەورەیان لە نەوەی (کاکەسوور)ن، لە ناوچەی (بۆکان)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەگەر جیاوازییەک هەبێت ئەوەیە: کەی هاتوونەتە کوردستانی باشوور؟

(٢) شێخ ئەحمەدی کوڕی مەلا مەحموودی تاڵەبانی. مەلا مەحموودی زەنگنە دوو کوڕی هەبووە، "ئەحمەد" و "محەمەد"، کە بە گەنجی کۆچی دوایی کردووە. شێخ ئەحمەد نەوەی زۆری هەبووە، دەتوانین بڵێین بنەماڵەی تاڵەبانی لەوەوە دەستی پێکردووە، ناوەکەشی هەر لەوێوە وەرگیراوە، نۆ کوڕی لە پاش بەجێ ماوە، دووانیان بە گەنجی مردوون. جگە لەوە چەند کچیشی هەبووە، ئەمانە هەموویان لە سێ ژن بوون، یەکێکیان خاڵۆزای خۆی

بووە، کچی"عەبدوڵڵا بەگی کوڕی سمایل خانی زەنگنە" بووە، دووەمیان لە ئاغاکانی خێڵی (داوودە)ی گەرمیان بووە، سێیەمیان لە ئاغاکانی(زەهاو)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە. ناوی (تاڵەبان) لە گوندی (تاڵەبان)ەوە وەرگیراوە، کە بەرانبەر دێی (قرخ)ە، بەڵام دێی (تاڵەبان) شێخ ئەحمەد خۆی بنیادی ناوە، دەکەوێتە دەستی چەپی سەر ڕێگای نێوان "چەمچەماڵ" و"کەرکووک".

(٣) مەولانا شێخ عەبدولڕەحمانی خاڵیس. وەک پێشتر باسمان کردووە، لە مەیدانی تەسەوفدا پایە بەرز بووە، لەڕیزی کاک ئەحمەدی شێخ و مەولانا خالید بووە. زۆر دۆستی کاک ئەحمەد بووە، پێکەوە هەردووکیان لە خزمەتی شێخ مەعرووفی نۆدەیی لە سلێمانی خوێندوویانە. کاتێ کاک ئەحمەدی شێخ لە سەفەری حیجاز گەڕاوەتەوە، لە کەرکووک میوانی شێخ عەبدولڕەحمان بووە. بە کورتی شێخی خاڵیس یەکێک بووە لە شێخە گەورەکانی کوردستان، پاش کۆچکردنی باوکی لە گوندی (تاڵەبان) ماوەتەوە، دواجار لە سەر داوای خەڵکی کەرکووک هاتووەتە ئەو شارە.

(٤) شێخ عەلی گەورە، ساڵی (١٨٣٢ - ١٨٣٣)ی زایینی لە گوندی (قرخ) لە دایک بووە. چۆتە "کۆبە" لای "مەلا ئەسعەدی جەلیزادە" لە گەڵ "مەلا عەبدوڵڵای کوڕی" پێکەوە (فەقێی موستەعید)ی بوون، هەر لای ئەویش ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە. شێخ عەلی هەموو قورئانی پیرۆزی لەبەر بووە، لەگەڵ بەشی زۆری "سەحیحی بوخاری" بە تەفسیرەوە، بەشی زۆری مەلا گەورەکانی کەرکووک، وەک (مەلا ناسح) و (مەلا ڕەزای واعیز) و (مەلا مەحموودی مەزناوە) و(مەلا عەلی حیکمەت) خەلیفەی ئەو بوون.

(٥) شێخ محەمەد عەلی تاڵەبانی، کوڕی گەورەی شێخ عەلی گەورەیە، دوای کۆچی دوایی باوکی لە شوێنی دانیشتووە.

(٦) شێخ جەمیلی تاڵەبانی، باوکی د. نووری تاڵەبانی، دوای کۆچی دوایی شێخ محەمەد عەلی تاڵەبانی باوکی، حاجی شێخ جەمیل کە لە ساڵی (١٨٩٠)ی زایین لە کەرکووک لە دایک بووە، لە شوێنی باوکی دانیشتووە. شێخ جەمیل خزمەتێکی زۆری بە تەکییە کردووە، لەسەردەمی ئەودا هەمیشە بەسەدان کەس ڕۆژانە لە تەکییە نانیان خواردووە، هەروەها هەمیشە خەڵکی کوردستانی ئەودیو هاتوونەتە کەرکووک بۆ کارکردن و لە تەکییە ماونەتەوە و خزمەت کراون.

(٧) شێخ عەلی تاڵەبانی. کوڕی گەورەی حاجی شێخ جەمیل بوو، ئەویش لەسەر ڕێبازی باوک و باپیرانی ڕۆیشتووە، هەمیشە لە تەکییە فەقێی هەبووە دەرسی پێداون، جگە لەوەش بەبەردەوامی خزمەتی خەڵکی کردووە، لە کاربەدەستانی ڕژێمی عیراقی خۆی دوورە پەرێز گرتووە. لەسەردەمی ئەودا لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا بەعس بەنیاز بوو تەکییەی کەرکووک خاپوور بکات، بەوەی ڕێگایەکی گشتی بکاتەوە هەموو تەکییەی تاڵەبانی بەرکەوێت، بەڵام پاشان ئەو پلانەی جێبەجێ نەکرد بەهۆی دکتۆر موکەڕەم تاڵەبانییەوە، کە ماوەیەک وەزیر بوو. هەر لە ناوەڕاستی ساڵی (١٩٦٣)وە هەرچی موڵک و زەوییان لە کەرکووک و دەوروبەری هەبووە، لە لایەن ڕژێمەوە داگیرکراوە. لە تەمەنی گەنجیدا، لە (١٩٩٠/١١/٢٢) بە کارەساتێکی دڵتەزێن لە ڕێگای نێوان "کۆیە" و"هەولێر" گیانی لەدەست داوە.

(٨) شێخ یووسفی تاڵەبانی، لە دوای باوکی، شێخ یوسفی کوڕی کە دەرچووی کۆلێژی (شەریعەی زانکۆی مەدینەی مونەووەرە)یە، لە جێگای باوکی دانیشتووە، ئێستا ئەو شێخی ئیرشادە و تەکییەکە بەڕێوە دەبات.

هەروەها د.نووری تاڵەبانی گوتی: هونەرمەند کاک"مەزهەری خالقی" بۆی گێڕاوەتەوە، کاتێ ئەو هونەرمەندە منداڵ بووە، سەردانی"تەکییەی تاڵەبانی" لە شاری "سنە" کردووە. لەو دەمەدا خەلیفە (ئاغا جافەر) ئەو تەکییەی بەڕێوە بردووە، هەر لەوێدا گوێی لە دەنگی مەقامزان و دەنگخۆش و غەزەلخوێن بووە لە کاتی زیکر کردندا.

* حەز دەکەم باسی (کاروان- قەتار) و (کاروانچییەکان - قەتارچییەکان)م بۆ بکەیت؟

- زۆر منداڵ بووم، بەڵام لەبیرم ماوە، بەیانیان (کاروان- قەتار) لە ڕێگایەکی نزیکی پشت تەکییەوە دەگەیشتنە کەرکووک. جارێکیان بەرەبەیان بوو، چاوم لێ بوو باوکم گوێی لە مەقامی ئەڵڵاوەیسی کاروانچی دەگرت، دەنگخۆش و دەنگ بەرز بوون، چونکە لە دوورەوە دەنگیان دەگەیشتە تەکییە.

## تەکییەی تاڵەبانی لە کەرکووک

دکتۆر نووری لەبارەی تەکییەی تاڵەبانییەوە بۆی باس کردین و گوتی: (تەکییەی تاڵەبانی) لە (کەرکووک) بە تەکییەی گەورە ناسراوە، لەناو تورکمان بە (بیوک تکیه) ناسراوە، کەوتووەتە قەراغی شاری کەرکووک، لە نزیکی ڕێگای (کەرکووک - سلێمانی)، لە سەر گردێک دروست کراوە کە لە قەڵای کەرکووک بەرزترە. ئەم تەکییەیە لە ساڵی (١٢١٠)ی کۆچی لەلایەن (مەلا مەحموودی زەنگنە)، باپیرە گەورەی شێخانی تاڵەبانی دروست کراوە، لە سەرەتای دروستکردنی زۆر گەورە و فراوان نەبووە، پاشتر لە سەردەمی مەولانا شێخ عەبدولڕەحمانی تاڵەبانی، ناسراو بە (خاڵیس) گەورە کراوەتەوە، بە دەیان ژووری تێدا دروست کراوە. تەکییەی تاڵەبانی کەرکووک سەرچاوەی هەموو تەکییەکانی تاڵەبانییە. سەردەمی شێخی خاڵیس وەک مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مودەڕیس نووسیویەتی "سەردەمی زێڕینی ئەو تەکییە و بنەماڵەی شێخانی تاڵەبانی بووە". شێخی خاڵیس دەستی بە گەورەکردنەوەی ئەو تەکییەیە کردووە، چونکە خەڵکێکی زۆر لە هەموو وڵاتانی ئیسلامی، لە هەموو بەشەکانی کوردستان و"شام" و "میسر"و جێگاکانی تری دەوڵەتی عوسمانی، ڕوویان تێکردووە. شایانی گوتنە لەو دەمەدا (کەرکووک) پایتەختی ویلایەتی (شارەزوور) بووە، ناو و شوورەتی شێخی خاڵیس و تەکییەکەی بە هۆی "والی عوسمانی"یەوە گەیشتووەتە (سوڵتان عەبدولمەجید)، بە فەرمانی ئەو سوڵتانە تەکییە بە شێوەیەکی نوێ دروست کراوەتەوە، بۆیە ئێستاش بە فەرمی بە مزگەوتی (مەجیدییە) ناسراوە، بەڵام لەناو خەڵکدا بە "تەکییەی گەورە" و "تەکییەی شێخ جەمیل" و "تەکییەی تاڵەبانی" ناسراوە. لە سەردەمی "شێخ عەبدولڕەحمانی خاڵیس"دا تەکییەی تاڵەبانی بۆتە مەڵبەندێکی ئایینی و کۆمەڵایەتی بێ وێنە، لە زۆر جێگای کوردستاندا، بەتایبەتی لە ناوچەکانی (زەهاو، جوانڕۆ، هەورامان، سنە، مەریوان، موکریان..تاد) لقی ئەو تەکییەیە کراوەتەوە. لە کتێبێکدا بە ناوی (حجة الذاكرين ورد الناكرين)، کە لە ساڵی (١٩٢٤)دا لە شاری (تەنتا)ی میسر لە چاپ دراوە، نووسەرەکەی کە خەلیفەی شێخی خاڵیس بووە بەناوی (الشيخ عبدالقادر محي الدين الاربيلي)، لە پێشەکی ئەو کتێبەیدا نووسیویەتی "ئەو تەکییەیە بە فەرمانی مەولانا شێخ عەبدولڕەحمان کراوەتەوە لە شاری (تەنتا)" لە میسر. مەولانا شێخ عەبدولڕەحمان جگە لەوەی زانایەکی گەورە بووە، لە مەیدانی شیعردا شاعیرێکی پایەبەرز بووە، بەتایبەتی لە مەیدانی شیعری عیرفانی و تەسەوفدا، بە هەر چوار زمانی کوردی (شێوەی هەورامی) و فارسی و تورکی و عەرەبی شیعری داناوە. دیوانی شیعرەکانی بەناوی "جەزبییەی عیشق"، بۆ یەکەم جار لە ئەستەنبوڵ لە ساڵی (١٨٩٠)، لەسەردەمی شێخ عەلی کوڕی گەورەی چاپ کراوە. چاپی دووەمی لەسەردەمی شێخ جەمیلی تاڵەبانی (باوکی دکتۆر نووری تاڵەبانی) لە ساڵی (١٩٥٠) لە ئێران چاپ کراوەتەوە، چاپی سێیەم هەر لە ئێران لە ساڵی (١٩٩٣) چاپ کراوەتەوە. لە مەیدانی شیعر و ئەدەبدا لەگەڵ زۆرێک لە شاعیرانی سەردەمی خۆی، بە تایبەتی لە گەڵ (مەولەوی) شیعریان بەسەریەکدا گوتووە. (حاجی قادری کۆیی) شاعیر، کە ماوەیەک لە کەرکووک لەلای شێخ عەبدولڕەحمان خوێندوویەتی وەک (فەقێی موستەعید)، زۆر بەڕێزەوە باسی شێخ عەبدولڕەحمانی کردووە، چونکە لە نزیکەوە ناسیویەتی: لە پارچە شیعرێکیدا گوتوویەتی:

**غەوسی سانی و حاتەمیی مەزهەب**
**عەبدوڕەحمانی خاڵیسی مەشرەب**

تۆفیق وەهبی بەگ شێخ عەبدولڕەحمانی هەر بە شاعیر و زانا ناو نەبردووە، بەڵکو وەک فەیلەسووفێک تەماشای کردووە، وەک (تاغوور)ی هیندی تەماشای کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی کورد بووە وەک ئەو ناوی لە جیهاندا دەرنەکردووە.

شێخ عەبدولڕەحمانی خاڵیس لەناو ڕێبازی قادریدا دانەری ڕێبازی تایبەتی خۆی بووە، ڕێبازەکەی بە (خاڵیسی) ناسراوە، بۆیە نەوەکانی بە (خاڵیسی) ناودەبرێن. لەو ڕێبازەدا ڕێگا بە (تیخ بازی) لەناو موریدەکانی نەدراوە، هەروەها ڕێگای بە خەلیفەکانی نەداوە بەناو موریدەکانیاندا بسووڕێنەوە، چونکە زانیویەتی دەبنە بارقورسی بە سەریانەوە. نووسەری هۆڵەندی ناسراو (Martin van Bruinessen)، لە کتێبەکەیدا کە تایبەتە بە ڕێبازی قادری و شێخانی ئەو ڕێبازە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا، بە زمانی

ئینگلیزی لە ساڵی (١٩٩٩)دا چاپ کراوە، لە لاپەڕەی (١٣٦)دا بە زمانی (شێخ نوور بابا عەلی)یەوە، کە خەلیفەی شێخی خاڵیس بووە لە شاری (ئورفە)ی تورکیای عوسمانی، بابەتی زۆری لەسەر شێخی خاڵیس نووسیوە. لە کتێبێکی (شێخ نوور باباعەلی) بە زمانی تورکی عوسمانی، کە ئەو ڕۆژهەڵاتناسە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی، نووسراوە: جارێکیان شێخ عەبدولڕەحمانی خاڵیس لەگەڵ کۆمەڵێک لە موریدەکانی لە کەرکووکەوە دەچنە بەغدا بۆ بەشداری کردن لە یادکردنەوەی ڕۆژی لە دایکبوونی پێغەمبەر (د.خ)، لە بارەگای مەرقەدی شێخ (عەبدولقادری گەیلانی) لە بەغدا. لەوە دەچێت لەو ڕۆژەدا وەک نەریتێک سەرۆکی ڕێبازەکانی تەسەوف: (قادری و نەقشبەندی و ڕیفاعی) هەموو لەو بارەگایەدا کۆبوونەتەوە. شێخی خاڵیس لەگەڵ کۆمەڵێک لە موریدەکانی کە لە کەرکووکەوە دەگەنە بارەگای شێخ عەبدولقادری گەیلانی، بە زیکر و "دەف" لێدانەوە دەچنە ناو مەرقەدی شێخی گەیلانی. (شێخ نوور باباعەلی) کە خودی خۆی لە خزمەتی شێخ عەبدولڕەحماندا بووە، نووسیویەتی بەشێک لەوانەی لەو بارەگایە ئامادەبوون، ناڕەحەت بوون کە گوێیان لە دەف لێدان بووە، بۆیە چوونەتە لای نەقیبی ئەشرافی شاری بەغدا و شەکوایان لای کردووە، ئەویش لە وەڵامدا گوتبووی: "لەنێوان (سوڵتان) و (وەزیر)ەکەی، من هیچم پێ ناکرێت"! مەبەستی لە (سوڵتان) شێخ عەبدولقادری گەیلانی و لە وەزیریش، شێخ عەبدولڕەحمانی خاڵیس بووە.

**پەراوێزەکان:**

**(١) مەولانا شێخ عەبدولڕەحمانی خاڵیس، شێخی عیرفان و زانا و شاعیرێکی پایەبەرز بووە لە مەیدانی شیعری تەسەوفدا، بە چوار زمانی کوردی و فارسی و تورکی و عەرەبی شیعری داناوە. دیوانی شیعری لەژێر ناوی "جەزبیەی عیشق" بۆ یەکەم جار لە ئەستەنبوڵ لەساڵی ١٨٩٠ چاپ کراوە، لەساڵی ١٩٥٠ لە ئێران چاپ کراوەتەوە، هەر لە ئێران لە ساڵی ١٩٩٣دا چاپ کراوەتەوە. حاجی قادری کۆیە، کە ماوەیەک فەقێی موستەعید بووە لە خزمەتی شێخی خاڵیسدا، لە پارچە شیعرێکی شێخی خاڵیس بە "غەوسی سانی" و "حاتەمی مەزهەب" ناو دەبات. تەماشای نامیلکەکەی دکتۆر نووری تاڵەبانی بکە لەژێر ناوی: "شێخانی ئیرشادی تاڵەبانی و چەند ناودارێکی دیکەی ئەم بنەماڵەیە"، چاپی دووەم، هەولێر ساڵی ٢٠٠٢.**

**(٢) گۆڤاری کاروانی ژمارە (٦٠)ی تشرینی یەکەم و دووەمی ساڵی (١٩٨٧).**

**(٣) دیارە (عەلی مەردان)ی نەمر لە بەر ڕێز و حورمەتی شێخ لە جیاتی (مەی و شەراب) وەک ئەو وەختە باو بووە ئەم وشە ناشیاوەی بەکارهێناوە.**

**(٤) شێخ جەمیلی باوکی د. نووری نزیکەی چل ساڵ لە تەکییەدا نەچووەتە دەرەوە دوو جار نەبێ، جاری یەکەم لە ساڵی ١٩٣٧ کە سەفەری حیجازی کردووە بۆ ئەدای فەریزەتی حەج، جاری دووەم لە ساڵی ١٩٥١ کە چووەتە بەغدا بۆ سەردانی دکتۆرەکانی ئەو شارە. هەروەها شێخ جەمیلی باوکی د. نووری بەرانبەر تێکۆشەران و بەگزادەکانی هەورامان ڕۆڵی کوردانەی زۆری هەبووە، کەچی نووسەرانی کورد بە هیچ شێوەیەک ئاماژەیان بۆ نەکردووە. "تەکییەی تاڵەبانی" لەسەردەمی ئەو شێخەدا جێگەی حەوانەوەی ئەو تێکۆشەرانە بووە.**

**(٥) دکتۆر نووری تاڵەبانی، شێخانی ئیرشادی تاڵەبانی و چەند ناودارێکی تری ئەو بنەماڵەیە، چاپی دووەم، چاپخانەی پاک، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٣، ل٣٦.**

**تێبینی: ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی (٢٠١٠/٦/٨) و لە ڕۆژانی دیکە، لە ماڵی د. نووری تاڵەبانی لە هەولێر ئەم چاوپێکەوتنە ئەنجام دراوە.**

# کورد لە ڕۆمانی عەزازیلدا

**ئازاد مەولوود**
**(دانیمارک)**

عەزازیل ناوونیشانی ڕۆمانێکی تازەی نووسەری میسری یووسف زێدانە. ئەم ڕۆمانە لە ساڵی ٢٠٠٨ لە دەزگای (دارالشروق) چاپ کراوە. ڕۆمانەکە ٣٨٠ لاپەڕەیە و بە زمانی عەرەبی نووسراوە.«١»

یووسف زێدان لە ساڵی ١٩٥٨ لە سوهاج لە باشووری میسر لە دایک بووە. نووسەر دەستی لە توێژینەوەی کەلەپووری عەرەبدا هەیە و پسپۆڕە لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی دەستنووسە کۆنەکان. نزیکەی پەنجا کتێب و هەشتا لێکۆڵینەوەی زانستی لە بارەی هزری ئیسلامی و سۆفیگەری و مێژووی پزیشکی و زانستی عەرەبەکان و پێڕستکردنی کتێبخانەکان نووسیوە. ئەم ڕۆمانە دووەمین ڕۆمانیەتی.

ڕۆمانی عەزازیل باسی ژیان و گەشتی ڕەبەنێکی کریستیان دەکا بەناوی «هیبا».

هیبا ڕابردوویەکی تاڵی هەیە لەو سەردەمەی کە منداڵ بووە لە گوندەکەی خۆیان لە باشووری میسر کاتێک باوکی بەدەستی پیاوێک دەکوژرێ کە دەستی لەگەڵ دایکی تێکەڵ کردووە، دواتر شووی پێدەکا. هیبا هەر لە زووەوە ئارەزووی هەبووە زانستی پزیشکی بخوێنێ و بۆ ئەم مەبەستەش چەندین زانیاری لە مەڕ چارەسەری نەخۆشی و دەرمانسازی کۆ دەکاتەوە و لە ڕێڕەوی ژیان و گەشتەکەیدا بەکاریان دێنێ. گەشتەکەی هیبا لە باشووری میسرەوە دەست پێدەکات، ماوەیەک لە ئەسکەندەرییە و ئۆرشەلیم دەمێنێتەوە، دواتر بەردەوام دەبێ و لە دێرێکدا لە نزیک حەلەب دەگیرسێتەوە.

لە میانی گەشتەکەیدا لەو سەردەمەدا تووشی چەندین کەسایەتی و گرووپی گرنگ دێت. بێ گومان کەسایەتییە گرنگە دەسەڵات بەدەستەکانی ئەو سەردەمە گەورە پیاوانی کڵێسا بوونە.

لە ڕۆمانی عەزازیلدا بۆمان دەردەکەوێ کە کێشەیەکی مەزن لەسەر دەسەڵات لەنێوان سێ بیسکۆپی (بیشۆپ، ئوسقوت)ی مەزندا هەیە لە هەرسێ شاری کونستانتینە، ڕۆما، ئەسکەندەرییە.

ئەو ڕۆمانە لەلایەن یووسف زێدانەوە بەشێوەی فیکشیۆن نووسراوە، بەڵام ئەو پێشەکییەی



بۆی دانراوە سەرنج بۆ لای ئەوە ڕادەکێشێ کە ئەم ڕۆمانە وەرگێڕانی چەند بەڵگەنامەیەکی مێژووییە.

پێشەکییەکە لە ڕۆژی ٤/٤/٢٠٠٤ بە ئیمزای «وەرگێڕ» نووسراوە و هەندێ شتی تێدا هاتووە کەوا پیشان دەدەن ئەم ڕۆمانە کۆکردنەوەی چەند بەڵگەنامەیەکە وەک پێشتر ئاماژەم بۆ کرد.

«وەرگێڕ» دەنووسێ ڕامسپاردووە ئەم کتێبە دوای مردنم بڵاو بکرێتەوە. وەرگێڕانی ئەو تێکستانەیە کە لەسەر کۆمەڵە پێستەیەک نووسراون. ژمارەی ئەو پێستانەی ڕۆمانەکەیان لەسەر نووسراوە (٣٠) پێستەن«٢» و ڕۆمانی عەزازیل لە ٣١ بەش پێکهاتووە، گوایە هەر بەشێکی ڕۆمانەکە وەرگێڕانی پێستەیەکە و دواتر بەشێکی بۆ زیاد کراوە کە ناوەڕۆکەکەی لە نزا و پاڕانەوە پێکهاتووە.

ئەم پێستانە دە ساڵ لەمەوبەر لە پاشماوەی کەلاوە کۆنەکانی باکووری ڕۆژئاوای شاری حەلەب دۆزراونەتەوە. ئەم کەلاوانە بە درێژایی سێ کیلۆمەتر دەکەونە دەم ئەم کۆنە ڕێگایەی نێوان حەلەب و ئەنتاکیا. نووسینەکانی سەر ئەم پێستانە بە زمانی سریانی کۆن (ئارامی) نووسراونەتەوە و بەشێوەیەکی دەگمەن زۆر بە چاکی پارێزراون. مێژووی ئەم نووسینانە بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی پێنجەم دەگەڕێتەوە واتا لە ٤٠٠- ٤٥٠.

هەڵکەندنی ئەم کەلاوە دێرینانە بەسەرپەرشتی ڕیش سپی و ئیماندار بەڕێز ولیەم کازاری کراوە کە لەمانگی پێنجی ساڵی ١٩٩٧ لە ئەنجامی کارەساتێکی کتوپڕ و دڵتەزێن سەری تێدا چوو.

گرنگی ئەم پرسیارە (بەڵگەنامەیە، یان فیکشیۆن) لەو تەوەرەدایە کە من لەم وتارەدا دەمەوێ باسی بکەم ئەویش ناوهێنانی کوردە.

**ناوهێنانی کورد:**

١- لەلاپەڕە ٢٦ بۆ یەکەم جار ناوی کورد دێت کاتێ هیبا لە پەنجەرەی حوجرەکەی خۆیەوە لە ئۆرشەلیم چاوی بە کاروانی حاجیانی کلێسا دەکەوێ. بیسکۆپ تیۆدۆر لەنێو ئاپۆرەی قەشە و شەماس و خەڵکێکی زۆردایە، هیبا ئاواتەخوازە ئاپۆرەکە شەق بکات و بگاتە لای بیسکۆپ و دەستی ماچ بکات وەکو ئەو پیاوەی بە سەرو سیمای کوردی و بە جلوبەرگی دیمەشقییەوە دیارە.

٢- لەلاپەڕە ٢٠٨ هیبا دەگاتە دێرەکەی نزیک حەلەب کە دوا مەنزڵگایەتی و لەوێ لە شەوێکی ئارامدا لەگەڵ قەشەی دێرەکە پیاسەیەک بە حەوشەکەدا دەکەن. هیبا ئیتر هەست بە غەریبی وڵاتی خۆی ناکا و پێی وایە دنیا لێرە ئارامترە. قەشەکە بە ئاهێکی ساردەوە دەڵێ:

دنیا هێشتا لە شڵەژاندایە، چواردەوری وڵات لە ئەنجامی هێرشی بەربەرەکان و تیرە و هۆزەکانی باکوور، شەکەت و هیلاک بووە، کوردەکانیش لە ڕۆژهەڵاتەوە داناسەکنێن.

٣- لەلاپەڕە ٢٢٤ و ٢٢٥ هیبا دەڵێ: لە دوایین هەفتەی ساڵی ٤٢٩ کاروانێکی ڕەبەنانمان بەلادا هات. ئەو ئێوارەیە زۆر شادمان بووین بە بۆنەی جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح. کاروانەکە کە موغانێک و سێ ڕەبەن و دوو خزمەتکار بوون، لایان دایە لامان. ئەم کاروانە لە ئەنتاکیاوە هاتبوون و ڕوویان لە وڵاتی کوردان بوو کە دەکەوێتە ئەودیوی ئەو بیابانەی ڕۆژهەڵات. لەبەر باران و تەڕوتووشی و ڕێگیران دوو شەو لامان مانەوە. ڕۆژی سێیەم ڕۆیشتن تا گەشتەکەیان تەواوکەن. لەگەڵ چەند ڕەبەنێک تا بناری گردەکە بەڕێمان کردن. لە گەڕانەوەم بیرم لەم بیابانەی ڕۆژهەڵات دەکردەوە کە دەبێ لێی بپەڕێتەوە تا بگەیتە وڵاتی کوردان.

٤- لەلاپەڕە ٢٨٥ هیبا دەگێڕێتەوە کەوا کاروانێکی بازرگانی لا دەدەنە لای دێرەکە و وا دیارە سەرۆکی کاروانەکە ناساغە و پێویستی بە چارەسەری هەیە. گوتیان بەستەزمانە لە بیری شەیتان ئاوی خواردۆتەوە. ئینجا دەڵێ: یەکێک لە بازرگانەکانی کاروانەکەم لادا لایەک تا بزانم ڕاستییەکە چییە.. ئیتر ئەوە بوو دووانی تریش هاتنە لامان... لێیان تێگەیشتم کەوا کاروانەکەیان ڕووی لە ئەنتاکیایە و لە وڵاتی کوردانەوە هاتوون کە لەودیوی بیابانەکەی ڕۆژهەڵاتە و دەکەوێتە نێوان سنووری فارسەکان و ڕۆمانەکان.

٥- لەلاپەڕە ٣١٤ هیبا سەربوردەی ژنێک دەگێڕێتەوە کە چۆن لە تەمەنی ٩ ساڵیدا کۆمەڵێک چەتە و ڕێگر باوکی دەکوژن، ئەو باوکەی شمشێر و چەک و تفاقی بۆ دروست دەکردن. دوو مانگ دوای

کوژرانی باوکی، دایکی بەشووی دەدا و دەیداتە پیاوێکی پەنجا ساڵی. ئەو پیاوە کابرایەکی بێ ویژدان بووە و بازرگانی چەک و تفاقی شەڕ بووە. لێرە و لەوێ لە چەخمساز و وەستاکارانی شارە گەورەکان کۆیان دەکاتەوە و دەیانباتە وڵاتانی دوور لە ڕۆژهەڵات، لەوێ دەیانفرۆشێتە کۆمەڵانێک جەنگاوەر پێیان دەڵێن شنکارە«٣».. ئەو ئاوای گوت.

- مەبەستت شوانکارایە؟

* بەتەواوی نازانم، من ئەو کات زۆر بچووک بووم

- ئەوانە کۆمەڵێکن، کوردن و خەڵکی سەر سنووری دەوڵەتی فارسەکانن، ناوەکەیان لە وشەی «شوان»ەوە«٥» وەرگیراوە کە بە زمانی کوردی پێی دەگوترێ شوانکارە.

٦- لەلاپەڕە ٣٣٢دا هاتووە: لە نزیک دێرەکەی هیبا پیرەژنێک لەگەڵ کچێکی گەنجی بە نێوی «مارتا» لە کونجە خانوویەک دەژین. ئەم کچە ڕابردوویەکی تاڵی لە ژیانی هاوسەریدا هەیە کە بۆ ماوەیەکی کورت تووشی هاتووە.

هیبا پێوەندییەکی دۆستایەتی لەگەڵ ئەم مارتایە دەبەستێ و بە تەواوی دەستیان تێکەڵ دەکەن. لەبەر باری سەختی گوزەران، پیرەژنەکە داوا لە مارتا دەکا بە یەکجاری بچێتە حەلەب و لەوێ ببێ بە گۆرانیبێژ و بژێوی ژیان لەم ڕێگایەوە دابین بکات. بۆ ئەم مەبەستە پیرەژن داوا لە هیبا دەکا کەوا قەناعەت بە مارتا بێنێ تا بە قسەی دایکی بکات. هیبا ئەمەی زۆر پێناخۆشە، لەلایەک مارتای دۆستی بەجێی دێڵێ و لەلایەکی تر وەکو خۆی بیری لێدەکاتەوە «مارتا دەچێتە حەلەب و ئێواران لەسەر خوانی بازرگانە عارەب و کوردە خوێڕییەکان گۆرانی دەڵێ».

٧- لەلاپەڕە ٣٣٥ هیبا دەڵێ: مارتا وەکو هەموو ئافرەتانی تر نییە، بەڵام ئەگەر بچێتە حەلەب و لەنێو بازرگانە سەرخۆش و عارەب و کوردە خوێڕییەکان، لە مەیخانەکان گۆرانی بڵێت، ئەوە ئافرەتێکی سووکی لێدەردەچێ.

**کونکلوشیۆن:**

سەرچاوەی ئەم ڕۆمانە هەرچییەک بێ، مەبەستم ئەگەر بە خەیاڵ هەڵبەسترابێ، یان بەپاڵپشتی چەند بەڵگەنامەیەک نووسرابێ، ئەوە چەند ڕاستییەکی تێدایە کە ناشاردرێنەوە.

ئاشکرایە کە کورد لەو سەردەمەدا کە دەکاتە نزیکەی دوو سەدە بەر لە پەیدابوونی ئایینی ئیسلام، نەک تەنیا لەم ناوچەیە ژیاوە و بەس، بەڵکو ڕۆڵێکی گرنگیشی لە ژیانی سیاسی و ئابووری و سەربازی و سیاسیدا هەبووە. لەم ڕۆمانەدا سنووری وڵاتی کوردان (کوردستان) بە ئاشکرا دیار کراوە کە دەکەوێتە نێوان سنووری وڵاتانی فارسەکان و ڕۆمانەکان.

هیچ ئاماژەیەک بە ئایینی کوردەکان نەکراوە کە باوەڕیان بە مەسیحییەت هەبێ، بەڵکو کاروانی مزگێنی هەڵگرانی مەسیحی ڕوویان لە وڵاتانی کوردانە بۆ ئەم مەبەستە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێ کە کورد لەو سەردەمەدا ئایینی خۆی هەبووە.

سەرەڕای شوانکارەیی کە لەنێو کورددا پیشەی سەرەکی بووە، بەشێکیش لە خەڵکی کورد خەریکی بازرگانی بوونە لەگەڵ وڵاتانی دەوروبەر.

باسی کورد لەم ڕۆمانەدا گرنگییەکی بێ هاوتای هەیە کاتێک دەزانین نووسەرەکەی پیاوێکی پسپۆڕە لە لێکۆڵینەوەی مێژوویی کۆن و زانستی دەستنووسی و گەلێ بواری تردا.

**پەراوێزەکان:**

**١- من ئەم ڕۆمانەم بە زمانە ئەسڵییەکە خوێندۆتەوە، بەڵام لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ/ ئەدەب و هونەر ژمارە ٥٠٣٦ی ڕۆژی ٢٠٠٩/١١/٢٦ زانیم کە ئەم ڕۆمانە لەلایەن ئومێد تۆفیق-ەوە کراوەتە کوردی، دوای ئەوەی وتارێکی ئیدریس عەلیم لەبارەیەوە خوێندەوە.**

**٢- قورئانیش لە سی جزو پێکهاتووە.**

**٣- بە عەرەبییەکە نووسراوە الشنکارە.**


**٤- بە عەرەبییەکە نووسراوە الشوانکاراە.**

**٥- بە عەرەبییەکە نووسراوە الرعاة.**

# «کەلەپووری کوردەواری»م خوێندەوە

عەزیزی مەلای ڕەش

بەداخەوە لەبەر نەبوونی «ڕەقیب»ی چاپەمەنی لە باشووری کوردستاندا هەر کەسێک ڕاست دەبێتەوە، دوور لە هەموو مەرجێکەوە کتێبێک بەچاپ دەگەیەنێت. من لەگەڵ ڕەقیبی سیاسیدا نیمە، بگرە ڕەقیبی ڕێزمان و فەرهەنگ و ناوەرۆکە. سەردەمایەک چەند گەنجێک لەگەڵ ڕێزم بۆیان، بێ پەردەی شەرمەوە نامیلکەیەکی دە- دوازدە لاپەڕە و.. وێنەی ئافرەتێکی شۆخوشەنگیان لەبەرگەکەی دەدا و.. وشەی «ڕۆمان»یان لەسەر دەنووسی. بەم کارە ئابڕووی نووسەر و ئەدەبیاتی کوردی لەکەداربوو، بێ ئەوەی خاوەنەکانیان هەست پێ بکەن. ئەو هەرزەکارانەی پلەی زانیارییان نزم بوو، پێ هەڵدەفریوان و لە حەوا دەیان قۆستەوە. ڕۆژێک یەکێک لە خاوەن کتێبخانەکان بەمنی گوت: «هەتا ڕۆمانێکی وەک هی ئێوە دەفرۆشرێت، سەتی ئەوانە دەفرۆشین».




گوتم: «ڕاست دەکەیت، بەڵام پاش سێ چوار ساڵی دی ئەو نارۆمانانەی دەڵێیت، دەکرێنە بەرچاوگەی ئاگر و ئەوانەی وەک ئێمەش «تەجلید» دەکرێن و بۆ جوانی لە مەکتەبەی ماڵان دادەندرێن». دوا بەدوای نا ڕۆمانەکان چەند فەرهەنگی بچووکی پڕ هەڵەی زەق و ئاشکرا کەوتنە بازاڕەوە.

بە بۆچوونی من ئەمەش دوای بڕینەوەی ڕێزلێنانی نووسەران سەری هەڵداو زەینداران تێم دەگەن.

ئەم کتێبەی ڕێزدار مامۆستا (عەباس چنارانی)یش هەڵەی وای تێدایە یەکسەر هەست دەکرێت دانەرەکەی لەگەڵ ڕێزم بۆی، نەک لە کەلەپوور بێ ئاگایە، بگرە خوێندەواریشی کزە. ئەوجا بە شێوەیەکی جوان و بەرگێکی ڕازاوە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری چاپ کراوە.

### فەرموون سەیری هەڵەکان بکەن

١- لەلاپەڕە «٦» مامۆستای نووسەر فەرموویەتی: «تەون ئامرازێکە ژنان بەڕە و مافوور و جەواڵ و هەگبە و تێڕی سەرپشتی وڵاخ و زۆر شتی تری پێ دروست دەکەن لە خوری و موو.. و لۆکە».

«تەون» ئامراز نییە هەروەکو ئەو فەرموویەتی، بگرە «تەنینی ڕایەخ و مافوور و بەڕە و تێڕ و جەواڵ و خرار و توور و مەلاکدان و خورجە و.. لە خوری و موو.. و لۆکە و پەڕۆ»یە.

«تەون» ئامرازی تایبەتی خۆی هەیە کە ئەمانەن «سمتەک و بنەتان و سەرەتان و دارگورد و پیشک و

ڕنۆک و قامیش و...تاد».

وادیاره فەرهەنگنووس، سەری بە فەرهەنگە کوردییەکاندا نەگرتووە، کە وەک چۆنم باس کرد ئەوهایان ڕاڤە کردووە. جگە لەوەش من لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا «تەون و تەونکاری»م بە دووروودرێژی لەگۆڤاری «ڕۆشنبیری»ی ژمارە «١٠١» و سالّی (١٩٨٤)دا بڵاوکردووەتەوە.

٢- ل١٦-«دێوەرەیی= وردەواڵەفرۆشی= بەقاڵی ئەوکەسەیە بە کۆڵ، یان بە وڵاخ وردواڵە و پێویستەکانی تری دەگێڕا بۆ فرۆشتن. دێ بەدێ بە پارە و هێلکە و گەنم و جۆش دەیفرۆشت».

ئەمە بەدوو سەران هەڵەیە:

**یەکەم:** «دێوەرەیی و.. وردەواڵەفرۆشی و بەقاڵی» کەسەکان نینە، بگرە کارەکەنە. «دێوەرەو.. وردواڵەفرۆش و بەقاڵ» کەسەکانن. وەک جووتیار، جووتیاری، فەلاح، فەلاحەتی.

**دووەم:** «دێوەرە» چەرچی و.. وردەواڵ فرۆشی گەڕیدەیە، بە مەرجێک دەبێ بەم جۆرە بانگ بکات «دێوەرە بازن، دێوەرە سابوون، دێوەرە شخاتە». هەربۆیەش دێوەرەی پێدەگوترا.

ئەمە زمانی شەبەکان بوو کە دەهاتنە ناوچەکە. شتەکانیشیان بە زۆری بە خوری و کەمێکیشیان بە پارە دەدا. نەک بە گەنم و جۆ. لە دەشتی هەولێر «عەتار» وردەواڵە فرۆشی بەرانبەر بە دێوەرە بوو، بەڵام ئاوایان بانگ دەکرد: «پارە بەهێلکە، شخاتە بەهێلکە، سابوون بە هێلکە». هێندە جاریش لە بریتی «عەتار» پێی دەگوترا «پارە بە هێلکە». بابەتەکانیان بە هێلکە دەفرۆشت، تاک و تەراش بە پارە.

«بەقاڵ» ئازووقە فرۆش و تەڕەفرۆش و سەوزە فرۆش بوو. بە پارە و دەغڵیان دەدا.

٣- ل١٨- «گزیری= کاربەدەستی ئاغا و هەڵسووڕێنەری کاروبارەکانی». «گزیری» بە ئیش و کاری گزیر دەگوترێت. «گزیر» کەسەکەیە. وەک «خزمەتکار، خزمەتکاری و کرێکار، کرێکاری».

«گزیر» دەستوپێوەند و غوڵامی ئاغایە، نەک کاربەدەستی. ماناکەی نووسەر بۆ «سەرکار» دەست دەدات.

٤- ل١٩- «کرێ داسی= قەواڵە، قەباڵە= زۆرکەس هەبوون کرێ داسیان دەکرد بە ڕۆژانە. نەک وەکو سەپانی. ئەوجا هەبوو پێش ئەوەی دەغڵودانی لای خۆمان پێ بگات، ئەوانە دەچوون بەرەو ناوچەکانی خواروو بۆ کرێ داسی کە پێی دەگوترا قەواڵە، یان قەباڵە».

ئەو هەڵە زەقانە مرۆڤی عولعولیش بە پێکەنین دەهێنێت نازانم: وەزارەت چۆنی بۆ چاپ کردووە؟

بۆ دڵنیایی سەیری ئەمانە بکەن:

أ- «کرێ داسی» ئەو.. وشەیە ڕەنگە نووسەر خۆی دروستی کردبێت. دەنا لەناو کوردەواریدا پێی دەگوترێت «کرێپارە».

ب- وشەی «قەواڵە، قەباڵە» لێرەدا ناگونجێن و بابزانین نووسەر چەند لە فەرهەنگەکانی کوردی بێ ئاگایە.

أ- فەرهەنگی هەمبانە فەرموویەتی: (قەواڵە تاپۆی موڵک= قەبارە). ئەو مانایەشی هەیە «بارست، تاپۆی موڵک».

ب- فەرهەنگی خاڵ فەرموویەتی: «قەواڵە= قەباڵە» «قەبارە بارستایی». «قەباڵە= نووسراوی مۆرکراو».

پ- فەرهەنگی کوردستان فەرموویەتی: «قەواڵە، قەباڵە= قاقانی لە مل گرتن».

کەواتە «کرێ داسی»ی نووسەر چ پێوەندی لەگەڵ وشەی «قەواڵە و قەباڵە»وە نییە.

٥- ل٢٠- «ساوار کوتانەوە= ئەگەر ماڵێک ساواریان دەکوتاوە، ئەوە چەند ژن و پیاوێک دەچوون بۆ یاریدەیان و ساوارەکەیان لەگەڵ دەکوتانەوە، ماڵەکەش دەبووایە چایە و شەوچەرەیان بۆ ئامادە بکات. ئیتر بەم جۆرە هەموو دانیشتووانی دێیەکە، یان گەڕەکەکە لە شار یارمەتی یەکتریان دەدا».

وشەی «دەکوتاوە» هەڵەیە و ڕاستیەکە «بکوتبووایەوە».

ماڵی ئێمە نزیکەی چل ساڵ زیاتر ساوارمان کوتایتەوە، هیچ ژنی لەگەڵ دانەبووە، بگرە کوڕی گەنج و مێردمنداڵ خڕ دەبوونەوە و ئەو مقامەشیان لەگەڵ دەگوت: «یاڵڵا، دانیشتووە لەبن تووێ، ئارووی دەخوا بە چەقووێ، سوبحانەڵڵا تەبعم چووێ یاڵڵا».

تەنیا کابانی ماڵەکە نەبێت هەرکە ساواری قۆرتەکە دەکوترا، دەری دەهێنا و ساواری دیکەی تێدەکرد. یاخۆ هێندە جار ساوارەکە لەگەڵ بڵندونەوی بوونی کوتک دەپەڕی خڕی دەکردەوە. دەنا ئافرەتێکی دی تخوونی نەدەکەوت.

خواردنەکەش تەنیا چایە و داندۆک بوو.. و بەس.

٦- هەمان لاپەڕە: «مەڕ بڕینەوە: ئەگەر ماڵێکی خاوەن مەڕ مەڕیان دەبڕییەوە، چەند کەسانێک دەچوونە یاریدەیان بۆ مەڕبڕینەوە. لە بەیانییەوە تاکو ئێوارە. خاوەن ماڵەکەش ئاژەڵێکیان بۆ سەر دەبڕین نیوەڕۆ دەیان کرد بەچێشتی قوڕاو بەیەکەوە دەیانخوارد. چایش هەتا ئێوارە ئامادە دەبوو»

وشەی «دەبڕییەوە» هەڵەیە و ڕاستییەکە «ببڕیبووایەوە» ئەوەی من بزانم. مەڕ بڕینەوە بەیانی زوو دەست پێدەکات و بۆ نیوەڕۆ، ئەوپەڕی

نیوسەعات دوای نیوەڕۆ کۆتایی دەهات. چێشتەکەش پڵاوساوار و مەرەگەی بە گۆشت بەرخ بوو. ئەگەر قوڕاو بووایە، لەدواییدا باسی دەکەین، هەروەک نووسەر فەرموویەتی لەبەر ئەوە خەڵکەکە زۆر بوون، بەشی نەدەکرد.

٧- ل٤٣- «داندۆک= لە ماست و ساوار و خوێ دروست دەکرێت. لە هاویناندا بەهۆی هەتاو وشک دەکرێتەوە. بەچێشت لێدەندرێ. لەدوای ئامادەبوونی ڕۆنی قرچاوی بەسەردا دەکرێت ئەوجا دەخورێت».

لەو پێناسە زۆروبۆرەیەدا وادەردەکەوێت داندۆک ناخورێت تاکو نەکرێتە شیو و ڕۆنی پێدانەکرێت، کەچی داندۆک بەچا و شتی تریش دەخورێت. هەروەک باس کرا.

دووەم: داندۆک بە زۆری لە دۆی خەست «پەیت» دروست دەکرێت کەمێکیش لە ماست.

نووسەر لە چەند جێگەی تر دەڵێت «لەخوێ دروست دەکرێت».

ئەمە هێمای نابەڵەدییە. خوێ تەنیا بۆ تامە. ئەگەر نا، بێ ئەویش دروست دەکرێت.

٨- ل٤٤- «کەشکەک= لە گەنمەکوتاو و گۆشتی ئاژەڵ و خوێ دروست دەکرێت».

کەشکەک= گەنمەکوتا= پڵاوگامیش. وەک ساوار و برنج دەکرێتە شیو. من بە عەمری خۆم سەتان جار شیوی کەشکەکم خواردووە و چ گۆشتیشی تێدانەبووە.

٩- ل٤٥= «قوڕاو لە گۆشتی ئاژەڵ و ماست و تەڕە پیاز و گیاقوڕادە و خوێ دروست دەکرێت و ڕۆنی تێناکرێت».

ئەمە لەگەڵ بەربەسێڵ دوایی باس دەکرێت.

١٠- ل٤٦- «ساوارە شلە= لە ساوار و ڕۆن و خوێ و هەڕشتە دروست دەکرێت. بەشێوەی شل».

من هەر «شلە ساوارم» بیستووە، نەک «ساوارە شلە». ماڵ هەبوو لە دەشتی هەولێر نەیتوانیوە «هەڕشتە» دروست بکات. شلە ساواری بەبێ هەڕشتەی لێناوە. لەماڵی ئێمەی گوزەران خۆشیش جاروبار هەڕشتەمان لە ساوار دەکرد.

١١- ل٤٧- «تۆراغ= لە دۆ دروست دەکرێت. دۆیەکە لە توورەگە دەکرێت. تاکو ئاوەکەی لێدەچۆڕێتەوە. ئەوەی مایەوە، وەکو ماست توند دەبێ بۆ خواردن بەکاردێت».

بە قسەی نووسەر دۆیەکە تۆراغە. هەڵەیەکی زەقە.

«تۆڕاخ= تۆراغ» لە دەشتی هەولێر «تازیە»ی ناوە. بۆ وێنە ماڵی ئازاد تازییەیان لە دارە. واتە دۆیان لە جاخ کردووە بۆ پەیت بوونی: جاخێکی خامی «چاوپان»ە و دۆی تێدەکرێت هەر کە دۆیەکە وەک ماست پەیت بوو ساواری تێدەکەن و ماوەیەک لەسەری ڕادەوەستن تاکو ساوارەکە دەخووسێتەوە. ئەوسا دەشێلدرێت و دەکرێتە داندۆک.

جا بە جاخەکەی، دۆیەکەی تێدایە دەگوترێت «تۆراخ». نەک تەنیا بە دۆیەکە.

هێندە جاریش دۆیە پەیتەکە، دەکرێتە سەلک سەلک و لەبەر هەتاو هەڵدەخرێت تا وشک دەبێتەوە، پێی دەگوترێت «کەشک». ئەگەر نەکرابووایە سەلک «شیرێژ»ی ناوبوو. هەردووکیان بەیانیان وەرزی زستان بەنان و چایە دەخورێت.

١٢- ل٤٩- «بەربەسێڵ= گۆشتی ئاژەڵە لەسەر سێڵی نان برژاندن دەبرژێندرێت کوتەکانی مەیلە و درێژن».

«کوتەکان» نازانم مەبەستی چییە.

«بەربەسێڵ» منداڵیش دەزانێت گۆشت بەرخەو تەنیا سەروپا و ڕیخۆڵە نەبێت، بە ئاوی دونگەکەیەوە، لەناو سێڵ دەکوڵێندرێت، نەک لەسەری دەبرژێت وەک نووسەر وای فەرمووە. هەرکە کوڵا جامە ماستێکی پێدا دەکرێت ئەوسا بە «قوڕاو» ناو دەبردرێت هەروەک باس کرا.

١٣- ل٨٩- «پێمەڕە= ئەسپەرە= لە ئاسن دروست دەکرێ، بەڵام کلکی دارە بۆ زەوی کێڵان بەکاردێت»

کەسێک نەزانێت «پێمەڕە» چییە و حەق وایە بە فەرهەنگنووس ناوببردرێت و بەو شێوەیەش بۆی چاپ بکرێت؟! ئاسنەکە دەمی پێمەڕە و دارەکەش کلکێتی. بە هەردووکیان دەگوترێت «پێمەڕە».

«ئەسپەرە» پێمەڕە نییە، کە نووسەر وای بۆچووە. پارچەدارێکی تایبەت دروست کراو چەند سەنتیمەتر درێژ و کونێکی خڕی لەناوەڕاستیدایە و دەخرێتە دارپێمەڕەوە و دەکەوێتە سەرکووپی ئاسنەکە و لەکاتی خۆڵ هەڵقەناندندا پێ دەخرێتە سەری و دایدەگرێت و نووکی گاسنەکە ئەوسا لە زەوی ختم دەبێت.

١٤- ل٨٨- «دەرخۆنە= خوانە. پنە لە گەچ و دار دروست دەکرێت بۆ نان پان کردنەوە بەکاردێت».

«دەرخۆنە» سەرپۆشی مەنجەڵ و دەفرە، نەک بە مانا فەرشە و پنەی نان پان کردنەوە.

١٥- ل٩٠- «ناندێن= لە تەنەکە و قوڕ دروست دەکرێت بۆ نان لەناو دانان بەکاردێت».

«ناندێن= ناندین» منداڵ بووم هێشتا هاتوچۆی شارم نەکردبوو نەمدەزانی «خیار و مەتبەخ» چییە. هەر «ئاروو» و «ناندین»م دەزانی. کاکی نووسەر «ناندین» مەتبەخە، نەک جێگەی نان دانان.

١٦- ل١٠٢- «دێـــمـــکـــە- جەوەندە= لە چادر دروست دەکرێ و ئاوی خواردنەوەی تێدەکرێ بۆ دەرو دەشت».

«دێمکە و جەوەندە» یەک نین. لە دەشتی هەولێر لە پێستەی ڕەشان دروست دەکران.

«دێمکە» لە کـۆنە «کـوندە» وەک جـۆرێ دروست دەکـراو شـوان ئاوی خـواردنەوەی تێدەکـرد و بەکـورتانی گـوێدرێژی شـۆڕ دەکـردەوە، کـەچی «جـــەوەندە» کـــوندەیە بچـــووکی پێسـتـەی گـیـسک بوو بە بن زگی گوێدرێژی شوان هەڵدەواسرا.

بەم دوایـیـەدا «دێمکە» لە چادر و مشەما دروست دەکرا نەک جەوەندە.

١٧- ل١٠٣- «لـــــگـــــەن- لەنگەری= لە فـــافـــۆن یان مس و ئاسن دروست دەکـــرێ بۆ چێـــشت تێکردن بەکاردێ».

لـگـەن و لـەنـگـەری یـەک نـین. لەنگەری پەلە و تەنیا بۆ شیوی پلاو بەکـاردێت. «ئازاد لەنگەرییـە پلاو سـاوارێکی خـوارد»، کـەچی لگەن قـوڵە و لێـواری بەرزە و بۆ چێشـتی پلاو و شلە بەکاردەهات.

نەمـــدیوە ئەم دووانە لە ئاسن و مـــس دروســـت بـــکـــرێـــن. لـــە «مەعدەن»ێک دروست دەکران پێمان دەگـوت «سـفـر». ڕەنگی مـەیلە و سوور بوو. سەفارچی سپی دەکردن.

١٨- ل١١٦- «باسێک دەربارەی مـەڕ و مـالات= چەند زانیـارییـەک دەربارەی مەڕ.

أ- مەڕ= مێیەی مەڕە.

ب- بەران= نێرەی مەڕە.

ج- بەرخ بێـچووی مـەڕە= ساوای مەڕە.

د- کاوڕ= یەک ساڵەی مەڕە

هـ- بەردیل دوو ساڵەی مەڕە

و- کـاوڕ بەران= ئەو کـاوڕەیە بۆ بەران دەهێشترێتەوە.

ل- شـەک= دوو ساڵەی مـەڕە بۆ نێر و مێ.

لە دانانی پیـتە ئەبجەدییـەکانیش بەڵەد نییە. لەدوای پیتی «و» پیتی «ز» دێت کاکی نووسەر پیتی «ل»ی داناوە.

بۆ ئەوەی خـــوێنەر بزانن کـــاکی نووســـەر هرەی لە بڕەی مـــەڕی دەرنەکـــردووە، لە بزنیش هەر بەو شـێـوەی نووسـیـوە، هەم هەتاکـو بۆ دوارۆژ فێر ببێت چیتر بە پێخواسی بەناو نەکەوێت، ئەوە من خشـتـەی ناوی «ڕەشان و سپیان»م بە گوێرەی تەمـــەنەوە، لە بەرایـیـــدا هەرچی لەمــــەڕە: نێـــر و مێ و گـــەورە و بچـووک «سـپـیـان»ی ناوە، هەرچی لەبزنە: نێر و مێ و گەورە و بچووک «ڕەشان»ی پێدەگوترێت، دەخەمە بەر دیدی خوێنەرانەوە.

خشـتـەی ناوی ڕەشان و سپـیان بە گوێرەی تەمەنەوە- لە دەشتی هەولێر

٤- کوڕیس.

٥- کلۆڵ.

٦- کەڕە.

٧- ڕەسەر.

٨- نەوشین.

٩- مەڕی سوور.

١٠- کوڕە سوور.

١١- کوڕە پەڕ.

ئەگـەر زانیـاری تەواوی هەبووایە دەیگوت «جـۆرەکـانی سـپـیـان»، چونکە ئەو ناوانە لە بەرخ و کاوڕیش هەنە.

٢٠- ل١٢٨- جـۆرەکـانی بزن: بزنە موو چەند جۆری هەیە:

أ- بەلەپۆش

ب- بەلەجاغ

ت- بەلەمس

ث- گۆردو

ج- گۆردو پۆش

ح- خەزاڵ

خ- گۆڕدومس

د- گۆردو ڕەش.

ذ- بەلە ڕەش.

| جۆری ڕەشان و سپیان | لە ڕۆژی لەدایک بوونی تاکو تەمەنی ٦ مانگ | لە تەمەنی ٦ مانگ تاکو تەمەنی ساڵ و نیو | لە تەمەنی ساڵ و نیو تاکو تەمەنی دوو ساڵ و نیو | لە تەمەنی دوو ساڵ و نیو تاکو تەمەنی سێ ساڵ و نیو | لە تەمەنی سێ ساڵ و نیو تاکو چوار ساڵ و نیو |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| سپیان - نێر<br>سپیان - مێ | بەرخ<br>بەرخ | کاوڕ<br>کاوڕ | شەک= شەکەنێر<br>بەردیل= شەکە مەڕ | بەرانی خرت<br>مەڕە بەر بوارە | بەرانی یەک قەدیرە<br>مەڕی سێ بەرخی |
| ڕەشان - نێر<br>ڕەشان - مێ | کار<br>کار | گیسک<br>گیسک | گوور<br>چوشتیر - چێشر | تەگەی خرت<br>بزنە بەربوارە | تەگەی یەک قەدیرە<br>بزنی سێ کاری |

ئەمە سێیەم جارە ئەم خشـتـەیەی بڵاوبکەمەوە

لەبەر درێژدادری نـەبێت «خشـتـەی ناوی ڕەشان و سپـیـان»م بە گوێرەی ڕەنگ و شێوەش بڵاو دەکردنەوە. کە نزیکەی« ٢٧٠» ناوە.

١٩- ل١٢٤= «جۆرەکانی مەڕ لە کوردستان» نووسەر وای نووسیوە:

١- کەویسێر.

٢- پەڕ.

٣- تەو.

ر- قوتەڕەش- کەڕە.

ز- بەڵەکاڵ

س- گۆردوکاڵ

ش- بەلەخەزاڵ.

ص- بزنە دوڕە.

عـەنتـیکە لێـرەدایە بـۆ ژمـارەی تەسەلسولی ژمارە و پیتی ئەبجەدی و عـەرەبی بەکـارهێناوە، نەک پیـتی کوردی.

عەنتیکەی دووەم:

ژمـارەی مـەڕی لە کـوردسـتـان

گەیاندووەتە«١١» جۆر و ژمارەی جۆرەکانی بزنیش«١٤» جۆرە، کەچی من نزیکەی دوو سەت و حەفتا ناوی مەڕ و بزنم خستووەتە سەر کاغەز ئەوجا تاسام نەکردووە بڵێم «مەڕ و بزن لە کوردستان» بگرە گوتوومە: «مەڕ و بزن لە دەشتی هەولێر».

٢٠- ل١٦٥= «ئیشکەوەرد= هیشلەوەرد= واتە چاندنی گەنم و جۆ بە ویشکی لە وەردی دووگاسنە، پێش بارانی پەڵە».

کە گوترا: «وەرد» مانای وایە دوو گاسنە.

ئەوە تازە بەر گوێم بکەوێت «چاندنی گەنم و جۆ بە ویشکی». ئەوەی من بیزانم هەر تۆیەک، پێش بارانی پەڵە بکرێت. «هیشکاوز»ی ناوە، دوای پەڵە «تەڕاوز»ە. مەرجیش نییە تۆ هەر لە وەرد بکرێت. لە دەشتی هەولێر لە «شۆ» و «بوور» و «بەیار» و پەرێزیش دەکرێت.

هەر وەردێک بارانی پێکەوت «سپی کێلە»، ئەگەرنا «ڕەش کێلە».

٢١- هەمان لاپەڕە «هەوجاڕ و نیروگاسن- لەو کەلوپەلانە پێکدێت:

١- هەوجاڕ- ئاموور
٢- نیر
٣- مژانە
٤- دەستەند و- دەستە مستە
٥- هەپە
٦- سەرگاینجە
٧- کلاوە
٨- بۆسە
٩- بەرکوڵە
١٠- گاسن
١١- بەن کلاوە
١٢- مەساسە- نەقیزە

«مەساسە و نەقیزە» پێوەندییان بە پێناسەکەوە نییە و زێدەنە.

بۆ ئەوەی کاکی نووسەر بۆ جارێکی تر فێر ببێت و نەکەوتە هەڵەوە باپچێت تەماشای گۆڤاری «ڕۆشنبیری نوێ»ی ژمارە «١٠٦» و ساڵی «١٩٨٥» بکات کە من بەناوی جووت و جووتیاری لە دەشتی هەولێر ئەمانەی خوارەوەم هێندێکیان بە وێنە تێدا بڵاوکردووەتەوە:

١- بەیار
٢- بوور
٣- شۆ= شێڤ
٤- وەرد
٥- خرتە و پرتە
٦- گەرد و.. وەرد
٧- هیشکاوز
٨- تەڕاوز
٩- خیلۆک.
١٠- شکارتە.
١١- نیر.
١٢- دارخەزنە
١٣- هیرتە- وێژە
١٤- دار کلاوە
١٥- دارنیر
١٦- بۆسە، وێژانبەر
١٧- بەربۆسە
١٨- ئاموور= تەنیادار هەوجاڕەکەیە.
١٩- هەوجاڕ= دارەکە و ئامرازەکانیشی پێوە بێت.
٢١- هەوجاڕی قەرۆمە. ئەو هەوجاڕەیە زمانەکەی دەستکرد بێت.
٢٢- قەفیز
٢٣- کرمۆکە.
٢٤- دەستەندوو.
٢٥- دەستەمستە
٢٦- فونک.
٢٧- زمانە= دوندە.
٢٨- بوغاز= گرانگ.
٢٩- هێسە= بەرتۆرە، مۆرە، سەرخە.
٣٠- خەپە= هەپە
٣١- کۆپەلان.
٣٢- بارێنە.
٣٣- فڕفڕۆک.
٣٤- گاسن.
٣٥- نووک.
٣٦- کووپ.
٣٧- پەڕ.
٣٨- بن مل.
٣٩- بە ڕووڵە.
٤٠- بەرینە.
٤١- بنەتۆ.
٤٢- بەرەجووت.
٤٣ بەنقادە.
٤٤- پەڵە.
٤٥- توورەگە.
٤٦- جدووم.
٤٧- جەلعە.
٤٨- خرار.
٤٩- دووشاخ.
٥٠- دەست جلەو.
٥١- زەناخە.
٥٢- سەدە.
٥٣- سەرسەدە.
٥٤- لاپووتە= مەساسە.
٥٥- کێشە= قەتارکێش
٥٦- لات.
٥٧- مارە= ماڵە.
٥٨- مامزە.
٥٩- نیوە تۆ
٦٠- هاونیر


هەڵەی کتێبەکە دەهێندەی تر ماوە، بەڵام لەبەر چیرە درێژی با ئەوەندە بەس بێت.

# ژیانی نوێ و ژوورەکانی دکتۆر فاین و کتێبەکانی ڕفقی ڕای

**هاشم سەڕاج**

ئۆرهان پاموک ڕۆمانی [ژیانی نوێ]ی بە ماوەی دوو ساڵ نووسیوە، واتە لەنێوان ساڵانی «١٩٩٢- ١٩٩٤»دا، ئەم ڕۆمانە لەلایەن خاتوو «سوها سامح حەسەن»ەوە وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبی و «دکتۆرە ئەمانی تۆما» پێیدا چووەتەوە و «عەبدولمەقسوود عەبدولکەریم» پێشەکی بۆ نووسیووە.

پاموک لە یەکەم دێری ئەم ڕۆمانەوە تا دوایین دێر جۆرێک لە ئاڵۆزی لای خوێنەر بەجێ دێڵێت، سەبارەت بەو «کتێب»ەی کە دوای خوێندنەوەی سەرتاسەری ژیانی خوێنەرەکەی دەگۆڕێت.. «عوسمان»ی کوڕی «عاکف» کە تەمەنی لە «٢٢» ساڵ دەدات و قوتابی کۆلێژی ئەندازیارییە و بەرێکەوت کتێبێک لە دەست کچێکی جوانی قوتابی هەمان کۆلێژ دەبینێت و دواتر کتێبەکەی لە کوشکێکدا بەرچاو دەکەوێت و دەیکڕێت و پاش خوێندنەوەی کتێبەکە عوسمان دەڵێ: ئەو ڕۆژە کتێبێکم خوێندەوە سەرتاسەری ژیانم گۆڕا.. هەڵبەتە ئەم کتێبە لەلایەن «محەمەد»ەوە پێشکەش بەم کچە زانکۆییە کراوە، کتێبێکی ئاڵۆز و تەمومژاوی و نادیارە، نەنێو نیشانی دیارە نە ناوەڕۆکی، بەڵام ئەوەی سەرقاڵی خوێندنەوەی بێت ئاخلەیەک بە دەوری ڕوخساریدا دروست دەبێت، کتێبێکە هەمیشە گورزە تیشک و ڕووناکی لێ هەڵدەقوڵێت و کارەکتەرەکان لە ڕێگەی عیشق و خوێندنەوەی بەردەوامی ئەم کتێبەوە ڕووە و ژیانی نوێ هەنگاو دەهاوێژن، وەک لە پێشەکییەکەی دکتۆردا هاتووە.




ڕۆناڵد ڕایت.. کۆمەڵێک سەرنج و تێبینی دەرحەق بەم ڕۆمانە نووسیوە و دواتر دەپرسێت کام کتێبە ئەمەیان، دەبێ «کتێبێ پیرۆز» نەبێ، یان قورئان؟ یان حیکایەتەکانی ئەمادیس؟ کتێبی لە وڵاتە سەرسوڕهاوەرەکان، یان بنچینەی جۆرەکان؟ مانیفێستی کۆمەنیستی؟ بۆچوونێکی دی هەیە ئەو کتێبە ئاڵۆز و تەمتومانییەی نێو ڕۆمانی ژیانی نوێ بە کتێبێکی «ڤالتەر بنیامین» ناودەبات، هەڵبەتە لە سەرەتاوە «جینان» و «محەمەد» و «عوسمان» بەم کتێبە ئاڵۆز و جوانە کاریگەرن.. نەک هەر کاری تێ کردوون، بەڵکو

سەراپای ژیان و تێروانین و بیروبۆچوونیان سەبارەت بە مەرگ و ژیان و عیشق و جوانی بەهۆی خوێندنەوەی ئەم کتێبەوە گۆڕاوە، هەندێک لە نووسەران ڕوانینی پاموک بۆ «ئیستانبوڵ» بە ڕوانینی «جێمس جۆیس» دەچوێنن بۆ «دبلن». لە ڕۆمانی ژیانی نوێشدا کۆمەڵێک تەکنیکی پۆست مۆدێرنە دەدۆزنەوە، لەوانە دەسپێکی چیرۆکێکی لوغزئامێز، وورووژاندنی بابەتی شوناس، ئاڵۆزی لە گێڕانەوە، جۆرێک لەهاودژی ڕوحانی و سۆفیگەری، خوڵقاندنی چیرۆک لەنێو چیرۆکدا،... هەروەها زۆرێک لە توێژەران پێیان وایە پامووک ناوونیشانی «ژیانی نوێ»ی لە «دانتی» وەرگرتووە، پاموک خۆیشی دان بەمەدا دەنێت، بەڵام لای ئەو «جینان» لە بەهەشتی پاس و ئۆتۆبیسەکاندا لە تەنیشتی دادەنیشێت و ئەو دەمانەش کە خەو دەیباتەوە سەرو قژی دەکەوێتە سەر شانی «عوسمان» و عوسمان زۆرجار بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک لە جوانی ڕوخساری جینان ڕادەمێنێ، نەخاسمە ئەو چرکەساتانەی کە خەوی لێ کەوتووە.

واتە ئەگەر گەشتەکانی دانتی لەگەڵ [پیاتریس] لە پانتایی جیهانێکی ئەندێشاوی و ڕوحانیدا بێت، ئەوە گەشتە بەردەوام و بێ بەرنامەکانی عوسمان و جینان لە ڕێگەوبان و لەنێو پاس و ئۆتۆبیسەکاندایە، بەڵام بە هەمان شێوەی گەشتەکانی دانتی، کە خۆ دووره پەرێز ڕاگرتنە لەلایەنی «سێکسی».. عوسمان بە ڕێکەوت ئەو کچە جوانە دەناسێت، ئەو دەمەی لە ژوورەکەی خۆی سەیری ماڵی دراوسێ تازە هاتووەکەیان دەکات، چاوی بەکچێکی قژ قاوەیی دەکەوێت، لەگەڵ خانەوادەکەی بەرانبەر تەلەفزیۆنێکی شاشە سەوز دانیشتوون و چێشتی شێوان دەخۆن- هەڵبەتە ئەو کچە قژ قاوەییە دواتر کە دەردەکەوێت قوتابی کولیژی ئەندازیاری بەشی تەلارسازییە و کتێبێکی ناوازەی پێیە، چەندین جۆرە کتێب هەن ژیانی مرۆڤ دەگۆڕن، یان مانای بوون و ژیان و مەرگ و عیشقی بۆ شی دەکەنەوە و بە ئاڵۆزی و تەمومژاوی دەمێنێتەوە.

عوسمان لە کەناری دەریای مەرمەرە دووچاری حاڵەتی گەڕاندنەوەی چرکەساتەکانی منداڵی دەبێت و لەنێو حاڵەتێکی نوستالیژیدا لە کەنار دەریا بەدوای ئەو کەلوپەل و شتگەلانەدا دەگەڕێت، کە ئاو لەگەڵ هێناونی وەک بووکە شووشەی پلاستیکی، گڵۆپی ڕەنگاوڕەنگ، تاکە پێڵاو و شتگەلی سەیر و سەمەرە، بەڵام عوسمان لە دەورانی منداڵییەوە هەڵوەدای کتێب خوێندنەوەیە، ئەو دەمانەی لەگەڵ «عاکف»ی باوکی کە کارمەندێکی وێستگەی شەمەندەفەر بوو، سەردانی ماڵی «ڕفقی ڕای» دەکەن کە کارمەندی فەرمانگەی هێڵی ئاسنی و پشکنەری شەمەندەفەر بوو، باوکی لەگەڵ ڕفیقی تاوڵەیان دەکرد و عوسمانی چکۆلەش بەتیلەی چاو لە کتێب و کتێبخانە چکۆلەکەی ڕادەما و ڕفقی دەیگوت دواڕۆژ ڕۆمانێک دەنووسم و تۆیش دەبیت بە پاڵەوانی، ڕفقی چیرۆکی منداڵانی لە زمانی بیانییەوە وەردەگێڕایە سەر زمانی تورکی و لەنامیلکەی ڕەنگاوڕەنگ و وێنەداردا بڵاوی دەکردنەوە، عوسمان شەیدای ئەو چیرۆکانە بوو، یەکێک لەو چیرۆکە وەرگێڕدراوانەی کە ڕوحی لێبوردەیی تێدا بوو، چیرۆکی «پیرتف و پیتەر»ە- دوو برا ڤێکرا دەکەونە عیشق و شەیدای کچێک، بەڵام پیرتف کاتێک دەزانێت کچە زیاتر لەگەڵ پیتەر بەختەوەرە، چونکە پیتەر مرۆڤێکی کراوە و گەشبینە بە دنیا، دەست لە عیشقی کچە هەڵدەگرێت و بۆ براکەی بەجێی دەهێڵێت!.. هاوکات لەودیو دەربڕینەکانی ڕۆمانی ژیانی نوێدا خەفەت و پەژارەیەکی قووڵ خۆی لە ماسک و دورجەکانی پرۆسەی نووسیندا شاردووەتەوە خەفەتێک کە هەڵگری هەستێکی کوشندەی ئەنتۆلۆژییە سەبارەت بە بوون و زەمان، بۆیە زۆربەی کارەکتەرەکان، یان ئەوەتا لێکدادەبڕێن، یان چارەنووسیان مەرگ دەبێت، ئەم ڕەوش و خەسڵەتەیش لە زۆربەی ڕۆمانەکانی پامووکدا دیار و بەرچاوە، یان مامەندی ڕۆمانەکانی دەستەیڤسکی کە پامووک بە تێکستەکانی کاریگەرە.. بە هەمان خەفەت و نیگەرانی و هەستی ئەنتۆلۆژی لە بوون و زەمان دەڕوانێت. بۆ نموونە.. «ڕاتیب»ی هاوسەری «ڕفقی» دوای کوژرانی ڕفقی لەلایەن پیاوانی «دکتۆر فاین»ەوە وەک دایکی عوسمان بە بێوەژن کۆشی دەمێنێتەوە، «محەمەد»ی دەسگیرانی «جینان» دەکوژرێ، «جینان» شوو بە دکتۆرێک دەکا، «سورەیا»ی حەڵوافرۆش بینایی لە

دەست دەدات»، دایکی عوسمان سەردەنێتەوە و عوسمان ژن دێنێت، و لە هەمان ژووردا بیر لە کەلوپەل و شتگەلەکانی دایکی دەکاتەوە، هەرسێ کچە جوانەکەی [دکتۆر فاین]ی شوناسپارێز ڕەدوو دەکەون، بەڵام ڕۆمانی «ژیانی نوێ» دەقێکی مۆسیقایی و کەرنەڤاڵییە، ڕووداوەکان بەڕێکوپێکی بەردەوامی وەردەگرن و گێڕانەوەش لە ڕێگەی تەکنیکی دیالۆگەوە خەسڵەتی هەناسە درێژی بە ڕووداو و فەزای نووسین دەدات. عوسمان بەشێوەیەک گیرۆدەی «جینان»ە هەموو چرکە خۆشەکانی ژیانی لەنیگاکردنی ئەودا دەدۆزێتەوە، لە یەکەم دیداردا کچە باوەشی پێدا دەکات و ئەویش عەتری پرچە قاوەییەکەی هەڵدەمژێت، عوسمان پێی دەڵێت ئەگەر جێم بهێڵێت دەمرم!، ئەگەر محەمەدی دەسگیرانت ئاگاداری ئەو باوەشپێداکردنە بێت، پێی قبوڵە؟، ئەگەر لە کتێبەکە تێبگا و بڕوای پێ بێنێ وەک ئەوەی من تێی گەیشتم و بڕوام پێی هێنا، ئەوە لە هیچ شتێک ناترسێت، محەمەد لە ئوتێلێکی نزیک گەڕەکی «تەقسیم» دەژی، وێڕای کاری پاسەوانی شەوانەی لە نووسینگەیەکیشدا کاردەکات، بەڵام جینان لە شوێنێکدا لە گەڕەکی «نیشانتاشی» دەژێت.. کارەکتەرانی «ژیانی نوێ» بەتایبەتی ئەوانەی کتێبە دەگمەن و خەتەرناکەکەیان خوێندووەتەوە تاڕادەیەک لە مانای خود و بوون و مەرگ و عیشق و ژیان و جوانی گەیشتوون، نەخاسمە جینان و عوسمان، بۆیە بەدوای ژیانی نوێدا دەگەڕێن.

ژیانی نوێ لەم تێکستە پۆست مۆدێرنەدا، بریتییە لە ژیانی ڕەوتەنی و گەڕیدەیی، گەشت و سەفەری ئازاد و بێ بەرنامە و پلانی نێو پاس و ئۆتوبیسەکان، چرکەساتی بێ موبالاتی و پڕاوپڕ لە عیشق و جوانی و سەرچڵی، گەڕان لە کووچە و شەقامی شار و شارۆچکە دوورەکان، ئەو شوێنانەی بۆ یەکەم جار مێژووی مرۆڤ چاوی پێیان دەکەوێت، دۆزینەوەی ڕوحی شارە زیندووەکان، چێژوەرگرتن لە بۆنی هەمبەرگەر و عەتری سابوون و تامی کۆکاکۆلا و شەربەتی ئەناناس و گەڵای درەختی سەروو و جگەرەی مارلبۆرۆ و شەرای عەتری بۆیە و گولاو و کەتیرە و کاستەر و جەلی... ژیانی نوێ سەفەری بێ بەرنامە و پلانی پڕ عیشق و مەحەببەتی عوسمان و جینانە، لەنێو فەزای پۆست مۆدێرنەی جیهانی نیشانەکان، ئەو کۆمەڵگە بەرخۆرییانەی کە شەقامەکانی پڕاوپڕە لە دروشمەکانی ڕێکلام و نیشانە بریقەدارەکانی کۆمپانیازلەکان، کە لەودیو نیشانەکانەوە کۆمەڵێک ماسکی لێوانلێو لە ستەم و چەوساندنەوە و نادادوەری بە حەشاردراوی خەفەکراون، ژیان لە بەرەبەیاندا چەند چوستوچالاکە، چێشتی خواردنگەکان تازە هەڵمی چێژاوییان لێ هەڵدەستێت، نانی گەرم و زەڵاتە و بۆنی مایۆنیس، بازاڕە جوانەکان، قەسابێک لەبەر قەنارەکەی وەستاوە و ئەو هەموو گۆشتە جوانەی لەت و پەت کردووە، سەرتاشێک ئاوێنەکان دەسڕێتەوە تا زیاتر بریقێنەوە، بەقاڵێک چاوەڕوانی کڕیارە، ئەو هەموو ساختومانە بەرزانە دەیان خانەوادەی تێدا دەژین و لە پەنا کۆنکرێتە زەبەلاحەکان پەیکەری ئەتاتورک قیت بووەتەوە و بەجیقنەی کۆتر سواغ دراوە، کە دکتۆر فاین زۆری پێ ناخۆشە، کرێکارە هەژارەکان بە چوستوچالاکی ڕووەو کار دەڕۆن، ئەمەیان گوندی کوردانە بەهۆی شەڕ و شۆڕەوە چۆڵ کراوە، ژیانی نوێ لە ڕێگەی ئەو کتێبە دەگمەن و دانسقەیەوە دۆزراوەتەوە.

ئەوەی بە قووڵی ئەو کتێبە بخوێنێتەوە لە واتا ئاڵۆسکاوەکەی ژیانی نوێ دەگات، کات چییە؟ ڕووداوە! ژیان چییە؟ کاتە، ڕووداو چییە؟ ژیانە!..عوسمان چێژی لە بینینی ڕوخساری جینان وەردەگرت، نەخاسمە ئەو چرکە ساتانەی جینان لەنێو پاس و لە تەنیشتی خەو دەیبردەوە و هەودا هەودا قژە قاوەییەکەی تەخش و پەخشانی سەرشان و ملی دەبوو، چەندە جوانە بینینی ڕوخساری دولبەر ئەو دەمانەی خەوی لێ کەوتووە، ئاخر زەمەن بریتییە لە ڕووداو، ئێمە بە ڕێکەوت لێرە و لەم جیهانەداین!.. بەهۆی پێکدادانی ماشێنەکان و مردنی ژن و مێردەکە.. پاسپۆرتی ئەوان هەڵدەگرن. واتە پاسپۆرتی [عەلی قەرە] و [ئەفسون قەرە]، بە هەمان ناویش لە شاری «جیودل» و لە هوتێلی «ترامب» بەشداری لە میهرەجانی بازرگانی دەکەن و لەوێش ئاشنایەتی لەگەڵ دکتۆر فاین پەیدا دەکەن،.. عوسمان بە مەستی لە شەقامەکان دەخولێتەوە و دەڵێت:

چەند جوانە لە شارێکی نەناسراودا سەرمەست بیت و خۆشەویستەکەشت لە ژووری هوتێلێکدا خەو

بردبێتییەوە! دکتۆر فاین ناسیۆنالیستێکی تورکە و هاوکات بازرگانێکی نەتەوەپەرستی شوناسپارێزە لەوێ لە کۆشک و تەلارەکەی دکتۆردا، عوسمان چاوی بە وێنەی محەمەد و جینان دەکەوێت، محەمەدی کوڕی دکتۆر فاین ناوی ڕاستەقینەی- ناهیت-ە، کە ئاماژەیە بۆ هەسارەی زوهرا-. ئەستێرەی ئاسمان، لەوێ عوسمان، یان عەلی قەرە- چاوی بە گۆڤارەکانی ڕفقی ڕۆژنامەنووس و پشکێنەری شەمەندەفەر دەکەوێت، کۆشک و تەلارەکەی دکتۆر لە موزەخانەیەک دەکات، کۆمەڵێک ژووری تایبەت بە چەک و دەمانچەی جۆراوجۆر، ژووری پڕاوپڕ لە کاتژمێر، جلوبەرگ، کتێب و گۆڤار، قاپوقاجاخ و فەخفوری جۆراوجۆر، وێڕای باخچەیەکی گەورە و زەوی و و زار و کێڵگەیەکی بێ سنوور- دکتۆر سەرەڕای محەمەدی- ناهیت-ی کوڕی کە بە دوای چارەنووسی کتێبە دانسقەکە کەوتووە و لەخانەوادەکە دابڕاوە- سێ کچی شۆخوشەنگی هەیە، یەکێکیان تەڵاق دراوە، ناوی کچەکانی دکتۆر ئەمانەن: ڕوزباد، ڕوزایل، زوزامند. دکتۆر حەزی لە گفتوگۆی فەلسەفییە و چێژ لە شێوە و ڕوخساری کوڕی قۆز و لووسکەش وەردەگرێت.

هەروەها کۆمەڵێک سیخوڕ و کرێگرتەی هەیە، لەوانە.. زینەس، موفادۆ، ئومیجا، سرکیۆف کە چاودێری محەمەد دەکەن و دوایین زانیاری بۆ دکتۆر دێنن، دکتۆر فاین لە هەمان کاتدا وەک کابرایەکی ترادیسیۆن پەرست بایەخ بەلایەنی- جیهاد- دەدات و ژوورێکی تایبەتی بۆ چەندین جۆرە چەک و تەقەمەنی تەرخانکردووە، جبەخانەکەی دکتۆر چەکی وا سەیر و سەمەرەی تێدایە، لەوانە دەمانچەی بارابلیۆم، کۆڵت، کێریکاڵ، سمیث، واڵتەر.. هەر لەوێ دکتۆر دەمانچەیەکی واڵتەر بەدیاری پێشکەش بە عوسمان دەکات، دواجار «ڕفقی ڕای» وەک ڕۆژنامەنووسێکی عەلمانی و یان دانەری کتێبە «بوونگەرا»ییەکە لەلایەن کرێگرتەکانی «دکتۆر فاین»ەوە تیرۆر دەکرێت، محەمەد وەک کارەکتەرێکی شەبەنگییە، ڕۆڵێکی تارماییئامێز دەگێڕێت و جارجارە دەردەکەوێت، محەمەد یەکەم جار لەلایەن کابرایەکی کیسەی پلاستیکی بەدەستەوە تەقەی لێ دەکرێت و- لا شانێکی بریندار دەبێت، دوور نییە کابرا- سیکۆ-ی کرێگرتەی دکتۆر فایق بێت، پاشان عوسمان لە هۆڵی سینەماکە چەند فیشەکێک بە محەمەدەوە دەنێت.

پامووک لەم ڕۆمانەیدا چەندین جۆر گەمەی هونەری و دەلالی ئەنجام دەدات، لەوانە گەمەی گۆڕینی ناوەکان، لەگەڵ ناوی محەمەد- ناهیت-ی ڕاستەقینە، چەندین محەمەد ناوی تر دەردەکەون وەک محەمەد بولدم، محەمەد ئۆکر.. عوسمان مانەندی پاڵەوانی چیرۆکی- بکوژ-ی ژان پۆل سارتر بەهەستێکی ئەنتۆلۆژی و ڕوانینێکی ئاڵۆز و تەمومژاوی بەدوای محەمەددا دەگەڕێت و لە کووچە و کۆڵان و شەقام و شارو شارۆچکەکاندا ڕاوەدووی چەندین محەمەد ناو دەنێت، پاشان محەمەدی ڕاستەقینە لە هۆڵی سینەما دەدۆزرێتەوە، چونکە «عوسمان عاکف» لە ڕێگەی خوێندنەوەی کتێبە دانسقەکەوە دووچاری هەستێکی ئێستێتیکی و بوونگەرایی هاتووە و هاوکات ئاگری عیشقی جینان دڵ و دەروونی دایساندووە، واتە ژیان لای عوسمان بریتییە لەو چرکەساتانە کە لە تەک جیناندایە، زۆرجار دیمەن و شکڵ و شێوەی هەندێک مرۆڤ لە شەقام و چایخانە و ئوتێل و سینەما و شوێنە گشتییەکاندا ئازار و ئەشکەنجەی چاو و دەروونی دەدەن و لە ناخرا بڕیاری لەناو بردنیان دەدات و خەریکە تەقەیان لێ بکات.

ئەم ئەتمۆسفێرە پۆلیسییە لە زۆربەی ڕۆمانەکانی (ئۆرهان پاموک)دا بەشێوە و شێوازی جۆراوجۆر بەرچاو دەکەوێت، لەوانە ڕۆمانی بەفر، کتێبی ڕەش، ناوی من سوورەیە... تاد.

عوسمان لە دەورانی مێرمنداڵییەوە لەگەڵ ڕۆژنامە و گۆڤار و نامیلکە وەرگێڕدراوەکانی (ڕفقی ڕای) پەروەردە کراوە، بۆیە دوای کوژرانی ڕفقی بە چەندین ساڵ و دوای ژن هێنانی لە دەرگای ماڵی ڕفقی دەدات و «ڕاتیب»ی بێوەژنی «ڕفقی ڕای» پێشوازی لێ دەکات و عوسمان کۆمەڵێک کتێبی لێ دەخوازێت، دیمەنی ژوور و دەلاقە پڕ کتێبەکان ناڕاستەوخۆ لە پێوەندییە ئولفەتئامێزەکانی مرۆڤ دەدوێن، لەگەڵ کەلوپەل و شتگەلەکان، پێوەندییەکی هۆگری پڕاوپڕ لە هەستی غەمگینی، پاموک لە زۆربەی ڕۆمانەکانیدا ئەم شێوە مامەڵەیە لەگەڵ شتگەلەکاندا دەکات، ئەمەش حاڵەتێکە پێوەندی

به پانتـــایی شـــوێن و یادەوەری و هەستی ئەنتۆلۆژی و شیـعرییـەوە هەیە، لەلایەکی دیکەوە تەکنیکی گێـڕانەوە لەم ڕۆمـانەدا سـوودی لە کـۆمـەڵێک هونەری جـیـاجـیـا و جۆراوجۆر وەرگرتووە، وەک هونەری گرتەی سینەمایی، شانۆ و ڤیدیۆ و تەلەڤزیۆن و نمایشی فیلمی ڤیدیۆی نێو پاسەکان، بۆیە کتێبی ژیانی نوێ لە ڕووی جیـهـانبـینییـەوە کـتـێـبی عیشق و ئێستێتیکا و هەستێکی ئەنتۆلۆژییە، ئەوەی ڕۆمانی کتێبی نوێ بخـوێنێـتـەوە تیـشـکگەلێکی جـــۆراوجـــۆر دڵ و دەروونی ڕۆشن دەکـــەنەوە و هێـــدی هێـــدیش لە نهێنییەکانی عیشق و جوانی بوون و مەرگ و هۆگری دەگات!، ژیانی نوێ کـــتـــێـــبی «پۆست مـــۆدێرنە»یە و دەیەوێت سەرلەبەری دەسەڵاتەکانی ســەر ڕووی زەمین کـــاڵ بکاتەوە و بڕوای بە ئـازادییـــــــەکی تـەواو و یاخیـبـوونێکی تەواو هەیە، چونکە ژیان عیشقە و عیشقیش بریتییە لە قەسیدەیەکی غەمگین، ئەڤین و دڵ و مۆسیـقـا و جوانی ئاوێزانی یەکتـر دەبن. دواجار کتێبی ژیانی نوێ هەر خـــۆی ئەو کـــتـــێـــبـە دەگـــمـــەن و دانسقەیەیە کە ڕوانینی دیاریکراو و سنووورداری خـــوێنەر دەگـــۆڕێت و دەیگەیەنێتە ڕەوشی بێدەنگییەکانی زەمــەنی هەتاهەتایی و پێی دەڵێت جــیــهـــان مـــانـەندی تێکست بێ کـــەوشـــەن و سنوورە، بۆیە هەست دەکـەیت ڕۆمـانی ژیانی نوێ لە تەک هێورییەکانی کردەی نووسین و ڕەزمە ناوەکییەکەی هەڵگری بڵێسەیەکی شـاراوەی ئەنتـۆلۆژییـە و پێی وایە ئینسـان هێـدی هێدی مۆنادەکـانی عیشـق و جوانی و چرکەخۆشەکانی زیندەگی لە دەست دەدات، چونکە ژیانی مرۆڤ بریتییە لە چەند قۆناغ و دەورانێکی دیاریکراو، پێویستـە ئەو ژیانەی هەمـــــانـە بەخـــۆشی بیگوزەرێنین، بەڵام هیچ خـەڵقندە و بوونەوەرێک نـاتوانێت خـــۆی لە زیندانی هاوکێشە بوداییەکە دەرباز بکات!، یان بەشێـوەیەکی تر چرکـە خۆشـەکـان لە کۆشک و تەلارەکەی دکتۆر فـاین دەکەن، بە تایبـەتی ئەو دەمـەی عـوسـمـان کـاتێک بۆ جاری دووەم سەردانی ئەوێ دەکات، بەهیچ جـــۆرێک ئاســەواری کـــۆشـک و تەلارەکە دیار نەمـاوە، پامـووک لەم ڕۆمـــانەدا ســوودی لە کـــۆمــەڵێک شـــاکـــاری ئەدەبی و فـــەلســـەفی وەرگــرتووە. لەوانە (کـــۆمـــێـــدیای خـوداوەندی دانتـی)، بۆچوونەکـانی «ڕیلکە»ی شـاعـیــر ســەبارەت بە شکڵ و شێوەی مەلائیکە و ڕوانینە سۆفیگەرییەکانی «ئیبن عەرەبی» بۆ عـــیـــشق و جـــوانی و گـــەردوون، تێڕوانینە فەلسەفییەکان «هایدگەر» بۆ بوون و زەمـان، قدیس ئۆگستین و فــــەرامــــۆشکردنی ئـەنگێـــــزە سێکسـیـیـەکـان و چێژوەرگـرتن لە جـــــوانی ڕوخـــــســـــار لە ڕێگەی هەڵچوونی ڕوحییـەوە، ئەم ڕوانینە لە بنەڕەتدا ســەر بە فــەلســـەفـەی ئیستێتیکای ئەفلاتوونییە، چونکە عـوسـمـان و جینان تا دوایین سـاتی لێکدابڕان سێکس ناکەن، عـوسـمـان هەمـیـشـە چێـژ لە بینینی شـێـوە و ڕوخســار و بەژن و باڵا و چۆنیـەتی پەخش بوونی قـژە قـاوەییـەکـەی وەردەگــــرێت- ســـەرەڕای ســـوود وەرگـرتنی لە ڕۆمـانەکـانی جـۆرج ئۆرێل و ئـامـــاژە کـــردنی بۆ ژووری [١٠١]، هەروەها ڕۆمـــانەکـــانی «هکسلی» و شـــانۆنامـــەکـــانی شەکسپیر..تاد. لەلایەکی دیکەوە ڕۆمـــانی ژیانی نوێ مـــانەندی ڕۆمـــانەکـــانی دیکەی پامـــووک دەیەوێت جۆرێک لە دیالۆگ لەنێوان کـولتـووری خـۆرئاوا و خـۆرهەڵاتدا بسازێنێت، بۆ نموونە دکتۆر فاین کە هێمای ناسیۆنالیستێکی داخراو و خـاوەن عـەقـڵـێـکی ژەنگگرتووی لۆکاڵیـیـە هەمـیـشـە دژی کـرانەوەی زەین و کـــەرســـتـــە و ئـامــرازەکـــانی تـەکـنـۆلـۆژیـایـەو دەیـەوێـت وەک پاســـەوانێکی کـــەلەپووریەرست داکـــۆکی لە شـــوناسی نەتەوەیی بکات، یان وەک شـوناسـپـارێزێک مـامــەڵە لەگـەڵ هزری خـۆرئاوایی دەکـــات و هاوکـــات دژایەتی ئەو کـەسـانە دەکـات کـە سـەرقـاڵی خوێندنەوەی کـتێبی «ژیانی نوێ»ن. بەم جـۆرە پامـووک لەم ڕۆمـانەیدا بـابەتـگـەلێـکی جــــــۆراوجــــــۆر دەورووژێنێت.

**سەرچاوە:**

**الكتاب: الحياة الجديدة**

**تأليف: أورهان باموق.**

**ترجمة: سها سامح حسن.**

**مراجعة: د. أماني توما.**

**تقديم: عبد المقصود عبدالكريم.**


**الطبعة الاولى: ٢٠٠٧.**

**طبع في مطابع الهيئة المصرية العامة للكتاب.**

# زستانی سەخت

جەبار سابیر
(سلێمانی)

ئەم ماوەیە (زستانی سەخت)م خوێندەوە، زستانی سەخت یەکێک لە شاکارەکانی (ئیسماعیل کادارە)ی ڕۆماننووسی ئەلبانییەو (مهستی بحرینی) لە فەڕەنسییەوە کردوویەتییە فارسی. ئەمە دووەم ڕۆمانیەتی بیخوێنمەوە، پێشتر (تەپڵەکانی باران)م خوێندبۆوە. (دلاوەر عەبدوڵڵا) ئەم ڕۆمانەی کردۆتە کوردی و خانەی وەرگێڕان چاپی کردووە. (تەپڵەکانی باران) باسی سەدەی پازدە بەرەو ژوور دەکات، لەوێدا لەشکرکێشی عوسمانییەکان دەبینین بۆ سەر ئەلبانیا، خۆڕاگری ئەو خەڵکە دەبینین لە بەرانبەر لەشکری زۆر و هاری عوسمانیدا، بەڵام (زستانی سەخت) باسی سەدەی بیست دەکات، کە دیسان زلهێزێک دەیەوێ ئەلبانیا بخاتە ژێر گوشاری سیاسەتەکانی خۆیەوە. مۆتیڤی سەرەکی ئەم ڕۆمانە باسکردنە لە سیاسەتی یەکێتی سۆڤێتی جاران کە بە قەڵای کۆمۆنیزم و کرێکارانی جیهان ناسرابوو و خۆی بە پارێزەریان دەزانی. سۆڤێت دوای ئەوەی بەسەرکەوتوویی لە دووەمین شەڕی جیهانی هاتە دەرێ، ئیتر لە خۆی ڕابینی کە دەسەڵاتەکەی فراوان بکات و ئەمەیشی لەسەر حسێبی وڵاتە بچووک و هەژارەکان دەکرد و دەیویست لەو ڕێگەیەوە پێگەی خۆی لە بەرانبەر وڵاتانی بلۆکی سەرمایەداریدا پتەو بکات.




ئەلبانیا وڵاتێکی بچووکی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتە، بە ئەلبانی پێی دەڵێن (Shqip) کە بە شەقیب دەخوێنرێتەوە، یەکێکە لە وڵاتانی باڵکان و دەکەوێتە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپاوە. لە سەدەکانی ناوەڕاست بەدواوە ساڵانێکی زۆر دژی ئیمپراتۆری عوسمانی شەڕێکی سەختی کردووە، لەو ساڵانەدا پیاوێکی ئازا بەناوی (ئەسکەندەر بێگ) نزیکەی بیست و چوار ساڵ (١٤٤٣ - ١٤٦٨) دژی پاوانخوازییەکانی (محەمەد فاتحی یەکەم)ی سوڵتانی عوسمانی جەنگاوە، بەڵام هەر لە ساڵی (١٤٦٨)دا ئەسکەندەر بێگ دەمرێ و ئیتر وردە وردە بەرگری ئەلبانییەکان کز دەبێت و دواجار لە سەرەتاکانی (١٤٨٠) ئەلبانیا

لەلایەن عوسمانییەکانەوە داگیر دەکرێت و دەبێتە بەشێک لە ئیمپراتۆری عوسمانی و دوای پێنج سەد ساڵ لەژێر دەستەیی عوسمانییەکان لە ٢٨ سەرماوەزی ساڵی ١٩١٢ خۆی لەژێر دەستەیی عوسمانییەکان ڕزگار کرد و جاڕی سەربەخۆیی دا.

دوای دووەمین جەنگی جیهانی و سەرەتای جەنگی سارد، لە ساڵی (١٩٥٥)دا وەک بەرئەنجامێکی جەنگی سارد (پەیمانی وارشۆ) لەلایەن یەکێتی سۆڤێتەوە پێشنیار کرا. ئەم پەیمانە لە دژی پەیمانی ناتۆ (هاوپەیمانی باکووری ئەتڵەسی) دروست بوو. پەیمانی وارشۆ لە هەشت وڵات پێکهاتبوو (یەکێتی سۆڤێت، ئەلبانیا، ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، بولگاریا، پۆڵندا، چیکۆسلۆڤاکیا، ڕۆمانیا، هەنگاریا). ئەلبانیا لە ساڵی (١٩٥٥) بووە ئەندامی وارشۆ و لە ساڵی (١٩٦٨) لە پەیمانەکە کشایەوە. (زستانی سەخت) باس لە ڕووداوەکانی دەیەی شەستی ئەلبانیا دەکات، کە دواتر کشانەوەی ئەو وڵاتەی لێکەوتەوە لە پەیمانی وارشۆ. جەنگی سارد ڕوسیای بەرەو ئەو باوەڕە بردبوو کە هەیمەنەی خۆی بەسەر ئەوروپای ڕۆژهەڵاتدا زیاد بکات و ئەم ئەنگێزەیەشی لە ڕێگەی پەیمانی وارشۆوە جێبەجێ دەکرد. لە دەیەی شەستەکانی سەدەی ڕابردووداو لە گەرمەی شەڕی سارددا ئەلبانیا بە ناچاری پەنا دەباتە بەر فەرەنسا تا گەنمی بۆ دابین بکات، بەو پێیەش کە فەرەنسا لە پەیمانی ناتۆدایە و هاوپەیمانی ئەمریکایە، بە دوژمنی یەکێتی سۆڤێت لە قەڵەم دەدرێت. ئەم کۆمەکەی فەرەنسا بۆ ئەلبانیا وەک ناپاکی لەسەر ئەلبانیا دەکەوێت و لێرەوە سەرەتای دوژمنایەتی کردنی سۆڤێت لە بەرانبەر ئەلبانیادا دەست پێدەکات. سۆڤێت بەهۆی فراوانی ڕووبەری خاکەکەیەوە دەیتوانی هەموو ئەو وڵاتانەی کە چووبوونە پەیمانی وارشۆوە بەخێو بکات، بەڵام کە نەیدەکرد لەبەر ئەوەبوو هەمیشە ئەو وڵاتانە بە برسێتی بهێڵێتەوە تا لەو ڕێگەیەوە بتوانێ بەسەریاندا زاڵ بێت و بە ئارەزووی خۆی و بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاریان بهێنێ. ئەمەش سیفەتێکی زۆر سەرکەوتووی هەموو داگیرکەرەکان بووە لە کۆنەوە، تەنانەت زۆرێک لە دیکتاتۆرەکانی دنیاش هەمان مامەڵە لەگەڵ خەڵکی خۆشیاندا دەکەن. کاداره وەک وێنەگرێکی لێهاتوو ئەو چرکەساتانەی بۆ وێنە گرتووین کە (ئەنوەر خواجە)ی سەرۆکی ئەوکاتی ئەلبانیا بە یاوەری شاندێک دەچێتە مۆسکۆ و لەگەڵ (نیکیتا خرۆشۆف)ی سەرۆکی یەکێتی سۆڤێتدا مشتومڕێکی توندیان لەسەر ئەو پێوەندییەی ئەلبانیا و فەرەنسا دەبێت.

لەوێدا کاداره لە ڕێگەی گێڕانەوەکانییەوە بۆ قسەیەکی نەستەقی خرۆشۆف دەگەڕێتەوە کە وەک گاڵتەکردن بە ئەلبانییەکان کردوویەتی و ئەمەیش وای لە خواجە کردووە لە سۆڤێتییەکان دڵسارد بێت. خرۆشۆف لە سەردانێکیدا بۆ ئەلبانیا بە خواجە دەڵێ: ئێوە داری بەردار بڕوێنن و واز لە گەنم و دانەوێڵە بهێنن، چون ئەو گەنمەی ساڵانە لە ئەلبانیادا دەخورێت لە سایلۆ و ئەنبارەکانی سۆڤێتدا مشک دەیخوات.

یەکێتی سۆڤێت کە دوای مەرگی لینین، ستالین جڵەوی دەسەڵاتەکەی وەرگرت، خەونی بە ئیمپراتۆرێکی بەربڵاوەوە دەبینی و ئەمەش زیاتر لەدوای دووەمین جەنگی جیهانییەوە بووە خەونی ستالین و جگە لەو کۆمەڵە وڵاتە زۆرەی بە زۆر و بە خوایشت چووبوونە چوارچێوەی یەکێتی سۆڤێتەوە، لە ڕێگەی پەیمانی وارشۆشەوە دەیویست وڵاتە کۆمۆنیستەکانی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتیش بخاتە ژێر جڵەوی خۆیەوە و لەوێوە پێگەی خۆی لە ئەوروپا قایم بکات و دژایەتی وڵاتانی سەرمایەداری بکات، بۆیە هەر کاتێک یەکێک لە وڵاتەکانی پەیمانی وارشۆ هەر پێوەندییەکی لەگەڵ یەکێ لە وڵاتانی پەیمانی ناتۆ، یان ئەوروپای ڕۆژئاوادا دروست بکردایە، سۆڤێت لێی دەکەوتە تەقەو گێچەڵێکی پێ دەکرد، ئەم گێچەڵ پێ کردنەش ئەلبانیا و هەنگاریا و چیکۆسلۆڤاکیاشی گرتەوە. لە دوای مردنی لینینەوە ئیتر یۆتۆپیای کۆمۆنیزم و دنیایەکی یەکسان بۆ مرۆڤ بە تەواوی لەبار چوو و ستالین سۆڤێتی بەرەو دیکتاتۆری برد. دیکتاتۆرییەتیش هەمیشە پێویستی بە خاک و خەڵکی زۆرە تا زیاتر هەست بە بوونی خۆی بکات، بۆیە کاتێک بەسەرکەوتوویی لە دووەمین جەنگی جیهان دێنە دەرەوە، ئیتر لافی ئیمپراتۆریەتی لێ دەدەن و بێ ئاگا لەوەی کە لە سەدەی بیستدا

دەژین و سەردەمی ئیمپراتۆرەکان تێپەڕیوە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر هەوڵیان بۆ بەدەست هێنانی ئەو خەون و ئامانجەیان دەدا.

فلاشباک (flashback) ڕۆڵێکی سەرەکی لە چنینی ڕۆماندا هەیە، فلاشباک تێکەڵکردنی ڕابردوو لەگەڵ ئێستا و هێنانە قسەی ڕابردووە، بڕبڕەی پشتی هەموو ڕۆمانێکی باش فلاشباکە. فلاشباک بەشێکی زۆری ئەم ڕۆمانە پێکدێنێ و کادارە دەیەوێ لە ڕێگەی ئەم فلاشباکانەوە پێمان بڵێ کە خەڵکی ئەلبانیا خۆڕاگرن و بە درێژایی مێژووی دوور و نزیکیان ملیان بۆ هیچ داگیرکارییەک کەچ نەکردووە. ئەو دیسان لەوێدا دەگەڕێتەوە سەر ئەسکەندەر بێگ و نەبەردییەکانی لە دژی داگیرکاری عوسمانییەکان لە سەرەتای سەدەی پازدەدا، باسی خۆڕاگری پارتیزانە ئەلبانەکان لە دووەمین جەنگی جیهانیدا دەکات.

دەتوانین لە هەموو ڕۆمانێکدا گۆشەیەکی مێژوو ببینین، مێژوویەک بێ ئارایشت و لایەنگیری، مێژوویەک کە لەوێدا مێژوو خۆی دێتە قسەو کەس بەناوی ئەوەوە قسە ناکات، ڕۆماننووس جڵەو بۆ مێژوو شل دەکات، تا هەرچی هەیە هەڵیڕێژێ، بەڵام ناتوانین لە هیچ وتارێکی مێژوویدا ڕۆمان ببینین، ئەو زمانەی ڕۆمانی پێدەنووسرێ و ئەو تەکنیکەی لە چنیندا بەکاردەبرێ، ئەفسوونێک دەداتە زمان و لەو زمانەی جیادەکاتەوە کە مێژووی پێ دەنووسرێ و هەر ئەمەشە ئەرکی ئەدەب و سیحری ئەدەب. مێژوو زۆرجار بە زمانی داتا کار دەکات و بە بەردەوامیش لایەنگیری تێدایە و بەدەگمەن مێژوویەک دەخوێنیتەوە کە ڕاستودروست بێت و لایەنگیری پێوە دیار نەبێت. بە بڕوای من ئەمەش وادەکات و وای کردووە هەمیشە لە ڕۆماندا بۆ مێژووی نەتەوە و وڵاتان بگەڕێین، ڕۆمان شارەزایی زیاترمان دەداتێ لە مێژوو. لە ڕۆمانی (تەپڵی تەنەکە)ی (گۆنتەر گراس)دا لەسەر زاری ئۆسکاری کورتەبنەی پاڵەوانی ڕۆمانەکەوە گۆشەیەکی زۆر تراژیکی دووەمین جەنگی جیهانی دەبینین، گۆشەیەک کە ڕەنگە مێژوونووسێک لێی بە ئاگا نەبووبێت تا بیخاتە چوارچێوەی وتارێکی مێژووییەوە، بەڵام لە ڕوانگەی (پۆل ڕیکۆر)ەوە دەبێت هەمیشە مێژوو و ڕۆمان، یان گێڕانەوەی ئەدەبی بەگشتی، لە شوێنێکدا بگەنە یەک و ئاوێزانی یەکتر بن و یەکتری تەواو بکەن.

مێژووی هەموو وڵات و نیشتمانێک مێژوویەکە لە ڕووبەڕووبوونەوە و خوێن بەخشین، مێژوویەکە کە نیشتمان لەسەر ئێسکوپروسکی خەڵکەکەی دروست دەبێت. لە سەرەتاکانی سەدەی پازدە بەم لاوە خەڵکی ئەلبانیا هەر ماوەیە و لەگەڵ داگیرکەرێکدا جەنگاون و ئەوەندەی بۆیان کرابێت بەرگرییان لە نیشتمانەکەیان کردووە، بۆیە لە چرکەساتی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانەشدا دیسان پرسەکە پرسی بەرگری لە نیشتمانە و لەوێدا نووسەر لەسەر زاری ئەنوەر خواجەوە، لە وەڵامی یەکێک لە ناوبژیوانەکاندا، کە ئەویش وەک خواجە سەرکردەی وڵاتێکی بچووکی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتە و پێی باشە ململانێی سۆڤێت نەکرێ، چونکە وڵات بەبێ ئەوان بەڕێوە ناچێت. ئەو دەڵێ: دەتەوێ چی بکەیت هاوڕێ ئەنوەر؟ تۆ وا هەست دەکەیت ئێمە لەو شتانە تێناگەین؟ تێدەگەین بەڵام چاومان دەنووقێنین، گەر بەڕاستی دیقەت بدەین ئێمە و ئێوەش دوو میللەتی بچووکین، ڕووبەری ئەلبانیا و وڵاتەکەی من چەندە؟... تاد. ئەنوەر خواجەش دەڵێ: دەتوانی بە تراکتۆر و بلدۆزەر زەوی بەیار ئاوەدان بکەیتەوە، بەڵام ناتوانی تەنیا لەم ڕێگەیەوە نیشتمانێک دروست بکەیت. ویستی بڵێ کە هێنانەدی نیشتمانێک نە پەینی کیمیاوییە و نە کارێزی ئاو، بەڵکو جۆگەلەی خوێنە. ئەم قسەیەی، خواجە، بەڵگەی نیشتمانپەروەری ئەوە بۆ وڵاتەکە، ڕاستە ئەو دیکتاتۆر بوو، بەڵام کاتێک کەسێکی وەک کادارە باسی ئەو هەڵوێستەی دەکات، لەوە تێدەگەین کە هەموو دیکتاتۆرەکان سەرەتا نیشتمانپەروەربوون و دواتر خەڵک دەیانکاتە دیکتاتۆر. لەوەش تێدەگەین کە سەرکردەی نەتەوە و وڵاتان چەندە خاک و خەڵکی خۆیان خۆش دەوێت.

**(*)** ئیسماعیل کادارە لە بیست و هەشتی ڕێبەندانی (١٩٣٦) لە (جیرۆکاستر) کە هەمان (ئەرجیری کاسترۆن)ی دێرین گەورە شاری ئیمپراتۆری ڕۆمە، لە باشووری

ئەلبـــانیـــا هاتۆتە دنیـــاوە. دوای تەواوکـــردنی خـــوێندن لە زانکۆی تیرانای پایتـەخت، لە ئەنسـتـیـۆتی گۆرکی بەردەوامی دەدا بە خوێندن تا کـۆتایی سـاڵی (١٩٦٠)، وەخـتی دەرکەوتنی ناکۆکی نێـوان وڵاتەکەی و یەکـێـتی سـۆڤـیـەت دەردەکـرێت، بەڵام کـــاریگەریی فـــەرهەنگی رووسـی، کـــــــە لـەو وڵاتـەدا دۆزیبـــوویەوە، بـۆ هەمـــیـــشـــە لەودا مـایەوە. یەکـەمین کـۆمـەڵە شـیـعری خـــۆی لە هەژدە ســـاڵـیـــدا، واتا لە ســـــــاڵـی (١٩٥٤) بـەنـاوی (شـیـعـرەکـانی تافی لاوی) بەچاپ گەیاند و لە گەڕانەوە بۆ ئەلبـانیـا لە ساڵی (١٩٦١) کۆمەڵە شیـعرێکی تـری بـەنـاوی (ســــــەدەی مـن) بڵاوکـردەوە، بەڵام هێندەی پێنەچوو کە هاوکـات لەگەڵ بەردەوامـیـدان بە شـــیـــعـــر، پایەی خـــۆی وەک ڕۆمـــاننووســێکیش بە دوو کـــاری (چیـــاکـــان بیـــر لە چی دەکـــەنەوە) ســاڵی (١٩٦٤) و (مـــۆتیـــڤـــە هەتاوییـــەکـــان) ســـاڵی (١٩٦٨) جـێگری کـرد. یەکـەمین ڕۆمـانی کـاداره (ژەنەراڵی سـوپا مـردووە) لە ساڵی (١٩٦٣) کە دوای مـانەوەی لە یەکـێـتی سـۆڤـێت پێنج سـاڵی خشتی لە تەمەنی خۆی بۆ نووسین و پێداچوونەوەی تەرخـان کـرد و دواتر باشـتـرین ناوبانگی بۆ ئەم نووسـەرە نەناســــراوە بە دیـاری هێنـا. ئەم ڕۆمـانەی لە فـەڕەنسـا چاپ کـرا و ساڵانی دواتر نزیکەی بۆ سی زمـان وەرگـــێـــڕدرا. دواتر لە ســـەردەمی پێوەندییەکانی وڵاتی چین و ئەلبانیا کـاداره لە سـاڵی (١٩٧٠) ڕۆمـانی (تەپڵـــەکـــانی باران)ی نووسی و دواتر لە سـاڵی (١٩٧١) ڕۆمـانی (ڕووداوەکـانی شـارێکی بەردین)ی بڵاوکردەوە، کە لەوێدا شەرحی حاڵی دەورانی منداڵی خـــۆی دەکـــات لە ســـەروەخـــتی جـــەنگی دووەمی جیـهـانیـدا. هەر لەم سـاڵانەدا بوو کـاداره (شکسـپـیـر) و شاکـارەکـەی واتا (مـاکـبـێس)ی دۆزییـــەوە و بە قـووڵی کـەوتە ژێر کـاریگەرییـەوە. ڕۆمـانی (زســتـانی سـەخت)ی لە سـاڵی (١٩٧٣) نووسی و زۆرترین ناوبانگی بۆ پەیدا کرد.

*** زمستان سخت، اسماعیل کاداره، ترجمه: مهستی بحرینی، ١٣٧٤.**

## فەرهەنگی زاراوەی ئەدەبی

# خاڵبەندی– Ponctuation

خاڵبەندی یەکێکە لە توخم و پێکهاتەکانی نووسین، بەگشتی بریتییە لە پێکهاتەیەکی ئیدیۆگرافی– Ideo-graphiques، ئەگەرچی هەندێ جار لەم هەڵکەوتە دەردەچن و پێوەندی ڕاستەوخۆیان بە «وچانی شەفەهی» و «هەناسەدان»ەوە هەیە. خاڵبەندی کۆمەڵێک وەزیفەی هەیە. توخمە زمانەوانییەکان لێک جیا دەکاتەوە. وەک: خاڵ کە ڕستەکان لێک جیا دەکاتەوە، وەک ڤیرگول (فاریزە) کە دوو بەشی ڕستەی هاوتای یەکتری لێک جیا دەکاتەوە. کەواتە خاڵبەندی وەزیفەیەکی ڕێکخستنی ڕێزمانی هەیە و ڕستە ڕێک دەخا و تەمومژی لەناو دەبا، دەشێ ڕستەیەک بە دوو شێوازی جیا بگوترێ:

– هەڵبەت ئەو ڕۆیشت.

– هەڵبەت، ئەو ڕۆیشت.

بێجگە لەمانە، نیشانەی پرسیار (؟) و سەرسوڕمان (!)مان هەن کە شێوازی ڕستە دەگۆڕن، هەروەها کەوانە و ( ) و جۆرەکانی تریشی هەن لە کاتێکدا دادەنرێن کە دەنگ دەگۆڕن و نرخێک دەدرێتە پەرەگراف، یان ڕستەیەکی دیاریکراو. بەهەمان شێوە تیرە (–) و کەوانەکان هۆکاری دیاریکردنی پلانی ڕستە و دەربڕینی جیاجیان. دوا شت خاڵبەندی پێوەندی ڕاستەوخۆی بە زارەوە هەیە و لە ڕێگای ئەمەوە وچان و هەناسەدان ڕۆڵی خۆیان دەگێڕن. کەواتە خاڵبەندی لەیەک کاتدا دیاردەیەکی لۆژیکییە– Logique و تەعبیریی (دەربڕین و گۆکردن) و هەناسەدانە. لەم پەرەگرافەدا ئەم سێ لایەنە دەبینرێ:

(... هەڵبەت لەم ئۆقرە نەگرتن و جێگیرنەبوون و نەحەسانەوەی خۆم، بیرم بۆ شیمانەی دیکەش دەچوو، وەک بۆ نموونە، دوای ئەوەی دەمپێکن لەناو باوەشی یەکێ لە هاوڕێکانم دوا ئاوزینگ بدەم، لە هەموو حاڵەتێک، ئەمەیان جوان و قەشەنگتر دەهاتە بەرچاوم و هەستم بەسەرفرازی دەکرد.

هێشتاش شیمانەی دیکەش هەبوو، وەک ئەوەی لە یەکێ لە خۆشاردنەوەکان، دوای ئەوەی لە ناوەڕاستی کۆڵان دەمپێکن، بە بریندارى خۆم بگەیەنمە لایەک یان شوێنێک.

سەرەنجام، دەمگوت، ئەگەر ئەو شوێنە کەسی لێ نەبێ، دیسان دەکەومەوە ناو حاڵەتی شیمانەی دووەم.)

کۆمەڵە چیرۆکی:

تاریکی نیوەڕۆ. د. موحسین ئەحمەد عومەر. ٢٠٠٦، لا ٥٩٠.

خاڵبەندی بەو شێوەیەی ناسراوە ئەنجامی گەشەسەندنێکی لۆژیکی دوورودرێژە. بۆ یەکەمین جار لەگەڵ چاپخانە سەری هەڵداوە، پێش ئەم مێژووە، دەستنووسە فەرنسییەکان بێ خاڵبەندی بوون. ئەم سەرهەڵدانەش تا سەدەی هەژدەم لەسەر ئاستێکی زۆر

کەم بەکارهێنراوە، بەڵام لەسەدەی هەژدەمەوە بڵاوبوونەوە و بەکارهێنان و گەشەسەندنێکی زۆر بەخۆیەوە دەبینێ. پێش سەدەی نۆزدەم بێجگە لە وەزیفەی (هەناسەدان) وەزیفەی ڕێزمانی و زمانەوانی وەردەگرێ. ئەمەش بەهۆی چاپخانەکان کە ئەم ڕۆڵ و بایەخەی دەردەکەوێ. خاڵبەندی لەم ماوەیەدا ئەوەندە گەشە دەکا، تا دەگاتە ئەو ئاستەی لەسەردەمی نوێبوونەوەی زمان و ئەدەبیات و سەرهەڵدانی مودێرنیزم؛ لەسەرەتای سەدەی بیستەم، شاعیرانی وەک: ئەپۆلینێر و بلیز سەندرا دژایەتییەکی زۆری خاڵبەندی دەکەن، ئەوان ڕیتم و وەستان بەخاڵبەندی ڕاستەقینە دادەنێن. لە زمانی کوردی بەتایبەتی، لەناو ڕۆشنبیری کوردی بەگشتی کە گشت لایەنێکی ژیاری و ڕۆشنبیری دەگرێتەوە، تا ئێستا، بەپێی تێبینی خۆم و سەرنجدان، لەسەر ئاستێکی زۆر کەم خاڵبەندی بەشێوەیەکی دروست پەیڕەو دەکرێ، هەندێ کەس، چ لەناو نووسەران و غەیرە نووسەران، خاڵبەندی بایەخێکی ئەوتۆی پێ نادرێ، ئەمەش کێشەیەکی ئاڵۆزی ڕێزمانی و زمانەوانی و ڕۆشنبیری دروست کردووە کە زمانی کوردی تێیدا دەژیێ، لەو باوەڕەدام هەموو ئەوانەی دەنووسن؛ دەبێ ئەم ئاڵۆزییە بەهەند وەرگرن، بەپێچەوانەوە بە ئاڵۆزی و تەمومژی و ناپوختەیی درێژە بەخۆیان دەدەن.

**گێڕانەوە – Reat**

گێڕانەوە تێرم و دەستەواژەیەکە لە لای ژێرار ژێنێت سێ مانا دەگەیەنێت:

١- هاوتای ئاخاوتنە- Discours (خطاب)، دەست نیشانی ڕستە یا دەربڕینێکی گێڕانەوە دەکا، شێوەی، یان فۆرمی ئاخاوتنێکی شەفەهی، یان نووسراوی هەیە پێوەندییەکانی ناوەوەی ڕووداوێک، یان زنجیرە ڕووداوێک ڕێک دەخا، وەک ڕووداوەکانی ناو ئولیسیس- Ulysse لە ئۆدێسەی - odyssee- هۆمیرۆس.

٢- هاوتای مێژووە (ڕووداو) دەست نیشانی یەک بەدوای یەک هاتنی ڕووداوە واقیعی، یان خەیاڵییەکان دەکات. وەک ئەڤانتور (مغامرە)ەکانی ئولیسیس لە ڕووخانی ترواده- Troie-وە تا گەیشتنی بە کالیپسۆ- Calypso.

٣- هاوتای گێڕانەوەیە. دەست نیشانی کردەی گێڕانەوە دەکا وەک خۆی و لە ناوخۆی: یەکێک شتێک دەگێڕێتەوە، وەک گێڕانەوەی پرۆست لە (گەڕان بە دوای زەمەنی لە دەست چوو، یان بزر بوو) – A La recherche du temps Perdu –.

هەر سێ مانا بەشێوەیەکی زۆر یەکانگیر پێوەندییان بەیەکەوە هەیە، چونکە ئاخاوتنێکی گێڕەرەوە ناتوانێ ئەو سیفەتە وەرگرێ ئەگەر ڕووداوێک نەگێڕێتەوە، بێ گێڕانەوەش مێژوویەک (ڕووداوێک) بوونی نییە، ئەمەش هەیە چونکە یەکێک ڕووداوێک دەگێڕێتەوە، لەم حاڵەتەدا، بێ بوونی یەکێک گێڕانەوە وەک خۆی (لەناوخۆی) بوونی نییە. گێڕانەوە وەک ڕایەڵەکە لە هەموو فۆرمێکی گێڕانەوە هەیە، وەک ڕۆمان، داستان، چیرۆک و کورتە ڕۆمان- Nourelle (یان نۆڤلێت).

لە شانۆگەری گێڕانەوە فۆرمێکی تایبەتی هەیە لەشێوەی دیالۆگ کە لە نێوان کەسایەتییەک و پاڵەواندایە و هەردووکیان تێکەڵی ڕووداو بوونە.

لێرەوە وەزیفەی گێڕانەوە بریتییە لە گێڕانەوەی ئەو شتانەی لەلایەکی تر ڕوویان داوە، یان ڕوودەدەن، هەڵبەت پێش دەست پێکردنی شانۆگەری (نمایش).

گێڕانەوە لە تراژیدی زۆرە، لەلای گریکەکان و لەسەردەمی کلاسیکیش. ئەم گێڕانەوانە هەمان ڕۆڵی هاوتای ئەنالێپس- Analepse- یان هەیە، واتە ڕووداوێکی، یان چەند ڕووداوێکی ڕابردوو دەگێڕنەوە و بەو ڕووداوانە دەبەسترێنەوە کە ئێستا ڕوودەدەن بۆ باشتر تێگەیشتن و بوونی ڕوانینێکی فراوانتر.

**ئەنالێپس- Analepse**

دەستەواژەیەکە تایبەتە بە گێڕانەوە و سەرجەم هونەرەکانی گێڕانەوە- Narratologie، مەبەست لێی گەڕانەوەی ڕووداوەکانە لە ڕابردووەوە بۆ داهاتوو، هەڵبەت لە چنینی گێڕانەوەدا. واتە وەک هەڵەیەکی مێژوویی و تێک نەکردنەوە- Anachronic دێتە بەرچاو، چونکە ئەنالێپس ئەم تێک نەکردنەوەیە پیشان دەدات، چونکە یەک بەدوای یەک هاتنی ڕووداوەکان لەناو گێڕانەوە وەک یەک بەدوای یەک هاتنی ڕووداوەکان نین لەناو جیهان خۆیدا.

**پرۆلێپس- Prolepse**

پرۆلێپس بریتییە لە پێشخستنی ڕووداوەکان، پێچەوانەی ئەنالێپسە. ئەم پێشخستنە هەمان تێک نەکردنەوە- Anachronie پیشان دەدا. وەک بۆ نموونە لەم فۆرمووڵە کە گێڕانەوەی تێدایە ئەم پێشخستنە هەستی پێدەکرێ:

(شاسوار ئەم جارە دەچێ ڕووبەڕووی گوندییەکان دەبێتەوە، بەڵام بە دڵنیایی بەرانبەر بەم خەڵکە زۆرە لێی دەرناچێ، ناچار دەبێ بە مل شۆڕی بگەڕێتەوە، بۆیە باشترە بەدوای چارەسەرێکی تر بگەڕێ...)

به بۆنەی داگیرساندنی مۆمی پازدەمین ساڵەی تەمەنی ڕامان

# ڕامان و کلاسیک

**د. عەبدوڵڵا خدر مەولوود**

ئێوارەیەک نالی کوڕم گوتی: بابە گۆڤارێک دەرچووە ناوی تێرامانە، بەرگەکەی وێنەیەکی مامۆستا مارف خەزنەداری لەسەرە. لەو ڕۆژەوە تا بە ئیمڕۆ دەگـا خوێنەرێکی بەردەوام و چاکی گۆڤاری ڕامانم، هەموو ژمارەکانیم لەبەردەستدایە. یەکەم بابەتم لە ژمارە (٧)ی ١٩٩٧/١/٥ی ئەو گۆڤارە ئازیزەدا بڵاوکراوەتەوە، واتە ڕامان هێشتا هەر کۆرپە بوو من ئاشنایەتی ڕوحیم لەگەڵدا پەیدا کردبوو.

زۆربەی زۆری نووسینەکانم لەسەر لاپەڕەکانی ئەو گۆڤارە گران و دڵگرە ڕووناکییان بینیوە و خوێندراونەتەوە. هەرچەندە باس لە بڵاوکراوەیەکی سەرکەوتوو کرابێت، ئەوە دەبێ باسی ڕامان لە ڕێزی پێشەوەی ئەو جۆرە باسانە بێت، دەمێکە ڕامان دەوری پێشەنگی خۆی بینیوە و دەبینێ، هەر لەبەر ئەو بەها و سەنگەیە لە زۆر کۆڕ و مەجلیس باس لە ڕامان دەکەم، بە تایبەتیش لای قوتابییە خۆشەویستەکانم.

دەرچوونی ڕامان بەو بەردەوامی و مواسەفاتانەی هەیەتی کە تا ئێستا (١٥٩ ژمارەی لێ دەرچووە) بیر و بازوو و شەونخوونی و ئارامییەکی زۆری بەدواوەیە، دەسخۆشی هەموو ئەو ماندووبوون و مەراقەیان لێ دەکەین.

نووسەران و ئەدەب دۆستان کە ناوی کلاسیک دەبیستن تەنیا شیعریان بیر دەکەوێتەوە، لەوێوە کۆمەڵە شیعرێکی بەهێز و بەپێز و نەمر دەبریسکێنەوە و لەکێبڕکێدان بۆ خوێندنەوە و لەبەرکردن و لەسەر نووسینیان، پاشان چێژ و خۆشی بە ڕوحەکان دەبەخشن. دواتر وێنەی خەیاڵیی ڕوو و ڕوخساری دەستەیەک لە شاعیرە داهێنەر و ئەفرێنەرەکانمان بەبیروهزرماندا وەک فیلمێک دووبارە بۆمان لێدەدرێتەوە لەوانە: باباتاهیری هەمەدانی، مەلا پەرێشان تا بە مەولەوی تاوەگۆزی، مەلای جزیری و خانی، نالی و شاعیرەکانی قوتابخانەکەی دەگا.

شیعری کلاسیکی کوردیمان دنیایەکی ڕەنگاوڕەنگ و پڕ لە جوانی ناسروشتی و تەلیسماوییە. ڕامان لە ژمارە بەراییەکان و دەسپێکیدا تا بەم ژمارەیەی دەگا خزمەتێکی گەورە و مەزنی بەو قوتابخانە ئەدەبییە کردووە. بەو نەفەسە درێژەی هەیەتی توانیویەتی بەسەدان لاپەڕە لەمەڕ شیعری کلاسیکی کوردیمان تۆمار بکا (ئەگەر هەموو ئەو بابەتانە وەک پرۆژەیەک، بەسەر شاعیران و ناوونیشانەکان پۆلێن بکرێن و وەک کتێب چاپ بکرێن دەبێ چەند بەرگی سەدان لاپەڕەیی لێ دروست ببێ!!).

ڕامان بەو کارە پیرۆزەی توانیویەتی لەنێوان دنیا و سەردەمی کلاسیک و نەوەی ئێستا و گەنج پردێک دروست بکات. پردێک ببێتە مایەی لێک گرێدانی کۆن و تازە، دەبێ کاریگەریی چەندوچۆن بێت؟ هەر ئەوەندە ماوە بڵێم: ئەو سەروەری و ڕەچەشکێنییە لە گۆڕەپانی ڕۆژنامەوانی کوردیدا، هەر پیرۆزی تۆ بێ و ڕامان بەردەوامیت بۆ دەخوازم.






# مەرجە گشتییەکانی ئەدەبی منداڵان

حەمە کەریم هەورامی



که دەوترێ (ئەدەبی منداڵان) داهێنەری ئەو جۆرە ئەدەبە ڕووبەڕووی دوو شتی سەرەکی دەبێتەوە: (منداڵ) و (ئەدەبەکەی).

(١) قۆناغی منداڵی، لە ڕۆژی لە دایکبوونەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە قۆناغی هەرزەکاری، منداڵ لەگەڵ گەورە کەساندا گەلێ جیاوازی هەیە، کەوابێ ئەوەی بیەوێ بۆ منداڵان بنووسێ دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرێ کە بۆ منداڵ دەنووسێ، بەڵام کام منداڵ؟ چونکە منداڵ تا لە قۆناغی منداڵی تێدەپەڕێ بەسەر چەند قۆناغێکی جۆراوجۆردا دەڕواو لە هەر قۆناغێکدا حەز و ئارەزووی تایبەتی خۆی هەیە و لە قۆناغی پێش و پاشەخۆی جیاوازە، ئەو شتەی لە قۆناغێکدا حەزی لێیەتی، ڕەنگە لە قۆناغەکەی تردا حەزی لێی نەبێ و لێی دوور بکەوێتەوە، چونکە گەشەکردنی منداڵ لە بارەی لەش و هزر و بزاوتن و سۆز و زمان و کۆمەڵایەتییەوە لە هەر قۆناغێکدا ئاست و توانای تایبەت بە قۆناغی خۆی هەیە، دەبێ داهێنەری ئەدەبی منداڵان جۆرە شارەزاییەکی لە بارەی گەشەکردنی منداڵانەوە هەبێ، بزانێ ئەوەی بۆیانی دەنووسێ لەگەڵ قۆناغی گەشەکردنەکەیاندا بگونجێ، دەنا نووسین بۆ منداڵان بەشێوەی ڕەمەکیانە سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ.

(٢) ئەدەب بۆ منداڵان: چ شیعر بێ چ چیرۆک، یان جۆرێکی دیکە. هەرجۆرێک بە پێی سروشتی خۆی بۆ منداڵان تایبەتمەندیی خۆی هەیە بۆ ئەوەی ئەو ئەدەبە بۆ منداڵان دەست بدات، دەبێ نووسەر ئەو تایبەتمەندییانە ڕەچاو بکات و پێبەندی ئەو مەرجانەش بێ کە قۆناغە تایبەتییەکانی منداڵ لەسەری فەرزیان دەکات. ئەگەر ئەدەبەکە بەشی چیرۆک بوو، دەبێ ئەو چیرۆکە دنیای منداڵانی بەرجەستە کردبێ، پێوەندییەکی توندیشی بە پێداویستییەکانیانەوە هەبێ، بیرۆکەیەکی ڕووناک کەرەوەی مرۆیانەی بێ پێچوپەنای وا بخاتە ناو هۆش و خەیاڵیانەوە وەک بەردی بناغە کەسێتی پاشەڕۆژێکی درەوشاوەی لەسەر بنیاد بنرێ، لە نائومێدی و دڵتەنگی و تۆقین و خەم دووریان بخاتەوە، بەبێ ڕاڤەکردنی چیرۆکەکە خۆی بەشێوەیەکی میکانیزمی مەبەستەکە بکاتە سروشێک لە دەروونیاندا خۆشیی پەرت بکات و دەرگای خەیاڵێکی ڕەنگینیان بۆ بکاتەوە، ئیدی ئەو چیرۆکە واقیعی بێ، یان داستان، لەسەر زاری منداڵان بێ، یان بە زاری ئاژەڵان و گیانلەبەرانی ترەوە بێ. ئەگەر ئەدەبەکە جۆری شیعر بێ: مەرجی سەرەکی ئەمیش دەبێ لە ئاستی ئەو قۆناغەدا بێ کە ئەو منداڵەی تێدایە، سادە و سانا بێ، بەڵام کاریگەر و بەچێژ و وێنای دنیای منداڵانی نەخشاندبێ، لە بارەی زمان و داڕشتن و فۆرمەوە گونجاو بێ، وێنەکانی ناوی وەکو پەپوولەی هەمەڕەنگ لەناو هۆش و خەیاڵی منداڵدا بکەونە باڵە فڕە و بە شەقەی باڵەکانیان مۆسیقا و ئاواز بچڕن، بەیتەکانی چ کێش و سەرواداربن، یان ئازاد و مۆسیقاداربن لە بڕگەی کەموکورت پێکهاتبن، لەسەر زار سووک و ڕەوان بن و لە سامانی زمانی منداڵانەوە وەرگیرابن و لە ئاستی تواناییاندا بن، نابێ وشە و بڕگەی ناقۆڵا و مانا نادیاری تێدا بەکارهاتبێ، بەیتەکان نابێ لەشەش بەیت زیاتر بن، بۆ ئەوەش بشێن بە ئاواز بخوێنرێنەوە و بکرێن بە گۆرانی. ئەمە لە بارەی چیرۆک و شیعری منداڵانەوە، خۆ (ئەدەبی منداڵان) شانۆگەریش دەگرێتەوە، هەروەها سرود و گۆرانیش، هەرچەند ئەمانە شتێکن لە هونەر، بەڵام دەقەکانیان سەر بە ئەدەبن؛ ئەمانیش مەرج و تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە، قۆناغەکانی گەشەی منداڵان بڕیار لەسەر ئەو مەرجانە دەدەن. دەشێ داهێنەری ئەدەبی منداڵان ئاگاداری مەرجەکانی ئەو لایەنانەش بێ.

ئێمە بەگشتی باسی بەرهەمهێنانی (ئەدەبی منداڵان)مان کرد، ئەی ئەگەر ئەو ئەدەبە بۆ منداڵانی نەتەوەیەکی تایبەت بوو، ئەوکات مەرجێکی دیکە دێتە پاڵ مەرجەکانی دی، بۆ نموونە ئەگەر نووسەر ویستی بەرهەمێک لە یەکێ لە بوارەکانی ئەدەبی منداڵاندا بۆ منداڵانی کورد بێنێتە دی، دەشێ ئەو نووسەرە شارەزاییەکی تەواوی لە کولتوور و مێژوو و ژینگەی ئەو کۆمەڵەدا هەبێ کە منداڵەکەی تێدا دەژی کە کۆمەڵی کوردەوارییە، بۆ ئەوەی ئەدەبەکەی کاریگەر بێ و بە زیندوویی بمێنێتەوە، دەشێ لەو سەرچاوانەوە هەڵقولابێ کە کۆمەڵی کوردەواری پێ جیا دەکرێتەوە.

لەمەوە دەردەکەوێ کە ئەدەبی منداڵان تەنیا هەڵچنینی چەند وشە و دەستەواژەیەکی کێش و سەروادار، یان گێڕانەوەی چەند پەیڤێکی بێ مانا و کەڵەکە کراوی بێ تین نییە.